




# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وه

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- حیزبی دێموکرات دەزانێ خەباتی خۆی لەکوێ بکات و لەکوێ بە دوای ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا بڕوات............
........................................................................................................ خالید عەزیزی ..... ٥

٢- خوێندنەوەیەک بۆ کارنامەی سیاسیی پارتی کریکارانی کوردستان و پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە..........
........................................................................................................ مستەفا مەولوودی ..... ١٥

٣- ژەقنەمووت بە تامی کۆماری ئیسلامی.......................................................... عەلی بداغی ..... ٢٢

٤- درزە پەرەئەستێنەکان لە کەس‌پەرستیی خامنەییدا.............................. و: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٢٥

٥- خالید عەزیزی: خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات دەرەنجامی بێباوەڕیی کۆماری ئیسلامی بە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد............................................................................................ ٣٠

٦- ڕیاڵ‌پۆلیتیک واتە درێژەدان بەخەبات دژی داگیرکاری.................................. ئازاد مستۆفی ..... ٣٤

٧- دیاردەی کۆڵبەرکوژی................................................................ هەردی سەلیمی ..... ٤٢

٨- گەلاڵەی لاشەقام!................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٤٥

٩- دانوستانی ئەتۆمی لە تاریکی و تەپوتۆزدا!........................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٤٨

١٠- ئێران و ئورووپا و ئەمریکا ڕێک دەکەون بەرەو ڕێککەوتن....................................... دارسمە ..... ٥٣

١١- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سەدیق فەڕوخیان)...................................... برایم چووکەڵی ..... ٥٦

١٢- گەشتی ترامپ، لە نێوان دۆلارەکانی عەرەب و هەژاریی ئێران.......................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٥٩

١٣- جوگرافیای حەقیقەت و سنوورەکانی خەیاڵ........................................... ڕەحیم نوزهەتزادە ..... ٦٢

١٤- کۆماری ئیسلامی بێحەیسییەتتر لە هەمیشە........................................... هەردی سەلیمی ..... ٦٦

١٥- ڕۆڵی ڕۆژنامە دیوارییەکان و گرینگیدان بە پەروەردەی ڕۆژنامەنووسی لەنێو مەتەرێزی خەباتدا.....................
........................................................................................................ ئەحمەد ڕەحمانی ..... ٦٨

١٦- تارانی تالانچی.................................................................. سمکۆ سەقزی ..... ٧١

١٧- ڕوون و ناڕوون................................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٥

١٨- بە سینەمای مایەپووچ پێشمەرگە خەوشدار نابێ.................................... برایم چووکەڵی ..... ٧٩



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٥

١٩- مانگرتن بە جەماوەری بکرێ، چەکێکی کارایە........................................... هەردی سەلیمی ..... ٨٢
٢٠- پەیامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان........................................................................................................... ٨٥
٢١- پیتاندن یان تەپاندن!........................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٨٨
٢٢- کۆماری ئیسلامی لە ساڵەرگی خومەینیدا........................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٩١
٢٣- نیشتمان وەک چەمکێکی گشتی لە دووتوێی مێژووی ئەدەبی بەرگریدا.............. ئاکۆ ئەلیاسی ..... ٩٤
٢٤- دیپلۆماسیی بازرگانیی ترامپ لە کەنداو ناتوانێ گیروگرفتی ئێران پاشگوێ بخات.......... شوکریە برادۆست ..... ١١٢
٢٥- ڕوانینی تایبەت..................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١١٦
٢٦- ئاوی کوردستان؛ ئامرازە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئێران و تورکیە بۆ سنووردارکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان............
........................................................................................................... ڕەحیم نزهتزادە ..... ١١٩
٢٧- پیتی "ژ" پیتێکی سەرەخۆرە و مەترسیدارە.......................................................... دارسمە ..... ١٢٤
٢٨- د. قادر وریا: تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی.......................................... دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر ..... ١٢٧
٢٩- بۆ ڕزگاری دەبێ ئیرادە بۆ خەڵک بگەڕێندرێتەوە............................................. هەردی سەلیمی ..... ١٣٩
٣٠- کۆڵبەری، سنووریی نێوان مەرگ و هەژاری......................................................... کاوە سندووسی ..... ١٤٢
٣١- گۆدۆ نایە و چاوەڕوانی هەڵەیە................................................................... عەلی بداغی ..... ١٤٦
٣٢- شەڕ وەک نیعمەتی ئیلاهی یان پێویستیی سوڵحی ئیمامی حەسەن!.................................. فەتاح ڕەسووڵی ..... ١٥٠
٣٣- ڕامانێک لە پەیوەندیی نوخبە و بزاوتی سیاسیی کورد............................................... شۆڕش شەهباز ..... ١٥٤
٣٤- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید کەریم عەبدی)................................................ برایم چووکەڵی ..... ١٥٧
٣٥- وزە بەهێزترین کارتی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچە و نێودەوڵەتی................ ساسان خاتوونی ..... ١٦٠
٣٦- فەرهەنگ، ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوە............................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ١٦٤
٣٧- زمان چەکی بەرگری و مانەوە.............................................................. ئەحمەد ڕەحمانی ..... ١٦٨
٣٨- سێ کۆڵەکەی شوناس و دەسەڵاتی حوکمڕانیی ناوەندی و ناسیۆنالیزمی فارس لە ئێراندا... حەسەن قارەمانی .... ١٧١
٣٩- ژار و کورەگازەکانی تاران.................................................................... سمکۆ سەقزی ..... ١٧٦
٤٠- ئاکامی پێداگریی خامنەیی لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی!.................................................... عەلی بەهرامی ..... ١٧٩
٤١- دەریاچەیەک کە هاوار دەکات........................................................................ ڕەحیم نزهت زادە ..... ١٨٣
٤٢- بۆ بێئەنجامە؟..................................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٨٦

## جۆزەردانی ٢٧٢٥


٤٣- حیزبی دێموکرات: ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدا بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە.................... ١٨٩

٤٤- کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیرانخوڵقێنییەکانی خۆیدا.................................. هەردی سەلیمی ..... ١٩١

٤٥- شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی شەڕی گەلانی ئێران نیە.................... ئەفشین مەعرووفیان ..... ١٩٤

٤٦- ئێران و هەڕەشەی بەردەوام بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە...................................... ڕەحیم نزهت زادە ..... ١٩٦

٤٧- ئیسرائیل دزەی کردووەتە نێو نهێنیترین فۆژبنەکانی ڕێژیمی ئێرا.................. و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٢٠٠

٤٨- چۆن کۆماری ئێسلامی لە ڕاوچییەوە کرا بە نێچیر؟......................................... ڕەحیم نزهت زادە ..... ٢٠٣

٤٩- دەرنجامەکانی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی................................ عومەر باڵەکی ..... ٢٠٧

٥٠- د. مەجید حەقی: بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگترە.......................
............................................................................. وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٢١٠

٥١- ڕادیۆی دەنگی کوردستان، نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژوویەک.................................. قادر وریا ..... ٢١٥

٥٢- خێوی شەڕ و ئاوابوونی خۆری تەمەنی..................................................... عەلی بداغی ..... ٢١٩

٥٣- هۆ و دەرئەنجامی پەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی!.......................... عەلی بەهرامی ..... ٢٢٣

٥٤- لە یادی ٤٥ ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا.......................................... برایم چووکەڵی ..... ٢٢٨

٥٥- ڕێژیمی ئێران لە دووڕیانی تەسلیمبوون یان تێداچووندا....................................... ڕەحیم نزهت زادە ..... ٢٣١

٥٦- سەرۆککۆماری نۆرماڵ............................................. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٢٣٥

٥٧- بومەلەرزەیەکی ژێئۆپۆلۆتیک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.................................. ئەفشین مەعرووفیان ..... ٢٤٠

٥٨- زەرەر لە نیوەش ڕا بگەڕێتەوە هەر قازانجە................................................ ئەلبورز ڕووپین‌تەن ..... ٢٤٣

٥٩- لەژێر دەواری هۆنراوە بەجێماوەکانی شاعیرانی پێشمەرگەدا...................................... ئەحمەد ڕەحمانی ..... ٢٤٦

٦٠- ژنێک لە ناوەندی پڕوپاگەندە.................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٢٥٠

٦١- هەنگاو بە هەنگاو بەرەو رووخان................................................... شاروخ حەسەنزادە ..... ٢٥٣

٦٢- ناسر باباخانی: چ بە مان و چ لە نەمانی کۆماری ئیسلامیدا، گوتاری هاوبەشی حیزبەکانی کوردستان قورسایی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە!.............................................. دیمانە: کوردستان ..... ٢٥٦

٦٣- کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ تۆڵەیەکی توند لە خەڵک ئامادە دەکات.............................. هەردی سەلیمی ..... ٢٦٦

جۆزەردانی ۲۷۲۵

# خالید عەزیزی: حیزبی دێموکرات دەزانێ خەباتی خۆی لەکوێ بکات و لەکوێ بە دوای ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا بڕوات




دیمانە:"کوردکاناڵ"

ئاماژە:

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا "کوردکاناڵ" لە دیمانەیەکی تایبەت و تەسەلدا لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزب دوا گۆڕانکارییەکانی ناوچە و خوێندنەوە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی هێنایە بەر باس. "کوردستان" لەبەر گرینگیی ئەم وتووێژەیە پوختەیەکی باشی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کوردکاناڵ**: "ترامپ سەردانێکی چەند ڕۆژەی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کرد. مەبەست لەو سەردانە چ بوو؟ دیزاینی نوێی ناوچەکە یان گۆڕینی هاوسەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین؟

**خالید عەزیزی**: تەبیعەتەن بۆ ترامپ وەک سەرۆککۆماری ئەمریکا بێگومان هەمووی ئەوانەی تێدا بەستەیە. هەڵبەت ترامپ

لە سەحنەی سیاسی ئەمریکادا تایبەتمەندیی خۆیی هەیە لە چۆنیەتیی تەعامووڵ لەگەڵ ڕووداوەکان، سیاسەتی کەلان، سیاسەتی گچکە و سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەڵام بێگومان ترامپ تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە بەرژەوەندیی ئەمریکاوە هەیە لەو ڕوانگەوە چاو لە مۆعادلاتی نێودەوڵەتی، لە تیجارەت، لە سیاسەت، لە چۆنیەتیی یارگیری و هەمووی ئەوانە دەکات. بۆیە لەو باوەڕەدام ترامپ بە دەستووری کارێکی ئاوا فرەڕەهەند هاتوە و تێدەکۆشێ لەو چوارچێوەدا هەم دەسکەوت بۆ خۆیی وەدەست بێنێ و هەم مەوقعییەتێکی لەبارتر بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروست بکات.

**کوردکاناڵ**: ئەدی ئێران لەکوێی سیاسەتی دەرەکی و سەفەرەکەی تڕامپدا جێ دەگرێ؟

**خالید عەزیزی**: ئەمریکایەکان چ دێموکراتەکان و چ کۆماریخوازەکان بە نسیبەت ئێرانەوە جیاوازییەکی زۆریان نەبووە و ئەویش پێداگریی ئەوانە لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری حکوومەتی ئێران، نەک نیزامی سیاسیی ئەو وڵاتە و بە باوەڕی من ترامپیش هەر بە دوای ئەوەدا دەڕوات. ترامپ کۆمەڵێک کارتی بە دەستەوەیە کە گوشار بخاتە سەر ئێران و ئەو گوشارانە ئێران بخاتە بارودۆخ و تەنگانەیەک لەگەڵ ئەمریکا و بە تایبەت لەگەڵ ترامپ ڕێکبکەوێ. هۆیەکی ئەوەیە کە تڕامپ سەرۆککۆمارێکە بە دەنگێکی زۆر هاتۆتە سەر کار، سەرۆککۆمارێکە لە ماوەیەکی کەمدا زۆر بابەتی وروژاندوە کە ئەگەر بۆشی جێبەجێ نەبن بە مانای ئەوەیە بەرانبەر بە ڕووداوەکان بێتەفاوت نیە. دوای هەموو ئەوانە ئابوورییەکی بەهێز و توانای سەربازیی زەبەلاحی هەیە و لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا هیچ پرسێکی ئەمنییەتی بەبێ دەوری ئەمریکا یەکلا نابێتەوە و ئێرانیش باش لەوە تێدەگا. ترامپ هەروەها هەندێک گەمەی ناوچەییشی کردوە و وادیارە ناچێتە ئیسرائیل و ماوەیەکە باس لەوە هەیە کە دەگەڵ نەتانیاهوو زۆر نێوانیان خۆش نیە. بەڕاستی خۆم پێشبینیم نەدەکرد لە سەردانەکەی بۆ عەرەبستان چاوی بە ئەحمەد شەرع، سەرۆکی تازەی سووریە بکەوێ. یانی تڕامپ کۆمەڵێک یاری دەکا کە ئەو جووڵە و یارییانە بەشێکن لە پەیام بۆ ئێران. بۆیە پێم وایە ئێران دەخاتە بارودۆخێکەوە کە ناچار بە ڕێککەوتن بێت، چونکی ئێران کارتی زۆری بەدەستەوە نیە و کارتە هەرە گرینگەکەی ئێستای بەرنامە ئەتۆمییەکەیەتی کە دونیای پێ بە بارمتە گرتوە.

**کوردکاناڵ**: باسی دیداری تڕامپ لەگەڵ ئەحمەد شەرعت کرد و دوایە زاندرا کە گەمارۆکانیشی لەسەر سووریە لابردوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەمریکا جیاوازتر لە پێشوو و جۆرێکی دیکە لە سووریە دەردەکەوێ؟

**خالید عەزیزی**: بە تێگەیشتنی من دەبێ چاوەڕوان بین بزانین تڕامپ هەموو ئەو بەرنامە بەربڵاو و جۆربەجۆرە لە بواری ئەمنییەتی و ئابووری لە بواری ململانێ لەگەڵ چین و ڕوسیە و ئورووپایەکان چۆنیان پۆلێنبەندی دەکات و دەیانخاتە

دەستووری کارەوە. بەڵام لەو باوەڕەدام ترامپ زۆرتر تێدەکۆشێ سیاسەتێک بگرێتە بەر کە ئەمریکا لە بواری ئابوورییەوە دەستی باڵای هەبێت و زۆر تێناکۆشێ بە ئامرازی سەربازی حزوور و هێزی بەهێزی ئەمریکا بکاتە ئەمری واقع.

**کوردکاناڵ**: پێتان وایە بۆ سەردانی عێراقی نەکرد؟

**خالید عەزیزی**: یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە دەبێ لەگەڵ ئێران بە هەندێک لە ئاکامەکان بگات کە ئایا ڕێککەوتنە دەبێ یان جێبەجێ نابێ. ئەوکات کارناسانی ئەمنییەتیی ئەمریکا و ئەوانەی لە دەورووبەری ترامپن دادەنیشن خەسارناسییەکی وا دەکەن کە ئەگەر لەگەڵ ئێران بە تەوافوق نەگەن چێ بکەن؟ لەو کاتدا ئەگەری هەیە سەردانی عێراق و تورکیە و ئازەربایجان و ئەو شوێنانەش بکات، یانی ترامپ سەفەرەکانی تابعێک لە بەرنامەکانیەتی، و کەسێکیشە زۆر کارناس و خەڵکی شارەزای لەگەڵە و لەو بوارانەدا حەتمەن بەرچاوڕوونیی بۆ دروست دەکەن.

**کوردکاناڵ**: دانیشتنەکانی نێوان ڕێژیم و ئەمریکا تا ئێرە ئاکامیان نەبووە یان بوویەتی و یەکلا نەبوونەتەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئاکامی بۆ هەردووک لا هەبووە. ئەزانی بۆ دەڵێم بۆ هەردووک لا، چونکە دانیشتن دانوستان و سەودایە. هەتا ئێستا ئەو ئاکامەی بووە کە ئێران ناچار بووە وتووێژی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەمریکا هەبێ و هەر ئەوە دەسکەوتێکە بۆ ئەمریکا و بۆ خودی ترامپ. بۆ ئێرانیش ئەو دەسکەوتانەی بووە کە ئەمریکا وەک زلهێزێک بۆ چەندوچۆنی ڕێکخستنی پێوەندی و جێخستنی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا و داهاتووی خۆی پێویستیی بە ئێران هەیە. جا هەردووک لایان لە ڕوانگەی ئەو سەرکەوتنەی بۆ خۆیانی دایدەنێین دەڕۆنە پێشێ. ترامپ نەیشاردەوە کە وتووێژەکانیان باش دەچێتە پێشێ و ئێرانییەکان سەودایان لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ئێستا بە باوەڕی من زووە کە بگەنە قۆناغێکی دی و جارێ لە قۆناغی متمانەپێکردن بە یەکتریدان و دروستکردنی ئەو متمانە دوولایەنە لەنێوان ئەمریکا و ئێران هێند بە ئاسانی جێبەجێ نابێت.

**کوردکاناڵ**: ئێران بۆ هەر حەزی لەوەیە دانوستانەکان بە نهێنی بێت؟

**خالید عەزیزی**: هۆیەکەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نیزیک بە پەنجا ساڵە دروشمی دژی ئەمریکا دەدات و خامنەیی هەمیشە بە ئەمریکای گوتوە دوژمن و ئەگەر نیو سەعات قسە بکات ڕەنگە هەشت نۆ دە جار وشەی دوژمنی هێنابێتە سەر زار. لەو خانەیەدا ئەگەر وتووێژەکان بە ئاشکرا بێ لە نێوخۆیی وڵاتدا باسی لێ دەکەوێتە کە چۆنە لەگەڵ شەیتانی گەورە



سەرچاوە
Serchawe

ڕاستەوخۆ دادەنیشن. خامنەیی پێشتر بەردەوام گوتوویەتی کە نابێ متمانە بە ئەمریکا بکرێ و بۆیە ئێرانییەکان لەمبارەوە نیگەرانن. بەڵام ئێستا دۆخەکە جۆرێکە کە لەنێو کۆماری ئیسلامیدا خەڵکێکی زۆر هەن کە ڕەخنە لەو نیزامە دەگرن و تەنانەت کەسانێک لەنێو خۆیاندا کە خودی بوون، ئێستا پێیان خۆشە پێوەندییەکانیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاسایی بێتەوە. ئەوان ئەوەیان پێ باشە. واتە ئەو عەقڵییەتە لەنێو خودی نیزام و لە تارانیش کێشەی لەنێو خۆیاندا دروست کردوە.

**کوردکاناڵ**: دانیشتنەکان سەر بگرن یان نەگرن ئێران چیی لێ دێت؟

**خالید عەزیزی**: لە هەرحاڵدا دەرئەنجامی ئەو دانیشتنانە بۆ ئێران ئاسان نیە. ئەگەر سەر بگرێت، بە مانای ئەوەیە کارتی بەرنامە ئەتۆمییەکە لە دەست ئێران دەردێنن، ئەوە یەک. دووهەم، ئەگەر سەر بگرێت بە مانای ئەوەیە ئێران کۆمەڵێک دەرووەستی و ئیلتیزامی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بۆ دروست دەبێت کە هەتا ئەو جێگەی پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە ئیدی وەک جاران ناتوانێ سەربەخۆیی جارانی لە مووشەکتێگرتن و تەڕاتێن لە ناوچەکەدا هەبێت. سێهەم خاڵ ئەگەر سەر بگرێت، لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا ناچارە نەوی بکێشێ و هەموو ئەوانەش شوێنەواریان لەسەر دۆخی کۆماری ئیسلامی دەبێت.

**کوردکاناڵ**: ڕۆڵی ئیسرائیل لە دانیشتنەکانی ئەمریکا و ئێراندا چیە؟

**خالید عەزیزی**: بە باوەڕی من ڕەنگە سازانێک لەنێوان ترامپ و نەتانیاهوودا هەبێت، ئەوەی دیارە ئەمەیە کە ئەمریکا هەوڵی داوە بە ئیسرائیل بڵێ خۆی زۆر لەو دانوستانە هەڵنەقورتێنێ بۆ ئەوەی دەستی ئەمریکا لە دانوستانە لەگەڵ ئێران ئاوەڵاتر بێت و ئێران پتر بێنێتە نێو کۆرسی ئیلزامات و دەرووستییەکان و بەو جۆرە ناڕاستەوخۆ ئەمنییەتی ئیسرائیل تەزمین بکات. من باوەڕم وایە ئەمریکاییەکان پشتی ئیسرائیل بەر نادەن و لە ئەگەری هەر ساتوسەودایەکدا بێتوو ئەمنییەتی سیاسیی ئیسرائیل بکەویتەوە مەترسییەوە ئەمریکا دیسان بەرگری لەو وڵاتە دەکەنەوە.

**کوردکاناڵ**: ئەگەر دانوستانەکان بە ئاکام بگەن ئیسرائیل چیی بەسەر دێت و ئەگەر سەر نەگرێت چی ڕوو دەدات؟

**خالید عەزیزی**: ئەگەر ئیسرائیل زۆرتر باس لەوە دەکات کە لەلایەن ئێرانەوە هەڕەشەی ئەمنییەتیی لەسەرە و گرووپە نیابەتییەکانی ئێران هێرشی دەکەنە سەر، ئەگەر ئەو هەڕەشانەی لەسەر نەمێنێت دیارە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەمنییەتی



سەرچاوە
Serchawe

ئیسرائیل دەستەبەر بووە و ئەوە دەستکەوت و سەرکەوتنی گەورەیە بۆ ئیسرائیل. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێت دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و ئەمن پێشبینیی ئەوە ناکەم و لام وایە ئەمریکا هەوڵ دەدات بە جۆرێک مێکانیزمێک بهێڵێتەوە و لەو میکانیزمەدا بە تایبەت شەخسی ترامپ وەک دەسکەوت بێ و بڵێ ئەوەتا من هاتمەوە مەیدان و ئەو کێشەیەشم جێبەجێ کرد. پێشبینیی من ئەوەیە کە ترامپ هەموو هەوڵی ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنە بەسەر ئێراندا بسەپێنێ و بێتوو لەوەدا سەرکەوتوو نەبێ، ڕەنگە کێشەکان بچنە فازێکی دیکەوە کە لە ئێستاوە نامەوێ بچمە نێو وردەکاریی ئەو بابەتە.

**کوردکاناڵ**: ڕێبەریی حیزب چۆن لەو دانوستانە و دەرەنجامەکانی دەڕوانێ و بەرنامەکانی چین؟

**خالید عەزیزی**: هیوادارم لەو دانوستانەدا بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران یەکلا بێتەوە و ببڕێتەوە. چونکی لەهەر شوێنێکی دونیای دەرەوە کە بۆ خۆم حزوورم هەبووە و قسەم کردوە و لایەنەکانم بینیوە، کە باسی مافی مرۆڤ و مەسەلەی کورد لە ئێران و باسی جووڵانەوەی دێموکراسی و مافخوازانەی خۆمان و باسی سیاسەتەکانی حکوومەتی ئێران دەکەم، زۆر زوو دەچنەوە سەر بەرنامەی ئەتۆمییەکەی تاران. ئەوان تێدەکۆشن ئێران بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بناسن بۆیە بە قازانجی ئێمەیە لەسەر قەزیەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی بە تەوافوق بگەن. ئەگەر ئەو کێشەیە لەکۆڵ بێتەوە، هەم ئێمە قسەمان دەبێ و هەم خەڵکی ئێرانیش لە نێوخۆی وڵات لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو نیزامەدا دەستیان ئاوەڵاتر دەبێت و کۆماری ئیسلامی ئەو چەکەی لە دەست دەر دێ کە بەو دنیا و ناوچەکە و خەڵکی ئێرانیشی بە بارمتە گرتوە.

بەرنامەیەکی دیکەی ئێمە ئەوەیە دەمێکە لەسەر بەدەیلێک بۆ ئەو نیزامە کار دەکەین، پشوودرێژی و حەوسەلەیەکی زۆرمان بە خەرج داوە و لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی لەگەڵ هەموو لایەک لەگەڵ زۆریان دانیشتووین، بەڵام تا ئێستا بە تەوافق نەگەیشتووین. لە ئەگەری خولقانی دۆخی نوێدا وردە وردە دەبێ ڕۆحێک و ڕەنگ و ڕوویەک و نەفەسێکی سیاسی بدەینەوە بەو هەوڵانە کە بە ئاکامیان بگەیەنین. نەتیجەکە ئەوەیە ئاخر باشە ئەو نیزامە بڕووخێ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، و تووشی پاشەکشە بێت، کێ جێی دەگرێتەوە؟ خەڵک لە نێوخۆ، وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ئەو نیگەرانییەیان هەیە. ئیدی ئەو بەشەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبە سیاسییەکان کە چۆن لە ئۆپۆزیسیۆن بوون دێنە دەرێ، چونکی ئۆپۆزیسیۆن هونەر نیە و لە ئێران نیزیک بە ٧٠ -٨٠ لەسەدی ئەو خەڵکە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیین. بەڵام بوون بە ئاڵتێرناتیڤ و بەرنامە بۆ جێگرتنەوە ئەسڵە و حیزبی ئێمە دەبێ لەمەو بەدوا زۆرتریش کار لەسەر ئەوە دەکا. دەبێ زیاتر لەسەر فەرهەنگی بە دامەزراوەکردنی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی کار بکەین و دەبێ پانتایی خەبات بۆ هەموو ڕەهەندەکانی وەرزش، ژینگەپارێزی، چالاکییەکانی زمانەوانی، ئەدەبی، فەرهەنگی بگوازینەوە و لە هەموو بوارێکدا بە هانای یەکترەوە بێین و نەهێڵین لە هیچ بوارێکدا پەکمان بکەوێ. کاری ڕێکخراوەیی زۆر زۆر گرینگە و یەکێک

لە هۆیەكانی ئەوەیكە جۆرج تاون نەبوو بە شت، هۆكارەكەی هەر ئەوە بوو كە كۆبوونەوەی چەند سێلێبریتی بوو و ڕێكخراوی لە پشت نەبوو.

**كوردكاناڵ**: بێینە سەر باسی كۆنگرەی ١٢ی پ ك ك و بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی لە پێناو پرۆسەی ئاشتیدا. ئایا ئاشتی عینوانێكی دروستە بۆ ئەو پرۆسەیە؟

**خالید عەزیزی**: پرۆسەی ئاشتی ڕەنگە لە سەرەتاوە هەر ئەوەندە دروست بێت كە شەڕ ڕادەوەستێ. بەڵام نابێ لەوێدا گیر بكات و لە ڕوانگەی منەوە پرۆسەی چارەسەری پرسی كوردە لە توركیە، بۆ؟ چونكە لەوێدا ئەو باسە لە پاڕلەماندا هاتۆتە گۆڕێ و سەرۆكۆمار قسەی لەسەر دەكا و، باس لە قانوونی ئەساسییەكی نوێ دێتە گۆڕێ و لایەنەكان دەبێ بە پێی هەموو ئەوانە بە دوای ڕێكار و چارەسەردا بڕۆن. لەسەر یەک ئێمە زۆر ناچینە نێو وردەكاری ئەو باسە، بەڵام سیاسەتی حیزبی دێموكرات ئەوەیە كە پێشوازی لە وتوویژ و دانوستانەكان بە مەبەستی چارەسەری كێشەی كورد لە توركیە دەكەین و هیوادارین پرۆسەی چارەسەری پرسی كورد لە توركیە بە بەشداریی هەموو لایەک بە ئاكام بگات. ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەو بۆچوونە لەلای كورد و توركەوە لە توركیە نەهادینە بێ و لە ئاستی پارلەمان و لەلایەن هەموو لایەنەكانەوە ڕەنگ بداتەوە، دەتوانێ دەسكەوتی باشی لێ بكەوێتەوە.

**كوردكاناڵ**: ئێوە هاوسەنگییەک لەو پرۆسە و ڕێككەوتنەدا دەبینن؟

**خالید عەزیزی**: لە نێوان هێزێكی چەكدار و نەتەوەیەكی ژێردەست كە لەگەڵ دەوڵەتێكی بە دەسەڵات لە شەڕ و كێشەدایە، نابێ هەمیشە چاوەڕوانی باڵانس بی و ئۆسوولەن ئەگەر باڵانسەكە بەرابەر بێت بە ڕاحەتی ئەو كێشەیە چارەسەر نابێت. ئەمن پێم‌وایە دەبێ ئاوا چاو لێ بكەین كە لە بەردەوامیی خۆیدا لایەنە سیاسییە غیرە كوردەكان لە توركیە چەندە بە دوای بەڵێن و دەروەستییەكانی خۆیاندا دەڕۆن. دەبێ سیاسەتی كورد بەگشتی لەوێ ئەوە بێت كە ئەو كۆسپانەی دێنە پێشیان نەبنە هۆكار كە بە ئاسانی پرۆسەكەی پێ ڕابگرن یان پەكی بخەن. هۆیەكەشی ئەوەیە ڕەنگە شەڕ و شۆڕش و خەباتی چەكداری ئاسان بێ، بەڵام موزاكرە و شەڕی قانوونی و شەڕی سیاسی و كێشەی پاڕلەمانی و وڵامدانەوە بە كۆمەڵێک چاوەڕوانیی خەڵک بە كورد و توركەوە پشوودرێژی و بەردەوامیی دەوێ. لەوێدا دەردەكەوێ كە كورد لەو مەیدانەدا چەندە دەتوانێ بە باش بچێتە پێشێ.

**كوردكاناڵ**: پرۆسەی ئاشتی لە توركیە دەتوانێ چە پەیامێكی بۆ خۆرهەڵاتی نیشتمان هەبێت؟



سەرچاوە
Serchawe

**خالید عەزیزی**: چەندوچۆنی ڕەوتی چارەسەری پرسی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەتوانێ پەیامی بۆ پارچەکانی دیکەش تێدا بێت. یەکەم ئەوەی لە عێراق هاتەگۆڕێ و پرسی کورد لێرە لە چوارچێوەی فیدرالیزمدا چارەسەر کرا و لە یاسای بنەڕەتیی عێراقدا جێگیر بووە. یان لە سووریە بە دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد، دیتمان کە بە جۆرێک مەسەلەی کورد هاتۆتە نێو هاوکێشەکان و بە خۆشییەوە کوردەکانی سووریە تێدەکۆشن لەو بوارەدا بێ تەفاوەت نەبن و لەگەڵی بڕۆن؛ جا ئەگەر وایە ئەوەش پەیامێکە کە دەکرێ پرسی کورد لە هەر کام لەو وڵاتانە بێتە گۆڕێ و چارەسەری خۆی هەبێ. دۆخی کورد ئێستا بە جۆرێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە هیچ کام لەو وڵاتانەی کوردی تێدا، چیدیکە کەس ناتوانێ حاشا لە پرسی کورد بکا. ئەگەر وایە کورد بەشێکە لە چارەسەری و دەرفەتێکیشە بۆ جێخستنی دێموکراسی لەو وڵاتانە. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە لە هیچ کام لەو وڵاتانە ناکرێ تازە بە شێوەی پێشوو ئەو چەوسانەوەیە لەسەر کورد هەبێ و بیانەوێ هەموو شتێک لەسەر کورد تاقی بکەنەوە. فاکتۆرێکی دیکەش ئەوەیە کە ڕەوشی تورکیە دەتوانێ پەیامێک بە خەڵک لە ئێران بدا کە حیزبی دێموکرات لە ٨٠ ساڵ تەمەنی خۆیدا بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد زۆری خەبات کردوە و زۆری تێچوو داوە و کەسایەتیی گەورەی وەک د. قاسملوو گیانی خۆی لەسەر باوەڕ بەو مێتۆدە دانا. بۆیە دەبێ لە تاران غیرە کوردەکان بەو ئاکامە گەیشتبن کە هەتا کەی کێشەی کورد هەر ئاوا بمێنێتەوە و، بۆ لە وڵاتەکانی دیکە چارەسەر دەبێ و بۆ لە ئێران چارەسەر نابێت. ئێمە لێرەدا دەبێ ڕوومان لە خەڵکانێکی زۆر بەتایبەت لە شارە گەورەکان و پایتەخت کە لەو حکوومەتە نارازین و بە بۆنەی جۆراوجۆر هاوخەمی لەگەڵ کورد و پرسەکەی دەردەبڕن، هەموو ئەوانە هانیان بدەین کە پتر ئەو مەوزووعاتە بێننە گۆڕێ. ئەوە دەتوانێ پارامێترێکی باش بێ و هەم ئێمە کاری لەسەر بکەین و هەم بە تایبەت لە نێوخۆی وڵات کاری لەسەر بکەن و هەم لە تاران خەڵکی کورد کە دۆست و ئاشنایان هەیە بە دوایدا بچن.

**کوردکاناڵ**: لە دۆخی ئێستادا حیزبی دێموکرات چۆن سەیری ڕێککەوتنە ئەمنییەتییەکەی ئێران و عێراق دەکات؟

**خالید عەزیزی**: ئێمە هەر لە زووەوە گوتوومانە ئەو ڕێککەوتنەی تاران و بەغدا دوو خاڵی سەرەکیی تێدایە.

**خاڵێکیان** تاران ڕەسمەن داوای لە حکوومەتی عێراق کردوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەنێوخۆی وڵات عەمەلیاتی نیزامی نەکات. لە دەرەوەی ئەو داوایەی ئێران ئێمە خۆمان دەمێکە ئەو شێوە لە خەباتەمان ڕاگرتووە و بەتایبەتیتر و گوتوومانە کە لە کوردستانی عێراق و خاکی عێراقەوە هێزی پێشمەرگە بۆ عەمەلیاتی نیزامی نانێرینەوە.
**خاڵی دووهەم**، پێوەندیی بە چەندوچۆنیی حزووری حیزبی دێموکرات و سەرکردایەتی حیزبی و بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە زۆربەی زۆری خەڵک و بنەماڵە و ڕێکخراوەی مەدەنی و خوێندنگە و دەرمانگا و هەروەها پیر و

بەساڵاچووەکانی حیزب تێیدا حاواونەوە. لەو پێوەندییەشدا حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەسەر خەت بوون و بە خۆشییەوە لێکتێگەیشتنی تەواو لەنێوان ئێمەدا هەیە. مەسەلەکە ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ لەو هاوکێشەیەدا نەبێتە هۆکاری گرژی و نائەمنی. بۆیە جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە مەیدان و شوێنی خەباتی حیزبی دێموکرات عیراق نیە و نێوخۆی کوردستانی ئێرانە و ئەوەش بە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێراندا دیارە. ئەوەی لە بزووتنەوەی ژیندا بە تۆخی ڕەنگی دایەوە و لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا پەیامەکانی دووپات کردەوە. بۆیە حیزبی دێموکرات دەزانێ خەباتی خۆی لەکوێ بکات و لەکوێ بە دوای ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیدا خۆیدا بڕوات.

**کوردکاناڵ:** ئایا ئەو گوشارانەی لەسەر لایەنەکانی دیکە بۆ گواستنەوەیان هەبوو، بۆ سەر حیزبی دێموکراتیش بووە؟

**خالید عەزیزی:** پێشووش ئاماژەم پێ داوە دۆخ و مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات پێوەندیی بە خودی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و، لایەنەکانی دیکەش پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە دەست لە کاروبار و چەندوچۆنی پێوەندییەکانی لایەنەکانی دیکە وەرنادەین، بەڵام بێگومان گوشار لەسەر حیزبی دێموکراتیش بووە. بەڵام ئێمە ئەو سیاسەتەمان هەڵبژارد کە خۆمان تووشی دوژمنایەتی لەگەڵ عێراق نەکەین و خۆمان نەخەینە نێو کێشە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش. بۆیە هەوڵمان دا بە دیالۆگ و گفتگۆ و لێکحاڵیبوون بەتایبەت کە لەو قۆناغەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە نێوانماندا بوون، وتووێژی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆمان لەگەڵ لایەنەکان لەسەر ناساندنی خۆمان و دۆخەکەمان هەبێ و بەوەش ئەم دۆخەی ئێستا دروست بووە کە هەتا ئێستا ئاکامی بووە.

**کوردکاناڵ:** لەو هەلومەرجەدا چۆن لە سیاسەتی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەڕوانن؟

**خالید عەزیزی:** ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ چارەسەری پرسی کورد ڕوونە. پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی لەگەڵ حکوومەتی تاران نەبەست، بە دوای ئینقلابی ٥٧ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەگەڵ تاران کەوتە وتووێژ، بە تایبەت دوکتور قاسملوو کە وتەبێژی بوو هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەیکە بە ڕێککەوتن بگەین. د. قاسملوو قسەیەکی زۆر جوانی هەیە و هەر ئەوکات گوتی ئەگەر ڕۆژێک شەڕ و هێرش بۆ سەر کوردستان دوا بکەوێ، ئێمە دەبێ هەوڵ بۆ ئەوە بدەین. دوای ئەو قۆناغەش ئەو پرەنسیپە لەنێو حیزبی دێموکراتدا مایەوە و، لەو پێناوەدا بەداخەوەدوکتور قاسملووشمان لە دەست دا. ئێمە ئێستاش پێمان وایە باشترین چارەسەری پرسی کورد لە ئێران دانوستان و گفتوگۆیە. ئەوە کە ئەو نیزامە ماهییەتەکەی ئەوە هەڵناگرێ و کارنامەکەی لە کوردستان و لە

دژی ئێمە چۆن بووە و کوردستانی چۆن کردووەتە زۆنی ئەمنییەتی؛ ئەوانە نابێ ببنە هۆی ئەوەی ئێمە ئەو چەکە وا بە ئاسانی لە دەست خۆمانی دەربێنین کە حیزبی دێموکرات ئەگەر ڕۆژێک فەزایەکی بۆ هەڵکەوت و مەجالێک هاتە گۆڕێ و پێشنیارێکی پێ درا، بڵێ نا ئەمن وتووێژ ناکەم. وتووێژ بۆ دەکرێ؟ تۆ ئەگەر لەگەڵ لایەنێک لەکێشە دای وتووێژی بۆیە دەکەی کێشەکە چارەسەر بکەی. جا بۆیە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژەکان کۆماری ئیسلامی بە تەرح و بەرنامە پێشنیار بە حیزبی دێموکرات بکات، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەین گوێی بدەینە. بۆچی گوێی دەدەینێ؟ بۆچی سەری خۆمان دێشێنین؟ بۆچی وتوویژ دەکەین؟ بۆ ئەوەیکە دەرفەتێک دروست بکەین کە ئەگەر لەوێدا ڕێگاچارەیەک هەبوو بیقۆزینەوە. بۆ ئەوەیکە نەک هەر بە خەڵکی خۆمان کە باش کۆماری ئیسلامی دەناسن، بەڵکوو بە ئێرانییە غیرە کوردەکان بڵێین ئەوەتا حیزبی دێموکرات بە هەموو خەبات و تێکۆشانی کە لە کوردستانی ئێراندا ڕۆڵێکی زۆری هەیە، هەوڵ دەدا لە ڕێگای وتووێژەوە ئەو پرسە چارەسەر بکات. بۆیە وتوویژ و دانوستان ئەسڵێکە لە سیاسەتدا و ئێمە نابێ ترسمان هەبێ و نابێ بە شەرمەوە باسی بکەین و نابێ لەبەری هەڵێین. ئیدی ئەو نیزامە ماهییەتی چیە و ئایا دێتە پێشێ یان نا شتێکی دیکەیە. ئەو خەبەر لە ئێمە دەنێرێ، قسەکانی خۆیی دێنێ، ئێمە گوێی دەدەینێ و ئەگەر زانیمان مێتۆدەکانیان هەر شێوەی جارانە و هیچی تێدا نیە، تەبیعەتەن خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە جێی خۆیدایە و دەچێتە پێشێ. لەو چەند ساڵەشدا هەروا بووە و چەند جار دانیشتمان لەگەڵیان بووە و ئەو دانیشتنانە هیچی نەبووەتە هۆی ئەوە ئێمە خەبات و تێکۆشانی و چالاکی خۆمان ڕابگرین، بەپێچەوانەوە خەباتی ئێمە زۆرتر و بەردەوام تریش بووە.

**کوردکاناڵ**: ئەدی بەم نیزیکانە دانیشتنتان بووە، یا داوای دانیشتن کراوە؟

**خالید عەزیزی**: بەم نیزیکانە هیچ دانیشتنێکمان لەگەڵیان نەبووە و، هیچ داوایەکیشیان لێ نەکردووین. دیارە سەیر نیە ئەوان بە شێوازی جۆراوجۆر پەیام بنێرن و ئەو پەیامانە دێن؛ بەڵام ئەو پەیامانە لە ڕوانگەی ئێمەوە تا ئەو لەحزیە هیچیان جیددی و شایەنی بایەخپێدان نەبوون.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید جەنابت زۆر باس لە پێویستیی بە جەماوەریکردنی خەبات دەکەی. بە ڕوونی مەبەستتان چیە؟

**خالید عەزیزی**: بڕوانە، ئێمە لەو چەند ساڵەدا چەندین جار مووشەکباران کراین. یان دوورتر باس بکەم کە سەدان کادریان لێ تێرۆر کردین، دوکتور قاسملوویان تێرۆر کرد، دوکتور شەرەفکەندییان تێرۆر کرد؛ بەڵام چەکی ئێمە چی بوو؟ چەکی ئێمە هەر ئەو خەڵکە بوو لەنێوخۆی وڵات. مێژووی بەسەرهاتە ناخۆشەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆماری کوردستانەوە بگرە تا ئێستا کەم حیزب ئەوەی بەسەر هاتوە کە دامەزرێنەری لە سێدارە دەدرێ، ڕێبەری هەڵکەوتووی

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

دوکتور قاسملوو تیرۆر دەکرێ، ڕێبەریی دووهەمی دوکتور سادقی شەرەفکەندی تیرۆر دەکرێ؛ بەڵام سەرباقی هەموو ئەو کارەساتانە، ئەو حیزبە هەر لە جێگەی خۆی ماوەتەوە و توانیویەتی بەردەوام بچێتە پێشێ. دەی دەبێ ئەوە حیکمەتێکی تێدا بێ و مەسەلەکەش زۆر ئاسانە، ئەویش پشتیوانییەکان لە نێوخۆیی وڵاتە. مەسەلە خەڵکە کە بە پشتیوانیی جەماوەریی خۆیان نەیانهێشتووە ئەو حیزبە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیدا تەنیا بمێنێتەوە. بۆیە ئێمە خەباتی جەماوەری و بەرینکردنەوەی ئەو خەباتە لە ئاستی کۆمەڵگەدا بە باشترین چەک دژی نیزامی کۆماری ئیسلامیی دەزانین و ئەوەمان لە بزووتنەوەی ژینا و بزووتنەوەی نەورۆزی ئەمساڵیشدا بینی.

**کوردکاناڵ**: وەک دوا پرسیار. پرسی کورد لە ئێران لە ئەگەری سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دانوستانەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی چی لێ دەێت؟

**خالید عەزیزی**: پرسی کورد پێش کێشەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران لەو وڵاتەدا هەبووە. ئەو پرسە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەیە و ئەوکاتەی کە حیزبی دێموکرات دامەزراوە و خەباتی بۆ مافەکانی کردوە هێشتا دەوڵەتی ئیسرائیل دروست نەبووە. هەروەها پرسی کورد پێش پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران لە گۆڕێدا بووە. بۆیە ئەو دانوستانە سەر بکەوێ و سەرنەکەوێ جووڵانەوەی ئێمە کە جووڵانەوەیەکی مافخوازانەیە، بەردەوام دەچێتە پێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تێدەکۆشین بە هەر لایەکدا بشکێتەوە خۆمان بۆ ئامادە کردبێ و پێویستە لە هاوکێشە ئاڵۆز و پڕ ئەگەرەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆمان و خەڵکەکەمان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بکەین. ئەمن گەشبینم بە داهاتووی جووڵانەوەی خۆمان و بەو خەبات و تێکۆشانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە و هەروەها بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا ئێستا بە بڕوای من واقعبینانە چووەتە پێشێ. ئەم حیزبە توانیویەتی بەو سیاسەتانە خۆی ڕابگرێ و ئێمە وەک حیزب ڕووخسارێکی باشمان لە خۆمان هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی ئێران و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێشان داوە، بۆیە هەمووی ئەوانە سەرمایەی چاکن کە ئێمە بە خۆشبینی و گەشبینی و بە پشوودرێژییەوە لە خەبات و هەوڵەکانمان بەردەوام بین.

**١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# خوێندنەوەیەک بۆ کارنامەی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان و پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە





مستەفا مەولوودی

## باسێکی مێژوویی:

پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دوای دامەزرانی لە ١٩٧٨ی زایینی وەک حیزبێکی سیاسیی چەپ و ڕادیکاڵ، لە ساڵی ١٩٨٤ی زایینییەوە خەباتی چەکداریی دەست پێکرد. ئەم حیزبە لە ماوەی ٤٠ ساڵ شەڕ و خەباتی پارتیزانیدا چەندین جار ئاگربەستی لەگەڵ حکوومەتی تورکیە ڕاگەیاندوە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پ ک ک لە ساڵەکانی ١٩٩٣، ١٩٩٥، ١٩٩٨، ١٩٩٩، ٢٠٠٩ و ٢٠١٣ بە ڕاگەیاندنی ئاگربەست هەوڵی بردنەپێشێی بەرنامە و ئاجێنداکانی خۆی داوە و دواجاریش لە ٢٥ی فێوریيەی ٢٠٢٥ی زایینی ئۆجەلان لە نامەیەکدا، داوای لە حیزبەکەی کرد چەک دابنێن و خۆیان هەڵوەشێننەوە. ئۆجەلان لەو نامەیەدا ڕایگەیاند کە بەرپرسایەتیی مێژوویی ئەو بانگەوازەش لە ئەستۆ دەگرێ و دواتر کۆنگرەی ١٢ی پ ک ک لە حەوتووی ڕابردوودا ئەم داوایەی پەسند کرد.

یەکەمین پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمرالی ڕۆژی ١٥ی فێورییەی ١٩٩٩ی زایینی بڵاو بۆوە و لەو پەیامەدا داوای کرد هێزەکانی گریلا خاکی تورکیە و باکووری کوردستان چۆڵ بکەن بۆ ئەوەی بەستێنی لەبار بۆ ئاشتی دروست ببێ. پ ک ک لە ١ی سێپتامبری ١٩٩٩ی زایینی ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند و داوای کرد دەستەی ئاشتی بگەڕێتەوە تورکیە؛ ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی ئۆجەلان دوو پرۆژەی بە ناوەکانی "پرۆژەی ئاشتی" و "پرۆژەی تێکۆشانی بەپەلە بۆ ئاشتی و دێموکراسی" ڕاگەیاند. هەروەها ساڵی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ دوو پەیامی بەپەلەی بە ناوەکانی "پەیامی داوای خێرا" و "پەیامی چارەسەری خێرا" بڵاو کردەوە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی جارێکی دیکە داوای کرد دەستەی ئاشتی لە هەرێمی میدیا (قەندیل)، کەمپی مەخموور و ئورووپا یەکلایەنە بگەڕێنەوە تورکیە و بەپێی زانیارییەکان ئەوانە هەتا ئێستاش لە زیندانەکانی تورکیەدان. عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە نەورۆزی ٢٠١٣ش پەیامی ئاشتیی بڵاو کردەوە، بەڵام دەوڵەتی تورکیە هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو بانگەواز و پەیامانە نەبوو.

ساڵی ٢٠١٥ هەیئەتی ئیمرالی لە بەرپرسانی HDP لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی تورکیە کۆ بوونەوە و لە ٢٨ی فێورییەی ٢٠١٥ ئەو دوو هەیئەتە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە پرێسکۆنفرانسێکدا ڕێککەوتنی نێوانیان ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەردۆغان ئەو ڕێککەوتنەی قبووڵ نەکرد و ڕەتی کردەوە.

لە سەرەتای پاییزی ٢٠٢٤ی زایینی لەکاتی کرانەوەی پارلەمانی تورکیەدا، دەوڵەت باخچەلی، ڕێبەری حیزبی "حەرەکەتی میللی" چووە لای نوێنەرایەتیی حیزبی "دەم پارتی" و ئەم سەردان و نیزیکبوونەوە و گۆڕینەوەی بیروڕایە بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان.

٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ دەوڵەت باخچەلی پێشنیاری کرد عەبدوڵڵا ئۆجەلان بچێتە پارلەمانی تورکیە و هەڵوەشانەوەی حیزبەکەی ڕابگەیەنێ. باخچەلی لە ٢٦ی نۆڤامبر داوای کرد پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان "ئۆجەلان" و "دەم پارتی"دا دروست ببێ و لەسەر ئەو داوایە وەزارەتی نێوخۆی تورکیە ڕۆژی ٢٨ی دیسامبر ئیزنی دا ئەو دیدارە بکرێ.

پەروین بوڵدان و سورەییا ئوندەر دوای دیدار و چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ ئۆجەلان لە پەیامێکدا ڕایانگەیاند کە ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان پێداگرە کە جارێکی دیکە بانگەشەی برایەتی لە نێوان کوردەکان و تورکەکاندا بکات و جیا لە بەرپرسایەتیی مێژوویی، ئەمە بە پێویستییەکی چارەنووسساز بۆ گەلانی تورکیە دادەنێت. ئەوان گوتیان کە عەبدوڵڵا



سەرچاوە
Serchawe

ئۆجەلان پێداگریی کردوە ئەوە نابێ تەنیا ئیدعایەک بێ، بەڵکوو دەبێ کار و هەوڵی کردەیی بۆ هاتنەدیی ئاشتی بێ و ئۆجەلان لەلایەن خۆیەوە ئامادەیی خۆی بۆ هەنگاوی بەکردەوەی ئەرێنی لەو بوارەدا دەربڕیوە. ئەوە بوو کە پ ک ک لە دوایین کۆنگرەی خۆیدا کە لە ڕۆژانی ٥ هەتا ٧ی مانگی مای ٢٠٢٥ (١٥-١٧ی بانەمەڕی ١٤٠٤) گیرا، بڕیاری کۆتایی خەباتی چەکداری و خۆهەڵوەشاندنەوەی دا. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئامانجە ئاشکرا و شاراوەکانی تورکیە لە هەلومەرجی سیاسیی ئێستای ئەم وڵاتە پێوەندیدار بە چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە چیە؟

## وەرچەرخانێکی مێژوویی:

### چاودێرانی سیاسیی کاروباری تورکیە لایان وایە ئەنگیزەی تورکیە بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی دانوستان لەگەڵ پ ک ک لەبەر ئەو چەند خاڵەیە:

١- بۆ دروستکردنی ئێعتباری نێونەتەوەیی و چاککردنی پێوەندی لەگەڵ ڕۆژاوا. تورکیە دەیهەوێ خۆی وەک وڵاتێکی ئاشتیخواز و لایەنگری مافی کەمایەتییەکان پێشان بدات، بەتایبەت لە ئێستادا کە پێویستیی بە پشتیوانیی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ڕۆژاوا هەیە.

٢- بۆ ئەوەی فشاری نێوخۆیی لەسەر کەم بێتەوە، بەتایبەت ئێستا کە تورکیە لەگەڵ زۆر قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەربڵاو بەرەوڕوویە.

٣- بۆ بەکارهێنانی چارەسەریی پرسی کورد وەک ئامرازێک لە هەلومەرجی دژواری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتایبەت کە تورکیە هەڵبژاردنەکانی لە پێشە و لەوانەیە ئەردۆغان لەو ڕێگەیەوە پشتیوانی کوردەکان بۆ لای AKP ڕاکێشێ، یان لانیکەم ڕێ لەوە بگرێ کە کوردەکان بۆ لای حیزبە نەیارەکانی AKP بچن.

بەڵام ئەوانەی بە گومانەوە سەیری ئەو پرۆسەیە دەکەن، لایان وایە بەبێ گۆڕانی قووڵی بنەڕەتی و پێکهاتەیی، ئەم پرۆسەیە بەرهەمی نابێت؛ لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکیە هەتا ئێستاش حاشا لە نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی کورد و جوگرافیایەک بە ناوی کوردستان دەکات. ئەوانەی بە دوودڵییەوە لەو پرسە دەڕوانن، دەڵێن ئەزموون نیشانی داوە کە تورکیە لە هەلومەرجی قەیراندا بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێ و هەر کە قەیرانەکان کەمیان کرد یان هێور بوونەوە، دووبارە سیاسەتی سەرکوت دەست پێ دەکاتەوە. بۆیە لەو بارودۆخەدا دەبێ بە سەرنج و وردبینییەوە سەیری پرۆسەی چارەسەریی

پرسی کورد لەنێوان دەوڵەت و PKK بکرێت. تەنانەت "کوچیگیت"، پارلەمانتاری دەم پارتی کە پێداگری لەسەر پێویستیی بەیاساییکردنی ئەم پرۆسەیە لە پارلمانی تورکیەدا دەکا، ڕایگەیاندوە کە بەبێ بنەمایەکی یاسایی ئەمرۆ دەوڵەت دەتوانێ لە ئاشتی بدوێ، بەڵام سبەی دەتوانێ بە مستی ئاسنین لە دەستەوانەی مەخمەلدا بۆ سیاسەتی جیاواز پەل بکێشێ.

## سیناریۆ ناڕوونەکانی بەردەم چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە:

بە خوێندنەوەی مێژووی کێشەی گەلی کورد و تورکیە بەتایبەتی لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی تورکیەی تازە و خەباتی گەلی کورد ئەم قەناعەتە دروست دەبێ کە ئەگەری چارەسەری پرسی کورد لەو فۆرم و شێوەیەدا گەلێک لاوازە، چونکە؛

**یەکەم**: حاکمییەتی سیاسیی تورکیە هەتا ئێستاش بڕوای بەوە نەهێناوە ئەو بابەتە بنەڕەتی و لە ڕەگەوە چارەسەر بکات.

**دووهەم**: چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیە تەنیا لە ڕێگای گۆڕانی بنچینەیی و پێکهاتەیی و دابینکردنی مافی دێموکراتیکی ڕاستەقینە بۆ خەڵکی کورد بەدی دێت و ئەمە لە قسەی بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیە و لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا - جیا لە دەم پارتی - ناخوێندرێتەوە و باس و چارەسەرێکی لەم چەشنە لە ئارادا نیە.

**سێهەم**: گەلاڵەیەک کە تەنیا لە قازانجی دەسکەوتی کاتی بۆ دەوڵەت (ئاکپارتی)دا بێ، بەبێ ئەوەی گرینگی بە خواستە سەرەکییەکانی کورد بدات، شانسی سەرکەوتنی زۆر کەمە.

**چوارەم**: نامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بڕیارەکانی کۆنگرەی خۆهەڵوەشاندنەوەی پ ک ک ش شتێکی زۆر ڕوونی تێدا نیە هەتا بڵێین دەبێتە کۆتاییهێنان بە کێشەکان و وەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد لە تورکیە.

**پێنجەم**: هەرچەندە هەرێمی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی ئەو هەرێمە، دەوڵەتی عێراق و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و چەند دەوڵەتی دیکە بەتایبەتی ئاڵمان، بریتانیا و فەرانسە پێشوازییان لەو هەنگاوە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە تورکیە کردوە، بەڵام هەموویان بەگومانەوە سەیری پێشهات و ڕووداوەکانی دەکەن و چاوەڕوانن بزانن هەر بەڕاست تورکیە لێی دێتە پێشێ و، ئاخۆ پ.ک.ک دوای بڕیاری چەکدانان و خۆهەڵوەشانەوە دابڕانی لێ ناکەوێتەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەریی ڕەوشی نوێ لە باکووری کوردستان:

### پرۆسەی نوێی ئاشتی زیاتر لە ساڵێک بوو لە نێوان دەوڵەتی تورکیە و ئۆجەلان کەوتبووە گەڕ و بە باوەڕی چاودێرانی سیاسی:

- تورکیە نیگەرانی ئەوەیە لە هەلومەرجی ئاڵۆز و ناسەقامگیری ناوچەکەدا پ.ک.ک چەکی باشتری دەست بکەوێ، و ئەوە بۆ تورکیە جێگەی نیگەرانیی زۆرە.
- تورکیە هەتا ئێستاش باسێکی لە مافی کوردان نەکردوە.
- قەرار بوو سەلاحەدین دیمیرتاش ئازاد بکرێت، بەڵام هەتا ئێستا ئازاد نەکراوە.
- دەگوترێ بەشێک لە هێز و کەسایەتییەکانی پ.ک.ک نەگەڕێنەوە تورکیە و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بن یان لە وڵاتانی دیکە وەربگیرێن.
- ئەگەر تورکیە بەشێک لە مافی کوردان بە ڕەسمی بناسێ، ئەوە پێوەندی بە دۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە هەیە.
- چەکدانانی پ.ک.ک دەکرێ بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و بەتایبەت کورد لە تورکیە بشکێتەوە، چونکی ئەو وڵاتە شێوە دێموکراسییەکی دەڵەمەی تێدا و کورد لەو وڵاتەدا دەتوانێ بە تێچوویەکی کەمتر بۆ مافەکانی تێبکۆشێ. هاوکات بەو بڕیارە جێگرەوە و میراتگرانی فکریی پ ک ک لەوانەیە جۆرێکی دیکە بڕواننە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و ئەوەش هەر بە قازانجە؛ چوونکە پ.ک.ک کە خۆی بە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی، چەپ و سۆسیالیست دەبینی، بۆ ئەو پرسی کورد و سەروەریی نەتەوەیی ئەلەوییەتی یەکەم نەبوو و حیزبە نەتەوەییەکانی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە نەریتی دەزانی.

## ڕۆژاوای کوردستان دوای بڕیاری خۆهەڵوەشانەوەی پ ک ک:

کاتێک لە ٢٠١٥ی زایینیدا وتووێژی پ.ک.ک و تورکیە بێ‌ئاکام مایەوە، بەشێک لە گریلاکانی پ.ک.ک چوونە ڕۆژاوا و بەدژی داعش شەڕیان کرد. تورکیە ئێستا دەیهەوێ یەپەگە هەڵوەشێنێتەوە و گریلاکان ڕۆژاوا بەجێ بهێڵن MHP .باوەڕی وایە پەیامەکەی ئۆجەلان و خۆهەڵوەشانەوەی پ ک ک کاریگەری لە ڕۆژاواش دەبێ و بنیات و دامەزراوەکانی سەر بە پ.ک.ک دەبێ لە سووریە کۆ بکرێنەوە. هەر ئەوە بوو کە پاش بڵاوبوونەوەی پەیامی ئۆجەلان لە ١٥ی فێورییە پرسیار لە مەزلووم عەبدی کرا کە ئایا ئێوە بەشێکن لە پ.ک.ک؟ ئەو لە وڵامدا گوتی نەخێر، لە هەلومەرجێکدا کە داعش هێرشی

کردە سەر کۆبانی، ئێمە داوای یارمەتیمان لە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کرد و ئەوان بە هانامانەوە هاتن و گریلاکانی پ.ک.ک دوای شەڕ ڕۆیشتن و هێندێک ئەندامی پ.ک.ک مانەوە. ئەگەر ئاشتی بێتە ئاراوە و جێگیر بێ، دەتوانین داوا لە ئەوانیش بکەین ناوچەکە بەجێ بهێڵن و ئەوە شتێکی زۆر ئاستەم نیە.

مەزلووم عەبدی پێشوازیی لە پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ هەڵوەشانەوە و چەکدانانی پ.ک.ک کردوە و دەڵێ پەیامی ئۆجەلان پۆزەتیڤە. لەبەر ئەوەی داوای تەواوکردنی شەڕ و دەسپێکی ڕەوتی سیاسی بە ئاشتیانە لە نێوخۆی تورکیە دەکات و هەروەها دەڵێ هێرشی تورکیە بۆ ڕۆژاوا، بەربەستی وتووێژی ئێمە و دەمیشق و درێژەی ئۆپراسیۆنی دژی داعشە؛ ئەگەر ئاشتی هەبێ، ئیتر تورکیە بیانووی نامێنێ. عەبدی دەڵێ پەیامی ئۆجەلان تەنیا پێوەندی بە حیزی کرێکارانی کوردستانەوە هەیە و هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نیە.

دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد، مەسەلەی کوردەکانی سووریە زۆرتر بۆتە ڕۆژەڤی میدیاکان؛ کوردەکانی سووریە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە لە داهاتووی سووریەدا دەبێ خودموختاریی ئەوان گەرەنتی بکرێ، بەڵام هەڵوێستی تورکیە و پێوەندی نیزیکیان لەگەڵ ئەحمەد شەرع بە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر دوارۆژی ئەوان لە ڕۆژاوا دادەنرێ. لە تەنیشت ئەوە باس لەوەش دەکرێ کە فەرانسە و بریتانیا پرۆژەیەکیان دوای کورتکردنەوەی دەستی پ.ک.ک لە ڕۆژاوا بۆ کوردەکان هەیە و دەیانهەوێ جۆرێک ناناوەندی لە سووریە بۆ کوردەکان چێ ببێ و ئەگەری ئەوە هەیە تورکیەش بە کارێکی وا ڕازی بێ.

## کاریگەریی دۆخی نوێ لەسەر باشووری کوردستان

بەگشتی هەموو بەرپرسانی حیزبی و حکوومەتیی هەرێمی کوردستان پێشوازییان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٢ی پ ک ک کردوە. هاوکات چاودێرانی سیاسیی هەرێمیش پێیان وایە هەڵوەشانەوەی پ ک ک کاریگەریی ژێوپۆلۆتیکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت و شوێنکاری گرینگ لەسەر پێوەندییەکانی نێوان ئانکارا-هەولێر- بەغدا دادەنێ و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بالانس و هاوسەنگییەکانی هێز لە ناوچەکەی لێ دەکەوێتەوە کە هۆکارەکەی بۆ شەڕی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی ئیسرائیل و حەماس لە تەنیشت ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریا دەگەڕێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە تورکیە پتر بیر لە چەکداماڵینی پ ک ک دەکاتەوە هەتا چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد لەو وڵاتە، هەڵوەشانی پ ک ک دەسکەوتێکی گەورە بۆ حکوومەتی هەرێم و تەنانەت حکوومەتی فیدراڵی بەغداشە. هەروەها جیا لەلایەنە سیاسی و ئەمنیەتیی باسەکە پێوەندیی ئابووریی نێوان ئانکارا-هەولێر-بەغداش کە ئێستا نیزیک بە ٢٠ میلیارد دۆلارە؛ ئەوەندەی دیکەش بەربڵاوتر و زۆرتر دەبێ.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

لایەنێکی دیکە کە وەک دەسکەوت بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لێک دەدرێتەوە ئەوەیە کە بە بیانووی شەڕی "پ ک ک"ەوە سوپای تورکیە بە مەودایەکی زۆر لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان هاتبووە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و لە سۆنگەی ئەو شەڕەوە سەدان گوندی ئەو ناوچانە زیانی گیانی و ئابوورییان بەردەکەوت. بۆیە خۆهەڵوەشاندنی پ ک ک و تەواوبوونی شەڕی چەکداریی نیوان پ ک ک و تورکیە ئیدی هیچ بیانوویەکی بۆ مانەوەی هێزەکانی تورکیە لە هەرێمی کوردستان نەهێشتووەتەوە.

## پ ک ک و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پژاک نەیشاردۆتەوە کە بنەما فکرییەکانی گرێدراوی پارتی کرێکارانی کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پژاک نەیشاردۆتەوە کە لە هەموو ئاستەکاندا ئیلهام لە پ.ک.ک وەردەگرێ و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییش پشتڕاستیان کردووەتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە بە نێوبژیوانیی پ.ک.ک، ئاگربەستێک لە نێوان ڕێژیمی ئێران و پژاک هاتۆتە ئاراوە و هەتا ئێستاش ئەو ئاگربەستە هەڵنەوەشاوەتەوە. کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ساڵانەدا هەستیارییەکی ئەوتۆی بە بوون و جموجۆڵی پژاک لە ناوچە سنوورییەکان نەبووە و مەدارایان لەگەڵ کردوون. بەڵام بە خۆهەڵوەشاندنەوەی پ ک ک دەکرێ ئەو گریمانەیە بەهێز بێت کە بەشێک لە هێزەکانی پ ک ک لە ڕیزەکانی پژاکدا ڕێکبخرێن و پژاک هەروەها چەکوچۆڵ و ئیمکاناتی جۆراوجۆری زیاتری بکەوێتە دەست و کۆماری ئیسلامی ئەمە بە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ئەمنییەتی خۆی بزانێت. جگە لەوە بەشێک لە چاودێرانی سیاسییش لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێژیمی ئێران هەر لەجێدا بە خۆهەڵوەشاندنەوەی پ ک ک نیگەرانە، چونکی دەبێتە هۆی باڵادەستی تورکیە لە سنوورەکان و هەروەها دروستبوونی بۆشایی ئەمنییەتی لە قەندیل.

## دەرەنجام:

نامەکەی بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمراڵی و ئاکامە فۆرموولەکراوەکانی کۆنگرەی ١٢ی پ ک ک پێداگری لەسەر پێویستیی گرتنەبەری ڕێگای چارەسەری سیاسیی ناتوندوتیژی پرسی کورد لە تورکیەیە. ئەم هیوایە هاوکات هیوای هەموو لایەنە کوردییەکانە کە ئەم قۆناغە دەرەنجامی دڵخۆشکەر و ئیجابیی بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان و هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە لێ بکەوێتەوە و ئەم هەنگاوە بۆ چارەسەری سیاسی و دێموکراتیکی پرسی کورد لە باکووری کوردستان پشتیوانیی بزووتنەوەی سیاسی لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی لە پشتە.

١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ژەقنەمووت بە تامی کۆماری ئیسلامی



عەلی بداغی

دۆناڵد ترامپ لە سەردانەکەی ئەو ماوەیەی بۆ وڵاتانی کەنداو جگە لە بردنەپێشی بەرنامە و پڕۆژە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتییە هاوبەشەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەرکام لەو وڵاتانە، بەڵام پرسی ئێرانیشی لێ دەر نەکرد و لە هەرکام لەو وڵاتانە نقورچکی خۆی لە بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرت.

بەشێک لەو نقورچکانە بردنە ژێر پرسیاری لێوەشاوەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بوو کە دەریدخست ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە چەندی دژی خەڵک و وڵاتی ئێرانن، کاتێک باسی لەوە کرد کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەبری گەشە و ئاوەدانی وڵاتی ئێران سامان و دارایی ئەو وڵاتە لە تێرۆریزمدا بەفیڕو دەدەن و لەپێناو پاراستنی دیکتاتۆرێکی وەک بەشار ئەسەددا جگە لە تێدابردنی دەیان میلیارد دۆلار دارایی وڵاتی ئێران، سەدان هەزار ئینسانیشیان بە کوشت دا. یان کاتێک باسی لەوە کرد کە وڵاتانی عەرەبی بیابان و سەحراکانیان کردووەتە زەویی بەپیت و بەرەکەت، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسۆنگەی گەندەڵی و ناکارامەییەوە زەوی و دارستان و لێرەواری سەرسەوزیان لە ئێران نەهێشت و وڵاتەکەیان کردووەتە

**کاولستان!**

**ترامپ تەنانەت زۆر بە وردی چووە هەناوی قەیرانە هەرە سەرەکییەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران یەک لەوان قەیرانی ژینگە و بە بیری هێنایەوە کە چۆن مافیای ئاو و سپای پاسداران بە پرۆژە ئەمنییەتییەکانیان بوونەتە هۆی ئیشکبوونی چۆم و ڕووبار و تەنانەت دەریاکان و بەشێکی زۆر لە جوگرافیای ئێرانیان تووشی کارەساتی ژینگەیی و مرۆیی کردوە. ترامپ لەو سەفەرەیدا هەروەها نەقیزەیەکیشی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران گرت کاتێک لە ئیمارات دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە پێنووسەکەی بەرز کردەوە و گوتی "ئاگادار بن ئەوە من پێنووسەکەم دانایەوە" و بەو کارەی، دزییە ئابڕووبەرانەکەی غەریبئابادی، جێگری کاروباری نێودەوڵەتیی وەزارەتی دەرەوە و ئەندامی شاندی دانوستانکاری کۆماری ئیسلامیی بۆ پرسی ئەتومیی ئەو وڵاتەی لە دانیشتنەکانی "عومان"دا بە چاوی کاربەدەستانی ڕێژیم دادایەوە، کە بەڵێ دزی و تاڵانی پیشەی هەمیشەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە!**

**ترامپ بەو نقورچک و پلارانەی لە کۆماری ئیسلامیی گرتن، ویستی ئەو پەیامە بدا کە خەڵک و وڵاتی ئێران و بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئێران لە ڕوانگەی بەرپرسانی ڕێژیمەوە کەمترین بایەخیان نیە. بەڵام ئەمە بابەتێکی تازە نیە و کاتێک خامنەیی بۆخۆی لەخوتبەی نوێژی هەینیدا بە ئاشکرا دەڵێ "پاراستنی نیزام لە هەموو شتێک واجبترە، تەنانەت لە نوێژ و ڕۆژووش"، ئیدی لێرەدا جێگایەک بۆ خەڵک و ماف و بەرژەوەندییەکانیان ناهێڵێتەوە. یان کاتێک دەڵێ "ئەگەر هەموو خەڵک شتێکیان بوێ و ئەو شتە پێچەوانەی حوکمی خودا -تۆ بڵێ پێچەوانەی بڕیاری خۆم- بێ، لەگژ هەموو خەڵکەکە ڕا دەچم"، ئیدی شتێک بە ناوی دەنگ و ئیرادە و بایەخی خەڵک لە بڕیارەکانی ئەم ڕێژیمەدا مانای نامێنێ. خامنەیی هەروەها لە وتارێکیدا لەبارەی بەرجام و سیاسەتە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامیدا گوتبووی: "خەڵک بۆیان نیە دەم لە سیاسەتی دەرەکی وەربدەن"، ئەمە یانی دیاریکردنی سیاسەتەکانی وڵات ئەرکی هەر جەنابیانە و پشکی خەڵکیش چەمانەوەی پشتیان لەژێر باری قورسی سزاکان، شەڕ و گرانی و قەیرانە بێئەژمارەکانە.**

**بەڵێ ترامپ ڕاست دەکا و وە نەبێ خەڵکی ئێرانیش نەزانن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشی هەرە زۆری داهات و سامانی نیشتمانیی ئەم وڵاتە چ ئەو دراوانەی لە فرۆشتنی نەوت دەستی دەکەوێ و چ ئەو داهاتەی لە ماڵیات و داهاتەکانی دیکەی دەوڵەت و قۆرغکردنی ئابووریی وڵات کۆیان دەکاتەوە، لە پرۆژە بەناو ئەمنییەتی و ستراتیژییەکانی وەک "بەرەی مقاومەت" و "هیلالی شیعی"دا بەفیڕۆی دەدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا تەنیا لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیدا جیا سەپاندنی شەڕ وماڵوێرانی و دەیان قەیرانی جۆربەجۆر بەشی هەرە زۆری سامان و داهاتی نیشتمانیی ئێرانی بۆ ئەو مەبەستانە خەرج کردوە:**



سەرچاوە
Serchawe


جۆزەردانی ٢٧٢٥

دروستکردن و تەیارکردنی میلیشیا و هێزی نیابەتی لە وڵاتانی وەک یەمەن و لوبنان و عێراق و غەززە، بنیاتە مەزهەبی و ناوەندە ئەمنییەتییەکان کە کاریان شۆردنەوەی مێشکی خەڵک و قەڵتوبڕی جیابیران و ڕەخنەگران و چالاکانی سیاسی و مەدنییە، کۆک و پۆشتەکردنی ناوەندەکانی سەرکوت پێش هەموویان سپای پاسداران و دامەزراوە نیزامی و ئەمنییەتییە زۆر و زەوەندەکانی دیکە و تێبەردانیان لە گیانی خەڵکی مافخواز و ڕاپەڕیو، هەروەها پرۆژە زیانبارە نێوخۆییەکان لە هەموو کەرتەکاندا کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیکی ڕێژیمەوە کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی دەیان قەیران و کارەساتی ئابووری و ژینگەیی کردوە. کارەسات، چونکی لە حاڵێکدا خەڵکی ئێران هەتا ملان لە قەیرانگەلی وەک بێکاری، گرانی، ئاوسانی ئابووری، نەبوونی داودەرمان، نەبوونی ئیمکاناتی پەروەردە و بێهداشت و نیشتەجێبوون ڕۆچوون؛ ڕێبەرانی ڕێژیم سامان و دراوی ئەو خەڵکە لە پێناو مەرامە سیاسییە دژیگەلییەکانیان بۆ خەڵکی خۆیان لە وڵاتانی دیکەدا خەرج دەکەن.

بێگومان خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانییش دەزانن کە هەتا کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ئێرانی بەدەست بێ، تەنانەت لە ئەگەری ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپاش هیچ لە دۆخی خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان ناگۆڕێ. هۆکارەکەش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیی مەزهەبی-وەلایی شکڵی گرتوە و لەو نیزامە سیاسییەدا ئایدۆلۆژی لە سەروو خەڵک و ماف و ئیرادە و بەرژەوەندییەکانیانە. واتە ڕێژیمێک کە شەرعییەتەکەی نەک لە خەڵک بەڵکوو لە ئاسمان وەرگرتنێ و خۆی بە نوێنەری خوا و ئایین بزانێ، نایەت خەڵکی بۆ گرینگ بێ و لە خزمەتی ئەواندا هەنگاو هەڵگرێ. جیا لەوە کۆماری ئیسلامی وەک سیستمێکی داخراوی تۆتالیتێر خۆی دەروەست بە وەڵامدانەوە بە خەڵک نابینێ و لەو نیزامەدا خەڵک تەنیا مافیان هەیە لەنێوان کەسە دەستنیشانکراوەکان بۆیاندا هەڵبژێرن بێ ئەوەی مافی هیچ چەشنە لێپێچینەوەیەکیان هەبێت. بۆیە تاکەڕێگای بەردەم خەڵک هەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و چڕکردنەوەی خەبات و ناڕەزایەتییەکانیان بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەیە.

ای جۆزەردانی ٢٧٢٥

# درزە پەرەئەستێنەکان لە کەسپەرستیی خامنەییدا



ئەنتسیتۆی واشینگتۆن- سەعید گۆڵکار و کەسرا ئەربابی

کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی

تا ئێرە، ڕێبەری گەورەی ئێران ئایەتوڵڵا خامنەیی بە بەراورد کردنەکەی نێوان ناوبراو و عەلی ئیبنی ئەبیتالب، یەکەم ئیمامی ئیسلامی شیعە دڵخۆش بووە. سەیر ئەوەیە، ئەو پێداگرییە لەسەر بێ هەڵەبوونی خامنەیی لەگەڵ ڕەزامەندیی هەنووکەیی ناوبراو لەمەڕ خۆگونجاندنی ستراتێژیک یان سیاسەتی سازانی سیاسی، هەستی متمانە لەنێو لایەنگرە توندئاژۆیەکانی خامنەیی بنکۆڵ دەکات.

عەلی ئیبنی ئەبیتالب (هەروەها وەک ئیمام عەلی ناسراوە)، زاوای حەزرەتی محەممەد، چوارەمین خەلیفەی ئیسلام بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ٦٥٦ تا ٦٦١ی زایینی دەسەڵاتدار بوو. لە سەرەتاوە ئیمام عەلی و لایەنگرانی لەوە ناڕازی بوون کە ئەو ناچار بوو لە ماوەی دەسەڵاتداریی سێ خەلیفەی پێش خۆی ڕاوەستێ تا نۆرە بگاتە دەسەڵاتداریی ناوبراو. ئەو

ئیدیعایە کە پێغەمبەر ئیمامی عەلیی وەک ڕێبەری کۆمەڵگەی موسڵمانان دوای کۆچی دوایی خۆی دەستنیشان کردبوو، بووە هۆی ناکۆکیی سەرەتایی لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا و ئێستا بناخەی سەرەکیی ئیسلامی شیعە پێکدێنێ.

لە ساڵی ٦٥٧ی زایینی، ناکۆکی لە نێوان عەلی و موعاویە، حاکمی ئومەویی سووریە سەری هەڵدا. موعاویە کە خۆی لە داننان بە خەلافەتی عەلی بواردبوو، دواتر عەلیی تاوانبار کرد کە لە هێنانی بکوژانی خەلیفەی سێهەمی ئۆممەتی موسڵمانان، عوسمان، بۆ بەر دەم دادگە کەمتەرخەمی کردوە. کاتێک عەلی ڕەزامەندیی لەسەر نێوبژیوانی لە نێوان خۆی و ڕکابەرەکەی دەربڕێ، بەشێک لە لایەنگرە توندئاژۆکانی، کە دواتر بە "خەواریج" ناویان دەر کرد، دوای ڕێککەوتنی عەلی لەگەڵ موعاویە، دژی وەستانەوە و ئەو بڕیارەیان وەک خیانەت بە ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرەنسیپە پاکەکانی ئیسلام بوون، سەیر کرد. لە کۆتاییدا، یەکێک لە ئەندامانی ئەو تاقمە (عەبدولڕەحمان ئیبنی مولجەم) لە ٦٦١ی زایینی عەلیی کوشت، چونکە پێی وابوو لەسەر دادپەروەریی خوداوەندی سازشی کردوە.

با خێرا بگەینە ئەمڕۆ. عەلی خامنەیی، ڕێبەری گەورەی ڕێژیمی ئێران کە خۆی وەک ڕێبەری ڕەوای دنیای ئیسلام سەیر دەکات، زیاتر لە چوار دەیە بۆ ناساندنی خۆی وەک هاوتەریبێکی سەردەمیانەی ئیمام عەلی، بە سەرکەوتنی پەرەئەستێنەوە لەنێو بەشێک لە ئێرانییەکاندا، هەوڵی داوە. دامودەزگای پرۆپاگاندای خامنەیی ئیدیعا دەکات کە ناوبراو هەموو تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتداریی ئیسلامیی عەلیی هەیە، لە نێویاندا دەسەڵاتدارییەکەی بە سەر کۆماری ئیسلامیدا.

بە هەمان شێوە خامنەییش ئەو پەیامەی لەنێو هێزە چەکدارەکان، لە نێویاندا بە دامەزراندنی نەریتی گشتیی سەربازیی ئێران، بە نێو دۆکترینی عەلەویی عەلی چەسپاندوە کە ڕەوایی بە شەڕ لەگەڵ موسڵمانانی دیکە دەدا کە وەک لادەر لە "ئیسلامی ڕاستەقینە" سەیر دەکرێن. بەگوێرەی نەریت، ڕێبەری گەورە خۆی لەوە دڵنیا کردووەتەوە کە پرۆپاگاندای سوپای پاسداران، هێزی میلیشیای ئایدیۆلۆژیکی خامنەیی، بە ئاشکرا ئەوی لەگەڵ یەکەم ئیمامی شیعە بەراورد دەکات. هەروەها، ڕێبەری گەورە پێشوازیی لە هاوتەریب دانانی ناوبراو لەگەڵ ئیمامی عەلی لە لایەن لایەنگرانیەوە کردوە، سەرەڕای ناڕەزایەتی دەربڕینی بەشێک لە تاقمە ئایینییەکان، کە ئەو کارە بە کوفر و نائیسلامی دادەنێن.

ئەو پێداگرییە لە ٢٠١٠ بەولاوە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، کاتێک خامنەیی کەسپەرستییەکی دامەزراند کە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دروست ببوو کە ئەو، هەر وەک ئیمام عەلی، بە ئاشکرا بێ هەڵەیە. بەشێک لە لایەنگرانی ئیدیعایان کردوە کە خامنەیی گەیشتووەتە ئاستی "بێ هەڵەیی"- بە واتایەکی دیکە، لەبەر پشتگیریی یەزدانی، ئەو ناتوانی هەڵە بکات،

پلەیەک کە گوایە بە هۆی ئیمانداریيە تاقانەکەی و تایبەتمەندییە ئایینییەکەی مسۆگەری کردوە. هەمدیس، ئەو بیرۆکەیە لە لایەن زۆربەی زانایانی شیعەوە بە کوفر حیساب کرا و ڕەت کرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدیعاکە بووە هۆی هاتنە ئارای پەرگالێک کە لەو کاتی بەدواوە سەرجەم هێزە سەربازییەکانی ئێران بە خامنەییان بە فەرمی گوت "ئیمام"، نازناوێکی پیرۆز کە لەنێو ئیسلامی شیعەدا تەنیا بۆ دوازدە نەوەی شیعەی حەزرەتی محەممەد تەرخان کراوە.

لە کاتێکدا کە زۆربەی ئێرانییەکان ئەو وەسفکردنە ڕەت دەکەنەوە، تاقمێکی بچووک بەڵام توندڕەوی ڕێژیم، لە نێویاندا سوپای پاسداران، پێشوازییان لەو بڕوایە کردوە. ئەوانەی دوای ئەو کەسپەرەستییە کەوتوون خامنەیی وەک درێژەی نیمچە خودایی و بێ هەڵەیی ئیمامەکانی شیعە سەیر دەکەن، وەک لەو دەستەواژانەی کاتی باسکردن لە خامنەیی و هاوکارە نزیکەکانی دەر دەکەوێ. ئەو توندئاژۆیانە نە تەنیا دەستیان بە ئاماژەکردن بە سەرۆکی کوژراوی سوپای قودس، قاسم سولەیمانی، وەک "مالیک ئەشتەری عەلی" (فەرماندەیەکی سەربازیی ڕێزدار و یەکێک لە وەفادارترین یاریدەدەرانی ئیمام عەلی)، بەڵکوو مەلاکانی پەیوەندیدار بە سوپای پاسدارانەوە تەنانەت ئیدیعایان کرد کە کاتێک خامنەیی لە دایک بووە، یەکەم وشەی "یا ئیمام عەلی" بووە.

ئەو کەسپەرستییە هەروەها لە کاتی جەنگی خامنەیی لەگەڵ ئیسرائیل و خولیاکەی بۆ لەنێوبردنی دەوڵەتی جوولەکە لەگەڵ شەڕی مێژوویی خەیبەر لەساڵی ٦٢٨ی زایینی، کاتێک ئیمامی عەلی قەڵای خەیبەری جوولەکانی وێران کرد و دواتر دانیشتووانی جوولەکەی مەدینەی کوشت، بەراورد دەکەن. لە پرۆپاگاندای سوپای پاسداراندا بە ئاشکرا گوتراوە کە "شمشێری عەلی جارێکی دیکە بە سەر خەیبەردا سەر دەکەوێ." لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو باوەڕە و چاوەڕوانیی بێ هەڵەبوونی ئایەتوڵڵا خامنەیی بە شێوەی پەرەئەستێن لە لایەن ڕاستییە ژێئۆپۆلیتیکییەکان تووشی ئالنگاریی بووە. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە یەک لە دوای یەکە هەڵەکان و بادانەوەکانی ئایەتوڵڵا بوونە هۆی درزکەوتن لەو کەسپەرستییە و بڕوای توندئاژۆکان کە مورادەکەیان بە هۆی پەیوەندییەکی خودایی تایبەتەوە لە هەڵە بەدوور دەانن، بەردەوام تووشی ئالنگاریی دەبێتەوە.

ئەو درزانە لەنێو تاقمی بنئاژۆخوازی خامنەییدا دوای ئەو ڕووداوانەی کە وەک ژمارەیەک خیانەتی ئایدۆلۆژیکی دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر دژی ئیسرائیل سەیر دەکرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو قووڵتر بوونەوە. لەنێو ئەو ڕووداوانەدا دەتوانین ئاماژە بە شکستی پێشگرتن بە کوژرانی ڕێبەرانی حیزبوڵڵا و حەماس، لەکیس چوونی سووریە بۆ ئیسلامیستە سوننییەکان و چرای سەوزی خامنەیی بۆ سەرکەوتنی مەسعوود پزشکیانی بەناو ڕیفۆرمخواز بە سەر سەعید جەلیلیی بنئاژۆخواز بکەین کە توندڕەوەکان وەک خیانەتێکی مەزن سەیری دەکەن.

بەڵام ئەوە دوایین خیانەتی ئایدیۆلۆژیکییە کە سەلمێندراوە مەزنترین هۆی سەرهەڵدانی گرژییەکان بووە. پاش دوو مانگ ڕەکردنەوەی دانووستان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان، هەواڵی وتووێژی ڕاستەوخۆی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ترامپ، کە توندڕەوەکان وەک بکوژی مەسیحەکەیان، سولەیمانی سەیری دەکەن، بووتە هۆی شکستێکی مەزن لەنێو ئەو لایەنگرانەدا. دوای ئیدانەکردنی فەرمیی دانووستان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و وەسف کردنی ئەو کارە وەک کردەوەیەکی "نائاقڵانە، ناژیرانە و ناشەرافەتمەندانە،" قبووڵکردنی دانووستان لەگەڵ ترامپ لە لایەن خامنەییەوە پاشگەزبوونەوەکانی بۆ هەموو لایەک دەر کەوتوە.

لە وەڵامدا، ئەندامانی بناژۆخواز پەنایان بۆ سۆسیال میدیا بردوە و بە تووڕەییەوە نووسیویانە کە خامنەیی دوای بەڵێنی دانی بەردەوامی ئەستاندنەوەی "تۆڵەی سەختی" سولەیمانی لە سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، بە پەسەندکردنی دانووستان، خوێنی سولەیمانیی "پێشێل" کردوە. وەک سەعید قاسمی، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران و یەکێک لە توندڕەوترین ڕێبەرانی بەسیجی سەر بە سوپای پاسداران، لەو دواییانەدا گوتی: "کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو ڕێژیمە خوێنی ژەنراڵ پێشێل بکات و لەگەڵ بکوژی سولەیمانی دانووستان بکات." تووڕەیی کەسپەرستە بناژۆخوازەکان لە دانووستانی خامنەیی لەگەڵ دوژمنی لەمێژینەی ڕێژیم، وێکچوونێکی مێژوویی لەگەڵ ئەو سەرهەڵدانە هەیە کە ئیمامی عەلی لە کاتی سازان لەگەڵ موعاویە بەرەوڕووی بووەوە.

خامنەیی کە لەوە ئاگادارە، لە هەوڵێکدا بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی لایەنگرە بناژۆخوازەکانی، لە ٢٤ی ئاپریل وتارێکی گرینگی پێشکەش کرد کە لەویدا وتووێژی ڕێژیمەکەی لەگەڵ ترامپ لەگەڵ دانووستانی ئیمامی حەسەن لەگەڵ دوژمنە لەمێژینەکەی موعاویە بەراورد کرد. خامنەیی گوتی ئیمامی حەسەن توانی تووڕەیی لایەنگرانی بەوە دامرکێنێتەوە کە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ موعاویە "کاتییە" و "دواخستنێکی" پێویست بۆ سەرکەوتن بە سەر دوژمندایە. لە کاتێکدا کە ئەو لایەنگرە بناژۆخوازانە تەنانەت ئێستا لەگەڵ کاردانەوەکانی ئەو دانووستانە بۆ سەر جیهانبینییەکەیان کەڵکەڵەیانە، لەوانەیە خامنەیی شاهیدی تێکرمانی کەسپەرستییەکەی بێ، بێتوو دانووستانەکانی لەگەڵ ترامپ ببێتە هۆی لێک هەڵوەشاندنی بەرنامە ناوکییەکەی. لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ بەشێک لە لایەنگرە بنئاژۆخوازەکانی بە خامنەیی وەفادار بمێننەوە و هەوڵ بدەن پاساو بۆ سازانەکەی بدۆزنەوە و دەوڵەتی پزشکیان و زەختی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئاکامە تۆمەتبار بکەن، بێهیواییەکی دیکە بە هۆی شتێک کە وەک خیانەتێکی ئایدیۆلۆژیکی سەیر دەکرێ، وێدەچێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئەندامە بناژۆخوازەکان پشت لە کەسپەرستیی خامنەیی بکەن و پشتگیریی خۆیان لە ئایەتوڵڵا وەرگرنەوە.

ئەو کەلێنە سیستەمی سەرکوتکەری خامنەیی لاواز دەکات، چونکە ئەو کەسانە دەوری سەرەکی لە بەردەوامیی سیستەمەکەیدا

دەگێڕن. لە کاتێکدا کە وێدەچی خامنەیی دامودەزگایەکی گشتگری بۆ پارێزگاریی لە خۆی و بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی دروست کردبێ، ئەو دامودەزگایە لە مێشک شۆرودراوترین و توندئاژۆترین باوەڕمەندانی کەس‌پەرستییەکەی پێک هاتوون و لەبەر ئەو هۆیە زۆر وێدەچێ لە خیانەت بەو بۆچوونە دڵەڕەنجاو بن. بە واتایەکی دیکە، چیدیکە پێشبینینەکراو نیە بڕوامەندانی دەوری خامنەیی پشتی تێ بکەن، هەر وەکوو چۆن لایەنگرە توندڕەوەکانی ئیمامی عەلی ئەو کارەیان کرد.

لەبەر چۆنیەتیی بە تاکەکەسی کردنی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی لە لایەن خامنەییەوە و بنکۆڵکردنی سەربەخۆیی دامەزراوەکانی ڕێژیم، ئەو لە هەلومەرجێکی فرە ناسک دایە تا لە لایەن ئەو کەسانەی سەردەمێک وفادارترین لایەنگرەکانی بوون بە دووڕوویی تاوانبار بکرێ، کە ئەوەش بناخەی کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکە دێنێتە لەرزین.

بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئاکامی دانووستان لەگەڵ ترامپ، ڕەنگبێ خامنەیی هەر ئێستا دۆڕاو بێ. ڕێککەوتنی ئایەتوڵڵا لەگەڵ بکوژی سولەیمانی وێدەچێ کەس‌پەرستییەکەی پارچە پارچە بکات و تاکە میراتەکەی، واتە ماکەی دژە ئەمریکا بوون، لە بەر چاوی ئیسلامیستەکان و دژە ئیمپریالیستەکانی سەرانسەری دنیا، لەنێو بەرێ.

ای جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## خالید عەزیزی: خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات دەرەنجامی بێباوەڕیی کۆماری ئیسلامی بە چارەسەری سیاسیی پرسی کورد بوو




### ئاماژە:

**ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی بانەمەڕ لە بەرنامەی "صفحه ٢"ی بی بی سیی فارسیدا خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دوکتور کامران مەتین و مێهرداد فەرەهمەند، پرسی کۆنگرەی ١٢ی پ ک ک و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوکێشەکانی ناوچەیان تاوتوێ کرد. ڕۆژنامەی "کوردستان" پوختەیەک لە وەڵام و بۆچوونەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە.**

**بی بی سیی**: خۆهەڵوەشاندنەوەی pkk و ڕوانگەی حیزبی دێموکرات

**خالید عەزیزی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە لە ڕێگای وتووێژ و ئاشتییانە دەبێ بە ئاقارێکدا بشکێتەوە کە دوو نەتەوەی کورد و تورک لە تورکیە قۆناغەکانی شەڕ و توندوتیژی بەجێ بێڵن و حیزبی دێموکرات پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانە و دێموکراتیکی پرسی کورد لەو وڵاتە دەکات. ئەوەندەش



سەرچاوە
Serchawe

کە بۆ وردەکارییەکانی ئەم ڕەوتە و جێکەوتنی لە تورکیەدا دەگەڕێتەوە، ئەم دۆخە نوێیە دەبێ لەلایەن خودی پ ک ک، خەڵکی کورد لە تورکیەوە هەڵسەنگێندرێ.

**بی بی سی**: هۆکاری پێشوازیی حیزبی دێموکرات

**خالید عەزیزی**: هۆکارەکەی ئەوەیە لە تورکیە کراوەیی سیاسیی ڕێژەیی، کێبرکێی نێوان حیزبەکان و نیمچە دێموکراسییەک هەیە و هەر لەجێدا ئێستا پرسی کورد لە پاڕلمانی ئەو وڵاتە لە ئارادایە و حیزبە سیاسییە غەیرەکوردەکانی ئەو وڵاتەش هۆگریی خۆیان بۆ چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد پێشان داوە. بۆیە ئێستا لە پێتەختی تورکیە و لە پاڕلمانی ئەم وڵاتە ئەم بابەتە ڕۆژەڤێکی سیاسییە، بەڵام لە ئێران و تاران شتی وا نابینین. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وەها کەشێکی کراوە بۆ هاتنەگۆڕێی ئەو باسانە، واتە چارەسەری پرسی کورد لە ئێران ئەویش لە ئاستی مەجلیس و کۆڕوکۆبوونەوە سیاسییەکانی پێتەخت لەلایەن ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانەوە لەئارادا نیە.

دەمەوێ بڵێم پێچەوانەی تورکیە، ئەو نەفەسە سیاسییە لە ئێران نابیندرێ کە لە سۆنگەی داننان بە پرسی نەتەوەیی و سیاسیی کورد و ڕاستەقینەکانی فرەپێکهاتەیی ئێراندا بیر لە چارەسەری ئەو پرسەش بکرێتەوە، دۆخێک کە ئێستا لە تورکیە لە ئارادایە.

**بی بی سی**: ئەگەری هاتنەبەرباسی پرسی کورد لە ئێران

**خالید عەزیزی**: ئەو ئەگەرە بەشێکە لە دەرەنجامەکانی خەباتی گەلانی ئێران لەو وڵاتەدا. ڕاستییەکەی ئەوەیە گەلی کورد لە پێناو دێموکراسی و داننانی حکوومەتی ناوەندی بە ماف و داخوازییەکانی ئەم گەلە تێچووی ئێجگار زۆری داوە و گەلێک کارەساتی بەسەر هاتوە. ئێمە هیواداریـن لە ئێران و لەنێو غەیرە کوردەکان و بە ڕوونی لە تارانی پێتەخت و لەنێو ڕەوت و لایەنە سیاسییە غەیرە کوردەکان لە پێتەخت ئەو باسانە لە ئاستێکی بەربڵاودا بێنە گۆڕێ.

ئێمە ئێستا دەبینین لە عێراق یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتە دانی بە مافەکانی کوردەکان داناوە و کوردەکان حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی خۆیان لەسەر بنەمای ئەو یاسایە پێکهێناوە. لە سووریەش ڕەوتێک دەستی پێ کردوە کە هیوابەخشە و دەخوازین بەو ئاقارەدا بڕوا کە بە داننان بە پرسی کورد و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لە سوورییەیەکی دێموکراتیکدا کۆتایی بە دەیان ساڵ شەڕی نێوخۆیی و ناسەقامگیرییەکانی ئەو وڵاتە بێت. لە تورکیەش دەبینین کە

پێویستیی چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڤە سیاسییە هەرە گرینگەکانی ئەم وڵاتەیە و تەنیا ئێران و کۆماری ئیسلامییە کە بە حاشاکردن لە پرسی کورد و ماف و داخوازە سیاسی و دێموکراتیکەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەم وڵاتە لەسەر سیاسەتی هەڵاواردن و ناوەندگەرێتی پێداگرە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە هەتا ئێستا کوردستانی کردوەتە زۆنێکی ئەمنییەتی، بەڵام مێژووی خەباتی کوردەکان سەلماندوویەتی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە سیاسەتەکانی لە کوردستان جێ بخا و ئیرادەی خۆی بە سەر خەڵکی کورد دا بسەپێنێ و لە داهاتووشدا ئەمەی هەر بۆ ناکرێ.

**بی بی سیی:** ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خەباتی چریکی و پێشمەرگانە

**خالید عەزیزی:** هەموو کاتێک کوردەکان خوازیاری بەدیهاتنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان بە ڕێگەی ناتوندوتیژ و چارەسەری ئاشتییانە و دێموکراتیک بوون. خۆ ئەگەر لە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دابینبوون و دەستەبەری ئەو ماف و داخوازییانە لە ڕێگەی دێموکراسی و وتووێژ و یاسایەکی دێموکراتیکەوە بلوێ، کوردەکان هیچ هۆگرییەکیان بە خەباتی چەکداری نیە.

لە کوردستانی ئێرانیش خەبات و بەرگریی پێشمەرگانە دەرەنجامی هەرەسهێنانی دانوستانەکان و وتوویژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامی و دواتر هێرش و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بوو. بە واتایەکی دیکە کوردەکان تەنیا بەرگرییان لە خۆیان و خاکەکەیان کرد و تەنانەت دواتریش کوردەکان بەردەوام ڕێکاری ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژییان گرتەبەر، بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە بایەخی بەو هەوڵانە نەدا. کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش سیاسەتەکانی خۆی لەسەر دوو تەوەری ئەمنییەتیکردنی کوردستان و دەستدرێژی بۆ سەر ماف و نیشتمانی کوردەکان بردووەتە پێشێ و هەر لەجێدا دەرفەتی بە گەشەکردن و خوڵقاندنی کەشی کراوەی سیاسی نەداوە. کەوابوو خەباتی چەکداری و پێشمەرگانە دیاردە و ڕوانگەیەک نیە کوردەکان بە حەزی خۆیان گرتبێتیانە بەر و ئەم دۆخە لە لایەن حکوومەتی تارانەوە بە سەریاندا سەپاوە و کوردەکانیش لەڕووی ناچاری و لەپێناو بەرگری لە ماف و ئازادییەکانیان خۆیان تێدا دیتۆتەوە.

ئێمە هیواداریـن کە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لانیکەم لە ئێرانیشدا بەو ئاقارەدا بچێتە پێشێ کە

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**دێموکراسی و پێویستیی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و دابینبوونی مافی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا بنەمای هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئەو چوارچێوە جوگرافییە بێت**

**١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# ڕیاڵپۆلیتیک واتە درێژەدان بەخەبات دژی داگیرکاری



ئازاد مستۆفی

## دەروازە:

چەمکی ڕیالپۆلیتیک کە بەمانای "واقعبینیی سیاسی" وەرگێڕدراوە، هەندێ‌جار بە هەڵە وەرگێردراوە و بەمەبەست یان بەبێ مەبەست بە هەڵەش لێکدراوەتەوە یان کەلکی خراپی لێوەردەگیرێ. ئەو گوتارە سیاسییانەی کە لە حوکمڕانییەکی ناشەرعییەوە سەرچاوە دەگرن، بەتایبەت لە حاڵەتی کۆلۆنیالیزم و داگیرکارییدا، ڕیاڵپۆلیتیک وەک هونەری تەسلیمبوون بە دەسەڵاتدارەکان لێک دەدەنەوە. ماناکردنێکی ئامانجدار کە داگیرکەر هەوڵ دەدات تەنها بەهۆی بوونی خۆیەوە شەرعییەت بە "ئەمری واقیع"ەکەی خۆی بدات. بەپێی ئەم بۆچوونە، ڕیاڵپۆلیتیک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، داگیرکاریی سەربازی، یان هەژموونیی بیانی وەک "ڕاستییەکان" بەکار دێت کە دەبێت بەشێوەیەکی پراگماتیک قبووڵ بکرێت، بەڵام لێکدانەوەیەکی لەو شێوەیە هەم بنەما فەلسەفییەکان و هەم کاریگەرییە ستراتیژییەکانی ڕیاڵپۆلیتیک دەشێوێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

بێگومـان خوێنـدنەوەی کۆلۆنیالیسـتی بـۆ ڕیاڵپۆلیتیـک بەتەواوی ڕەت دەکـرێتەوە و لە ڕاسـتیدا ڕیاڵپۆلیتیـک بەمانـای تەسلیمبوون یـاخود ڕەزامەنـدبوون بە ستەم نـیە بەڵکـو داننـان بە ڕاسـتییە بەرجەسـتەکراوەکانی ناسـنامەی نەتەوەیـی و سـەروەری و خـاک و ئیـرادەی جەمـاوەریی بـۆ سـەربەخۆیی و هەڵبژاردنـی فـۆڕمی سیاسـیی حـوکمڕانییە. لەم ڕوانـگەیەوە، سیاسەتی ڕیالیستی دەبێتە سیاسەتی گرتنەدەستی جڵەوی چارەنووس، ڕەتکردنەوە لە قبـووڵکردنی داگیرکـاریی وەک "قەدەر" و ئەو ئیـدیعایەی کە بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازیی و خەبـاتی نەتەوەیـی ڕەگ و ڕیشـەی نەک لە فانتازیـا یـان ئایـدۆلۆژیا بەڵکوو لە ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەکانی مێژوو و جوگرافیا و ناسنامەی بەکۆمەڵدا داکوتاوە.

خراپ بەکارهێنـانی ڕیاڵپۆلیتیک لە دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیشدا هەیە و بەروونی دەبینرێت. لەو شوێنانەی کە زلهێزەکان لەژێر پەردەی ڕیالیزمدا، داگیرکـارییە بەردەوامەکـان قبـووڵ دەکەن یـان تەنـانەت پەسەندی دەکەن. جـا چ کۆلـۆنیکردنی بەردەوامی زەوییە ڕەسەنەکان بێت، یا سیستەمی حوکمڕانیی هاوشێوەی ئاپارتاید لە ناوچە داگیرکراوەکاندا، یـان خۆ بە سەرۆک سەپاندنی تاکێک کە هەتـا دوێنێ شمشێری داعشی بەدەستەوە بـوو و ئەمڕۆ بە پرۆتۆکۆڵی دیپلۆماسی لە کۆشکی ئێلیزێ پێشوازیی لـێ دەکرێت، یـان دووبـارە کێشـانەوەی سنوورەکان لە ڕێگەی هێـز و تۆقانـدنەوە. ئەمانە زۆرجـار پێیـان دەگوترێت "ئەمری واقع" کە دەبێت ئەوانیتر قبووڵیان بکەن!

ئەمجۆرە لێکدانەوانە بەرخۆدان وەک یۆتۆپیـا یـان نـاعەقڵانی پێشـان دەدەن و سازشکردن لەگەڵ ستەمکاران "پراگماتیـک" دەنوێنن. ئەم بۆچوونە تەنـانەت کاتێک ئەو دەسەڵاتە ڕەگ و ڕیشەی لە نادادپەروەریـدا هەیە سیاسەتی ڕیالیستی کورت دەکـاتەوە بـۆ ملکەچبـوونێکی تەنیـا یـان کـاتی بـۆ داگیـرکەر و دەسـەڵاتداران. پەیـامی کۆلۆنیالیسـتەکان بە ئاشکرا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر بتەوێ بمێنیتەوە یـان بەجددی وەربگیرێـی، دەبـێ دەسـتبەرداری بەرخۆدانی نەتەوەیی و هەمەلایەنە بەرامبەر داگیـرکەران و ستەمکاران بـی و هەژمـوون و دەسـەڵاتی پـارە و زۆرداری و فێڵکـردن وەک ڕاسـتییەکی نەگـۆڕ قبـووڵ بکەیت، بەڵام بێگومان ئەمە پێچەوانەی خستنەڕووی جەوهەری ستراتیژی سەرەکی ڕیاڵپۆلیتیکە.

## مێژووی چەمکی ڕیاڵپۆلیتیک

چەمکـی "realpolitik" لەلایەن ڕۆژنامەنووسـێکی ئاڵمـانی بەنـاوی "لودڤیـگ ڤـۆن ڕوخـۆ"وە دارێـژراوە و هەر لەبەر ئەم هۆکارە بەزۆری بە زمانی ئاڵمانی دەنووسرێت. واتە بە وشەی ئینگلیزی Politics نەنووسراوە بەڵکو بە وشەی ئەڵمانی Politik نووسراوە. ڤۆن ڕوخۆ دەستەواژەی "ڕیالپۆلیتیک"ی بەکارهێنا بۆ ڕەخنەگرتن لە نەبوونی ڕیالیزم لە سیاسەتەکانی ئازادیخوازانی ئاڵمان لە ساڵانی ١٨٤٨ - ١٨٤٩. لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژنامەنووس و چالاکە کە دواتر بـووە ئەنـدامی پارلەمـانی

ئاڵمانی ڕۆژهەلات، ڕیاڵپۆلیتیکی بۆ تیۆریزەکردن و قبووڵکردنی داگیرکارییەکەی دانەهێناوە، بەڵکوو بۆ ڕەخنەگرتن لە ئازادیخوازانی ئاڵمان کە ڕیالیزمی لەواندا بەدی نەدەکرد، داهێنا. ئەم دەستەواژەیە بۆ وەسفکردنی سیاسەتی بیسمارک لە سالانی یەکگرتنی ئاڵماندا بە کار هاتوە. ڕیاڵپۆلیتیک لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاوواتای پاسیڤیەت (انفعال) یان دیتەرمینیزم (جبرگرایی) نەبووە، بەڵکوو زیاتر پەیوەندی بە گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانەوە بووە کە لەسەر بنەمای واقیعەکانی دەسەلات و هەروەها کۆمەڵگە و کولتوور و شەرعییەت بووە. لە ڕاستیدا کێشەکە لە چەمکی ڕیاڵپۆلیتیکدا نیە بەڵکوو کێشەکە لە چۆنیەتیی دەستکاریکردنیەتی لەلایەن زلهێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە بۆ ئەوەی وەک بەرگێک بۆ ستەمکاری بەکاری بێنن.

## ڕیاڵپۆلۆتیک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا

ڕیاڵپۆلیتیکی ڕاستەقینە لە دەسەلاتێکی داگیرکەرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکوو لە واقیعی حاشا هەڵنەگربوونی نەتەوەیەک لەخاکی خۆیدا دەست پێ دەکات. کاتێک بزووتنەوەیەکی چەکداری، حیزبێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، یان پێکهاتەیەکی ستەملێکراو دژی کۆلۆنیالیزم دەجەنگن، خەون نابینن و خەباتی خۆیان لەسەر بنەماترین واقیعە سیاسییەکان دادەنێن: کە نەتەوەیەک هەیە و هەست بە بوونی خۆی دەکا، نەتەوەیەک یادەوەرییەکی هەیە، نەتەوەیەک مێژووی خەباتی پڕ لە شانازیی بەرامبەر ستەمکاران هەیە و پەیوەندی نەتەوەیەکی نەبەز بە خاکەکەیەوە ناتوانرێت بە پارە و زۆرداری و فێڵکردن بسڕێتەوە یاخود لەناو ببرێت و خەوشدار و بێ بەها بکرێ و درێژەدانی خەباتی وەها نەتەوەیەک بۆ وەرگرتنی مافەکەی بە خەیاڵپلاوی بزانرێت.

بۆ نموونە جەزائیر لەژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالی فەڕانسە کە زیاتر لە سەدەیەک فەڕانسە ئیدیعای جەزائیری وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خاکەکەی دەکرد و زۆرێک لە سیاسەتمەداران، بەرخۆدانی جەماوەرییان بە بێهیوایی و ناڕاستەقینە دەزانی. بەلام بەرەی ڕزگاریی نیشتمانی (FLN) بەرگرییەکی سەربازیی شەرعی دەست پێ کرد نەک وەک ئامانجێکی ڕۆمانسی یان ئایدیالیستی و خەوناوی بەڵکوو وەک دووپاتکردنەوەی واقیع؛ کە جەزائیرییەکان فەڕەنسی نەبوون و جەزائیر، فەڕانسە نیە! ئەوان تێگەیشتنیان لە ڕیاڵپۆلیتیک بەمانای قبووڵکردنی گێڕانەوەی کۆلۆنیالیزم نەبوو، بەڵکو زیاتر جەختکردنەوە لەسەر گێڕانەوەی خۆیان وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو بوو. بەهەمان شێوە بەرخۆدانی کورد لە بەرامبەر داگیرکاری لەلایەن ئێران، تورکیە، سووریە (و پێشتریش عێراق) زۆرجار لەم گوتارە کۆلۆنیالیزمەدا بە ناعەمەلی یان ناڕاستەقینە ڕەت دەکرێتەوە. بەلام چی لەوە واقیعیترە کە گەلێک هێشتا لەو خاکەدا دەژی کە باوباپیرانی تیایدا نێژراون و سەرەڕای ستەم و چەوساندنەوەیەکی زۆر هێشتا بە زمانی کوردی قسە دەکەن و سەرەڕای دەیان ساڵ ئاسمیلەکردنی پلان بۆ دارێژراو



سەرچاوە
Serchawe

لەلایەن حکوومەتە ناوەندەکانەوە، کولتوور و داب و نەریت و جەژن و سەماکانی خۆیان پاراستوە؟ چی لەوە قووڵترە کە گەلێک ڕەتی دەکاتەوە نەمێنێت و دوای دەیان ساڵ کۆمەڵکوژی و ئەنفال دژی کورد لە عێراق، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم بەشەی خاکەکەیدا توانی بەشێک لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت؟

## بەرخۆدانی چەکداری و ئەخلاقی ڕیالیزم

خوێندنەوەی کۆلۆنیالیزمی لە سیاسەتی ڕیالیستی، ڕەهەندی ئەخلاقیشی لەناو دەبات. لە کاتێکدا زۆرجار سیاسەتی ڕیالیستی لە ڕووی بەهاکانەوە بە بێئەخلاقی یان بێلایەن وەسف دەکرێت بەڵام هێشتا لە چوارچێوەی شەرعییەتی سیاسیدا کار دەکات. پرسیارێک دێتە ئاراوە: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەیە، چی دەکرێت؟ بەڵام ئەم پرسیارە زیاتر لە تانک و پەیماننامە دەگرێتەوە. ئەم پرسیارە ئیرادەی گەل و تێچووی سەرکوت و شەرعییەتی حکوومەتیش دەگرێتەوە. کاتێک مرۆڤەکان بەرەنگاری داگیرکاری دەبنەوە، ئینکاری واقیع ناکەن، بەڵکوو واقیعێکی قووڵتر دووپات دەکەنەوە. دەڵێن ئەم خاکە هی ئێمەیە. مێژووی ئێمە و نەوەی ئێمە و خەباتمان بۆ ئازادی ئەفسانە نیە. مافە مرۆیی و ڕەواکانمان ناتوانرێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت.

تەسلیمبوون بەو ڕاستییانە بەناوی "ڕیالیزم"ەوە بەهیچ شێوەیەک ژیرانە نیە و لە پاشەڕۆژبینیی ڕێبەران و بەرپرسان و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، قبووڵکردنی وەها شتێ زۆر بەدوور دەزانرێت. جگە لەوەش بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری هەمیشە بە مانای بەکارهێنانی دەستبەجێی هێز نیە. سیاسەتی ڕیالیستی دەتوانێت دیپلۆماسی، مانەوەی کولتووری، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و شەڕی یاسایی و دیپلۆماسی لە مەکۆ جیهانییەکاندا لەخۆ بگرێت. ئەوەی ئەم تاکتیکە هەمەچەشنانە یەک دەخات، دانپێدانانە بەوەی کە داگیرکاری تەنیا لەبەر ئەوەی هەیە، شەرعی نیە. خۆڕاگری، کاتێک لەسەر بنەمای مافە نەتەوەییەکان و واقیعە خاکییەکان دامەزرا، بە مانای ڕاستەقینەی خۆی سیاسەتێکی واقیعییە. چەندین بزووتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم و دژە داگیرکاری خەباتی خۆیان بە چەمکگەلی ئاشکرای واقیعبینانە لە چوارچێوەیەکدا داناوە.

١- **ڤێتنام:** هۆشی مین کە لە فەڕانسە خوێندبووی و هزری مارکسیزمی دەزانی، شارەزایانە سیاسەتی ڕیالیستی بەکار دەهێنا. ئەو لەگەڵ چەندین زلهێز دانوستانی کرد و زمانی خۆی لەگەڵ دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی گونجاند و تاکتیکەکانی بە پشتبەستن بە بارودۆخی مەیدانی ڕێک خست و هەرگیز لەو ڕاستییە بنەڕەتییە وازی نەهێنا کە ڤێتنام نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. میتۆدی سیاسەتی ڕیالیستیی ئەو لە ڕووی ئامرازەوە نەرم و نیان، بەڵام لە ئامانجدا پتەو بوو.

٢- **ئەفریقای باشوور:** کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا (ANC) لەژێر ستەمی ئاپارتایددا، فشاری نێودەوڵەتیی لە ڕێگەی بەشداریکردنی دیپلۆماسی و سزای ئابووری و بانگەواز بۆ بنەما ئەخلاقییەکان دروست کرد. هەموو ئەمانە ڕەگیان لەوەدا بوو کە ڕژێمی ئاپارتاید نوێنەرایەتیی زۆرینەی نەدەکرد. سیاسەتی ڕیالیستیی ANC لەسەر هێورکردنەوەی ڕژێم نەبوو بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی بوو لەگەڵ ململانێی بەهاکانی و هاوبەشییەکەی.

٣- **کوردستان:** بزووتنەوەی کورد لە سەرانسەری ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردوە زۆرجار ڕووبەڕووی تۆمەتی "ناواقیعی" بوونەتەوە. بەڵام بەرخۆدانی کورد لەسەر ئەو ڕاستییە ئاشکرایە کە میلیۆنان کورد لە خاکی باوباپیرانی خۆیاندا دەژین و بە زمانی خۆیان قسە دەکەن و شوناسێکی دیاریکراو دەپارێزن. خەباتیان سیاسەتی ڕیالیستییە، نەک بەمانای تەسلیمبوون بە زلهێزە ناوچەییەکان بەڵکوو بە ئیدیعاکردنی فەزای سیاسی لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژوویی و دیمۆگرافییەکان.

## کوردستان: ڕیاڵپۆلیتیک وەک ستراتیژێکی نەتەوەیی

لە نموونە هەرە بەرچاوەکان کە چۆن ڕیاڵپۆلیتیک وەک چوارچێوەیەک بۆ بەرخۆدان وەرئەگیرێتەوە، خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە. بزووتنەوەی سیاسی کورد لە عێراق، سووریا، ئێران و تورکیە لەجیاتی ئەوەی تەنیا کاردانەوەیەک بێت بەرامبەر بە سەرکوتی حکوومەت، پەرەی سەندوە بۆ دوکتورینێکی سیاسی گشتگیر کە ناسنامەی نەتەوەیی، دیپلۆماسی ناوچەیی، بەرگری سەربازیی و هاوپەیمانیی ستراتیژی لەخۆدەگرێت. لەو چوارچێوەیەدا ڕیاڵپۆلیتیک بووەتە فەلسەفەی خەباتی خەڵکی کوردستان لە ڕابردوو و ئێستە و داهاتوودا و لە چوارچێوەیەکی درێژخایەنی ڕیالیزمی سیاسییدا هەڵکەوتوە کە دان بە واقیعە بەردەوامەکانی جوگرافیا و دیمۆگرافی و دەسەڵات و نفوزی جیهانیدا دەنێت.

ڕووداوەکانی ئەمدواییە، لە ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام (ئیبراهیم)ەوە هەتا پاش ٧ی ئۆکتۆبەر، پێشان دەدەن کە پرۆسەی گۆڕانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڕێوەیە. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا ئایدیۆلۆژی یان ڕیتۆریکی نیە، بەڵکوو ستراتیژیک و ستراکتۆرییە. کوردستان کە ماوەیەکی زۆرە لە دەوڵەتێکی فەرمی بێبەش بووە، تا دێت وەک فەزای ژێئۆپۆلەتیکی دانەبڕاو لە ماکرۆپۆلیتیکی ناوچەکەدا دەناسرێت. لەگەڵ دارمانی هاوپەیمانییە درێژخایەن و سەختەکانی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی یاریزانە جیهانییە نوێیەکان و دروستبوونی هاوپەیمانییە کورتخایەنەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێی ناوەتە قۆناغێکی گۆڕانی هاوسەنگییەوە. لەم پرۆسەیەدا کوردستان لە پەراوێزدا نیە بەڵکوو لە دڵی ئەم گۆڕانکاریانەدایە. خاک و خەڵک و ئایدیاڵە سیاسییەکانی بوونەتە گۆڕاوێکی بنەڕەتی لە حیساباتە ژێئۆستراتیژییە نوێیەکاندا.

ڕۆژئاوا بەتایبەتی لە ڕێگەی ناتۆ و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپاوە گەیشتووەتە ئەوەی پرسی کورد وەک پرسێکی حەتمی سەقامگیری و شەرعییەتی ناوچەکە ببینێت. نموونەیەکی ڕوونی ئەمەش لێدوانی یەکیەتیی ئورووپایە کە هەتا پرسی کورد یەکلایی نەبێتەوە، پرۆسەی پەیوەستبوونی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە ڕادەگیرێت. ئەمە ئاماژەیەکی ئەخلاقی نیە، بەڵکوو ریاڵپۆلیتیکە. ئەمەش دان بەوەدا دەنێت کە تا پرسی کورد بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، تورکیە ناتوانێ خۆی بەهاوبەشێکی سەقامگیر یان متمانەپێکراو لە هاوپەیمانیی ڕۆژئاوادا دابنێت. بۆیە کورد چیتر ئەکتەری پەراوێزخراو نیە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە حیساباتی دیپلۆماسی ناوچەکەدا دەگێڕێت. جگە لەوەش دەسەڵات و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە ریالپۆلیتیکدا، بەتایبەت تا ئەوکاتەی سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی و پێکهاتەی ئابووری بازاڕی ئازاد زاڵ بن بەسەر سیاسەتی جیهانیدا. بۆیە پێویستە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد خوێندنەوەیەکی واقعیانە بۆ ئەم ڕوانگەیە بگرنە بەر، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان. دەبێت هەم سنووردارکردنەکانیان و هەم هێڵی کاریگەری خۆیان قبووڵ بکەن و لەگەڵ دەسەڵاتی هەبوودا کارلێک بکەن بەبێ ئەوەی واز لە بنەماکانیان بهێنن یان ناسنامەکەیان تێک بدەن. چەند نموونەیەکی دیاریکراو دەری دەخەن کە چۆن لە ئێستادا سیاسەتی ریالیستی کوردی بەڕێوە دەچێت:

- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان کە بەرجەستەی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، نموونەی سەرەکیی سیاسەتی واقیعبینانەیە لە کرداردا. لە ڕێگەی دەیان ساڵ خەبات، دیپلۆماسی و دانوستانەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بە شەرعییەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لەڕێگەی پشتیوانیی ڕۆژئاواوە. توانای بەرگریکردن لە سنوورەکانی و بەڕێوەبردنی خاکەکەی و بەشداریکردن لە پەیوەندییە دەرەکییەکان-سەرەڕای ناکۆکیی نێوخۆیی- بەرەنگاربوونەوەی داعش و هەڕەشەکانی دیکەی ناوچەیی، دەرکەوتنی واقیعی سیاسییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە سەروەری و خۆڕاگریدا هەیە.

- لە ڕۆژئاوای کوردستان، کورد ڕووبەڕووی ناهاوسەنگییەکی بەرچاوی دەسەڵات بۆوە بەرامبەر بە ڕژێمی سووریە و داعش بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی هێز و توانای سەربازیی و یەکیەتیی سیاسی و دروستکردنی هاوپەیمانی نێزیک-بەتایبەتی لەگەڵ ئەمریکا و فەرانسە- توانیان هەرێمێکی دیفاکتۆی سەربەخۆ دروست بکەن. توانای ئازادکردنی خاک و ئیدارەکردنی خۆیان و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ریالیستییە کە ڕەگ و ڕیشەی نەک لە ئایدیالیزمدا بەڵکو لە مانەوە و گونجانی تاکتیکیدایە.

- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ستراتیژێکی نوێی فراوانی مەدەنی لە ساڵانی ڕابردوودا خۆی سەلماندوە و ئاپدەیت کراوەتەوە.

ئەم ئـاڵوگۆڕە بەتـایبەتی لەبـزووتنەوەی نەورۆزی خاکیپۆشـاندا دیـارە کە ناسـنامەی خـاکی کوردسـتانی لە سەرانسـەری شارەکاندا لە بەهارشاری هەمەدانەوە هەتا ئیلام و ورمێ ڕاگەیاندوە و ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی وشیارییەکی نوێی سیاسیی گشتی. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕاگەیـاندنی خـاک و قەڵەمڕەوی کوردستان و وەرگرتنـی پشتیوانییەکی سەرسـەخت و بەربڵاوی جەماوەریی، گۆڕانی لە بەرخۆدانی پاسیڤەوە بۆ جەختکردنەوەیەکی چالاک و داواکراوی سیاسی دیـاری دەکـات. ئەمەش ئەوە دەردەخـات کە خەڵکـی کوردسـتان لە ئێرانـدا لە دەرەوەی کـایەی نفـووزی مێژوویـی نـین و هـاوتەریبن لەگەڵ ڕەوتێکـی ژیئۆپـۆلیتیکی فراوانتـر و پەرەسـەندنی هۆشـیارییەک کە بێگومـان دەربڕینـی واقیعـی کـورد تەنیـا ڕەمـزی نـیە، بەڵکـوو ستراتیژیە و کـاریگەرییەکی بەرچـاوی لەسـەر هۆشـیاری سیاسـی نەتەوە غەیـرە فارسـەکان و داهـاتووی فـۆرمی سیاسـیی حوکمڕانیدا هەیە.

بۆیە ڕیاڵپۆلیتیکی کوردی تەنیا لە شەڕ و دیپلۆماسییدا سنووردار نیە. ستراتیژییەکی فرەلایەنەیە بـۆ مـانەوەی کولتـووری و جەختکردنەوەی سیاسی و بەرگریکردن لە خاک. ئەمە سیاسەتێکی واقیعییە سەبارەت بە داڕشتنی داهاتووی هەرێم، نەک لە قاڵبـدانی ئەو هەرێمە. وانەی سـەرەکی ئەوەیە کە کـورد قوربـانیی سـواڵکردنی هاوسـۆزی نییە؛ ئەوان ئەو ئەکـتەرانەن کە ئەرکـی دانپێـدانان و بەکارهێنـانی هەمـوو ئـامرازە بەردەسـتەکان بـۆ ئەنجامـدانی ئەم کارەیـان لەسـەرە، لە پاسـای نێودەوڵەتییەوە تـا هاوپەیمـانییە سیاسی/ئابووری/سەربازییەکان، لە ڕێککەوتـنە ناوچەییەکـان تـا کۆکردنەوەی جەمـاوەری فراوان. بێگومان ئەو ڕێگەی لەپێشمانە ئاڵۆزە. دەبێت سیاسەتی کورد لەسەر بنەمـای گـۆڕانی واقیعەکـان، بەردەوام بێت لە پەرەسـەندن. سـەرهەڵدانی زلهێـزە جیهـانییە نوێیەکـانی وەک چـین، دابەزینـی یـاریزانە تەقلیـدییەکانی نـاوچەیی، گـۆڕانی کەشـوهەوا، گـۆڕانی دیمـۆگرافی و شـەڕی تەکنەلـۆژی بەڵام هەرچیـیەک ڕوودەدات، پرەنسـیپەکە وەک خـۆی دەمێنێـتەوە. ڕیـاڵپۆلیتیکی کوردی بەرگریکـردنە لەوەی کە هەیە: شوناسـی کـورد، خـاکی کوردسـتان، کولتـوور و نەریتەکـان - لە ڕێگەی زمانی دەسەڵات و میکانیزمەکانی شەرعییەت.

## وەرگرتنەوەی مانای ڕیاڵپۆلیتیک

بـۆ ئەوەی مـرۆڤ بەڕاسـتی لە ڕیاڵپۆلیتیـک تـێ بگـات، دەبێت بزانێت کە واقیـع تەنهـا پەیوەنـدی بە دەسـەڵاتەوە نـیە، پەیوەندیی بە مرۆڤەکانیشەوە هەیە. ڕیاڵپۆلیتیک باس لە واقیعەکانی سەر زەوی دەکـات کە بۆردوومـان لەنێویـان نابـات و یاسـای داگیـرکەریش نـاتوانێ هەبوونیـان ڕەش بکـاتەوە. کۆلۆنیـالیزم و داگیرکـاری لە ڕێگەی تونـدوتیژی و پڕوپاگەنـدە هەوڵـی دروسـتکردنی واقیعـی سـاختە دەدات بەڵام ڕیاڵپۆلیتیک ئەگەر بە باشی تـێ بگەیـن، بـریتییە لە ناسینی ڕاسـتییە قووڵترەکـان و مـامەڵەکردن لەسەری. کاتێـک میللەتێک بـۆ خـاک و نـاو و مـافی بـوونی خـۆی دەجەنگێت، واقیعییەت ڕەت

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ناكاتەوە و جێبەجێی دەكات. كاتێك حیزبێكی شۆڕشگێڕ ئەو سنوورانە ڕەت دەكاتەوە كە پەیماننامەی داگیركەران كێشاونی و ئەو سنوورانە قبوولّ دەكات كە لەلایەن كولتوور و جوگرافیا و شوناسەوە داڕێژراون، ئەوە خەیاڵپڵاو نیە بەڵكوو بەرگریكردنە لە ڕاستییەكان. پێویستە شێواندنی مانای ڕیاڵپۆلیتیك وەك ملكەچبوون بۆ دەسەڵات ڕەت بكرێتەوە. كاتی ئەوە هاتووە ڕیالپۆلیتیك وەك خەباتێكی ستراتیژی و پێداگر و بنەڕەتی بۆ ئازادی و دادپەروەری زیندوو بكرێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی ئایدیاڵە بەڵكوو لەبەر ئەوەی واقیعییە.

**٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# دیاردەی کۆڵبەرکوژی



**هەردی سەلیمی**

فیلمی کوژران و پێکانی دوو کۆڵبەری دیکەی کورد لەم ماوەیەدا جارێکی تر چاوەکانی هێناوە سەر ژیانی پڕ لە کارەساتی ئەم توێژە پەراوێزخراوە، کە ئەم لاوە گیانلەسەردەستانە بۆ بەدەستهێنانی پاروە نانێک کەوتوونەتە چ دۆخێکەوە. ئەو هەڵاتهەڵاتە فیلمی سینەمایی نیە و ئەوانیش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار هەڵنایەن، بەڵکوو بۆ دەربازکردنی خۆیان لەژێر ڕەهێڵەی فیشەکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدێن.

ئەوەی کە بە درێژایی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت پێش لە کۆماری ئیسلامییش چەند کورد لە سنوورە دەسکردەکانی ئەم وڵاتە و بەهۆی ئەمبارە و بارکردنی کاڵایەک بوونەتە ئامانجی فیشەکی هێزەکانی ئەم ڕێژیمە، ئەوەی کە لەم ماوەیەدا چەند بنەماڵەی هەژار تاسەباری ئەم تەقە کەوکوژییانە بوون، چەند منداڵ هەتیو بوون، جەرگی چەندەها دایک سووتاوە و سۆماییی چاوی چیها باوک بڕاوە بەبۆنەی کوژرانی ڕۆڵەکانیانەوە، ئامارێکمان بە دەستەوە نییە.

بەڵام ئەوەی بڵاو بووەتەوە نیشان دەدا هەر لە ساڵی ١٤٠٣دا ١٨٣ کۆڵبەر بوونەتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران، کە لەم نێوانەدا ٥٢ کەس واتە ٢٨٪یان کوژراون و ١٣١ کەسیشیان بریندار بوون؛ هەر لەم نێوەدا تەقە لە ١٤٣ کەسیان ڕاستەوخۆ و بەمەبەستی کوشتن بووە. لەمەش ترسناکتر ئەوەیە ٦٪یان منداڵ بوون، واتە تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بووە. ئەم ئامارەی ساڵی ١٤٠٣ لەچاو ساڵی پێشووی ١٩٪ زیادی کردوە، لەسەریەک و لە نێوان ساڵانی ٩٩ هەتا ١٤٠٣، ١٣١٤ کۆڵبەر لە خوێن گەوزیون، کە ٢٥٩ کەسیشیان کوژراون و ١٠٥٥ کەسیان بریندار بوون؛ خاڵی جێی سەرنج لە دڵی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەدا ئەوەیە کە ٧٧٪ی تەقەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و کەوکوژی بووە.

**پرسیارەکە ئەمەیە بۆ ئەو کۆڵبەر و کاسبکارە کوردانە دەکوژرێن و کوشتنیان بۆ هێندە ئاسان و بێتێچووە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی؟**

لە پێشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کوردستان زۆنێکی ئەمنیەتییە و هەمیشە بە چاوی هەڕەشەوە لەلایەن دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە سەیر کراوە، بۆیە هیچ هەوڵێک بۆ بنبڕکردن نا، بەڵکوو کەمکردنەوەی هەژاری نەدراوە، هیچ کارگە و کارخانەیەک، هیچ ئاوەدانی و پێشکەوتنێک و هیچ پرۆسەیەکی ئابووری بۆ کوردستان لەبەرچاو نەگیراوە و خەڵکی ئەم ناوچەیان بەئەنقەست لە دۆخێکی هەژارانەدا هێشتووەتەوە؛ بۆیە لە وەها حاڵەتێکدایە لەتاو برسیەتی پەنا بۆ کارێکی وەها پڕمەترسی دەبەن.

کاتێک کۆماری ئیسلامی لەم پێوەندییەدا بەرەوڕووی هیچ ناڕەزایەتییەک نابێتەوە، کوشتنی ئەم کۆڵبەرانەی وا بە ناشارۆمەندی پێشێلکەری یاسایان دەزانێ، زۆر ئاسانتر دەبێ بۆی. هەر سیستمێکی سەرکوتکەر بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی و چاوترسێنکردنی خەڵکانی تر، پڕ دەداتە لاوازترین و بێدیفاعترین توێژی کۆمەڵگەکەی، لەگەڵ ئەوە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیکیشەوە شەرعییەت و ڕەواییی بەو کوردکوژییە داوە. یاسایەک کەوا کۆماری ئیسلامی باسی دەکات و لە هیچ کوێیدا مافی ئەم ناشارۆمەندانەی نەپاراستووە و خێروبێرێکی بۆیان نەبووە، بۆ دەبێ لەلایەن ئەمانەوە ڕێزی لێ بگیرێ و بپارێزرێ؟ پاشانیش کاتێک کە دەشکێنرێ بۆ دەبێ سزا و بەناو تاوانەکە لەگەڵ یەک نەخوێندرێنەوە و سزاکە بە دەیان قات قورستر لەو بەناو تاوانە بێ؟

بەداخەوە کۆڵبەری کورد بە کرێکاریش نایەتە ئەژمار و نە سەندیکای هەیە و نە بیمە و نە ماف و نە ناو و نە هیچ شتێکی دیکە جگە لە لەشێک کە دەبێتە سیبلی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. تەنانەت لەنێو ئەو ڕێکخراو و گرووپانەدا وا هەڵگری دروشمی کرێکاری و زەحمەتکێشانەشن، ڕزگاریی کۆڵبەران لەو دۆخەی تێیدان نە بە بەرنامە کراوە

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

و نە پرۆگرامێکیان بۆیان هەیە و ئەوەی دەشکرێ لە چوارچێوەی هەندێک وتەی ڕووکەشدا قەتیس ماوەتەوە کە تا ئێستاش نەبووەتە نان و ئاو بۆ ئەو چینە زەحمەتکێشترینە.

لەگەڵ ئەوەشدا چالاکانی مەدەنییش تەنانەت بەپێی پێویست ئاوڕێکیان لێ نادەنەوە، وەک بڵێی کوژرانی کۆڵبەر لە حاڵەت دەرچووە و بووەتە واقعێکی نەگۆڕ و "قبح"ـی ئەم کوشتنانە بەتەواوی ڕژاوە. لە کوردستان کە زیاتر لە هەزار پارێزەرمان هەیە، بەڵام چەند کەسێکیان نەبێ باقییەکەیان گرنگییەک بەم بابەتە نادەن و بەلای ئەو پەروەندانەدا ناچن؛ نوێنەرانی بەناو کوردی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییش لۆکەیان لە گوێی خۆیان ئاخنیوە بۆ ئەوەی تەقەی تفەنگی سەربازانی "گومنامی ئیمامی زەمان" نەبیستن و متەقیان لێوە نایە. بۆیە لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین بەداخەوە هەتا ئاوڕێکی جیددی لە کۆڵبەرانی کورد نەدرێتەوە و هاوسۆزییەکی گشتی و کردارییان لەگەڵ ساز نەکرێ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نایهەوێ پاشەکشێ بکات و ئەم سیکلی هەژاری و ناچاری و سەرکوت و کوشتنە بەردەوام دەبێت.

**٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# گەڵاڵەی لاشەقام!



ئاسۆ مینبەری

پێداگریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت لە ئێران، وای کردوە کە زیاتر لە جاران لایەنە قەیراناوییەکانی ئەم بابەتە دەرکەون و زیاتر لە ڕابردوو ناکارامەیی دەسەڵاتەکە بۆ خەڵک ڕوون ببێتەوە.

لەو کاتەوە کە بە فتوای خامنەیی سیاسەتی بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت و گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت هاتووەتە ئاراوە، تاکوو ئێستا بەرپرسانی ڕێژیم بە دەیان شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر هەوڵیان داوە، خەڵک بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە وەچەخستنەوە وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی ببینن و بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت، کۆمەڵگەی ئێران لە قەیرانی پیربوون ڕزگار بکەن.

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا شکستیان هێناوە، بە شێوەیەک کە پێشبینی دەکرێت تاکوو ساڵی ١٤٣٠، یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئێران تەمەنیان ٦٠ ساڵ و سەرەوەتر بێت. لەم پێناوەدا بە میلیاردها

تەمەن پارە خەرج کراوە و بە دەیان گەڵاڵەی جیاواز خولقاون کە بە تەماع وەبەرنان و وادە و بەڵێنی بێبنەما خەریکی هاندانی خەڵک بۆ وەچەخستنەوەن. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە هەواڵدەریی "ایرنا"ی ڕێژیم لە زاری بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگا و شارسازیی پارێزگای ورمێوە ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی یاسای پشتیوانیکردن لە بنەماڵە و جەوانیی حەشیمەتدا، دوو هەزار و ١٣٣ زەوی ئەدرێتە ئەو بنەماڵانەی کە چوار منداڵ و زیاتریان هەیە! هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانەی ڕێژیم، لایەنی جیاوازی دیکەی بابەتەکەش زیاتر دەردەکەون و تێڕامان لەم بابەتانە گرینگە.

ڕێژیم بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە لە ڕێگەی میدیا و سۆشیاڵ میدیا و بە تەماع وەبەرنان و وادە و بەڵێنی درۆیین خەریکی هاندانی خەڵکە، هاوکات بە کەلکوەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی خەڵک و هاندانی خەڵک بۆ پاراستنی تەواویەتی ئەرزی و داهاتووی ئێران و بەیاساییکردنی گەڵاڵە جۆراوجۆرەکانی بەرزکردنەوەی حەشیمەت هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکەی خۆی دەدات. ڕێژیم لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، دەسڕاگەیشتن بە کەرەستەی پێویست بۆ پێشگرتن لە منداڵبوونی قەدەغە کردووە و بۆ ئەو کادرە دەرمانییەش کە هەوڵ بۆ لەباربردنی کۆرپەلە بدەن، سزای دیاری کردووە. ئەم گوشارهێنانە بۆ خەڵک بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی سیاسەتی حەشیمەتی، لێکەوتەی زۆر خراپی بەدوای خۆیدا هێناوە. لەلایەکەوە نەبوونی کەرەستەی پێویست بۆ پێشگرتن لە وەچەخستنەوە، بنەماڵەکان و ژنانی بەتایبەتی خستووەتە ژێر گوشاری دەروونییەوە چونکە بەپێی سروشتی ژن، ئامادەبوون بۆ دووگیانبوون و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە ئەتوانێ پڕ لە ئاستەنگ بێت و ئەمەش دایکەکە بێهێز و لاواز دەکات، کەوایە هەوڵەکەی ڕێژیم جیا لە پێشێلکردنی مافی ئازادیی بڕیاردان لە بنەماڵە، کارتێکەریی لەسەر باری دەروونیشیان دەبێت.

هەوڵ و تەقەلای ڕێژیم بۆ سەپاندنی ئەم گەڵاڵەیە لە کاتێکدایە کە تەنانەت خودی خۆی توانای دابینکردنی واکسەنی تایبەت بۆ منداڵانی نییە و ژمارەیەک لە خەڵک بۆ وەرگرتنی واکسەنی تایبەت ناچار کراون لە نۆرەی چەند مانگەدا بمێننەوە یان سەردانی وڵاتانی دراوسێ بکەن. بەڵام ئەمە هەموو بابەتەکە نییە، لەلایەکی ترەوە خراپیی دۆخی ئابووری و دارمانی باری ئابووریی بنەماڵەکان و نەبوونی توانایی پێویست بۆ پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ، دەتوانێ یەکێکی دیکە لەو کێشانە بێت کە بەرۆکی بنەماڵەکان بگرێ.

ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی دەکرێت ڕێک ئەم بابەتەیە! چاوخشاندنێک بەسەر دۆخی ئێستای ئێران و کۆماری ئیسلامیدا نیشانمان دەدات کە ئەم دەسەڵاتە چۆن تووشی قەیرانی ئابووری و سیاسی بووە و توانایی چارەسەرکردنی هیچ قەیرانێکی لەو کۆمەڵگەیەدا نەماوە. ئەم کێشە ئابوورییە وای کردووە کە خەڵکانی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەژار ببنەوە و هێڵی هەژاری دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم هەژارییە هەموو جمگەکانی ژیان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و جار



سەرچاوە
Serchawe

وایە مرۆڤەکان ناچار دەبن بڕیارگەلێک بدەن کە ڕەنگە هیچ بەدڵیشیان نەبێ.

گوشارەکانی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی زۆرەملێی حەشیمەت و پێشێلکردنی مافی تاکەکان بۆ وەچەخستنەوەی زۆرەملێ، لە ئێستای ئێراندا بووەتە قەیران. قەیرانێکی قووڵ کە چارەسەرکردنی کات و ئیمکاناتی زۆری دەوێ. هاوکات لەگەڵ ئەو گوشارهێنانە، ژمارەیەکی زۆر منداڵ بە بێ خواست و ویستی دایک و باوەکانیان لە دایک دەبن، زۆربەی بنەماڵەکان توانایی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی منداڵەکانیان نیە و بەم هۆیەوە ناچار دەبن منداڵەکانیان یان بفرۆشن کە ڕەنگە ئەم کڕین و فرۆشتنەش لە ڕێگەی باندەکانی قاچاخی ئینسانەوە بکرێ و لەت و پەت بکرێن یان وەکوو منداڵی کار بکەونە ژێر باری گرانی ژیانەوە و وەکوو بووکەڵەیەک بۆ جێبەجێکردنی ماددەی هۆشبەر کەڵکیان لێ وەرگیرێ یان ئەوەی کە بە بێ ویستی خۆیان ناچار دەبن لە شەقام و کۆڵاندا بەجێیان بهێڵن تاکوو کەسێک بیاندۆزێتەوە و لە ڕووی بەزەییەوە ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆ بگرێت! داهاتووی ئەم منداڵانە و گێژاوی ناڕوونیی ژیانیان، هیچ ئاسۆیەکی تێدا بەدی ناکرێت و ئەو نەوەیە دەبنە قوربانیی سیاسەتێک کە تەنیا ئامانجەکەی پاراستنی کۆماری ئیسلامییە!

ئەم قەیرانە، قەیرانێکی قووڵە! گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت بووەتە گەڵاڵەی لاشەقام و منداڵان لە جیاتی ببنە کۆڵەکە بۆ بونیاتنان و دروستکردنی داهاتوو، لە ناڕوونیی چارەنووسیاندا خول دەخۆنەوە تاکوو دەستێک ڕزگاریان بکات، ڕزگارکردنێک کە جار وایە تامی مەرگ دەدات!

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# دانوستانی ئەتۆمی لە تاریکی و تەپوتۆزدا!



**ڕەزا دانشجوو**

دوای چەندین ساڵ لە ململانێ و هەڕەشە و گەمارۆ و بەڵێنی پووچ و بێبنەما، سێبەری دانوستان جارێکی دیکە کەوتۆتە سەر دیواری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران! ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە دیمەنێکی دووبارەبۆوە بەڵام کارەساتباردا، ئەمجارە بە لێکدانەوەیەکی تایبەت و مشتومڕاوی بۆ فەرموودەیەک و ساختەکاری لە گێڕانەوەیەکی ئایینی، دەرگای دیالۆگی لەگەڵ "شەیتانی گەورە" کردەوە. ئەو دانوستانانەی کە تا دوێنێ قەدەغە و حەرام کرابوون و شەڕافەتمەندانە و ژیرانە نەبوون، ئەمڕۆ لەناکاو بوونەتە بابەتی وریایی و بەسوودبوون و تەواو حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو!

ئەم پاشەکشە تاکتیکییە، نەک نیشانەی گۆڕانکاری لە ڕوانگەی حکومەتدا، بەڵکوو بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئاڵۆزیی دۆخی ئێستای ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهـ.. ئەو دانوستانانەی کە نە لە پێگەی دەسەڵاتەوە، بەڵکوو بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی لەسەر قەیرانە کەڵکەڵەبووەکان دەستی پێ کرد. لە کاتێکدا کە میدیای بەستراوە بە دەسەڵات هەوڵ دەدات ئەم پرۆسەیە بە ڕوانگەیەکی ئەرێنی نیشان بدات، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە دانوستانەکان، بەبێ گوێدان بە دەرئەنجامەکانی، هیچ شتێکی بەرچاو ناگۆڕێت.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

لە کاتێکدا هەندێک سەرچاوە باس لە ئەگەری ڕێککەوتن لە نێوان دوو وڵات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم دەکەن، فشارەکانی ئیسرائیل و بەشێک لە کۆماریخوازەکانی ئەمریکا بۆ سەر کۆشکی سپی ڕوو لە زیادبوونن. ئەوان خوازیاری ڕاگرتنی تەواوەتی بەرنامەی ئەتۆمی و تەنانەت سنووردارکردنی توانا مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامین. هاوکات لە نێوخۆی ئێراندا، حکومەت هەموو سەرنجەکانی لەسەر ئیستغلالکردنی سیاسی و پڕوپاگەندەیی ئەو دانوستانانە چڕکردووەتەوە، بەبێ ئەوەی گرنگی بە ڕەگ و ڕیشەی قەیرانی ناوخۆ بدات.

لە یەکێک لە دوایین کاردانەوەکانیدا، دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا باس لە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن و نزیککردنەوەی هەڵوێستی هەردوو وڵاتی لەیەکتر دەکات. بەڵام پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە: ڕێککەوتنێک کە لە ژوورە داخراوەکان و لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە کە هیچ کات نوێنەرایەتیی خەڵکی ئێران ناکەن واژۆ بکرێت، لە چاوی خەڵکدا چ جێگە و پێگەیەکی هەیە؟

ڕاستیی ئەوەیە کە لە نێوخۆی ئێراندا خەڵک بە گشتی بچووکترین ئومێدیان بەم دانوستانانە نیە. کۆمەڵگەیەک کە ساڵانێکە ڕووبەڕووی بەڵێنی ئابووریی پووچ و سەرکوتکردنی ئازادییە مەدەنییەکان و چەندین قەیران بۆتەوە، ئێستا ئیتر گوێ ناداتە تاقمێک بەڵێنی ناڕاست و بێبنەما بۆ "کراونەوەی ئابووری". دابەزینی متمانەی گشتی بە سیستەمی حوکمڕانی گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت واژۆکردنی هیچ ڕێککەوتنێک ناتوانێت برینە قووڵەکانی ناکارامەیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سارێژ بکات.

لە پاشخانی ئەو دانوستانانەی کە بە پۆشینی جلوبەرگی ڕازاوەی دیپلۆماسی نەخشێنراون، دونیایەک لە کێشە و گرفتە نێوخۆیەکان دیارن، کە هەریەکەیان پێدەچێت بۆ لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی و دارمانی سیستمی فەشەلی ڕێژیمی ئاخوندی بەس بن!

### ئابووریی لاواز و نەخۆش؛ برینێک کە ڕۆژانە قووڵتر دەبێتەوە!

- ئابووریی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە بەدەست نەخۆشییەکی درێژخایەن و فرەلایەنەوە دەناڵێنێت. کاریگەریی سزا نێودەوڵەتییەکان، گەندەڵیی پێکهاتەیی و نەبوونی شەفافیەتی دارایی و ئابوورییەکی کرێچی و خراپ، گەیشتووەتە ئاستێک کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک زیاتر لە هەر کاتێکی تر سەخت و بەرگەنەگیراوە!

- هەڵاوسانی بەربڵاو مانگ لە دوای مانگ نرخی کاڵا و پێداویستییە سەرەتاییەکانی بەرز کردۆتەوە و توانای کڕینی چینی نێوەڕاست و چینی هەژار بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردوە.
- دابەزینی بەرچاوی بەهای ڕیاڵ بەرامبەر بە دۆلار وای کردوە پارەی دانراوی خەڵک بێ بەها بکات و متمانە بە سیستەمی بانکی بۆ کەمترین ئاست کەم بۆتەوە.
- بێکاریی بەربڵاو، بەتایبەتی لەنێو گەنجان و دەرچووانی زانکۆدا، بووەتە هۆی سووتەمەنی بەربڵاوی ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتی و کۆچی نوخبەکان.
- پیشەسازی و بەرهەمهێنان، لەژێر فشاری سزاکان، کەمیی کەرەستەی خاو، و نەبوونی سەقامگیری ئابووری، یان داخراون یان بە کەمترین توانا کاردەکەن.

لە وەها هەلومەرجێکدا هەر ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی، ئەگەر تەنانەت ببێتە هۆی لابردن یان کەمکردنەوەی گەمارۆکانیش، ناتوانێت هیچ کام لە کێشەکانی خەڵک چارەسەر بکات بەبێ ئەوەی چاکسازی لە هەیکەلی ئابووریدا بکرێت.

### قەیرانی ئاو؛ کارەساتێکی ژینگەیی و ئەمنییەتی

ئێران دەکەوێتە یەکێک لە وشکترین ناوچەکانی جیهان، بەڵام خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان، لەڕادەبەدەر هەڵقەندنی بیرە بێ مۆڵەتەکان، دروستکردنی بێ پلانی بەنداو و کشتوکاڵی بێ پرەنسیپ، ئەم قەیرانەیان زۆر گەورەتر کردۆتەوە!

- ڕووبارە گرنگەکانی وەک "زاینده رود" و "کاروون" وشک بوون یان کەمبوونەوەی توندی لێشاویان هەبووە.
- تاڵاوە گرنگەکانی وەک "هورالعظیم" و "گاوخونی" لە لێواری لەنێوچووندان.
- ناڕەزایی کۆمەڵایەتی لە تاقمێک شار و پارێزگاکانی وەک ئیسفەهان، خوزستان، و چوارمەحاڵی بەختیاری لە ساڵانی ڕابردوودا پەرەی سەندوە و بووەتە ناڕەزایەتیی شەقام و تەنانەت پێکدادان.
- ئاوارەبوونی زۆرەملێی گوندنشینان و قەیرانەکانی ئاسایشی خۆراکیش دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی کەمیی ئاون.

بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتە دەتوانێت ببێتە هۆی ئاوارەبوونی دانیشتووان و قەیرانی نەتەوەیی و تەنانەت ململانێ لەسەر ئاو لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا.



سەرچاوە
Serchawe

**پچڕانی کارەبا؛ هێمایەک بۆ تێکچوونی ژێرخانی ئابووری**

پچڕانی بەردەوامی کارەبا لەم ساڵانەی دواییدا چیتر تەنیا لە وەرزی هاوین یان ناوچە تایبەتەکاندا سنووردار نیە، بەڵکو بووەتە قەیرانێکی سەرتاسەری.

- وێستگە کۆنەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای ناتوانن خواستی زیادبوونی وزە دابین بکەن.

- کورتهێنانی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەتایبەتی لە کاتی لوتکەدا، بووەتە هۆی پچڕانی لەناکاوی کارەبا.

- پچڕانی کارەبا لە پیشەسازییەکان دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی بە میلیارد دۆلار و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان لە یەکە پیشەسازییەکان.

- ناڕازیبوونی گشتی لە پچڕانی کارەبای ماڵان لە گەرمەی هاوین یان سەرمای زستاندا نارەزایەتی لێ کەوتۆتەوە.

هەروەها ئەم قەیرانە دەرئەنجامی وەبەرهێنانی ناتەواوی ساڵانێکە لە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و گەندەڵی لە پڕۆژەکانی بیناسازی و پشتگوێخستنی وزە نوێبووەکان.

**تەپ و تۆزی بەردەوام؛ هەناسەبڕکێی خەڵک، ویژدانی خەوتووی کاربەدەستانی ڕێژێم**

زریانی تۆز و خۆڵ لە ساڵانی ڕابردوودا بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری وڵات.

- پارێزگاکانی وەک خوزستان، ئیلام، کرماشان، سیستان و بەلووچستان بەردەوام ڕووبەڕووی ڕۆژانێک دەبنەوە کە پێوەرەکانی پیسبوونی هەوا دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار.

- سەرچاوەی خۆڵ وتەپ وتۆز (وشکبوونەوەی تاڵاوەکان لە ئێران و عێراق، بیابانبوون، و کەمکردنەوەی ڕووپۆشی ڕووەک)



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٥

دەستنیشان کراون، بەڵام هیچ ڕێوشوێنێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوان نەگیراوەتەبەر.

- کاریگەرییە تەندروستییەکانی وەک زیادبوونی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە و دڵ و پێست بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گەشەی کردووە.

- بەهۆی پیسبوونی هەوا بەردەوام چەندین قوتابخانە و فەرمانگەکان داخراون، بەڵام چارەسەری بەردەوامی بۆ دابین نەکراوە.

لە کاتێکدا کۆمەڵانی خەڵک ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم قەیرانانە دەبنەوە، کەمتەرخەمیی دەسەڵات و گرنگیدانی بە سیاسەتی دەرەوە تەنیا بۆ  پاراستنی دەسەڵات، کەلێنی نێوان میللەت و حکومەت قووڵتر کردۆتەوە.

کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژ زیاتر لە گۆمی کێشەکاندا نوقم دەبێت و زەوقی دانوستان و ئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا هیچ شتێک ناگۆڕێت. تاکە وێنەیەک کە خەڵکی ئێران لە کۆماری ئیسلامی هەیانە، تاریکی و تەپ ۆ تۆزە و تەنیا چارەسەری مومکین دەرچوون لە ئەم گۆمە و گەیشتن بە شوێنی مەبەستە. هیچ داهاتوویەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێت! ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی وەک نەخۆشێک کە بە هۆی جەڵتە مێشکی لە کار کەوتوە و ئێستا تەنیا بە یارمەتیی ئامێری تایبەت، هەندێک جار دانوستان و هەندێکجاریش یاریی هەڵبژاردن هەناسە دەدات و هەر چرکەیەک چاوەڕانی مردنە!

هیچ شتێک ناتوانێت ئەم مردووە زیندوو بکاتەوە!

٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ئێران و ئورووپا و ئەمریکا ڕێک دەکەون بەرەو ڕێککەوتن



**دارسمە**

ڕۆژنامەی "فرهیختگان" کە سەر بە زانکۆی ئازادی ئێرانە، لە ڕاپۆرتێکدا بە پشتبەستن بە سەرچاوەیەکی "ئاگادار"ەوە بڵاوی کردۆتەوە سێ وڵاتی ئورووپایی -مەبەستی بریتانیا، فەرانسە و ئاڵمانە- لە کۆبوونەوەی ڕۆژی هەینیی ڕابردوو لە ئەستەنبوڵ داوایەکی "ناتەکنیکی و نایاساییان بە ئەدەبێکی نەشیاو" لەبەردەم نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی زەق کردۆتەوە و باسی بابەتی پەلەپیتکە پڵاسیان کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە کۆبوونەوەکە، بە گوتەی ئەم ڕۆژنامەیە، زیاتر وەک شەڕەقسەی گرژاوی بووە، نەک گفتوگۆیەکی دیپلۆماسی.

بەڵام کازم غەریبئابادی، جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە کاروباری یاسایی و نێودەوڵەتیدا، لەگەڵ مەجید تەختڕەوانچی جێگری سیاسیی ئەم وەزارەتە، لە کۆبوونەوەکەدا چاویان بە نوێنەرانی سێ وڵاتە ئورووپاییەکە کەوتوە. غەریبئابادی دوای چاوپێکەوتنەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس نووسیی کۆماری ئیسلامی و ئورووپا هێشتا بە "پاراستن و بەکارهێنانی دیپلۆماسی" پابەندن و ئەگەر پێویست بێت، خولێکی نوێی گفتوگۆکان دەست پێدەکەن.

بەڵام ڕۆژنامەی فەرهیختە بیلامانێ گان بە جۆرێکی دیکە باسی ئەم دوو فەرهیختەیەی نوێنەری کۆماری ئیسلامی کردوە و نووسیوەیەتی ئەم کۆبوونەوەیە زیاتر وەک سیناریۆیەکی پڕ لە هەڕەشە و کەشێکی پڕ لە گرژی بووە. ئورووپاییەکان، بە گوتەی ئەم ڕۆژنامەیە، هەڕەشەی توندیان کردوە و تەنانەت گوتوویانە نەک تەنها میکانیزمی پەلەپیتکە دژی ئێران چالاک دەکەن، بەڵکو سزایەکی بەرفراوانتریش دژی ئەم وڵاتە جێبەجێ دەکەن.

**ئەمە دانووستانی ئێران و ئورووپایە، ئەی تۆ بڵێی دانووستانی ئێران و ئەمریکا چۆن بێت؟**

ئەمەیان زۆر خۆشە و وەک ئەوەی ئورووپا و ئێران نیە، بە میکانیزمی پەلاپیتکەوە بەسترابێتەوە. دانووستانی ئێران و ئەمریکا بە مکانیزمی ترامپەوە بەستراوەتەوە. ترامپ لە سەردانی ئەم دواییەی بۆ وڵاتانی کەنداودا، سەرەتا گوتی ڕەنگە ئەم کەنداوی فارسە بکەمە کەنداوی عەرەب و لەمەوداو کەنداو و مەنداو بۆ هەتا هەتایە فارسیی لەبیر بچێتەوە و لە جیات "گم شو" و شتی وا هەر "ئیمشی"ی بە دەمدا بێت.

پاشان ترامپ لەگەڵ هاتنی بۆ ناوچە دوو جووڵەی چاوەڕواننەکراوی کرد. یەکیان ئەمە بوو پێچەوانەی هەموو سیاسییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لووتی بەسەر ئیسرائیلدا نەهینا و گۆڕینی ناوی کەنداویشی لەبیر خۆی بردەوە. لەم وڵاتانی خوار کەنداو قۆڵی لە پارە هەڵماڵی و باوەش باوەش ئەو ڕیاڵ و دەرهەم و مەرهەمەی کردە باقە و باوەش باوەش کۆی کردەوە.

ترامپ لەم سەفەرەیدا هەر باوەشی بە دینار و دەرهەم و ڕیاڵدا کرد و بە ڕیشی تومەن پێدەکەنی و جارجار خێسەیەکی لە ئاغا دەکرد و باسی پارە وەسەریەک نان و گیرفانی پڕ و ژیانی خۆشی عەرەبانی دەکرد و دەیگوت ئێوەی عەرەبی کەنداو دەستوچاوتان خۆش بێت بۆ ئەو ژیانە خۆشەی بۆ خۆتان ڕێکتان خستوە و ڕەحمەت لە دایک باوکی کاکە ئەحمەد شەڕعیش کە لە سووریەوە تەشریفی هاوردوە و داوای لێدەکەم لەگەڵ جوولەکان وەک برا جووت بن و ئاگایان لە بارودۆخەکە بێت.

ترامپ لەم سەردانەدا مردنی خۆی لەبیر بێت، لەبیری نەبوو باسی ئاشتی و ڕێککەوتن بکات و تەنیا لە خوارەوەڕا بەرەو باکوور لە برادەران مۆڕ بووە و گوتی: کاکی من ئێوەش بۆ ئاوا ناکەن، ئەو پارە جوانە بۆ دەدەن بە تێرۆریستان و بە گژ ئەملاو ئەولایاندا دەکەن، ئەم پارە جوانە و ئەو نەفت و مەفت و داهاتە زۆرە بۆ خۆتان بخۆن و ئەگەر وەک عەرەبان لێتان زیاد بوو، ئەوە وەک ئەوان هێندێکیشی بدەنە بەندە. ترامپ لەم سەفەرەدا لەبەر پارەی عەرەبان و لە خەمی برسیەتیی کۆماری ئیسلامی هەر لەبیری کرد باس لە گۆڕینی ناوی کەنداوی فارس بکات و فارسانیش بە ئیسلامی و چەپ و

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ڕاست و ئۆپۆزیسیۆن و مۆپۆزسیۆنەوە لە جیات ئەوەی بیر لە تێربوون بکەنەوە، دەستیان بە بەرزکردنەوەی دروشمی "خلیج همیشە فارس" کرد.

دوای سەردانەکەی ترامپ کاتێک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەرخەیان بوو ترامپ لە حەوت ئاوان پەڕیوەتەوە و گەیشتووەتەوە ئەمریکا، هێندێک ماموستای نێر و مێی کۆکردەوە و ئەوەندەی هێزی دەبەردابوو گوتی ئەم ترامپە درۆ دەکات و ئاشتی و شتی وای ناوێت.

ئێستا دۆخەکە وای لێ هاتوە یەکیەتیی ئورووپا خەریکی پەلاپیتکە و شتە و ترامپیش ئەگەر ئەو پارەیەی بردوویەتەوە بە تەواوی تاقەتی کرد، دەگەڕێتەوە سەر گفتوگۆ دەگەڵ ئێران و لەبەر ئەوەی حەزی لە پارەیە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێت سزاکانی سەر کۆماری ئیسلامی هەڵبگرێت و پارەکانیان لە ئەمریکا ئازاد بکات.

بەم لێکدانەوە قووڵەوە ئێستا بە گشتی چاوەڕوانی دیاریکردنی شوێنی خولی داهاتووی دانووستانی ئێران و ئەمریکاین و هیوادارین ئەمجاریش لەسەر درێژە پێدان بە دانووستانە دەستپێنەکراوەکان ڕێک بکەونەوە.

٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# هەگبەی شاخ و شۆڕش




ئەمن ئەی نیشتمان تاجێک لە یادی تۆ لە سەرمایە
(شەهید سەدیق فەڕوخیان)

**برایم چووکەڵی**

لەو کاتەدا کە گیان و جەستەی شەهیدان دوا ماچی لێکجیابوونەوەی هەتاهەتایی یەکتر دەکەن و خوێنی گەشیان خاکی پیرۆزی وڵات ئاو دەدات، داری ئازادیی گەشە دەکا، چرۆی سەرکەوتن دەپشکوێ، شالووری سەرمەست بە دەنگی زۆڵالی گورانیی "داری ئاڵا" دەڵێت و ژیانی ئاسوودەیی و نوێ بوونەوەی دواڕۆژی گەل دێتە پێکەنین. هەر بۆیەش ڕێگەیان نەپساوە و نەوە لەدوای نەوە بە باڵای مێژووی ڕۆژگار یادیان تازە دەکەنەوە و دەبنە ڕێبواری ڕێگایان و، ڕێگا بەردانیشیان بە نەمانی زۆردارانەوە دەبەستنەوە. هەڵۆ ئەگەر بەرز دەفڕێ لاسای بەرزیی شەهیدانێکی وەک سەدیق فەڕوخیان لە مەڵبەندی سەقز دەکاتەوە.

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی، لە گوندی "کیسەڵان"ی سەرشیوی سەقز کۆرپەیەک لە دایک بوو و ناوی "سەدیق"یان لەسەر دانا. لە دایکبوونی سەدیق خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری خستە نێو بنەماڵە و کەسوکاریەوە. سەدیق وردە وردە لە ئامێزی دایکی خۆشەویستیدا گەورە و خڕەکە بوو؛ تازە کاتی چوونی بۆ قوتابخانە دەهات کە ماڵیان بەرەو شاری سەقز کۆچی کرد و لەوێ گیرسانەوە. هەر لە شاری سەقزیش مێشکی بە پیتەکانی ئەلف و بێ شارەزا بوون. ئەو قوتابییەکی زیت و زۆر وریا و کراوە بوو. هەر بە هۆی ئەو تایبەتمەندی و بەهرانەی هەیبوو زۆر زوو هەستی بە سیاسەتی پڕ لە جیاوازیدانانی حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی دەرهەق بە کورد کرد، بۆ وێنە ئەو سیاسەتە کە نەیدەهێشت منداڵانی کورد لە قوتابخانەدا بە کوردی بخوێنن و جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن، و بەوەش هەستی خاوێنی کوردانە لە ناخی سەدیقدا جۆش درا. سەدیق ئەگەرچی بە تەمەن منداڵ بوو، بەڵام زۆر جار بابەتی سیاسیی لەنێو قوتابخانەدا دەورووژاند و بۆ هاوپۆلەکانی شی دەکردەوە، لە قۆناغی دواناوەندیدا لەگەڵ چەند لاوی دیکە بێ ئەوەی سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی بن، لەنێو قوتابخانەکەیان دەستیان بە کاری سیاسی کرد.

سەدیق ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی بەهۆی بەردەوامیی لە کاری سیاسی لەلایەن ساواکەوە دەست گیرا و بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو لە زیندانی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئەشکەنجە و ئازار درا. کاتێکیش لە ساڵی ١٣٥٧ ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەستی پێ کرد و کۆمەڵێک زیندانی ئازاد کران، سەدیق یەک لەو کەسانە بوو. ناوبراو هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئازادکرانیەوە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرت و لە ڕیزی ئەم حیزبە تێکۆشەرەدا هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی خۆی بۆ ڕزگاریی گەلەکەی دەست پێ کرد.

سدیق لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٨دا وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەقز هەڵبژێردرا و هاوکات بەرپرسایەتیی نیزامیی ئەو ناوچەیەی پێئەسپێردرا و بە ئەزموون و لێوەشاوەییەکانی دەریخست کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە. سەدیق فەرِوخیان لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕی سەر جادەی سەقز-مەریوان زۆر بەتوندی بریندار بوو؛ بەڵام پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی ئازاتر و بە وەرەتر لە پێشوو گەڕایەوە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و باشتر لە جاران قۆڵی لە کار و تێکۆشان هەڵماڵی. سەدیق فەڕوخیان ساڵی ١٣٥٩ وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەقز هەڵبژێردرا و لەو پۆستەدا ئەوپەڕی لێهاتوویی لە خۆی نیشان دا. کار و تێکۆشان، ماندوویینەناسی، بەدەم دەرد و مەرگی خەڵکەوە بوون و سووربوون لەسەر خەبات، سەدیقی قارەمان و خۆڕاگری لە کوورەی خەباتدا قاڵ کردبوو و کردبوویە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەی سەقز و هەوشار، هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٢ وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار دیاری کرا و دواتر بە هۆی تواناکانی لە کۆنگرەی شەشی حیزدا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە یەکەم پلینۆمی دوای کۆنگرەدا لە ناوەندی ئاژوان کاری بۆ دیاری کرا.



سەرچاوە Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٥

سەدیق سەرەڕای کارکردن لە ناوەندی ئاژوان ڕاستەوخۆ بەرپرسایەتیی کاری سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشاریشی گرتە ئەستۆ. پاشان سەرپەرەستیی کۆمیتەی شارستانی سەقزیشی وەئەستۆ گرت. زانایی، ئازایەتی، چالاکیی زۆر، و لەخۆبوردوویی سەدیق بووە هۆی ئەوە لە نێو هاوسەنگەرانیدا وەک نموونەی حیزبییەکی هەڵسووڕ و خۆشناو بناسرێ. توانایی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نیشتمانپەروەرانە و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکڕات، لێزانی، دڵسۆزی، هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان ئەویان کردبووە سیمایەکی جێگای متمانە لە نێو خەڵکی ناوچەدا.

سەدیق فەرِوخیان هەم پێشمەرگە و هەم کادر و هەم ڕێبەرێکی لێهاتوو بوو و لە زۆر شەڕی قارەمانانەدا بەشداریی کرد. ئەگەرچی وەک پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لە ئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، لە ئازایەتی و نەترسی و شەڕکەرییشدا، لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی نەدەمایەوە.

مخابن کە ئەو ڕۆڵە هەڵکەوتووەی گەل و نیشتمان لە شەڕی نێوخۆیی لەگەڵ کۆمەڵەدا شەهید کرا. لەگەڵ جێژنی نەورۆز و سەرەتای ساڵی ١٣٦٤ کە پێشمەرگەکان بەرەو نەورۆز و دەست پێکردنەوەی ساڵێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشان دەچوون، لە یەکەم شەوی جێژنی نەورۆز کە پێشمەرگەکان لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە، لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵەوە هێرش کرایە سەر بنکەکانیان و خوێنی سووری سەدیق فەروخیان تێکەڵ بە گوڵاڵە سوورەی بەهارانی دەشتی شلێر بوو.

٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## گەشتی ترامپ، لە نێوان دۆلارەکانی عەرەب و هەژاریی ئێران



**ئەلبورز ڕووینتەن**

لە هەر دوو دەورەی سەرۆککۆماریی ترامپدا جیاواز لە سەرۆک کۆمارەکانی دیکەی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ یەکەم سەفەری دەرەکیی خۆی بۆ عەرەبستانی سعوودی بووە. لەو سەفەرانەدا ڕێککەوتننامەی سەدان ملیارد دۆلاری واژۆ دەکرێن و دواتر نە تەنیا بازاڕێکی گرینگ بۆ کاڵاکانی ئەمریکا بەڵکوو ڕاکێشانی ئەو سەرمایەی دونیای دەوڵەمەندی عەرەبی بۆ نێوخۆی ئەمریکاش بەشێکن لە سیاسەتەکانی ئەمریکا، کە ئەو ڕێککەوتنانە نیشان دەدەن ئەمریکا لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە؛ و هەر ئەو چاوەڕوانییەش لە ترامپی بازرگانی ناسراو بە "ڕێککەوتن کەر" دەکرا.

بێگومان خوێندنەوەی ئەو سەفەرە و ڕێککەوتنانەی ئابووری لە دەروەی چوارچێوەی سیاسییەکەی سیاسەتی دونیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مومکین نیە، چونکە کاریگەریی بوارەکانی ئابووری و سیاسی لە دونیای نێودەوڵەتی حاشاهەڵنەگرە، هەر بۆیە وێڕای پەیوەندیی بازرگانیی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا دۆخی سیاسیی ناوچەش بەشێکی گرینگی ئەجێندای وڵاتی ئەمریکا بوو کە یەکێک لە دۆسیەکانی ئەو ئەجێندایە بەردەوامی بە ڕێککەوتنی ئیبراهیم لە نێوان ئسرائیل و عەرەب

بوو، بە تایبەتی لە دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر کە توانیبووی ئەو ڕەوتەی ئاشتی لە ناوچە بوەستێنێت، هەروەها پەیوەستی سووریە بەو ڕێککەوتنەش وەک یەکێک لە سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرانبەر ئێران خاڵی جێگای بایەخی ئەو دۆسیەیە بوو.

یەکێکی دیکە لە دۆسیەکانی سیاسی دانوستاندنەکانی نێوان ئێران ئەمریکا بوو کە ڕاستەوخۆ بەو سەفەرە گرێدرا بوو، چونکە ئەو دانوستانانە لە کاتی ئەو سەفەرەدا وێڕای هەبوونی ناڕوونییەکی زۆر بەڕێوە دەچوون بە تایبەتی کە پێش سەفەری سەرۆککۆماری ئەمریکا عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی عەرەبستانی کردبوو. ئەو دۆسیە لە ئەجێندای ترامپدا لەگەڵ هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئەمریکا ڕووبەڕوو بوو چونکە ترامپ لە گوتارەکەی لە کۆربەندی ئابووری لە عەرەبستاندا بە ئێرانی گوت لە کاتێکدا وڵاتانی عەرەبی ئاوا بەو شێوەیە لە دەوڵەمەندیدان بە هۆی بڕیارەکانی حوکمڕانیی ئێران خەڵکی ئەو وڵاتە لەو پەڕی هەژاریدایە. شوبهاندنی ئەو قسە بە داڕوخانی باڵاخانەکانی ئێران لە کاتێکدا لە وڵاتانی دراوسێی ئێران ئەو باڵاخانانە بڵیندتر و جوانترٍ و بەهێزتر دەبن جێگای تێڕامانە.

ئەوەی جێگای سەرنجە دەیان ساڵە لە ڕێگای ئەو پڕوپاگەندەی کە ئێران دەیکات گۆیا ئیسرائیل لەنێو دەبات، ئەمریکا شەیتانی گەورە بەردباران دەکات، ئاوا بەهێزە و ئاوا دەتوانێ لە ناوچە لەشکر دروست بکات و دژی بەرژەوەندی ئەمریکا ڕابوەستێت، بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا دەردەکەوێ نەک هیچ یەک لەو پڕوپاگەندانە سوودی بۆ ئێران نەبوو، بەڵکوو ئەوە ڕێک لاوازی و دەستەوەستانیی وڵاتێکی وەک ئێرانە کە بە هۆی دەوڵەمەندی ژێرخانی ئابوورییەکەی دەیتوانی ئاوا لاواز و زەبوون نەبێ کە ڕۆژێک پێش سەردانەکەی ترامپ عەرەبستا بکەن و بەڵکوو لە ڕێگەی پاڕانەوە لە بەرانبەر عەرەبستانەوە کە تا دوێنێ بە "نۆکەری" ئەمریکایان دەزانی بتوانن قسەی خۆیان بە ترامپ بگەیەنن یا عەرەبستان قسەیەکی خێریان بۆ بکات. واتە ئەگەر ئەو پڕوپاگەندەی ئەوان کە "وڵاتانی عەرەبی نۆکەری ئەمریکان" ڕاست بێ، ئەوە ئەوانیش واتە ئێران نۆکەری نۆکەرانە.

بەدەر لە هەمووی ئەوانش خاڵی جێگای سەرنجی ئەو دۆخە ئەوەیە کە ئەمریکا بێ ئەوەی پێویستی بە هیچ دەستێوەردان و شەڕێک بێت، بەبێ ئەوەی بیهەوێ هێرشی نیزامی بکات و یا ناچار بێت ڕێککەوتنێک بکات، تەنیا بە هەڕەشە لە ڕێگەی هەژاریی ئێرانەوە ئەوپەڕی گوشار دەخەنە سەر ئێران چونکە ئەو پەیامە دەدەن کە ئێوە ئەوەندە هەژارن لە ڕاستیدا وەک دارێکی نێو کلۆڵن کە بۆ داڕووخانتان وەک باڵاخانەکانتان پێویستی بە هۆکاری دەرەکی نیە بەڵکوو هەر لە نێوخۆوە دەڕوخێن؛ بۆیە هیچ ڕێگایەکی دیکەتان نیە و دەبێ ملکەچ بن.


**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ئەو سەفەرەی تڕامپ وێڕای هەموو ڕەهەندە سیاسی و ئابووری ستراتیژییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو کە دولارەکانی عەرەبەکان دەتوانن پەیوەندی سیاسی و ستراتیژی بۆ ئەوان دابین بکات هەتا خەڵکی ئەوان لە خۆشبژێویدا بژین و لە لایەکی دیکەش چەکی هەژاریی نێوخۆی وڵاتی ئێرانە کە دەتوانێ ئێران دابڕووخێنێ بێ ئەوەی پێویستی بە هۆکاری دەرەکی بێت.

**ئەوە ئێرانە کە لە کۆتاییدا وێڕای هەموو ملکەجیەک هەر مەحکوومە بە داڕووخان.**

**٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# جوگرافیای حەقیقەت و سنوورەکانی خەیاڵ



**ڕەحیم نوزهەتزادە**

## پێشەکی

بێ گومان مێژووی گەلان تەنیا لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسی ئەمڕۆوە نابینرێت. خاک و ناو و ناسنامەکان بە تێپەڕبوونی کات و لە ڕووبەڕووبوونەوە و کارلێککردن لەگەڵ هێزێکی زۆردا دروست بوون. کوردستان، وەکوو ماڵی مێژوویی نەتەوەی کورد، لەم حوکمڕانییە بێبەری نیە. لەم دواییانەدا کەسایەتییەکی سیاسی دژایەتیی خۆی و حیزبەکەی لەگەڵ بەکارهێنانی پارێزگای ورمێ دەربڕی و کەسایەتییەکی ئاکادیمییش تەنانەت نەخشەی نیشتمانی جوگرافیی کوردەکان و بە کوردستان ناساندنی شاری ورمێی بە "گەمژەیی" ناو برد. ئەو جۆرە دەربڕینانە پێویستییان بە ڕەخنەی بەڵگەدار و زانستی و میتۆدی هەیە. ئەم بابەتە هەوڵ دەدات وەڵامێکی ڕوون و دوور لە سۆز و تەنها لەسەر بنەمای بەڵگەنامەی مێژوویی و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و شیکاری تیۆری بداتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ورمێ و کورد: مێژوو، دانیشتوان، و کولتوور

**شاری ورمێ، شارێکی دێرینی باکوری ڕۆژئاوای جوگرافیای ئێرانی ئێستایە، کە چەندین سەدەیە نەتەوەی جۆراوجۆر، لە نێویاندا کورد نیشتەجێ بووە. چەندین بەڵگەی مێژوویی شایەدی بوونی کورد لەم ناوچەیە کۆنە:**

**١- شەرەفنامەی شەرەفخان بەدلیسی (١٥٩٧ز)، کۆنترین مێژووی هەمەلایەنەی میرنشینە کوردییەکان، بە ڕوونی باس لە بوونی کورد لە ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری ورمێ (وەک موکریان، سەلماس، شنۆ، و...) دەکات.**

**٢- بەڵگەنامەکانی قاجار و عوسمانی نیشان دەدەن کە عەشیرەتە کوردییەکانی شکاک، هەرکی، مامەش و .... دیکە لە دەوروبەری ورمێ دەژیان و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ئەو شارەش ڕۆڵیان هەبووە. (سەرچاوە: *سی.ج. ئێدمۆندز، کورد، تورک و عەرەب، ١٩٥٧)**

**٣- بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لەوانە شۆڕشی سمائیل ئاغا سمکۆ و دواتر کۆماری مەهاباد (١٩٤٦)، ورمێیان وەک یەکێک لە شارە گرنگەکانی ڕاپەڕینی کورد ناساند. زۆرێک لە فەرماندە و سەرکردە و هێزەکانی سمکۆ و کۆماری کوردستان، خەڵکی ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری بوون.**

**٤- دیمۆگرافی: تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، کورد لەگەڵ ئاشووری و ئەرمەنی و نەتەوەکانی دیکە، بەشێکی زۆر لە پەیکەری دیمۆگرافیای شاری ورمێ پێکدەهێنا. گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی دواتر بە شێوەیەکی بەرچاو بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و کۆمەڵکوژی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنی ئێرانەوە بووە. (سەرچاوە: ماکدۆڤاڵ، مێژوویەکی مۆدێرن بۆ کورد)**

**بۆیە ناونانی ورمێ وەک بەشێک لە کوردستان بە هۆی "گەمژەیی" نییە بەڵکو ڕەنگدانەوەی واقیعە مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خاکەیە.**

## مافی چارەی خۆنووسین و شەرعیەتی نەخشەی کوردستان

**بنەمای مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بنەمایەکی بنەڕەتییە لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا:**



سەرچاوە
Serchawe

١. میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥)، لە مادەکانی ١ و ٥٥دا جەخت لەسەر ئەم مافە دەکاتەوە.

٢. بڕیارنامەی ١٥١٤ (١٩٦٠)ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکات کە گەلان مافی خۆیانە بە ئازادی پێگەی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و ڕێڕەوی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان هەڵبژێرن. لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپانە، نەتەوەی کورد، وەک نەتەوەیەکی خاوەن زمان و کولتوور و خاکێکی مێژوویی هاوبەش، مافی ئەوەی هەیە خەیاڵ و پلان بۆ جوگرافیای نەتەوەیی خۆی بخاتە بەرچاو - تەنانەت ئەگەر سنوورەکانی ئێستای حکومەتە هەرێمایەتییەکان ئەم واقیعە قبوڵ نەکەن.

نموونەی هاوشێوە:

- تیمۆری ڕۆژهەڵات (لە ئەندوونێزی جیاکراوەتەوە، ٢٠٠٢)
- باشووری سودان (جیابوونەوە لە سودان، ٢٠١١)
- ئێریترە (دابڕاوە لە ئیتیۆپی ١٩٩٣)

بۆیە کێشانی نەخشەی کوردستانی گەورە بابەتێکی منداڵانە یان خەیاڵی نیە، بەڵکو مەشقێکی ڕەوایە بۆ بەرجەستەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و دانپێدانانی شوناسی مێژوویی.

## ڕەخنەی میتۆدۆلۆژی لە وتارەکەی عەباس وەلی

**هەرچەند عەباس وەلی شیکارییەکانی لەسەر ڕەخنەگرتن لە "ناسیونالیزمی کلاسیکی کوردی" چڕ دەکاتەوە، بەڵام دەتوانرێت لە گوتاری ئەم دواییەیدا چەندین کەموکوڕی دەستنیشان بکرێت:**

١. **بچووککردنەوەی مێژوویی:** پشتگوێخستنی چەندین بەڵگەی مێژوویی سەبارەت بە بوونی کورد لە ورمێ و دەوروبەری، دژی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی مێژووییە.

٢. **ناڕوونی لە مانای گەمژەیی:** ئەگەر ئەوەی مەبەستی لە "گەمژەیی"، پشتگوێخستنی واقیعە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەمڕۆ بێت، پێویستە بە وردتر باس بکرێت. بەڵام ئەگەر مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی مافی کورد لە ناونانی مێژوویی و ناساندنی

بێت، ئەوا ئەم بۆچوونە خۆی هیچ پشتیوانیی تیۆریی نیە.

٣. **دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی ڕەخنەی پۆستمۆدێرن:** عەباس وەلی خۆی ڕەخنەگری "ناسنامە ڕەقەکانی ناسیۆنالیستی"یە. بەڵام نابێ ڕەخنەکانی ببێتە کەرەستەیەک بۆ نکۆڵیکردنی گێڕانەوەی گەورەیی شوناسی کوردی. بۆیە لێدوانەکە لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆژی و دادپەروەری زانستییەوە، پێویستی بە پێداچوونەوەی جدی هەیە.

## ئەنجام

ورمێ بەشێکە لە جوگرافیای مێژوویی کوردستان؛ ناونانی وەک شارێکی کوردی لەسەر بنەمای بەڵگەنامە مێژووییەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ئیرادەی بەکۆمەڵی گەلی کوردە. وتارەکەی عەباس وەلی هەرچەندە ڕەنگە لەگەڵ ڕەخنە لە مەیلی توندڕەوی ناسیۆنالیستیدا بگونجێت، بەڵام نابێت ببێتە هۆی نکۆڵی لە ناسنامە و مافە مێژووییەکانی کورد. هاوکات بانگهێشتی هەموو ڕۆشنبیران و ئەکادیمیەکان دەکەین بۆ پێشخستنی دیالۆگ دەربارەی کوردستان بە دادپەروەری زانستی و گرنگیدان بە بەڵگە مێژووییەکان و ڕێزگرتن لە مافی گەلان.

***

**سەرچاوەکان:**

- McDowall, David. A Modern History of the Kurds. 2004.
- Edmonds, C. J. Kurds, Turks and Arabs. 1957.
- United Nations, Charter of the United Nations, 1945.
- United Nations General Assembly, Resolution 1514, 1960.

٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی بێحەیسییەتتر لە هەمیشە



**هەردی سەلیمی**

شەش مانگ لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی سووریە و هەڵاتنی "بەشار ئەسەد"، کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پاڵپشتی سەرەکیی ئەم ڕێژیمە بوو، تووشی چەندان قەیرانی مەزنی ئابووری و سیاسییە و لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیمی سووریەشدا، جگە لە زیانی ماڵی و سیاسییەک کە هەیبوو بۆ کۆماری ئیسلامی، لە ڕووی حەیسییەتیشەوە شکستێکی گەورەی خواردووە.

کۆماری ئیسلامی "گەڵاڵەی مارشاڵ"ی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئورووپای پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کردبووە ئۆلگووی کاریی خۆی لە سووریەدا. بەپێی ئەو بەڵگانەی وا لە باڵوێزخانە و پایەگا و مەقەڕەکانی کۆماری ئیسلامی لە سووریە دەست کەوتوون، ئەم ڕێژیمە ئاماژەی بە سەرکوتوویی گەڵاڵەی ناوبراو کردووە کە توانیویەتی لەو کاتەدا وڵاتانی ئورووپایی لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە بە خۆیەوە گرێ بدات و قەرزداریان بکات؛ بۆیە کۆماری ئیسلامییش وەها سناریۆیەکی بۆ سووریە لەبەرچاو گرتووە. هەر بەپێی ئەو بەڵگانە تەنیا لە سێ نموونەدا کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٩٢دا ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ پایەگای "دیرالزور"، هەروەها لە ساڵی ٩٤دا ١٨٠ ملیۆن دۆلاری بۆ "لاذقیە" و بۆ پایەگای تیفۆڕ(T-4) یش لە ساڵی ٩٦دا ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە، کە نیشاندەری ئەوەن ئەم ڕێژیمە لەسەر

جۆزەردانی ٢٧٢٥

گیرفانی خەڵکی بێدەرەتانی ئەو وڵاتە سەدان ملیۆن دۆلاری لە سووریە تەخشان و پەخشان کردووە.

بە نەمانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ئەم پرۆژانە یا لەنێو چوون یا لە باشترین حاڵەتدا لەلایەن دەسەڵاتی نوێی ئەم وڵاتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و لە دەستی کۆماری ئیسلامی دەرچوون، جگە لەوانە ئاستی بازرگانیی نێوان سووریەی سەردەمی ئەسەد و کۆماری ئیسلامی هەر لە نموونەیەکیدا واتە ساڵی ٨٩ گەیشتبووە ٤٧٥ ملیۆن دۆلار، کە لە ئێستادا ئەم بازرگانییانە داخراون و بەپێی بەراوردەکان ئەم گۆڕانی ڕێژیمە لە سووریە زیانێکی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بە بازرگانیی ئێران دەگەیەنێ.

کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕووی ئابوورییەوە نەبوو کە تووشی شکست بوو لە سووریە، بەڵکوو ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر ئەوە بێ کە هاوپەیمانێکی گرنگ و ستراتێژیکی خۆی لە ناوچەدا لەدەست دا کە لە ڕێی ئەوەوە دەیتوانی "حیزبوڵڵا" دابین بکات و لە سنوورەکانی وڵاتی ئیسرائیلیش نزیک بێتەوە، بەڵام هەموو ئەم پرۆژە و بەرنامانەی تووشی شکستی گەورە هاتن. ئەم ڕێژیمە کە دژایەتیی وڵاتانی سەرەکیی عەرەبی ناوچەی دەکرد و دەیهەویست لە ڕێی "بەغدا" و "بەیرووت" و "دەمشق"ـەوە بەسەر دنیای ئیسلامدا زاڵ بێ و پەرە بە هیلالی شیعەی خۆی بدات، ئێستا لە قوڕی سیاسەتە پاوانخوازانەکانی خۆیدا چەقیوە و تەنانەت دەستەوداوێنی "آل سعود" بووە کە لەم دۆخە ڕزگاری کەن!

ئەوان کە غەڕە ببوون لەلایەکەوە باڵوێزخانەی عەرەبستانیان ئاور تێ بەر دا و وێڕای ئیسرائیل و ئەمریکا مەرگ و نەمانیان بۆ عەرەبستانی سعوودییش دەخواست، ئێستا پێشنیاریان بە ئەمریکا کردووە کە ڕێگە بدات پیتاندنی ئۆرانیۆم بە هاوبەشی لەگەڵ عەرەبستان و ئیمارات و لەژێر چاودێریی چاودێران و کارناسانی ئەمریکاییدا بکەن! چونکە بە وتەی خۆیان بابەتی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ئەوان بووەتە بابەتێکی حەیسییەتی! بێئاگا لەوەیکە کۆماری ئیسلامی هیچکات حەیسییەتێکی نەبووە بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەوەی ناوی حەیسییەت بێ گەریش بووبێتی بۆی نەماوەتەوە.
ئێستا کۆماری ئیسلامی ماوەتەوە و تێچوویەکی چەندین ساڵەی بێئەنجام و ڕۆژەڕەشییەک کە بەهۆی سیاسەتی هەڵە و ئاژاوەگێڕانە و نەسازانە تووشی خەڵکی ئەو وڵاتەی کردووە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو، کە بە هیچ شێوەیەکیش ئیدئۆلۆژییەکەی کۆماری ئیسلامی توانای هێنانەوەی پاساوی نەماوە و تەنانەت لایەنگرانی دەمارگرژی خۆیشی ناتوانێ بە قەناعەت بێنێ؛ بۆیە دەتوانین بڵێین: کۆماری ئیسلامی پێش لە ڕووخانی یەکجاریی خۆی، زەلیل بووە و کەوتووەتە ئاویلکە.

٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ڕۆڵی ڕۆژنامە دیوارییەکان و گرینگیدان بە پەروەردەی ڕۆژنامەنووسی لەنێو مەتەرێزی خەباتدا



**ئەحمەد ڕەحمانی**

گەشەی بیری سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەندا خۆی دەخزێنێتە نێو ئەم حیزب و ڕێکخراوانە و کۆمەڵانی هەراوی خەڵک و بە شێوەیەکی گشتی ئاستی زانیاری بەرەوپێشەوە دەبات و ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ و لە تەک خەباتی سیاسی و چەکداریدا هاوتەریب لە بەستێنی گەشەی سیاسیی ئەم حیزب و ڕێکخراوانەدا ڕەنگ دەداتەوە. لە هەمان کاتیشدا دەبێتە زانکۆیەکی پەروەردەیی ڕۆژنامەوانی و سەکۆی پێگەیاندنی کادری بەئەزموون بۆ داهاتووی کاری بڵاڤۆکەکان. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی نزیک بە ٨٠ ساڵەی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بدەینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە سەرەڕای خەباتی ڕژد و بەرگریی پێشمەرگانە لە دژی دوو نیزامی داپڵۆسێنەری پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، بەڵام قەڵەمی شۆڕش هەمیشە ڕۆڵی گرینگی خۆی گێڕاوە و دەکرێ بگوترێ چەک و قەڵەم هاوتەریب بوون لەم خەباتەدا. ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکان بە پێی ئیمکان و دەرفەت ئەگەر لە تیراژێکی کەمیشدا بووبن بڵاوبوونەتەوە و لەوانەیە هەندێک لە بڵاوکراوەکان وەکو ڕۆژنامەی "کوردستان" کەوتبنە چەند دەورەیەک، بەڵام گەشەی بیری سیاسی حیزب نەوەستاوە و جارێکی ترم ڕۆژنامە کەوتۆتەوە گەڕ و ئەو ئەرکەی هەیبووە بە زیادەوە جێبەجێی کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم ئەرکی ڕۆژنامەوانیە تەنیا تایبەت نەبوو تەنیا بە ڕۆژنامەیەک، بەڵکوو لە پاڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"دا چەندین نامیلکەی دیکە و بەڵگەنامە و تەنانەت چاپکردنی "تێکۆشەر"، "جنگ در کردستان"، "٢٦ی سەرماوەز"، "تیشک"، "لاوان"، "ژنان"...هتد. جگە لە هەمووی ئەوانە لە گەرمەی خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەدا لەنێو بنکە و بارەگا و هێزەکانی حیزبی و ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوانیشدا ئەرکی پەروەردەی ڕۆژنامەوانی بە میتۆدێکی تر خۆی دەرخست لە چوارچێوەی "ڕۆژنامەی دیواری"دا. ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە لەو سەردەمدا دەکرێ بگوترێ فێرگەیەکی باش بوون بۆ پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزاو دەروازەیەکی باش بوون بۆ پێگەیاندنی کادری بە ئەزموون، ڕۆژنامە دیوارییەکان پڕ و تەژی بوون لە سەرچاوەی گشتی و هەوڵی خۆپێگەیاندن و بردنەسەری زانیاری پێشمەرگە و کادرەکان و تەنانەت بنەماڵەکانیش ئۆگری ڕۆژنامە دیوارییەکان بوون و تامەزرۆی خوێندنەوەیان بوون.

ئەو قۆناغە لە خەبات هەل و فرسەتێکی باش بوو بۆ خولیابوون بە دوای خوێندنەوە و گەڕان بە دوای سەرچاوەی باشدا و تەنانەت لە بواری تەڕاحی و دیزانەوە ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە لە پێشبڕکێدابوون و ڕۆژبەڕۆژ بە مۆدێرنتر دەکران بە پێی ئیمکاناتی ئەو سەردەم کە هێشتا دنیای دیجیتاڵی بەو شێوەیەی ئێستا هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم گەردوونەی نەگرتبۆوە.

لەنێو کەمپ و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا ببوو بە نەریتێکی ساڵانە کە ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە وەکوو بەشە وەرزشییەکان دەکەوتنە کێبەرکێ، کێبەرکی لە بواری وتارنووسیدا، بەخشینی زانیاریی گشتی، نێوەڕۆک، تەڕاحی، دیزاین، جوانووسی، خەتاتی...هتد

ئەمە کێبەرکێ و پێشبڕکێیانە ببوونە هۆی ئەوەی کە هەوڵی هەرچی زیاتر بدرێ قەوارە و شکڵ و شێوە و بابەتەکانی ئەم ڕۆژنامە دیواریانە دەوڵەمەندتر بکرێ و ئاستەکانی پێشڤەچوونیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوپێشەوە بچێ. ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە قوتابخانەیەک بوون بۆ خۆپێگەیاندن و هەوڵ و تێکۆشان و بردنە سەری ئاستی زانیاری تاک و کۆ لە هەمان کاتیشدا کێبەرکێیەکی سالم لەنێو کادر و پێشمەرگەکاندا.

بۆ ئەو سەردەم لە مەتەرێز و مەکۆی خەباتدا ئەم هەنگاوەی دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری گەلێ پۆزەتیڤ بوو، نیشانەی خۆی باش پێکا و ئەنجامی باشی دا بەدەستەوە و پڕ بەرهەم بوون. ئەم ڕۆژنامە دیوارییانە ئەرشیوێکی خەباتی هاوتەریبی چەک و قەڵەمی پێشمەرگەن و دەرفەت و هەلێکی باش بوون بۆ ئەوانەی خولیا و ئۆگری کاری ڕۆژنامەوانی بوون و توانییان ڕێچکەی نووسینی خویان بدۆزنەوە و شارەزایی و لێهاتوویی خۆیان لە بواری نووسینەوە پەیدا بکەن و تەنانەت ببن بە


سەرچاوە
Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**نووسەر و لەم سەنگەرەشدا ئەرکی سەر شانیان هاوشان لەگەڵ پێشمەرگەبوون بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن و تەنانەت کاریگەریشیان لە سەر دەوروبەر هەبێ و ئۆلگویەکی جوان بن بۆ مەتەرێزی خەبات.**

**٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# تارانی تاڵانچی




## سمکۆ سەقزی

خومەینی وەکوو دامەزرێنەر و یەکەم ڕێبەر و ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامیی تاران، لەگەڵ جێگیربوونی دەسەڵاتەکەی لە تاران بەڵام لە کوردستان تووشی "نا" یەکی سەرکەشی چیایی بوو. گەلاوێژی ساڵی ٥٨ بە فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە کوردستان و کورد، سپایەکی توندڕەوی دەمارگیری مەزهەبی شاڵاویان بۆ کوردستان هێنا بۆ کاولکاری. ئەم سپا ئیرهابییە کە دواتر لەنێو چەندین لەشکر و تیپدا خۆیان ڕێکخست، لەگەڵ کوشتاری خەڵکی سیڤیل و مەدەنی، چاوی تەماحیان بڕییە سەروەت و کان و کانزاکانی میللەتی کورد. دوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقیش، ڕێژیمی تاران بەشێکی ئەم حەشیمەتە زۆرەی سپا و بەسیجی، لەنێو ئیدارە و ئەرتەش و هێزی بەناو ئینتزامیدا دامەزراند تا لە کاتی خۆیدا کەلکیان لێوەربگرێ.

دوای مردنی خومەینی و هاتنەسەر کاری خامنەیی و بوونە سەرکۆماری ڕەفسەنجانی، بە ناوی بنیاتنانەوەی وڵات و ئاوەدانکردنەوەی وێرانییەکانی جەنگ، لە دڵی گەنیوی سپای تیرۆریستەوە قەرارگایەک دروست بوو بە ناوی قەرارگای سازەندگیی خاتەمولئەنبیا. ئەم سازەندگی و ئاوەدانکردنەوەیە ڕێک مانای دەقاودەقی ئێستعمارییەکەی بوو لە

کوردستان، و بوو بە قەرارگای تالان و دزی و گەندەڵی.

ئەم قەرارگا نیزامی، ئەمنیەتی و ماڵییە بوو بە چەتری هەموو کاروبارەکان، بەپێی بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان پرۆژەیەکی هەمەلایەنە لە هەر دوو دەوڵەتی ڕەفسەنجانی لە کوردستان بەڕێوەچوو کە ئاسەوارە قێزەونەکەی تا ئێستەش بەهۆی بەردەوامیی تەمەنی نگریسی هەر دیارە.

هەر لەو سەروبەندەدا، میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی داگیرکراودا لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ و ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١دا هەواڵی شەهیدکرانی دوو ڕێبەری بلیمەتی خۆی بیست کە گەورەبەرپرسانی حکومەتی لە تاران بڕیاری جێبەجێکردنیان بۆ دابوو تاکوو سازەندەگیی خۆیان بەرەوپێش ببەن!

ئەم کردەوە تێروریستییە دەوڵەتییانە کە لەنێو سنووری ئورووپادا دەکران، بە هەماهەنگی وەزارەتی بازرگانیی ڕێژیم کە خۆی بەشێک لە قەرارگای خاتەم بوو دەکرا، واتە ڕێژیم بە باجی قورسی بازرگانی وەکوو بەرتیل بەشێک لە دەوڵەت و حیزبە ئورووپاییەکانی بێدەنگ دەکرد و لە کردەوە تێرۆریستییەکانی خۆی لە خاکی ئەواندا بەردەوام دەبوو. لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش بە دروستکردنی قەیرانی شوناس لەلایەک و بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە مادەی هۆشبەرێک لەلایەکی دیکە پەرەی بە دیاردەی ماڵوێرانکەری ئیعتیاد دەدا و کە ئەم پلانە نگریس و گڵاوە لە دەوڵەتی دووهەمی ڕەفسەنجانیدا گەیشتە لووتکەی خۆی.

هەر لە چوارچێوەی ئەم بەناو سازەندەگییەدا و بە هەماهەنگی قەرارگای خاتەم و کۆمپانیای "سپاسەد" کە بەشێک لەم قەرارگایەیە، دەیان و بگرە سەدان تیم دروست کران کە بەداخەوە تا ئێستایشی لەگەڵ بێ کەسانی فریوخواردوو و بەکرێگیراوی بە زاروزمان کوردیش هاوکارییان دەکەن و چەشنی جرج و مشک و گۆڕهەڵکەنە هەموو سووچ و قوژبنێکی خاکی کوردستانیان داوەتەوە بۆ دۆزینەوەی ئاسەواری مێژوویی میللەتەکەمان. ئەم تاڵانی ئاسەوار و میراتە دیرۆکییانەی کوردستان، لە درێژەی کاری ناتەواوی ڕێژیمی پەهلەویدا ئەنجام دەگرێت؛ لەم پرۆژەیەدا سیستمی تۆتالیتاری تاران، بە تێرۆری ڕێبەرانی کورد و موعتادکردنی بە لێشاوی گەنجان و دزینی ئاسەواری مێژوویی کوردستان دەیهەویست شوناس و ناسنامەی کوردی بسڕێتەوە.

دوای کیمیابارانی گەنجانی کورد بە هەموو جۆرە مادەی سڕکەر، لە فازێکی دیکەدا پەلاماری گەنج و زێڕ و مەعدەن و کانەکانی خاکی کورد درا؛ لە تیکابی هەوشار دوو سەرداری سپا بە ناوەکانی "عەلی کولاهدووز ئیسفەهانی" و "عەباس

ئەحمەدی نیری" بوون بە بەرپرسی کانە زێڕەکانی زەرشۆران و ئاغدەرە.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵیی ئەو شیرکەتانە ٤٠ لە سەدی زێڕی ئێران لە تیکابدا بەرهەم دێت، کاتێک ڕاستی و دروستی ئەم ئامارە تووشی گومان و لێپرسینەوە بوو زانرا بە قەد ڕێژەی ئەو زێڕە کە گوزارش دراوە ئەوەندەش دزراوە و بنەماڵەکانی کولاهدووزی و نەبێری لە وڵاتی کەنەدا ئیمپراتورییێکی ماڵییان پێ ساز کردوە.

بەشی خەڵکی کوردی دانیشتووی تیکاب لەم دارایی و سەروەتە تەنانەت کرێکاری مەعدەنەکانیش نەبووە، کاتێک خەڵکی کوردی ئەوێ ئێعترازییان کرد کە بۆچی خەڵکی خۆجێیی بە کرێکار ناگرن، دەستبەسەرکران و ١٧ کەسیان تووشی حوکمی قامچی و شەلاق لێدان بوون.

ئەمە دۆخێکی تەواو کۆلۆنیالیستیی کلاسیکە کە دەکرێ لە جەنگی تریاک تا بە کۆیلەکردنی تێدا ببینرێت؛ بەڵام بوونی سەم و ژاری وەکوو ئارسنیک ئەم دۆخەی بۆ کوردستان کارەساتبارتر کردووە، هەمووی ئەو ژار و سەمە کە لە پرۆسەی بەدەستهێنانی زێڕ دروست دەبێ دەچێتەوە ناو سەرچاوە ئاوییەکان و بووەتە سۆنامی نەخۆشی شێرپەنجە لە کوردستان.

ڕاپۆرتە پزیشکییەکان باس لە قەیرانێکی گەورەی تەندروستی و لەنێوچوونی بەئەنقەستی ئینسانی کورد دەکەن؛ منداڵی کورد لە سکی دایکیدا تووشی سەرەتانی ئێسک دەبێ و لەگەڵ هاتنە دنیای پەیوەندی ئێسکی بۆ دەکرێ. چاوی داگیرکەر دیمەنی کوردی موعتادی سەرشۆڕ تێری ناکات و دەیهەوێ کورد لەگەڵ لەدایکبوونی بە فەلەجی و نەخۆشی ببینێت؛ ئەم سەرەتانە ئێستعمارییە ئاژەڵ و پەلەوەریشی گرتوە و سەدان نموونە لە مەرگی مەڕ و ماڵاتی خەڵک بینراوە.

لە درێژەی ئەم کاولکارییانە و لە تۆڵەسەندنەوە لە میللەتی چاونەترس و نەبەزیوی کورد، ئەمجارەیان ڕێژیم دەیهەوێ تەواوی زەرینە و سیمینە بەم ژارە پیس بکات، کانگا زێڕەکانی قوروە و سەقز کە بە سەرمایەیەکی زەبەلاح لەلایەن سپا و هولدینگی سپیکەرەوەی پووڵی نامەشرووع واتە "شەستا" پەرەی پێ دەدرێ بۆ ئەم کارەیە.

ئەم ڕاستییانە وا دەکات کە بڵێین دەبێ میللەتەکەمان لە ڕۆژهەڵات لە خەڵکی خۆڕاگر و قارەمانمان تا ئەوانەی بوونەتە داردەستی بێگانە و هاوکاری بکوژەکان دەکەن، ئاگادار بن ئەمە باسی مان و نەمانی خاک و نەتەوەکەمانە، ئەم پرۆژە ئێستعمارییە هیچ بەزەییێکی تێدا نیە و بەر لە هەموو کەس، ماڵ و منداڵی کەسانی بەکرێگیراو دەگرێتەوە کە جگەرگۆشەکانیان تووشی نەخۆشی سەخت و کوشندە دەبن.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئەوان وەکوو داگیرکەر و تالانچیی لێرە نابن، ئەوان هەزاران هەزار ملک و ماڵیان بە ماڵی دزییەتی ئێمە لە باشترین وڵاتەکانی جیهان سەندووە و نەک "گرین کارت" بگرە بەلاشترین شت لایان "گوڵدێن کارت"ە.

کوردستان سەلماندوویەتی کە دەکوژرێ، ئەشکەنجە دەدرێ ، زیندان دەکرێ، هەژار و برسی دەبێ بەڵام قەت تەسلیم نابێ و شکست ناخوات. با ئەوەی هەڵگری ڕۆحی میللی کوردییە خۆی بە خاوەنی خاک و گەنجی خۆی بزانێت و ماڵی خۆی بە پارەی سووکی خومەینی‌نیشان نەفرۆشێت، خاوەنداریەیی کردن لە خاک و زێڕ و ئاو و چیا و دارستانی کوردستان لەم ساتەوەختە هەستیارەدا ئەرکی نەتەوەیی تاک بە تاکمانە؛ بێدەنگ بوونیشمان بە دڵنیاییەوە واتە ژینۆسایدی بە کۆمەڵمان بۆیە دەڵێین کوردستان پێویستی بە "نا"یەکی سەرکەشی ترە.

٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ڕوون و ناڕوون



**شەماڵ تەرغیبی**

کەرتی ئابووریی ئێران لە ماوەی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی ساڵ لەگەڵ ساڵ و مانگ بە مانگ و تەنانەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو دارمانی زیاتر چووە کە وەک زۆر جاران لەلایەن کارناسانی ئەم بوارەوە باس کراوە هۆکارە سەرەکییەکانی بە ڕوونی بریتین لە ناکارامەیی لە سیاسەتدارێژی کەڵانی ئابووری، بە دەوڵەتیکردنی ئابووری، نەبوونی سەرمایەدانەری دەرەکی، نەبوونی ئامنیەتی پیشەیی و سەرمایە، تێچووی لەڕادەبەدەری دەسەڵات بۆ شەڕفرۆشییە بەردەوامەکان و لە ئەنجامدا نەبوون و کەمبوونی سەرمایەی ناوخۆیی.

ئەم بارودۆخە بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا و پاش ئاشکرابوونی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئیسلامی و دەسپێکی گوشار و ئابلۆقە نێونەتەوەییەکان دژ بە کۆماری ئیسلامی زیاد و زیاتر بووە بەچەشنێک کە دوورەدیمەنێکی ناڕوونی بۆ کەرتی ئابووریی ئێران و لەژێر کاریگەریی ئەودا بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیا ساز کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەمبارەوە سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا وێنایەکی جێگەی نیگەرانی و مەترسیداری لە داتەپینی ئابووری، هەڵاوسانی سەخت و توند، بچووکتربوونەوەی ئابووری و چوونەسەری ڕێژەی کەمیی بودجە لە ئێران خستووەتە ڕوو کە دەرخەری ناسەقامگیرییەکی درێژخایەنە لە ئێراندا.

بەپێی پێشبینییەک کە ئەم نیهادە نێونەتەوەییە کردوویەتی گەشەی ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٥ تەنیا ٠.٣٪ دەبێ لەحاڵێکدا کە لە ڕاپۆرتی پێشووتری ئەم ناوەندە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەم ڕێژەیە ٣٪ ڕاگەیەندرابوو. ئەم کەمبوونەوە بەرچاوەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: یەکەم سیاسەتە هەڵە ئابوورییەکانی ڕێژیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و دووهەم بەردەوامبوون و زیادتربوونی گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگای جیهانی بۆسەر کۆماری ئیسلامی.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە سەنعەتی نەوت لە ئێران تووشی کێشەی زۆر جیددی دەبێت؛ سەنعەتێک کە بە شاڕەگی ئابووریی ئێران دەناسرێ، لە ساڵی داهاتوودا دیسانەوە تووشی کەمبوونەوەی هەناردەکردن بە ڕێژەی ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژدا دەبێتەوە. جیاواز لە هەناردەی نەوت کۆی کەرتی هەناردەی ئێران ١٦٪ کەم دەبێتەوە و دەگاتە ١٠٠ میلیارد دۆلار و ئاستی هاوردەکاریش ١٠٪ دادەبەزێ. ئەمەش لەکاتێکدایە کە وەک بانکی ناوەندیی ڕێژیم ڕایگەیاندووە: لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٤ میلیارد دۆلار سەرمایەی ناوخۆیی ئێرانی بەجێ هێشتووە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئاماری ساڵی ٢٠١٨ دەردەکەوێ هەڵاتنی سەرمایە لە ئێران تا ئێستە شەش قات زیادی کردووە.

کۆی ئەم ئامارانە هاوتەریب لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵاوسان بەڕێژەی ٤٣.٣٪ وای کردووە کە ئەوڕۆکە پێگەی ئێران هاوتەریب لەگەڵ وڵاتانێکی وەک وێنزۆئێلا، سوودان و زیمبابوێ و لە پلەی چوارەمی هەڵاوسانی جیهانیدا بێت!

لێرەدا فیدبەکێک بۆ کۆتاساڵەکانی تەمەنی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لێ دەدەین؛ یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکان لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش کە دواجار بووە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، لەڕاستیدا دۆخی شپرزی ئابووری خەڵک بوو؛ بەو واتایە کە ئەگەرچی سەروەت و سامانێکی ئێجگار زۆر لە بەر دەستدا بوو تا خەڵک بەشێوەی دادپەروەرانە لێی بەهرەمەند بن بەڵام بەهۆی نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیک و خەڵکی و بەپێچەوانەوە بوونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن کە دێموکراسی و ئازادی تەنیا لە سەرڕووتکردن و هەندێ ئازادی لاوکی تاکەکەسیدا دەبینییەوە، نەیانتوانی بەو جۆرەی کە شیاوە کەڵکی لێوەربگرن. ئابووریی ئێران ئابوورییەکی تەواو دەوڵەتی بەستراوە بە دەربار بوو و پارە و داهاتەکان تەنیا خزمەتیان بە دەسەڵات و دەوروبەرییەکانی دەسەڵات دەکرد.

ئەمەش وای کردبوو کە بەکردەوە دوو چین لە کۆمەڵگادا بوونیان هەبێ: چینێکی دەوڵەمەندی ئەستووربوو بە پارەی خەڵک و چینێکی هەژاری بەشمەینەت کە دەبوو بەردەوام چاوەڕێی دەستی بەزەیی شا ببوایە!

کاتێک کە شۆڕش سەری هەڵدا و لە ٢٢ی ڕێبەندان بە ئاکام گەیشت خەڵک هیوادار بوون کە چیدیکە ئەو ڕۆژگارە ڕەشە نابیننەوە و بەرەبەرە لەژێر سێبەری حکومەتی نوێدا دەگەن بە ئاسایش و ئارامی و خۆشبژێوی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێگیر دەبێ بەڵام بە هەڵەدا چوون و ئەو کەمە ئازادییە مەدەنییانەش کە پێشتر هەبوون یاساغ کران و لەباری ئابووریشەوە نەتەنیا خەڵک بە ئاسایش نەگەیشتن بەڵکوو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لە نێو گەنداوی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمی تازەدا ڕۆ چوون.

بەگشتی کۆماری ئیسلامی ئەزموونێکی گرینگی دا بە دەستەوە کە جێگەی لێوردبوون و لێفێربوونە تاکوو جارێکی تر هەڵەیەکی کوشندەی لەو چەشنە دووبارە نەکرێتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەگەر بەکورتیش بووە شەنوکەوی هەندێ لایەنی ژیانی ئابووری کۆماری ئیسلامی بکەین:

کۆماری ئیسلامی بە دروشم و بەڵێنی درۆیینی چاکسازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیی هاتە سەر کورسی دەسەڵات. بەڵێنی دابوو نادادوەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە و داهاتی سەرانەی خەڵک بەرز بکاتەوە و نەوت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێ بەرانبەر بە سەر خەڵکدا دابەش بکا بەڵام پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداری، دەرکەوت کە کاربەدەستانی ڕێژیم، لەلایەک لە فیکری دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی وڵاتی ئێراندا بوون و لەلایەکی دیکەوە سەروەت و سامانی وڵاتی ئێران بۆ ئامانجی سیاسیی خۆیان دەدەن بە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچەکە و جیهان.

گەندەڵی ئابووریی لە ڕێژیمدا هەر لە سەرەتاوە لە ژێر کاریگەری دوو جۆری گەندەڵی دیکە واتە گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی هەڵبژاردندا بووە. لەو ماوەیەدا دزی و گەندەڵیی مۆرە گرینگەکانی ڕێژیم بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی وەڵامدەر بە خەڵک و دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبووندا بووە. چونکە گەندەڵی ئابووریی بە شێوەی سیستماتیک لە نێوان مۆرە باڵاکانی ڕێژیمدا بوونی هەبووە. لەوەش گرینگتر چونکە دەزگاکانی دادوەری، یاسادانان و بەڕێوەبەریی ڕێژیم لە نێوان بازنەیەکی داخراوی چەند سەد کەسی مۆرەکانی ڕێژیمدا قورغ کراوە، دەستیان لە گەندەڵیدا ئاوەڵاتر بووە هەر بۆیە لەو ماوەیەدا هیچ گەڵاڵەیەک و بەرنامەیەکی درێژخایەنی ئابووریی ڕێژیم سەرکەوتوو نەبووە.

لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم زۆر جار باسی گەندەڵی و چاکسازی لە سیستمی ئابوورییان کردووە، کە دەبێ

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئابووری لە پاوان و ڕانت بێتە دەرێ. هەرچەند خۆشیان ئەوە باش دەزانن کاتێک ئابووریی ئێران لە پاوان دێتە دەرێ کە وەک پاشکۆی دەوڵەت سەیر نەکرێ کە ئەمەش ناموومکینە چونکە زیاتر لە ٨٧٪ ی ئابووریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، ئۆرگانە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دامودەزگاکانی سەر بە بەیتی ڕێبەریدایە.

کۆتاقسەش لەم دەرەتانە ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵ حاکمیەتدا تەنیا برسییەتی، سەرکوت و خەفەقان، گەندەڵی ئابووریی و ئیداری و گۆشەگیری بۆ گەلانی ئێران بە دیاری هێناوە. سەرەڕۆیییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات بەشێوەی کوشتاری بە تاک و بە کۆمەڵی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران و پەرەدان بە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهاندا، وایکردووە، کە ئێستا ڕەوایی بۆچوونی ڕێبەرانی کورد لە سەرەتای شۆڕش و بەرحەقبوونی خواستەکانی بزووتنەوەی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆیان بنوێنن و ڕوونی و ناڕوونییەکانی ژیان زیاتر خۆ دەردەخەن.

١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## بە سینەمای مایەپووچ پێشمەرگە خەوشدار نابێ




**برایم چووکەڵی**

هەموو شۆڕش و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی لە ڕێگای دابینکردن و بەرژەوەندی گشتیی جەماوەرەوە دانراوە؛ هەر ئەمەشە وای کردووە تا ئێستەش خەڵکی کوردستان شۆڕش بە هی خۆیان بزانن و بە هەموو شێوەیەک بۆ بەهێزکردنی یارمەتیدەر بن.

نهێنی ئەوەیکە زۆرکات نەتەوەیەکی وەک کورد بە ئیمکاناتێکی کەمەوە، لەگەڵ دوژمنێکی غەدار و پۆشتەوپەرداخ بەربەرەکانێ دەکات و دوای خەباتێکی سەخت و خوێناوی سەرەنجام دوژمن بە چۆکدا دێنێت، لە دوو بنەمای سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێ: یەکەم، داواکارییەکانی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ یەکانگیرە؛ واتە لەگەڵ میساقە نێونەتەوەییەکاندا ناتەبا نییە و دووهەم، بوونی هێزی پێشمەرگەیە کە هەرکاتێک بە پێویست بزانرێ بۆ هەر شوێنێک بگوازرێتەوە و جووڵە بکا هیچ هێزێک ناتوانێ شکستی بدا و لە مەیدانی وەدەر بنێ.



سەرچاوە
Serchawe

لەو نێوەدا ڕێژیمی ڕیاکار و ئاژاوەگێڕی کۆماری ئیسلامی بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی لە ئێران و خەوشدارکردنی سیمای ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕانی کورد کە بە پێشمەرگە دەناسرێ و ئەمڕۆکە سیمبۆلی بەرخۆدان و بەربەرەکانێ لەگەڵ نادادپەروەرییە، ناوەناوە لەڕێگەی ئیمکاناتی میدیایی خۆیەوە کە بەهێزترینیان سینەما و تیڤییە، هەوڵ بۆ شێواندنی مێژوو و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بەتایبەت نەسڵی ئەوڕۆ دەدات.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕێژیمی ئێران فیلمێکی بەرهەم هێناوە بە ناوی "پێشمەرگە"، لە دەرهێنەری کەسێک بەناوی عەلی غەفاری و ئامادەکردنی ئارشی زەینەڵ خەیری. ئەو فیلمە گێڕانەوەی بەشێک لە ژیانی پاسدار سەعید قەهاری دوای دەورانی شەڕە. ئەو لە دوای ساڵی ١٣٥٨ لە ڕووداوەکانی شاری پاوە شانبەشانی چەمرانی جینایەتکار بەشداری کردووە و دواتر شانبەشانی پاسدار ئەحمەد موتەوەسلیان و ئەحمەد کازمی و کەسانی دیکە لە عەمەلیاتی جیاوازدا لە کوردستان جینایەتی خوڵقاندووە کە دواتر لە ساڵی ٨٥ی هەتاوی هەر لە کوردستان کوژرا.

دەرهێنەر لەو فیلمەدا دەیهەوێ ناوی بەرزی پێشمەرگە بۆ نەسڵی ئێستای ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ناشایست و ناشیرین پیشان بدات. ئەو کەسانەی لە نێو فیلمەکەدا ڕۆڵی پێشمەرگە دەگێڕن بە کەسانی بکوژ، ڕێگر، جنایەتکار و چەتە پیشان دراون، کە وەک پێشبینی دەکرا لانیکەم لە کوردستاندا خەڵک ئامادە نەبوون کاتی خۆیان بە فیڕۆ بدەن بۆ چاوکردن لەم فیلمە پڕچەواشە.

هەر ئەم پێشوازی‌نەکردن و چاولێنەکردنەش وای کردووە کە ئێستا دەرهێنەری فیلمەکە دەنگی لێ بەرز بووەتەوە و دەڵێ تێچوویەکی زۆری بۆ سازکردنی کردووە بەڵام بێبینەر ماوەتەوە.

ڕێژمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدناوکردنی ناوی پێشمەرگە بە درێژایی تەمەنی نگریسی خۆی زۆر فیلمی دیکەی لەم چەشنەی سازکردووە؛ فیلمگەلێک وەک: فیلمی کانی مانگا لە ساڵی ١٣٦٦، فیلمی "گلها وگلولەها" ساڵی ١٣٧٠، فیلم "شوروشیرین" لە ساڵی ١٣٨٨ و چەندین کورتەفیلمی بێ بنەمای دیکە؛ تەنانەت کار گەیشتە شوێنێک کە ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەوەی بتوانێ هێزە خۆفرۆشەکان لە کوردستان لای خۆی ڕاگیر بکات لە شاری سنە، کە شوێنی سەرهەڵدانی دەیان حەماسەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بە تێچوویەکی سەرسووڕهێنەر بەڕێوە ببات کە تێیدا کەسانێکی وەک سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، سەرۆکی بەسیجی موستەزعەفین و نوێنەری خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و ژمارەکی دیکە لە بەرپرسانی حکوومەتی لەم شارە بەشدار بوون.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

کۆبوونەوەکە کە ناوی "کۆنگرە"ی لەسەر دانرابوو بۆ ڕێزگرتن لەو جاشانە پێک هاتبوو کە لە ریزەکانی سوپای پاسدارانیدا بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان بەشدار بوون و کوژرابوون. ئەم کۆبوونەوەیە کە بە دەنگ و دەهۆیەکی زۆرەوە بەڕێوە چوو، لە کاتێکدا بەسترا کە مەسەلەی کورد لە جیهاندا زیاتر لە هەر کات بووە جێی سەرنجی بیروڕای گشتی و تەنانەت بووە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتیش. بەڕێوەبردنی بەناو کۆنگرە بۆ جاشە کوژراوەکان لە ژێر ناوی "پێشمەرگەی موسوڵمان"دا ئەویش ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ خەوشدارکردنی ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە"، ناوێک کە کەوتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهانیان و ئەوڕۆکە وەک سەمبۆلی ئازادیخوازی و نەیاری دیکتاتۆری و ملهوڕی پێناسەی بۆ کراوە.

لەم ڕاستایەشدا پڕئاشکرایە کە گرینگترین فاکتەری سەرکەوتن بەدوای هاتنی داعش و ڕاکێشانی سەرنجی زلهێزەکان بەلای خۆیدا، ئەوە ناوی پێشمەرگە بوو کە لە سەرتاسەری جیهان ناووناوبانگی دەرکرد.

لە ئاستی ناوخۆییشدا واتە لە جوغرافیای کوردستان ئەوەندە بەسە کە ئاوڕێک لە نەورۆزی ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بدەینەوە؛ نەورۆزی خاکیپۆشان کە تێیدا خەڵک جلوبەرگی خاکی ڕەنگیان لە بەر کرد و جامانەیان لە مل ئاڵاند کە ڕەمزی خۆشەویستییان بوو بۆ پێشمەرگەی کوردستان.

لای خەڵکی کوردستان پێشمەرگە کەسێکە کە لە پێناو بیروباوەڕ و ئامانجە ئینسانییەکانی نەتەوەکەیدا لە گیان و ماڵی خۆی مایە دادەنێ و لە هەلومەرجی سەخت و دژواردا لە پەنا نەتەوەکەیەتی کە هەر ئەمەشە توانیویەتی پیلانە یەک لەدوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان سینەما پرچەواشەکەی تووشی شکست و مایەپووچبوون بکات.

کۆتاقسە لەم دەرفەتەشدا دەتوانێ ئەوە بێت کە ئەگەر پێشمەرگە تا بە ئەمڕۆ توانیویەتی بەسەر کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگەی خەبات سەرکەوێ ئەو کەتوار و ڕاستییەیە کە خەڵکی تێکۆشەرو قارەمانی کوردستان هەمیشە پشت و پەنای پێشمەرگە بوون و ئەمەیان بە ئەرکێکی بنەڕەتی بۆ خۆیان زانیوە و هەر ئەم پێوەندییە دینامیکەشە کە دژمنی هەمیشەیی کورد لێی تۆقیوە.

**١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# مانگرتن بە جەماوەری بکرێ، چەکێکی کارایە




**هەردی سەلیمی**

زانایانی زانستی سیاسەت و تیئۆریسییەنەکانی بواری شۆڕش و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەگەر نەڵێین مانگرتن گرنگترین ئەکتی ناڕەزایەتیدەربڕانەیە، بێگومان وەک یەکێک لە گرنگترینەکان باسی لێ دەکەن. مانگرتن بە شێوەخەباتێکی کەمتێچوو و پڕدەسکەوت دەناسرێ، بەڵام لە ڕاستیدا مانگرتن لە شۆڕشی سەر شەقام پڕتێچووترە، لەگەڵ ئەوەی خەسارێکی ماددی دەگەیەنێ بە بکەرەکانی، ناشتوانن خۆیان لەنێو جەماوەردا بشارنەوە و دیارن؛ هەر ئەمەش دەتوانێ لە بەرامبەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا کێشەی زۆریان لە داهاتوودا بۆ بنێتەوە. بەم حاڵەشەوە لە کوردستان و لە ئێرانیش مێژووی مانگرتن دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێشتر لەوەی کۆماری ئیسلامی بێتە سەر کار. لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا و لە سەردەمی پەهلەویدا لە شاری مەهاباد جارێک بەبۆنەی سەردانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لەدوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و جارێکیش بە بۆنەی شەهیدبوونی سولەیمان موعینی و سووکایەتی بە تەرمەکەی لەلایەن ئەرتەشەوە، ئەو شارە مانگرتنێکی سەداسەدیی بەڕێوە بردوە.

لە ئاستی ئێرانیشدا نموونەکان زۆرن بۆ مانگرتنی بەتایبەت چینی کرێکار، کە لە دەیەی بیستی هەتاویدا ئەم ئەکتە ناڕەزایەتیدەربڕانەیە چووە بواری بەڕێکخرابوونەوە، هەتا ئەو جێیەی ئەم کولتوورە جێکەوتووە لە بەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا زەبری کاری و کوشندەی لە جەستەی لاواز و نەخۆشی دەسەڵاتی پەهلەوی دا.

کۆماری ئیسلامی کە دەسەڵاتێکی پاوانخوازە لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنیدا دەستی بەسەر هەموو یەکیەتی و سەندیکا کرێکارییەکاندا گرت و تا ساڵانێکی زۆر نەیهێشت بە شێوەی سەربەخۆ چالاکییەکیان هەبێ. لە نیوەی دەیەی حەفتاوە وردەوردە قەوارە سینفی و سەندیکا کرێکارییەکان هەرچەند زۆر تووشی گێرە و قەرقەش بوون و ئەندامانیان گیران و ئەشکەنجە دران، بەڵام هەتا ڕادەیەک بووژانەوە. لەگەڵ خراپتربوونی دۆخی ئابووریی ئێران، لەم ساڵانەی دواییدا شایەدی بەردەوامیی مانگرتنەکان بووین.

مانگرتنی کرێکاران، شۆفیرانی ئوتووبووسواحد، مامۆستایانی قوتابخانە، خانەنشینان، خوێندکارانی زانکۆ، پەرستاران، بازاڕیان، زێڕنگەران، نانەواکان و... ئێستاش شایەدی مانگرتنی یەکگرتووانەی شۆفیر و خاوەنکامیۆنەکانین. ئەم سینفەش وەک هەموو سینفەکانی تر لە ئێراندا بە سەرنجدان بە دۆخی ناکارامەی ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتە، لەژێر کاریگەریی گرانیی هەوساری‌پچڕاودا کۆمەڵێک کێشەیان هەیە. بەدیاریکراوی بارهەڵگران و خاوەنکامیۆنەکان لەگەڵ گرانبوونی پێداویستییەکانی ماشینەکانیان، هەڵکشانی تێچوو، داکشانی بەشە سووتەمەنی، نەبوونی بیمە، دۆخی نالەباری جادەکان، زۆربوونی تەمەنی خانەنشینی و زۆر کێشەی تر لەم سۆنگەیەوە بەرەوڕوون.

کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا بە توندوتیژی وڵامی هەموو مانگرتنێکی سینفی و ئاشتیخوازانەی داوەتەوە، هەرگیز نەبووە کێشە و ناڕەزایەتییەکان لە چوارچێوەی خۆیدا ببینێ، بەڵکوو هەمیشە کردوویەتە پرسێکی ئەمنیەتی. لەم پێوەندییەشدا دەیهەوێ هەر ئەو ڕێیە بپێوێ و بە گرتنی چەندین شۆفیر لەوانە "سدیق محەممەدی" لە شاری سنە و "شەهاب دارابی" لە شاباد و وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لە شەهابی دارابی، دەیهەوێ بەم هەڕەشانە شۆفیرانی تر چاوترسێن بکات؛ بەڵام ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبیر ناچێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دەیەی شەستدا دەیان چالاکی کرێکاری ئێعدام کرد و هەر ئێستاش "شەریفە محەممەدی" چالاکی کرێکاری لەژێر حوکمی ئێعدامدایە، هەروەها کەسانی وەک "مەحموود ساڵحی"، "عوسمان ئیسماعیلی"، "مەنسوور ئۆسانلوو"، "سمایل بەخشی" و دەیان کەسی تری لە بەندیخانە پەستاوت، لێ ئەم کێشانەی بۆ چارەسەر نەبووە و هەرگیز نەیتوانیوە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم چینە مافویستە، بترسن و لە ویستەکانی خۆیان دەست هەڵگرن.

ئەم سینفه که ئێستا بووەته ڕۆڵگێڕی سەرەکیی مانگرتنه سریاڵییەکان نابێ بەتەنیا بمێنێتەوە، هەرچەندیش قورسایی ئابووریی وڵاتێک لەسەر شانیان بێت ناتوانن بەتەنیا ببنه هۆکاری گۆڕانی بنەڕەتی، هەر مانگرتنێک پێویستی به پاڵپشتییه، چونکه خاوەنڕایان لەو باوەڕەدان دەبێ بۆ مسۆگەرکردنی ویستەکان له وڵاتێکی دیکتاتۆریدا سێونیو لەسەد له خەڵکی ئەو وڵاته مان بگرن و ئەم مانگرتنەش ١٢ مانگ بخایەنێ! هەرچەند زانستی سیاسەت جێی ئەوه نیه وا به ڕەهایی قسەی تێدا بکرێ، بەڵام ئەمه ئەزموون سەلماندوویەتی و پێویسته سینف و چین و توێژی دیکەش پەیوەستی ئەم مانگرتنانه بن بۆ ئەوەی گۆڕانی قووڵ بێته ئاراوه. پاڵپشتییەکان دەبێ مەیدانی بێ و بەڕێکخراو، نەک وەک ئەوەی ڕاستی توندئاژۆی ئێرانی دەیکات له ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە و زیاتر مەبەستی بردنەپێشی مەبەسته سیاسییەکانی خۆی و خۆبەخاوەنکردنه، چون ئەوان هەرگیز باوەڕیان به کاری بەکۆمەڵ، بوونی هەڵاواردنی چینایەتی و نەبوونی دەرفەتی یەکسان و... نەبووه و نییه، بەڵکوو تەنیا دەیانهەوێ لەم ڕێگەوه ئێعتبارێک بۆ خۆیان بکڕن! دەنا ناکرێ پاڵپشتی له مانگرتنێکی بەهەقی لەم شێوەیه بکرێ، بەڵام له بەرامبەردا مانگرتنی بەهەقی کرێکارانی شیرکەتی نەوت له ساڵی ٥٧دا به فیتنه و ئاژاوه ناو بهێنرێ! لەم ڕووەوەیه که حیزب و لایەنه سیاسییەکان پێویسته خۆ لەو هەلپەرستییانه ببوێرن و بەرنامەی کارا و یارمەتیدەرانەیان هەبێ بۆ پاڵپشتیی هەمیشەیی له کرێکاران.

به هێنانەوەی نموونەیەکی مێژوویی باسەکه کۆتایی پێ دێنین: له کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاویدا کاتێک کرێکارانی لەهستان مانگرتنیان کرد، ویستەکانیان تەنیا له ویستی سینفیدا قەتیس نەکرد، بەڵکوو ویستی سیاسییان هێنایه پێش و بەرامبەر به نەبوونی ئازادی و بوونی سانسۆر و... له وڵاتدا، هەڵوێستیان نواند، ئەم کرێکارانه به ڕاکێشانی سەرنجی هەموو ناڕازییان توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن و دەوڵەت ناچار به پاشەکشێ بکەن، بۆیه ئێستا که ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایان و چەندین قەوارەی دیکه پاڵپشتیی خۆیان لەم مانگرتنانه دەربڕیوه جێی هیوایه و پێویسته بەهێزتر و بەکرداریتر بکرێت، هەتا خەڵکانێکی زیاتر هەست به هاودڵی بکەن.

١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## پەیامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان




**زیندانییانی سیاسیی سەربەرز و خۆڕاگر!**
**بنەماڵە تێکۆشەر و خۆڕاگرەکانی زیندانییانی سیاسی!**
**خەڵکی خەباتکاریی کوردستان!**

چەند ساڵێکە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان ناودێر کراوە. لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا جەللادەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە شاری تەورێز لە جینایەت و تاوانێکی کەم وێنەدا، ٥٩ لاوی مەهابادیان بە تاوانی خەبات لەپێناو مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانیان و و تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەکۆمەڵ ئێعدام کرد. لەو بۆنەیەدا و لە یادی ئەو ئازیزە خەباتکارە لەدەستچووانەدا سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرین و ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریی هەموو زیندانییانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنێرین.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

بێشک زیندانیی سیاسیی کورد هێمای کۆڵنەدان و خۆڕاگری گەلێکە بۆ ئازادی، دێموکراسی و سەروەریخوازیی کورد . بەندییە سیاسییەکانی کوردستان لەم پێناوەدا گرتن و ئازار و ئەشکەنجە کۆڵی پێ نەداون و بە ئیرادەیەکی پۆڵایین لە بەرانبەر ستەمکاراندا ڕاوەستاون. ئەوان چاڵەڕەش و بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان کردۆتە مەتەرێزی خەبات و خۆڕاگری و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕۆژەدا سڵاو دەنێرێ بۆ گیانی پاکی تەواوی شەهیدانی ڕێگای ئازادی، بەتایبەتی سەرجەم شەهیدانی زیندانیانی سیاسیی و لە بەرانبەر مەزنی و خۆڕاگری و ڕاوەستاویی بەندییە سیاسییەکان سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین.

لە جینایەتی ١٢ی جۆزەردانی ٤١ ساڵ لەوە پێشدا، جۆری گرتنی ئەو ٥٩ خەباتکارە سیاسییە، لێکۆڵینەوە لەوان لەژێر ئەشکەنجە و جۆری دادگاییکردن و ئێعدامی بەکۆمەڵیان و، هەروەها شوێنبزرکردنی تەرمەکانیان نموونەیەکی دیار لە هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ناڕازییان و نەیارانی سیاسیی خۆی لە بەندیخانەکانی دابوو کە هەتا ئێستاش دەرحەق بە خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە. هاوکات ئەم تاوانە سامناکە نیشانەی سیاسەتی سیستماتیکی فڕکردنی فەرهەنگی و فیزیکیی ڕێژیمە دژی گەلەکەمان.

**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە میلیتاریزەکردنی کوردستان و بە پەنابردنە بەر هەموو جۆرە سەرکوتێک، لە گرتن و ئێعدام و سەپاندنی زیندان بەسەر مافخوازانی کوردەوە بگرە هەتا تیرۆری ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکان، بۆردومانی ناوچە ئاوەدانەکان، تاڵانی سەرچاوە سروشتییەکان و هەوڵدان بۆ تواندنەوەی فەرهەنگی و پەرەدان بە دیاردە کۆمەڵایەتییە زیانبارەکان لە کوردستان؛ هەوڵی داوە ئیرادەی گەلەکەمان تێکبشکێنێت. پێشێلکاریی زەق و بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، سیاسەتێکی ئامانجدار بووە بۆ کپکردنی دەنگی مافخوازی و ئازادیخوازیی گەلەکەمان. بەداخەوەش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێزە جیهانییەکان هەڵوێستی شیاو و پڕبەپێستی ئەم تاوان و جینایەتانەی کۆماری ئیسلامییان لەهەمبەر ئەم ڕێژیمدا نەگرتوەتە بەر و بەرژەوەندییە کورتخایەنە سیاسی و ئابوورییەکانیان خستووەتە سەرووی بەها مرۆییەکان. ڕێژیمی ئێرانیش بە قۆستنەوەی ئەو هەلە و خراپ کەڵکوەرگرتن لەم دۆخە، تاوان و جینایەتەکانی بەتایبەت سەرکوتی خەڵک لە کوردستانی پەرە پێ داوە. سەرەڕای ئەمەش، مێژوو شایەدە کە گەلی کورد و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی هەرگیز تەسلیم نەبوون. زیندانەکان نەک هەر ئیرادەی پۆڵایینی تێکۆشەرانی کوردیان تێک نەشکاندوە، بەڵکوو ئەوان زیندانەکانیشیان کردوەتە سەنگەری خۆڕاگری و ناوەندی پێگەیاندنی نەوەیەکی وشیار و سوور لەسەر گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکان. بەڕێکردنی پڕ جۆش و خرۆشی لاوان بەرەو زیندانەکان و پێشوازیی

حەماسی لە ئازادکراوان، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن کە گوتاری خۆڕاگری بەسەر گوتاری تەسلیمبووندا زاڵ بووە و هیوای داهاتوویەکی ڕووناک لە دڵی خەڵکی کوردستاندا زیندوە.

**زیندانییانی سیاسیی قارەمان!**

ئێوە بە خۆڕاگری و لەژێر هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەکی ڕوحی و جەستەییدا، ئاڵای خەبات بۆ ئازادیی کوردستانتان بەرز ڕاگرتوە و ئیلهامبەخشی تەواوی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و نموونەی بەرزی پابەندی بە ئامانجەکانی گەلەکەتانن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێز لە خەباتتان دەگرێ و خۆڕاگریی ئێوە بە زامنی بەردەوامیی خەبات و مژدەدەری سەرکەوتنی کۆتایی دەزانێت.

دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی، بەتایبەتی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان، و بە دەربڕینی سپاس و پێزانینی دووبارە لە خۆڕاگری و سەبووریی بنەماڵەکانی زیندانیانی سیاسی، دڵنیایە کە خوێنی شەهیدان و ئازاری زیندانییانی سیاسی دێتە بەر و گەلی کورد لە کوردستانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا، بە مافە پێشێلکراوەکانی خۆی دەگات.

**سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان!**
**بەرز و پیرۆز بێت یاد و بیرەوەریی تەواوی زیندانیانی سیاسی، ئەم قارەمانە گومناو و ناودارانەی گەل!**
**هەر شەکاوە بێت خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردستان!**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**

**جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی**

**١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# پیتاندن یان تەپاندن!



شەماڵ تەرغیبی

ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لە چوارچێوەی گەڵاڵەی "هەنگاوێکی مەزن بۆ پێشەوە" مائۆ تێسێتوونگ، ڕێبەری چین بڕیاری لەنێوبردنی هەموو چۆلەکەکانی ئەو وڵاتەی دا تا بە خەیاڵی خۆی بەرهەمی جووتیاران چۆلەکەکان نەیخۆن و داهاتی زیاتر بێتە ئاراوە. ئەمەش کرایە بڕیاری حکومەتی و هەرکەس هەوڵی بۆ لەنێوبردنی چۆلەکەکان و هێلانەکانیان نەدابا وەک دژەچین سەیر دەکرا وسزا دەدرا. لە ساڵێکدا دەیان میلیۆن چۆلەکە کوژران تا ئەو شوێنەی کە نەسڵیان لە چیندا بەرەو لەنیوچوونی یەکجارەکی دەڕۆیشت بەڵام ئەم گەڵاڵەیە گەمژەییەکی پێوە دیار بوو. چۆلەکەکان جیا لە دانەوێڵە کووللە و خشۆکەکانیشیان دەخوارد کە خۆیان دژە بەرهەمی جووتیاران بوون! بە نەمانی چۆلەکە کووللەکان هێرشی میلیۆییان کردە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا ئیتر هیچ دانەوێڵەیەک نەما و هەژاریی ڕەها ڕووی لە خەڵک و وڵاتی چین کرد؛ دواجار خودی مائۆ بڕیاری دا کە دەس لە کوشتنی چۆلەکەکان هەڵگرن و لە وڵاتانی ترەوە چۆلەکەیان هاوردە دەکرد تاکوو زاڵ بن بەسەر ئەو بەڵایەی کە خۆی بووە هۆکاری و جارێکی تر هاوسەنگی بۆ سروشت گەڕایەوە. ئەم چیرۆکە ڕاستەقینە کە هێمای گەمژەیی و نەزانیی ڕێبەرانی چین نیشان دەدات بەنیسبەت هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکەشەوە

سدق دەکات؛ بۆ نموونە لە ئێرانی ئەوڕۆی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی!

لە وڵاتانی نائازاد بەپێچەوانەی وڵاتانی دیموکراتیک، دەسەڵاتبەدەستان، بۆ جێبەجێکردنی ئاوات و خەون و خولیاکانیان هیچ بەربەست ولەمپەرێک نابینن؛ هەرچەندە ئەم حەز و خولیانەش پڕتێچوو بن! بەڵام لە ولاتانی دێموکراتیکدا کە ئازادی بوونی هەیە، بەهۆی هەبوونی پارلمانی ئازاد، چالاکبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، بوونی دادگای سەربەخۆ و بونی حیزبی سەربەخۆ و چالاک هەم لە دەسەڵات و هەم وەک ئۆپۆزسیۆن، هەموو پلان و بەرنامەیەک دەخرێتە بەر تێغی هەڵسەنگاندن، ڕەخنەگرتن، چاککردن و چارەسەرکردن.

لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا وادیارە چیرۆکی چۆلەکەکووشتنی مائۆ دووبارە دەبێتەوە. لە لانیکەم ٢٠ ساڵی ڕابردوودا سەرانی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ئامانج و خەون و حەزەکانی خۆیان بۆ وەدەستخستنی چەکی ئەتۆمی جوغرافیای ئێران و خەڵکەکەیان بە دیل گرتووە و بەناوی پیتاندنی ئۆرانیۆم ژیانی خەڵکی ئەم جوغرافیایان تەپاندووە و خەڵکیان کردووەتە دیلی دەستی پرسێک بەناوی پیتاندن ئەمەیان کردووەتە گرینگترین بابەتی ژیانی خەڵک.

بەپێی ڕای هەندێ لە شارەزایانی تێچووی ئەم پڕۆژە کەلانە وێڕای تێچووی خەسارەکانی پاش تەحریمە یەک لەدوای یەکەکان زیاتر لە هەزار میلیارد دۆلار بووە لەحالێکدا کە بەپێی خودی ئامارەکانی ڕێژیم ئاکامی ئەم هەوڵانە بۆ خەڵک نە داببنکردنی بەرق بووە نە چارەسەرکردنی نەخۆشی.

ئاکامی پیتاندنی ئۆرانیۆم تەنیا هەژارترکردنی خەڵک بەهۆی تەحریمەکان و تەریککەوتنی زیاتری جیهانی و مایەپووچبوونی ئابووری بووە و هیچی تر.

هەڵبەت جیاوازییەکی زەق لە نێوان مائۆ و سەرانی کۆماری ئیسلامیش هەیە ئەویش ئەوەیە کە لانیکەم مائۆ لە پاش شکستخواردنی پڕۆژەکەی دانی بە هەڵەی خۆیدا نا و هەوڵی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانێک دا کە خۆی ببووە هۆکاری بەڵام لە ئێراندا لووتبەرزییەکە هێندە زۆرە کە ئامادە نین لە بڕیارە هەڵەکانیان و سیاسەتە شکستخواردووەکانیان پاشگەز ببنەوە. مائۆ بە پاشەکشێکردن لە گەڵاڵە سەقەتەکەی توانی داهاتی سەرانەی خەڵکەکەی سەدقات زیاتر لە خەڵکی ئێران بکات و ٥٠٠ میلیۆن کەسی لەژێر هێڵی هەژاری ڕزگار کرد بەڵام سەرانی ڕێژیمی ئێستەی ئێران ئەو جورئەت و بوێرییەشیان نییە تا خەڵکانی بەدیلگیراوی ئێران لەو نەهامەتییەی تووشیان کردوون ڕزگاریان بێ.



سەرچاوە
Serchawe

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی و دیپلۆماسیی ئێستەی ئێران و بەتایبەتیتر پێنج خول دانیشتنی نێوان ئێران و ئامریکا لەسەر بەرنامەی پڕتێچوو بەڵام بێ خێروبێری ناوکیی تاران، دەردەکەوێ کە سەرانی ڕێژیم بە هیچ شێوەیەک نایانهەوێ ئەم پرسە بە چارەسەر بگات چونکە وەک باس کرا تەنانەت بەقەد مائۆی چینیش جورئەت و بوێرییان نییە و ئامادەن لەپێناو پیتاندنی ئۆرانیۆم، خەڵک و ژیانەکەیان بتەپێنن. دیارترین دەرکەوتەی ئەم داتەپاندنەش کە ئەم ڕۆژانە دەیبینین هەمان مانگرتنی کامیۆنداران، نارەزایەتی خانەنشینکراوان و کرێکارانە کە بە نەبزی ئابووریی وڵات دەژمێردرێن بەڵام ژیانیان داتەپیوە بۆ ئاستێک کە تەنیا خاوەن سفرەیەکی بچووکی کەمایەن چونکە بەناو خاوەن عەقڵەکانی تاران دەیانهەوێ بیانکەنە خاوەن چەکی ئەتۆم!

**١٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

---

# کۆماری ئیسلامی لە سالْمەرگی خومەینیدا!



**شەماڵ تەرغیبی**

لە دوای مەرگی خومەینی، گەورە جەللادی جەماران، هیچکات کۆماری ئیسلامی وەکوو ئێستە بارودۆخی لاواز و هەستیار نەبووە و لە شەڕ نزیک نەبۆتەوە! هەرچەند پێشتر کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای میلیشیاکانییەوە لە ناوچەکەدا شەڕی بریکاریی دەکرد، بەڵام ئێستە کە ئەوانیش یا نەماون یان زۆر لاواز بوون و توانای بەرگریکردن لە خۆیشیان نیە ئیتر تاران ناتوانێ وەک پێشتر بیانکاتە کارتی گوشار و شەڕیان پێ بکات. لە ئێستاشدا کە شەڕەکە خەریکە دەرگای خۆی دەگرێتەوە بە پێی هەندێک داتا بە تەمایە گۆڕانکاری ڕێژەیی لە ستراتیژی و تاکتیکی شەڕخوازانەی خۆیدا پێک بێنێ.

کۆماری ئیسلامی ئەزموونی شەڕی هەیە و هەر ئێستەش باجی شەڕی هەشت ساڵە ئەدات. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستەش دەست لە سیاسەتی شەڕخوازانەی خۆی هەڵناگرێ پێوەندی بە سێ ڕەهەندی سەرەکی "مەزهەبی"، "ناسیۆنالیستی" و "جوغرافیا"وە هەیە. لە بواری مەزهەبییەوە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا و ئەندازیاری سیاسی و چەکداری لە ئاستی ئاسایی و سروشتی خۆی دەرچووە و تەنانەت لە نێو ڕەوتە سوونەکانیشدا نفوز و ڕۆڵی بەرچاو



سەرچاوە
Serchawe

دەبینێ. هیلالی شێعە وەک دوکتورینی سیاسی - ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بۆ کاتێکی نادیار ڕۆژهەڵاتی ناوین و دنیای ڕۆژئاوای بە خۆوە خەریک کردووە و دەکات. خاڵێک کە سەبارەت بە هیلالی شێعە گرنگە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەو دەسەڵاتە خەیاڵییە درووست بکا و لە بەرامبەریشدا تەواویەتی ئەرزی هیچ وڵاتێکیش نەشێوێ.

دەمارگرژی نەتەوەیی و زمانی لە ئێراندا لە دەمارگرژی مەزهەبی بەربڵاوتر و ڕیشەدارترە. دیارە ئەو دوو ڕەهەندە واتە "ناسیۆنالیزم "و "مەزهەب" لە ئێران وەک تەواوکەری یەکتر قۆڵیان بۆ داگیرکردن و شێواندنی ناوچەکە هەڵگرتووە. ناسیۆنالیزمی فارس بە پشتبەستن بە دێرینەخوازی، (باستانگەرایی) زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسی دەیهەوێ زمانەکانی نێوخۆی ئێران لە خۆیدا بتوێنێتەوە و لە دەرەوەش دوو وڵاتی ئەفغانستان و تاجیکستان وەک نیشتمانی خەیاڵی سەردەمی هەخامەنشییەکان وەک کەوشەنی خۆی پێناسە بکا. ناسیۆناڵیزمی فارس کە دەکرێ وەک شۆڤێنیزمی فارسیش ناوی لێ ببرێت، هەرچەند بۆ مەزهەب و دین نەسووتاوە بەڵام بە باڵی مەزهەب گورزی خۆی لە نەیاران و جودابیرانی ناوخۆ و دەرەوە دەوەشێنێ. ئەگەر بە شێوەی خێرا ئاوڕ لە ناسیۆناڵیزمی فارس بدەینەوە دەبینین وەک شێعە چۆن لە سەر وێژمانی عاشورا دامەزراوە ئەمیش بە پشتبەستن بە شانامە و خوێنڕشتن بە تەمای خۆسەپاندنە.

تەوەری سێهەم حوکمی جوغرافیایە. بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، جوغرافیا ڕۆڵی گرنگی لە هێرشەکان، ئاشتبوونەوەکان، پاشکەوتووییەکان، پێشکەوتووییەکان، کرانەوەکان، داخراوییەکان و هتدا هەبووە.

دۆخی ئێستەی کۆماری ئیسلامی لە مانەوە و نەمانەوەی یەکپارچەیی ئێراندا زۆر گرنگە. تەنیا شانسی مانەوەی ئێران دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی کۆکوژ و ناوکییە کە وەک دەزانین لە ئێستەدا بۆ خۆی بووەتە قەیرانێکی چارەسەرنەکراو لەنێوان تاران و دنیای ڕۆژاوا، ئەگینا هەموو شرۆڤەکانی دیکە لە بەرژەوەندی خاک، مەزهەب و ناسیۆناڵیزمی ئێرانیدا نیە.

لە ساڵمەرگی خومەینیدا، عەلی خامنەیی وێڕای ڕەدکردنەوەی گەڵاڵەی ئامریکا لەمەڕ ڕێککەوتنی ئەتۆمی گوتی: "وڵامی ئێمە بۆ فڕوفیشاڵەکانی ئامریکا ڕوونە؛ ئەوان ناتوانن هیچ غەڵەتێک بکەن". ئەم جۆرە لێدوانانە لە وەها بارودۆخێکدا کە ئێرانی تێ کەوتووە تەنیا یەک دەرهاویشتە و لێکەوتەی لێ دەکەوێتەوە: "پاڵپێوەنانی ئێران بەرەو ناسەقامگیری زیاتر و بەهێزترکردنی ئەگەری شەڕ بەهۆی لووتبەرزی و تۆتالیتاریزمی زەینی کەسێکەوە!" لە وەها دۆخێکدا پرسیارێکی جیددی کە دروست دەبێ ئەوەیە کە ئەگەر ئێران تووشی شەڕێک لەگەڵ ڕۆژاوا ببێ چ دەبێ؟

فاکتەکانی جێی باس لە سەر شەڕ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی قەت شەڕ ناکات بەڵام لە ئاستی بچووک و بەرتەسکدا کە


سەرچاوە
Serchawe

بیروڕای ناوخۆی پێ ڕازی بکا و هەڵگیرسانی شەڕی گشتگیری بە دواوە نەبێ وڵام ئەداتەوە.

**هۆکارەکانی شەڕنەکردنیش بریتین لە:**

- کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە لە بوارەکانی تێکنۆلۆژی سەربازی و لوژیستیکییەوە قەت ناتوانێ بەرامبەر بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوەستێتەوە. ئەمڕۆ شەڕی کلاسیک و سپای زۆروبۆر وڵامدەر نییە و ئەرتەشی بە ناو بیست میلیۆنی تەنیا خۆخەڵەتاندنە. کاتێک ناوێکی جەنگی بە تەنیا لە سەر دەریاکاندا دەوری دەوڵەتێک دەگێڕێ ئیتر سپا هیچ دەورێکی لە ئاست هێرشی دەرەکیدا نامێنێ مەگەر تەنیا بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی کەڵکی هەبێ.

- کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ بیروڕای گشتی دەرەوە و وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتیتر هەریەک بە جۆرێک لە کاروکردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ناڕازی و خەسارمەند بوون و بە لاوازکردن یا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کەمینەی شێعە لە وڵاتانی ناوچەکەدا دەکەونە مەترسییەوە.

- لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕدا ئیتر وەکوو جاران خەڵک خۆبەخشانە شەڕ ناکات، تەنانەت ئەگەر خەڵکانێکی زۆریش بێنە مەیدان خۆ دوژمنێکی فیزیکی بوونی نیە تا لە گەڵی شەڕ بکا.

- کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە بە هەڵگیرسانی شەڕ و ئاڵۆزی لە ئێران ڕاپەڕینی جەماوەری و نەتەوەیی سەر هەڵدەدات و بە پێی ئەزموونەکان کە لە چەند ساڵی ڕابردودا بینیومانە، ڕاپەڕینەکان یەکلاکەرەوەن و دژی دیکتاتۆری دەبن.

وێڕای ئەم باسانە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەسڵی "تقیە" کە سەرانی ڕێژیم باوەڕیان پێی هەیە، وێناچێ کۆماری ئیسلامی خۆی بخزێنێتە نێو شەڕێکەوە کە دووسەر دۆڕاوە بەڵام بەوەشەوە ئەو ئەگەرە هەروا بەهێزە کە بارودۆخێک بێتە گۆڕێ کە خەڵک لە ئەنجامی گوشارە زۆروزەوەندە ئابووری و سیاسی و پۆلیسییەکان لەدژی ڕاپەڕن و بارگەوبنەی پێ تێکەوە پێچن.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# نیشتمان وەک چەمکێکی گشتی لە دووتوێی مێژووی ئەدەبی بەرگریدا

## (جەلال مەلەکشا بۆ نموونە)




**ئاکۆ ئەلیاسی**

**لەو شوێنەی کە ماف پێشێل دەکرێت، بەرەنگاریی دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی، مرۆیی و نیشتمانی.**

داکۆکیکردن لە مافی ڕەوا و نیشتمانێکی دیل و دابەشکراو، وەک چەمکێکی دانپێدانراوی گەردوونی، هەم لە یاسا دینییە ئاسمانییەکان و هەمیش لە یاسا مەدەنی و سیکۆلارەکاندا، وەک خەباتێکی داکۆکیکارانەی ڕەوا، لە کۆنتێکستەکانی هەردوو یاساکەدا ڕێگاپێدراوە. لە دۆخێکی هەستیاری ئەوتۆدا، پاراستنی خاکی نیشتمان، خوێنبایی نیشتمانپەروەرانەیە.

مەرج نیە شێوازی ئەو داکۆکیکردنە، لە خەباتێکی توندوتیژی بەکردەوە و بەرهەڵستکارانەی ڕاستەوخۆوە سەرچاوە بگرێت، بەو مەرجە ئەگەر لایەنی داگیرکەر، لە کۆدەکانی زمانی لۆژیکی ئاشتیخوازانە و هاوبەش، تێ بگات. هەر بۆیە، زۆر جار

بـۆ کـردنەوەی گرێکـوێرەیەکی ئـاڵۆزی سیاسیی، مرۆڤـی خـاوەن ئـاوەز، دەکارێـت بە کلیلێـک کە کەمتـرین کێشـی هەیە، گاوسندووقێک بکاتەوە، کە ڕەنگە کێشی ئەو دۆلابە پۆلاییینە، پتر لە یەک تۆنیش بێت.

ئەم جیهـانە پـانوبەرینە دابەش کـراوە بەسـەر سـەدان نیشتمانی ڕەنگـاڵەیی، لە هەر پێـنج قـاڕەی سـەرگۆی ئەم زەوییە. هەرکام لە دانیشتووانی پێکهێنەرانی ئەو نیشتمانانە، خاوەنی هێندێک واتـای "نەتەوەن". دوو تـایبەتمەنـدیی سـەرەکیی ئەو نەتەوانە (Nation) کە تـایبەتمەندیی سەرەکیی پێناسەکردنی شونـاسیانن، بریتین لە زمان و خاکی هاوبەش.

گەلی کورد، وەک گەلێکی کەونـاری سـەرگۆی ئەم زەوییە، نەک هەر تەنیـا خـاوەنی مێژوویەکـی دوور و درێـژە لە پێکهێنـانی ژیانی ژیاری کۆن و سەردەم، بەڵکوو خاوەنی زمانێکی کـۆن و دەوڵەمەنـد و ڕەگ و ڕیشە لە "بوون"یدا داکوتراوە، هەروەهـا خودان خاکێکی پـانوبەرینی هاوبەشە، بەڵام بەداخەوە، سـەدان سـاڵە، خـاکی نیشـتمانەکەی لەلایەن داگیرکەرانی دەوروبەر زەوت کراوە و بە دوور لە ویستی خۆڕسکانەی خۆی، دابەش و لەتلەت کراوە. هەر بـۆیە لەو کـاتەوە کە زێـد و میلکـانەکەی داگیر کراوە، کورد، بۆ خستنەوەسەریەکی خاکی دابەشکراوی نیشـتمانەکەی، دەستی لەسـەر دەست دانەنـاوە، بە پێچەوانەوە سەدان ساڵە، لەو پێناوەدا لێبڕاوانە و نەترسانە، لە هەمبەر هێزی زۆری داگیرکەر، زۆر شێرانە و بوێرانە ڕاوەستاوە.

لە مێژووی خەبـاتی گەلانی ژێردەستدا، جۆرەکانی ئـامرازی بەگژداچوونەوەی داگیـرکەر، فرەڕەنـگ بـوون. "ئەدەبـی بەرگری"، لە بزاڤـی ڕزگـاریخوزانەی ئەو گەل و وڵاتـانە، بەرلە شـێوە و شـێوازە خەبـاتێکی دیـکە دەسـتپێک، ڕۆڵگێـڕ، شـوێندانەر و پێشەنگ بووە و لەڕاستیدا جۆرەکـانی دیکەی خەبـات، پـاش تەقینـەوەی گەرووی پڕ لە قینـی وشە ئاگراوییەکـان سـەریان هەڵداوە.

نووسینەوەی مێژووی کۆن و سەردەمی هەر گەل و نەتەوەیەک، بەبێ نووسینەوەی مێـژووی ئەدەبەکەی، مێژوویەکـی نـاتەواو و نیوەچڵە و وەک سەرچاوەیەکی بـاوەڕپێکراوی مێژوویی چاوی لێ ناکرێ. کە چاو لە مێژووی گەلانی دنیـا دەکەیـن، هەر گەل و نەتەوەیەک شـانـازی بە مێـژووی ڕابـردووی ئەدەبیـی خۆیـانەوە دەکەن. بـۆیە، ئەدەب، کـۆڵەکەیەکی هەرە سـەرەکیی قـایم و گرنگە، بۆ نووسینەوەی قۆناخە جیاجیاکانی مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەک.

لەم پێوەندییەدا، ئەدەبیـاتی بەرگریی لە مێژووی خەبـاتی ڕزگـاریخوازانەی بەشێکی بەرچاوی گەلانی جیهـان، لە پێنـاوی سەربەخۆیی و ئازادیی خاک و وڵاتیان، ڕۆڵێکی زەق و بەرچاوی گێڕاوە. دیارە ژانرەکانی ئەدەبیـاتی بەرگری فرەچەشنن کە یەکێک لە ژانرە سەرەکی و بنچینەییەکانی ئەدەبیاتی بەرگری "شێعری بەرگری"یە. سـەرەتا ئـێمە دەبێ دوو چەمکی "ئەدەبی

بەرەنگاری و ئەدەبی بەرگری" لێکتر جیا بکەینەوە. ئەدەبی بەرەنگاری، ئەو چەمک و دەستەواژەیە، کە شاعیران، نووسەران و ڕووناکبیرانی هەر گەل و نەتەوەیەک، بۆ بەرگری لە بەها مرۆیی، کولتووری و نیشتمانییەکانیان، کە لەلایەن داگیرکەرەوە پەلاماریان دەدرێت، لەڕێگای هونەری شێعر و نووسینەوە، ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانە دەئافرێنن، بە مەبەستی وریاکردنەوەی کۆمەڵگە و دانی وشیاریی نیشتمانی و سیاسی بۆ ئەوەی بارودۆخێک بڕەخسێنندرێ، کە هەموو تاکەکانی نیشتمان، بگەنە پلەیەک لە وشیاریی ڕووناکبیری، کە بتوانن بە ماڵ و گیان، پارێزگاری لە خۆیان، زمانەکەیان، کولتوور و بەها نیشیمانییەکانیان بکەن. پلە و ڕادەی ئەو وشیارییە، کەشی بەگژداچوونەوەی بەکردەوە، یان هەر هەمان "خەباتی چەکداری"ی خۆش دەکات، تا ڕادەیەک، کە هەموو هاونیشتمانییەک، بۆ خۆبەخەتکردن لەپێناو داهاتووی نیشتمانەکەیان و بەها و نرخە نەتەوایەتییەکانیان، ئامادەی فیداکاری و خوێندان و سەر و گیان بەخشینن. ئەمە چەمکی "ئەدەبی بەرەنگاری"یە.

ئەدەبی بەرەنگاری جۆرە ئەدەبێکە بۆ دەرپەڕاندنی داگیرکەر لەسەر خاکی نیشتمان، بە وشە، شێعر، چیرۆک و ڕۆمان و تێکستە ئەدەبییەکانی دیکە، بەڵام "ئەدەبی بەرگری" چەمکێکی نەختێک جیاوازترە لە "ئەدەبی بەرەنگاری" ئەدەبی بەرگریی، لە ڕاستیدا بەرگریکردنە لەو دەستکەوتە نیشتمانییانەی پێشتر، خەباتی ئەدەبی بەرەنگاری، هاوشان لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات، لەڕێگەی بەگژداچوونەوەی بەکردەوە، بۆ وەدەرنانی هێزی داگیرکەر، لە ڕاچەنین و ڕاسانەوەدا بووە.

کورد و نیشتمانەکەی، یەکێک لە بێکەسترین و بێبەشترین گەلانی سەرگۆی ئەم زەوییە پانوپۆڕەیە و هۆکاری ئەوەش، سەرڕاستنەبوونی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و زلهێزە بەرژەوەندیخوازەکانی ویژدانتۆپیوی دنیایە. ئەگەر ویژدانی مێژوو "دیوانی داد" بایە، دڵنیام کە مێژوو سەدان جار، خۆی خۆی شەرمەزار دەکرد. هێندێک فاکتەریش هەن، کە نێوخۆیین و بەداخەوە دڵڕەشیی کورد لە ئاست یەکتر و نەبوونی ستراتیژیی هاوبەشی بزاڤی سیاسیی کورد، لە هەر چوار بەشەکەی کوردستانە.

**ئەحمەدی خانی (١٦٥١ - ١٧٠٧) شاعیر و نووسەر، ڕووناکبیر و بیرمەندی گەورەی کورد، نزیک بە چوارسەد ساڵ لەمەوپێش، پەی بە پرشوبڵاوی و نەبوونی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد بردوە و بە دەنگی زوڵاڵ و بەرز، وەک شاعیرێکی مەزنی نەتەوەیی، هاواری کردوە:**

**"گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**

**ڤیکرا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژمە را دکر غولامی**
**تەکیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت"**

ئەم سکاڵایەی ئەحمەدی خانی پاش نێزیک بە چوار سەدە، دیسانەوە لە شێعری شاعیرێکی نەترس و دەروەستەی وەک "جەلال مەلەکشا" و لە چیرۆکە شێعری "دارەپیرە"دا کە باسی غەدر و خەیانەت لە یەکترکردن دەکات، دووپات دەبێتەوە؛ بەڵام لە فۆرم و قالبێکی دیکەی شێعر، زمانێکی ڕەوانتر و پەتی تری شێعری کوردی.

سەرەڕای کێشە نێوخۆییەکانی کورد لەگەڵ خۆیدا، بەڵام ڕووناکبیران، نووسەران و بەتایبەت شاعیرانی کورد، بۆ تەنیا ساتێکیش خۆشەویستیی نیشتمانەکەیان، نەک تەنیا لەبیر نەکردووە، بەڵکوو بەتەواوی هێزی هزری ڕووناکبیری و نیشتمانیان وەک "پیرۆزی"یەکی ئەبەدی، لە دووتوێی بەرهەمەکانیان و بەتایبەت لە سینگی ڕەنگاڵەیی شێعرەکانیاندا پاراستوە و بەردەوام، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری، هەوڵی بێوچانیان بۆ بە تەبەرووککردنی نیشتمان داوە.

لەڕاستیدا، مێژووی "ئەدەبی بەرگری"ی کورد، لە قۆناخی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاعیری مەزنی کورد، حەزرەتی "ئەحمەدی خانی". چونکە، خۆشەویستیی ئەو بۆ نیشتمان لە شێعرەکانیدا ڕەنگە پڕڕەنگترین دیمەنی شێعرەکانی بن. بەدوای ئەویشدا، شاعیری گەورەی کورد" حاجی قادری کۆیی" ئاڵاهەڵگری تەریقەتی ئەحمەدی خانییە تا دەگاتە قۆناخەکانی دواتر و ئێستامان.



**ئاکۆ ئەلیاسی، شاعیر و نووسەر**

## نیشتمان، چەمکێکی مێژوویی دانەبڕاو لە شێعری جەلال مەلەکشادا

گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی و هەتا ئێستا، هاوارێکی دانەبڕاو بووە و هەیە، کە بەردەوام لە گەرووی شێعرەوە، گیانی نەسرەوتووی بە بەر ئەو ئەڵها ڕەوایەی خۆیدا کردوە. شێعر لە مێژووی بزووتنەوەی حەقخوزانەی سیاسیی نەتەوەی کورددا یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگ و پتەوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییە.

سەرەڕای ئەوەی کە شێعر وەک توخم و ڕەگەزێکی ناسک، کە لە خەیاڵ و فانتازیای مرۆڤەوە، لە ڕێگەی زمان و دەربڕینی وشەوە سەرچاوە دەگرێت و وەک پرەنسیپ، دەبێ زیاتر تێکەڵاوی ڕۆحی جوانییەکانی سروشت بێت، بەڵام شێعر وەک ژانرێکی ئەدەبی، لە مێژووی کورددا، سەرەڕای بەجێهێنانی ئەو ئەرکە سروشتییە، لە پاراستنی ناسنامە و کەسایەتیی نەتەوەیی کوردا دەوری گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە و دەیگێڕێ. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و بەتایبەت، شێعری فۆلکلۆری کوردی، لە پاراستنی زمان و کولتووری ڕەسەنی ئێمەی کورد، تۆرەمە بە تۆرەمە و نەوە لە داوای نەوە، سینگ بە سینگ لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هاتوە و دەستاودەستی پێ کراوە، کە لە توخمە سەرەکییەکانی ئەوە ئەدەبە فۆلکلۆرییەدا، سیمای قەڵغانێکمان بەرچاو دەکەوێ، کە لە پاراستنی زمانی کوردیدا کاریگەرترین چەکی پیرۆزی بەرگریی بووە، تا ئەوکاتەی کە شێعری کوردی، پێی ناوەتە قۆناخی نووسینەوە.

بۆیە شاعیرانی یاخی و بزێوی کورد، لە قۆناخە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیی نەتەوەکەیاندا گرینگترین ئەکتەر و کەسایەتییە بوێر و خودان جەربەزەکانی نەتەوەکەیان بوون.

جەلال مەلەکشا، شاعیرێک لە ڕەگەزی لووتکە بەرزەکانی چیای هەردەم بە پێوەبوون و بوێری، لە ڕەگەزی بەفر و ئاگر و خۆبەدەستەوەنەدان، لە تۆرەمەی ڕووناکی دژ بە تاریکی و شاعیرێک، کە نیشتمان، لە "بوونی"دا، سەرچاوەی دڵۆپ دڵۆپ خوێنی شاڕەگەکانی گیانیەتی، یەکێکە لەو هۆنەرانەی وێژەی هاوچەرخ و نوێی نەتەوەی کورد، کە لە ڕێگەی هۆنینەوەی هۆنراوە ئاگراوییەکانی و هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی، مێژووی هەرمانی بۆ خۆی و شێعرەکانی تۆمار کرد.

لەدایکبوون و هاتنە نێو شێعری شۆڕشگێڕیی مامۆستا جەلال مەلەکشا، هەم لە کات و ساتی خۆدا بوو و هەمیش پێویستییەک بوو، کە ئەدەبی بەرگریی کورد، پێویستی پێ بوو. من لێرەدا نامەوێ لەسەر فۆرم و شێوازی شێعری شاعیری گەورەی کورد، مامۆستا جەلال مەلەکشا لەڕووی داڕشتن، تێکنیک، ستاتیکا و زمانی شێعریی جەلال مەلەکشا بدوێم، بەڵکوو

هەوڵ دەدەم، بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە شێعرە نیشتمانییەکانی، باسی پێگەی پیرۆزیی خاک و نیشتمان، لە هیندێک لە شێعرە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو شاعیرە مەزنەی کورددا بکەم. ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی وردتر بەو بەستێنەدا قووڵ و چڕوپڕتر بە ناخی ئەو بەشەی لە شێعرکانی مەلاکشادا بچینە خوارێ، ئەوە بێگومان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیەک زۆر قووڵ و خەستتر دەبێ، کە مەودا و پانایەکیی بەرفراوانتر لەخۆ دەگرێت.

ئەگەر مەبەستی ئێمە دوان لەسەر نیشتمان، لە شێعری جەلال مەلەکشادا بێت، ئەوا "کوردستان" سەرتۆپی هەرەبەرزی لووتکەی ئەو چەمکەیە. گرنگیی نیشتمان لە شێعری جەلال مەلەکشادا، لە قووڵایی و ڕیشەی مێژووی وڵاتەکەیەوە سەرچاو دەگرێت. جەلال، لە لایەکەوە باسی دابەشکردنی نیشتمانەکەی "کوردستان" دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە، وەک شاعیرێکی جەربەزە و دەروەست، ئەو خەونە نەزۆکانەی داگیرکەران دەکاتە سەر بڵقی ئاو، کە بە خەیاڵی خۆیان گەرەکیانە، کوردستان و مێژووەکەی، بە لەتوپەتکردنی بتوێننەوە. ئەوەتا، لەم شێعرەدا، پەیمانێکی زۆر ڕوون و دیارە و لە کۆتایی پەیامەکەشی بەڕووی هیوایەک لە دڵی مێژووی خاکەکەیدا دەچێنێ،

**کە دەبێت بە دەماری خۆشەویستیی ناخی خاک کە لە بن نایە:**

**"مێژوو دەڵێ**
**سەدان کەڕەت**
**گۆڕەپانی منیان کردە جەهەنەم و**
**وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!**
**بەڵام هەرگیز نەیانتوانی**
**دوو دیاردە**
**لەسەر سینگم بسڕنەوە**
**یەکیان کورد و**
**ئەویتریان**
**وشەی پیرۆزی کوردستان."**

جەلال مەلەکشا، بەم شێعرەش سوکنایی بە دڵیدا نایەت و نەختێک قووڵتر دەچێتە بنج و بنەوانی مێژووی نیشتمانەکەی "کوردستان" و لە شێعری "کوردستان"دا، باسی پرۆسەی لەدایکبوونی نیشتمانەکەی لەسەر سینگی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکات و بە زمانی ساکاری شێعر لە شێعری



سەرچاوە
Serchawe

"کوردستان"دا، بەم جۆرە دێتە دەنگ:

"کاتێ پێنووسی چارەنووس
کەوتە گەڕان،
لە دوای ئەوەی نەخشەی عەرد و دنیای نەخشان
کە گەیشتە لای خۆرهەڵاتی نێوەڕاست
لەسەر خاکێک
ساتێ ڕاما
نازانم بۆ...
کەوتە لەرزین
دڵی شکا
دڵۆپێ خوێن
بەسەر ئەم خاکەدا تکا
جێرا هاتن
دەوریان تەنی
شەقڵیان کرد
بە پەڕژین و موورد و تێمان
گەڕان ناوێک بدۆزنەوە
فرمێسکی چاوی گەردوونی
تیا بگونجێ
ئینجا هاتن
ناوی ئەو خاکە سوورەیان
نا،
کوردستان!"

خەمباری خاڵیکی دانەبڕاوی نەخشبەستووی نێو تەوێڵی شاعیری ئازادیخواز، جەلال مەلەکشایە. هۆکاری ئەم خەمبارییەی خەمباربوونی نیشتمانەکەیەتی. شاعیر باوەڕی قووڵی بەوە هەیە کە، ئەو کاتێک شاد و لێو بە بزە و کەنینە کە نیشتمانەکەی ئازاد و سەربەست بێت.

ئەوەتا لە شیعرێکی دیکەیدا ڕاستیی بیرکردنەوەی ئەم لۆژیکەی، زۆر بە ئاشکرا دەرداخات کە دەڵێت:

"لێم مەپرسە بۆ ناشادی
دەیان ساڵە
چاوەڕوانم
کە نیشتمانم هەڵمژێ
شنەی شەماڵی ئازادی."

واتا کاتێک ئەو وەک تاک ئازادە، کە نیشتمانەکەشی ئازاد بێت.

ئەم ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە لە ژیانی تایبەتیی خودی شاعیریشدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، واتە قسەی دڵ و زمانی یەکە. جوانی و خۆشەویستیی جەلال لەوە دایە، کە شێعرەکانی ڕەنگدانەوەی ڕاستیی ژیانی خۆیەتی و لە پەنجەرەی تێڕاونینی شاعیرانەی ئەوەوە، زۆربەی هەر زۆری تاکی کورد، خاوەنی هەر هەمان بارودۆخی سیاسی و تاکەکەسیشن کە ئەم دۆخە، لە بنچینەدا پانتایی دۆخێکی گەورەتر و بەرفراوانتر پێک دێنێ، کە ئەویش دۆخی "نیشتمانە."

جەلال، شاعیری یاخی و نەسرەوتوو بەدوای ئازادیی نیشتمانەکەیدا، هەر بەوەوە ناوەستێتەوە، بەڵکوو بە هێنانەوەی ئارگۆمێنتی لۆژیکییانە تێدەکۆشی بە دوژمنی داگیرکەر، دوژمنێک کە نیشتمانەکەی جەلالی پێپەست و دابەش کردوە، بە زمانی شێعر تێ بگەیەنێ، کە خودان نیشتمان بوون تەنیا تایبەت بە مرۆڤەکان نییە، بەڵکوو هەموو گیانلەبەرێکی دیکەی سروشت، بەپێی یاسا سروشتییەکان، خاک و ئاو و نیشتمانی خۆیان هەیە، کە بکارن لەودا ئۆقرەی خۆیان دەستەبەر بکەن و نووچێکی تێدا بدەن و بەبێ خەم و دڵەڕاوکێ، سەرخەوێکی تێدا بشکێنن، دوور لە هەر چەشنە گرژی و تێکهەڵچوونێک کە ئەنجامەکەی خوێن و کوشتن بێت.

چاو لێ بکەن کە هاواری ئەم شاعیرە چەندە ڕوون و پاک و داواکەی چەندە سروشتی و ڕەوایە، کە دەڵێت:

"لەم جیهانە
پەلەوریش
نیشتمانی بۆ خۆی هەیە

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

دارستانێ، تاقەدارێ
ئاوراش بێ
نێو ئەشکەوتێ، بن پاسارێ
چۆن شێت نەبم،
نەچم بە گژ کوێستانا و
چوارڕێیانی گەردوون نەگرم
هێشتا بستێ خاک شک نابەم
تێیا بژیم
تێیا بمرم."

لەم شێعرەدا، نەبوونی خاک، هەر هەمان نیشتمانی شاعیرە، شاعیر تووڕە دەکات، تووڕەییەک، کە شەپۆلی هەڵچوونەکەی، دەدات لە کەنارەکانی بەندەری بارگای گەردوون و ناڕەزایەتیی خۆی بە گوێی گەردوون ـ کە مەبەستی خودایە ـ دەگەیەنێت و زۆر بە ڕوونی، ڕەخنە لە یاسای نابەرابەری لە ڕەچاونەکردنی دادگەری، هەتا لە ڕووانگەی هێزی ئیلاهییەوە دەگری و گازندەی خۆی دەردەبڕێ.

ئەمە سەنگ و بەهای پیرۆزیی نیشتمان، لە لای شاعیر بەرجەستە دەکات.

جەلال مەلەکشا، وەک زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی شۆڕشگێڕی کورد بە کردەوە، باوەڕی بە سنووره دەستکردەکان نیە. بەگژ ئەو خودا و یاسا و ڕێسایانەشدا دەچێتەوە کە یاسای سنووربەندییان لەسەر سینگی خاکی نیشتمانێکی هاوبەش داناوە و منداڵ و ژن و کاڵ و هەموو کۆمەڵگە لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و خوێن و جەنگ ناچار دەکەن، ملکەچی ئەو یاسا زۆرەملێیە، کە دوورە لە مۆراڵی مرۆیی بکەن. بەڵام شێعر وەک تۆخمێکی کاریگەر، شاعیر وەک بوونەوەرێکی خاوەن هزر و بە ئاوەز، لە هەموو ئەو یاسا زۆرەملێ و دەسکردانە، نەتەنیا بێزارە، بەڵکوو ڕێگای یاخیبوون بۆ شکاندنی قودسییەتی ئەو سیستەمە تۆتالیتەرە بە بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە چەکی کاریگەری شێعر، ڕێگای بەگژداچوونەوە هەڵدەبژێردرێت. جەلال، وەک شاعیرێکی یاخی و یاساشکێن، خوازیاری هەڵگرتنی تێلبەندی سنوورە دەستکردەکانی نیشتمانەکەیەتی.

**دیسانەوە نیشتمان لێرەدا، بۆتە خەمی قووڵ و ستریێسی گەورەی جەلال، بۆیە پڕ بە گەروو هاور دەکات:**

"کێ مافی داوە بەم جەردانە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئاسمان و زەوین و دەریاکان دابەش کەن؟
کێ بەر درەوشانەوەی هەتاوی گرتوە
کێ ئیزنی پێداون
تیشک لە باڵندە دابڕ کەن؟
سیمای ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆ ڕەش کەن؟
من سنوور ناناسم!
پێم خۆشە هەڵبفڕم
لە گوانی کامە هەور زۆر تەڕە
پاراو کەم ئەم ڕۆحە شەقارەم.
پێم خۆشە
یاسای دەستکردی چی خواوەندی زەوینە
پێشێڵ کەم
بڕۆم و لە نێوان دوو هێمتی دنیادا ڕاوەستم
بست بە بست سەرتاپای نیشتمان
بکەم بە هێلانەی ئەم جەستە ئاوارەم!"

ئەگەر زۆربەی بزووتنەوە سیاسییە ـ چەکدارییەکانی کورد، بە هێنانەوەی ئارگۆمێنتی ئەو لۆژیکە لە سیاسەت، کە گوایە، نیشتمانی کوردان "کوردستان" بەپێی ژێئۆپۆلیتیکی سەردەم، وەک ڕاستییەک بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەری تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا دابەش کراوە و ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوانە، لە بازنەی زەماندا هەوڵیان داوە، کۆمەڵگەی کوردەواری بەو فاکتە بە ناو سیاسییانە، ڕازی بکەن، بەڵام لە ڕوانگەی شاعیری سەربزێوی ماندوونەناسی هەدانەدرەوە ئاوەزی ئەو لۆژیکە، ڕەت دەکرێتەوە و تەوژمی تینی ئاگری سەربەخۆییخوازی و پووچەڵکردنەوەی ئەو سنوورە دەستکردانە، لە کوورەی گەرمی هەستی ناسیۆنالیستیی شاعیری نەتەوەخوازدا دەمێندرێت. لە کاتێکدا کە ڕێبەرانی سیاسیی کورد، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ تەسلیمی سیاسەتی داگیرکەران بوون و دەیانەوێ "سنوورە تێلبەندەکان" لە شعووری سیاسیی کۆمەڵگەی کوردا جێ بخەن، بەڵام بڕوانن، هەتا ئێستا گەر ئەو "خەنە شاعیرانە" لە سەردەمی ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی تا دەگاتە جەلال مەلەکشا، بووە، نەیانهێشتووە خەونی داگیرکەرانی کوردستان وەدی بێن. بڕوانن جەلال،

لە شێعری "ئاواتێک"دا چۆن بێباکانە، "کاوەی کوڕی" بە نوێنەرایەتیی سەرجەم گەلی کورد، دەکاتە گوێگری خۆی و بە گەروویەکی ساف و بێگەرد و تژی لە وشەی حەق، بانگی یەک سنووری دەدا و دەڵێ:

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

"ئاخۆ ئەبێ
ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی
دەلاڵانی بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن
سلێمانی، سلێمانی!"

ئەم شێعرە، دروشم نیە، بەڵکوو ڕاستییەکە، کە تەنیا زمانی شێعر دەرەقەتی دێت. دەرقەت بەو مەبەستەی کە لە ڕێگەی هونەری زمان و دەربڕینی ویستێک، کە ویستی زۆربەی هەرە زۆری گەل و نەتەوەیە. لێرەدا شێعر ئەو ڕەگەزە یاخییەیە، کە بەداوی ڕاوی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا کەوی و دەستەمۆ نابێت! گرنگیی هونەری شێعر، وەک کاریگەرترین چەکی بەرگری، مەزنییەکەی لێرەدا والاتر خۆی دەنوێنێ.

## جەلال و خۆشەویستیی خاک و نیشتمان

نیشتمان، لە شێعری جەلال مەلەکشادا، وەک هەناسەی بەردەوامی ئەوە بۆ ژیان. ئەگەر حەز و خۆشەویستیی جەلال بۆ نیشتمانەکەی، لە شێعرەکانی ئەودا هەلاوێرین، باوەڕ ناکەم، شێعری مەلەکشا، ئەو جوانی و دڵچەسپی و دڵگیرییەی وەمێنێ، کە ئێمە چاوەڕوانیمان لێی هەیە. هەر بۆیە زۆر جار وەک لە شێعری زۆر یەک لە شاعیرانی دیکەی کورددا دەیخوێنینەوە، جەلال لە هێندێک شێعری خۆیدا، نیشتمانی لە خۆشەویستە تایبەتییەکەی خۆی لا گرنگترە. لە خۆڕا نیە تفەنگ، بۆ پارێزگاری لە نیشتمان لە شێعری مەلەکشادا جێگای دیاری هەیە.

دیارە جەلال کاتێک هانا دەباتە بەر تفەنگ، کە ڕێگایەکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە تا بە زمانی نەرمی شێعر، لەگەڵ داگیرکەری نیشتمانەکەی بکەوێتە وتووێژ و دیالۆگەوە. بۆیە ئەو لە دوورەوە ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات و تالێ لە قژی نەرمی ئەو و ڕەقیی تاشەبەردێکی نیشتمانەکەی "کوردستان" بە تەواوی دنیا ناگۆڕێتەوە.

ئەوەتا ئەو بڕیاری خۆی دەکاتە پەیامی دڵنیایی و بەڕێی دەکات بۆ دڵدارەکەی و ئەیژێ:

"دڵدارەکەم!

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

بۆ من مەگری
ڕاستە ئێستا
لە من دووری، لە تۆ دوورم
بەڵام گیانە!
بە شوێن دەنگ و ڕەنگی ونبووی خۆما وێڵم.
دڵنیا بە،
تاشەبەردێ نیشتمان و
تاڵی قژی تۆ بە دنیا ناگۆڕمەوە
هەرگیز، هەرگیز، کوردستان و خەیاڵی جێ ناهێڵم!
تۆ لە شاری، من لە کـوێستان
هەر شەو کاتێ
بە شـریخەی دەنگی تفـەنگ ڕاچڵەکای،
ئەوە منـم
لە کـوێـستانا
لەناو باخچەی کـوردسـتانا
گوڵی سەربەستی دەڕوێنم
گۆرانی عیشق و ئازادی،
بۆ کـــــوردستان،
بۆ تۆی ئازیزم دەخوێــنم"

شاعیری چاونەترس، لەو هەڵوێستە بەرز و جەسوورانەیەی خۆی، مکوڕ و پێداگرتر دەبێ و بە زمان و ئیماژێکی ناتۆرالیستیانە، ڕەهایی خۆی دووپات دەکاتەوە ئەیژێ:

"من دارێکی باڵابەرزم،
گەرچی تووشی
مەرگەساتی وەرزی ڕەشم،
بەڵام هەرگیز
سەرم بۆ چیی دارکونکەرەی دنیا هەیە
دانانوێنم"

**جەلال، باجی هەڵوێستی نیشتمانیی خۆی و سەربزێویی شێعرەکانی، بە ئازار دەکڕێت.**

جەلال، بۆیە بۆتە شاعیر، تا هەڵگری باری دەرد و ئازاری خەڵکی هەژار و چەوساوەی نیشتمانەکەی بێت. نیشتمان بۆ ئەو هاژەی ڕووبارێکی بێ کۆتاییە، کە سەرچاوەی ئەو لەبنەهاتوویە، دەگەڕێتەوە بۆ ئۆقیانووسێک لە خۆشەویستی بۆ زێد و میلکانەکەی. شاعیر کەسێکی بەرپرسیار و پێشەنگی نێو کۆمەڵگەکەیەتی. ئەو داکۆکی لە ئازادیی خەڵکەکەی و نیشتمانەکەی دەکات. ئەگەر شێعر تاقەتی بەو خەباتە نەشکێ، ئەوا خۆی لە پێشدا چەک هەڵدەگرێ و دەبێتە پێشەنگی خەباتێکی بەکردەوە، تا ڕووناکی و ئازادی بگەڕێنێتەوە بۆ خاک و گەلەکەی، چونکە ئەو وەک کەسێکی بەرپرسیار و بە بەڵێن، بەڵێنی بە گەلەکەی داوە.

**بۆیە شێعر و کردەوە و هەڵوێست لە ڕوونگەی جەلال مەلەکشاوە، سێ مەرجی سەرەکین. ئەو بە ئەرکی خۆی وەک شاعیرێک باش شارەزایە، بۆیە دەڵێت:**

**"بووم بە شاعیر**
**دەرد و ئازارم هەڵبژارد**
**لە کارگەی چەوساوەکانا**
**شێعرەکانم کردە تفەنگ**
**بەڵێنیم داوە چەپکێ تیشک**
**لە خۆت بدزم**
**بیدەم لە پرچی شەوەزەنگ."**

شاعیر، نەتەنیا بە شێعر، بەڵکوو بە هەڵوێست و کردەوەش باوەڕمەندیی قووڵی خۆی بە نیشتمانپەروەری دەسەلمێنێ و لە ئاست هیچ شا و سوڵتانێک و فەرمانڕەوایەک، سەر نەوی ناکات. ئەو کوێستانی نیشتمان دەکاتە قایمترتن سەنگەر و پەناگە و لە ڕێی قەڵەم و تفەنگەوە، بەگژ هەموو ئەو کاراکتێرە ماف زەوتکەرە بێزراوانەدا دەچێتەوە و بە کردەوە پەیامی سەربزێوی و یاخیبوونی خۆی لەڕێگەی قەڵەم و چەکەوە،

**بەم جۆرە پێیان ڕادەگەیەنێت:**

**"کڵاوم لارە**

قەڵەمەکەم
لە بەرامبەر
چی سوڵتان و فەرمانڕەوا و داگیرکەرە،
کڕنۆش نابات
هیچیش وەک ئەو
تفەنگە دەم بە هاوارە
واڵە پەنای قەڵەمێکدا
لەسەر پێیە
منی ئەویندار وڵات
دڵخۆش ناکات!"

ئەمە پەیامێکی زۆر ڕوون و بێ گرێوگۆڵە، کە لە بیروباوەڕی قووڵی شاعیرێکی هەتا سەر ئێسقان باوەڕمەند بە نیشتمانپەروەری بە لرفەوە هەڵدەقوڵێ و لە پێناوی پارە و خۆش ڕابواردندا نەتەنیا خۆی و قەڵەمەکەی نافرۆشێت و لە ئاست ئەو کاراکتێرە داگیرکەرانە، ملکەچ ناکات و چۆک دانادات، بەڵکوو بۆ بەربەرەکانێی ئەوان، بە دەستێک قەڵەم و بە دەستێکی دیکەی بە چەکەوە، لە هەمبەر شا و سوڵتان و فەرمانی نارەوای بەناو فەرمانڕەوا ڕادەچەنێ و هەڕەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی، بە کردەوەی لێ دەکات.

مەلەکشا، هەڵگری پەیمان و بەڵێنییەکە کە بۆ ئەو، زۆر پیرۆزە و ئەگەر بۆ خۆشی بۆی نەکرا، ئەوا هەر سێ منداڵەکەی ڕادەسپێردرێت، کە قارەمانیەتیی خەباتە بەکردەوە چەکدارییەکەی، پاش خۆی بکەن بە هۆنراوە،

هەر بۆیە ڕوو لە هەر سێ کوڕەکەی دەکات و دەڵێ:

"شاهۆ! کاوە!
من بەڵێنیم بە گەل داوە،
حەماسیەک بخوڵقێنن،
نیما بیکا بە هۆنراوە!"

تفەنگ لە شێعری جەلالی مەلەکشا، تەنیا کەرەستە و ئامرازی بەرگری لە نیشتمانەکەیەتی، چونکە ڕێگای پێ نادرێت، لە ڕێگەی دیالۆگ و زمانی ئاشتییەوە، وەک ئاخێوەرێکی ئاشتیخواز بئاخوێ و گوێ لە خواست و داوا ڕەواکانی بگیردرێت. هەر

بۆیە لە ڕووی ناچارییەوە، بۆ مانەوەی خۆی و پاراستنی خاکی نیشتمانەکەی پەنا دەباتە بەر تفەنگ و دەیهەوێ بە زەبری تفەنگ لە زمانی شێعرەوە، سنوورە دەستکردەکان بشێوێنێ. ئەو تەنیا لە خەمی بەشێک لە نیشتمانەکەیدا نیە، بەڵکوو هەڵگری خەمی هەموو بەشەکانی خاکەکەیەتی. جەلال، وەک شاعیرێکی سەربەست و ئازا، ئازایانە بیر دەکاتەوە و شێعر بۆ کوردستانێکی هاوبەش دەچڕێ.

**نموونەی زەقی ئەم سترانە شێعرییە، لێرەدایە کە بە ناوی "من دڵداری کوردستانم" بانگەشەی بۆ دەکات:**

"سنوورەکان بشێوێنن
من تامەزرۆی بۆن و تامی نیشتمانم
چۆن هەنگ شەیدای گوڵەباخە،
من دڵداری کوردستانم.
من ئەزانم
بەفر بۆ خوێن
چۆن باوەشی ئەکاتەوە
داربەڕووەکان بە کام تاوان ئەسووتێنن
من ئەزانم
مرۆڤ لەگەڵ بیری مەرگا چلۆن ئەژی
پەڵەنگ ناوی ڕق و کینە
لە کام کانی ئەخواتەوە
من ئەزانم
تینووەکان چۆن
مەمکی چیا ئەچەکێنن
کوێستان چۆن خوێن لە ڕوخساری ئەسڕێتەوە
دڵدارەکان
بە کام وشە دێنە بەیان
تفەنگ بە کام دەنگ و زمان
سیاچەمانەی لوردەواری ئەچڕێتەوە.
من دڵداری کوردستانم
من ئەمەوێ
لە شەقامە قۆرخەکانی دیاربەکرا

شمشاڵ لێ دەم
قام و حەیران بخوێنمەوە
لە چوارچرای مەهاباد
هەڵکەم ئاڵای کوردستان
لە قامیشلی هاوار کەم
لەگەڵ چینی کرێکارا
شاری کەرکوک،
بە مان گرتن بژوێنمەوە."

شاعیر، کولتووری سیاسی و زمانی لۆژیکی دوژمنی خۆی، هەم لە بواری سایکۆلۆژی و هەم لە بواری شێوەی هەڵسوکەوت، زۆر بە باشی دەناسێت. هەر بۆیە، سەرەڕای ئەوەی کە تفەنگ، بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی، لە نەبوونی زمانی هاوبەشی دیالۆگدا، بە پێویستییەکی سەرەکی دەزانێت، تەنیا خۆی بۆ شێوازی بەرگری بە کردەوە ئەرکدار ناکات، بەڵکوو، شاعیرانی دیکەی هاوزمان و هاوڵاتیی خۆی، هان دەدات، کە لە کەشی سەرکوت و تۆقاندن، زمانی ئاشتیخوزانە، وەڵامدەر نییە، بەڵکوو شاعیرانی دیکەش ئەرکدار دەکات، کە هاوکات لەگەڵ شێعر، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیار و نەجاتی نیشتمانەکەیان، ئەوانیش چەک هەڵبگرن و تفەنگ لە شان بکەن.

لە بەشێک لە شێعرێکیدا، کە بۆ شاعیری کۆچکردووی گەورەی کورد "شێرکۆ بێکەس" نووسیویەتی، ڕوو لە شاعیرانی وڵاتەکەی دەکات و پێیان ئەیژێ

"شاعیرانی وڵاتەکەم، پێتان دەڵێم
سەری شێعری بێ چەک دەبڕن
شێعری بێ خوێن
زەرد و بێ هێز و لاوازە
شێعرێ چیای تێدا نەبێ
سکی دەدڕن
پێتان دەڵێم
بۆیە شێعرم خوێناوییە و
سوورە ڕەنگم
من شاعیری نیشتمانی خوێن و کوێستان و تفەنگم."

نیشتمانپەروەریی خۆشەویستیی نیشتمان لە شێعرەکانی جەلال مەلەکشا، هەر هەمان ڕێچکەی خۆشەویستیی بۆ خاک و ئاوی زێدێکن، کە لە شێعرەکانی "هێمن و هەژار، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس" و دەیان شاعیری دیکە، تا دەگەنە شێعرەکانی ئەو، شۆڕ دەبنەوە.

جەلالی مەلەکشا، لەگەڵ دەرد و مەرگ و هەژاری و ڕۆژڕەشیی نەتەوەکەی نەتەنیا زۆر ئاشنایە، بەڵکوو ئەو بۆ خۆی یەکێک لەو کەسانەیە، کە تا سەر ئێسقان، هەستی بە هەژاری، ڕۆژڕەشی و بێبەشیی نەتەوەکەی کردوە.

لە بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی زۆر جار، چاومان بە مۆنۆلۆگێکی تاکە کەسیی دەکەوێت، واتا خۆی لەگەڵ خۆی دەدوێ، بەڵام لە ڕاستیدا، مەبەستی سەرەکی، گەلەکەیەتی، کە بۆ خۆی نموونەی زیندووی ئەو ڕاستییە تاڵەیە.

جەلال لەنێو دڵی نیشتماندا ژیا و لەپێناوی ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەی، لە ڕێگەی هونەری دەربڕین و شێعرەوە جەنگا و لە ئاکامیشدا هەر بۆ ئەوان مرد. هەر بۆیە، لە کاتی مردن و بە خاکسپاردنی تەرمەکەیدا وەفاداریی خەڵکمان بە شاعیرە نەترسەکەیان بینی! شێعرەکانی جەلال مەلەکشا، دەربڕی هەڵوێستەکانییەتی ئاوێنەی بالانوێنی ڕاستیی تاڵی نەتەوەکەیەتی. لە کۆی شێعرەکانی مەلەکشادا، نیشتمان، خاک، تووڕەیی، کوێستان، چەک، ڕووبار، شمشاڵ، گوڵ و ... هتد، دیارترین سیمبۆل و توخم و ڕەگەزەکانی شێعریی ئەو پێک دێنن.

بێگومان، باسکردن و شرۆڤە و شیکاریی لەم ڕەهەندەی شێعری جەلال، زۆر زیاتر لەمە هەڵدەگرێ. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی زۆر خێرا و سەرپێی لە نێوان شاعیرانی مێژووی شێعری بەرگریی لە جیهاندا بکەین، بە باوەڕەوە ئەوە دەڵێم، کە جەلال مەلەکشا، هیچی لە شاعیرانی ئەو بوارەی وەک: "شێئاندرۆپێتۆڤیی مەجارستانی، لۆرکای ئیسپانیایی، ڕامبۆ، مەحموود دەرویش، غەسان کەنەفانی" و زۆر شاعیری دیکە ئەگەر زیاتر نەبێ، کەمتر نیە.

شێعری جەلال مەلەک شا فرەڕەهەند و زۆر چەشنە، هەر بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی شێعری ئەم شاعیرە نیشتمانپەروەرە، پێویست بە لێکۆڵینەوەیەک چڕ و پڕی هەمەلایەنەی بە کۆمەڵ دەکات.

## هێندێک وردە سەرنج:

ئەوەی کە دەڵێن جەلال مەلەکشا، شاعیری شێعری بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بە باوەڕی ئەز، ئەمە هەڵەیەکی زەق و

بەرچاوە کە بەئەنقەست، یان نەزانانە دەکرێت. چونکە ئەو هێلکاری و سنووربەندییە لە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەییماندا نیە. ئێمە ناکرێ بلێین "ئەحمەدی خانی شاعیری باکوورە"، "حاجی قادری کۆیی، ئی باشوورە" و "جگەرخوێن تایبەتە بە ڕۆژئاوا". ئەم هێلبەندییانە، ڕەنگە لە نێوان ڕێبەرانی سیاسیی کورددا، بەپێی لۆژیکی سیاسەتی ئەوان بگونجێندرێت، بەڵام بۆ شاعیرانی شۆڕشگێڕ و نەتەوەییمان، هەڵەیەکی مەترسیدار و کوشەندەیە!

لە پێوەندیی لەگەڵ زمانی شێعریی جەلال مەلەکشادا دەبێ بڵێم، شاعیر چونکە لەنێو کۆمەڵگەکەی خۆیدا ژیاوە، زۆر بە باشی ئەو کۆمەڵگەیە دەناسێت، هەم لە بواری دەروونییەوە و هەمیش لە بواری هزری و شێوەی بیرکردنەوەیان. لەوەش گرنگتر، شارەزایی لە زاراوە و بنزاراوە و زمانی کوردی بەگشتی، کە شاعیر زۆر بە باشی دەسەڵاتی بەسەر زمانی دایکیی خۆیدا دەشکێ. هەر بۆیە ئەو لە هەمانکاتدا کە سادە دەنووسێ، بەڵام جۆرێک دەنووسێ، کە ناخی کۆمەڵگە دەهەژێنێ. ئەو بۆ سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکانی نەتەوەکەی شێعر دەنووسێ. هەر بۆیە زۆر بە باشی پێشوازیی لە هەڵبەستەکانی دەکرێت. تۆخیی زمانی ڕەسەنی کوردی، لە هەموو دەقە شێعرییەکانی جەلال مەلەکشادا، وەک زوڵاڵیی ئاوی کانیی بەرمانگەشاوی کوێستانی کورد، ڕۆشن و دیار و خویایە.

زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە سادەنووسی لە شێعردا، نەتەنیا هونەرێکی سادە و سانا نییە، بەڵکوو زۆر دژوار و چەتوونە! چونکە شێعری جەلال، چەندە بە زمانێکی سادە نووسراوە، بەڵام هەڵگری نێوەرۆکێکی زۆر بەهێز و دەوڵەمەندیشە و پەیامێکی بەرز و ئینسانییە.

**هیوادارم، لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری وێژە و ئەدەبی کوردی و بەتایبەت، شارەزایەنی بواری هونەری شێعر، لە داهاتوودا بتوانن هەڵسەنگاندنێکی زۆر وردبینانە و هەمەلایەنانە بۆ شێعرەکانی شاعیری شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەری کورد، مامۆستا جەلال مەلەکشا بکەن.**

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# دیپڵۆماسیی بازرگانیی ترامپ لە کەنداو ناتوانێ گیروگرفتی ئێران پاشگوێ بخات



**شوکریە برادۆست**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

دوایین سەفەری سەرۆککۆمار ترامپ بۆ کەنداو پەیامێکی ڕوونی پشتڕاست کردەوە: سەرەڕای بەڵێنییەکانی پێشووی واشینگتۆن لەمەڕ "دوور کەوتنەوە" لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و نزیکبوونەوەی لە خۆرهەڵاتی ئاسیا، وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ پلانێکی بۆ کشانەوە لە ناوچەکە نیە. وەکوو باس کرا، هەڵوێستی ترامپ بە بەراورد لەگەڵ سەرۆک کۆمارەکانی پێشوو فرە جیاواز بووە، کە جەختیان لەسەر دێموکراتیزە کردن، ناردنی هێزی سەربازیی زەبەلاح، یان سیاسەتی دەستێوەردانی پاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر دەکردەوە. دەوڵەتی ناوبراو جەختی لەسەر سەردەمێکی نوێی هاوکاریی، کە بناخەی لە جیات مودێلی کۆنباوی کڕیار-خاوەندار کە زۆر دەمێک بوو تایبەتمەندیی پەیوەندیی لە ناوچەکە بوو، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دوولایەنەی بازرگانی کردوە. لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئیمارات، محەممەد بین زاید ئەلنەهیان لە کۆشکی دەوڵەتی، کاردانەوەی ترامپ بەرامبەر بە وەبەرهێنانی زەبەلاحی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەو

شێوەیە بوو. ئەو گوتی "گەلێک سپاس. ئێمە زۆر بە جیددی کار دەکەین تا بیسەلمێنین کە شایانی ئەوەین." ئەوە چرکەساتێکی درکێنەر بوو: بە کردەوە، ترامپ ڕایگەیاند کە هاوکات لەگەڵ پەرەئەستاندنی دەستڕۆیشتوویی چین لە ناوچەکە، وڵاتە یەکگرتووەکان ئێستا دەیهەوێ هاوبەشی سەرەکیی کەنداو بێ.

ئەو ڕێککەوتنانەی لە کاتی سەردانی ترامپ لەگەڵ عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و قەتەر ڕاگەیەندران، هەم لە ڕووی بەرفراوانی و زەبەلاحی و هەروەها مەبەستەوە، مێژوویی بوون. بەڵام ئەوەی لە کاتی هەر سێک سەردانەکەدا سەرنجڕاکێش بوو، باسی ئێران بوو، بە تایبەت بەرنامەی ناوکییەکەی و چالاکییە ناوچەییەکانی. ترامپ لە کاتێکدا ستایشی دەوڵەتانی کەنداوی لەبەر گۆڕینی دیمەنی بیابان بەرەو ناوەندی خۆشبژیوی و سەردەمیانە بوون کرد، لەبەر پێڕانەگەیشتن بە خەڵکەکەی، ڕەخنەی لە ڕێژیمی ئێران گرت. ئاماژەی سەرۆککۆماری ئەمریکا بە ئێران تەنیا باشوێژیی نەبوو. ئەوە کاردانەوەی تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی کەنداو بوو؛ واتە بەبێ چارەسەرکردنی دەوری ناسەقامگیرکەرانەی ئێران لە ناوچەکە، هەر چەند وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا بکرێ، سەرکەوتنی بەردەوامی ئابووری مسۆگەر نابێ. بە کورتی، پەیامی ترامپ ساکار بوو: ئاسایش و سەقامگیریی بناخەکانی خۆشبژیویی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستن و ئێران بەربەستی سەرەکی بۆ هەردووکیانە.

## سەرەڕای شکستەکان، هێشتا ئێران هەڕەشەیە

ئێران لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە پاشەکشەدایە. پاش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، بەرەی مقاومەت بەرەورووی شکستی کارەساتبار بۆتەوە: هەرەسهێنانی توانای حیزبوڵڵا و کوژرانی ڕێبەری لەمێژینەی ئەو گرووپە، حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنان؛ ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە و، لێدانەکان لە میلیشیای بەکرێگیراوی ئێران لە عێراق. بەڵام هێشتا هێزێکی بەتوانا لەلای تاران ماوە: حوسییەکانی یەمەن. ئێران بە شێوەی پەرەئەستێن لە ساڵی ٢٠٢٠ بەولاوە ڕووی کردووەتە "باڵا دەستی"ی دەریایی، بە تێوەگلاندنی ئامرازە نەریتییەکانی ئەو وڵاتە بۆ شەڕی ناهاوسەنگ، واتە هاژەک، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ڕاوێژکارانی پسپۆڕ لە بواری شەڕی دەریاییەوە کە ئەو تواناییەی بە حوسییەکان بەخشێوە تا پێش بە بازرگانیی دەریایی و چالاکییە دەریاییەکان لە دەریای سوور و ئەولاتر بگرێ.

بۆ وڵاتانی وەک عەرەبستانی سعوودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، کە هەردووکیان لە لایەن تاقمەکانی سەر بە ئێران، لە ناویاندا حوسییەکانی یەمەن، بە ئامانج گیراون، هەڕەشەکە هەستپێکراوە. ئەو وڵاتانە دەزانن کە هیچ دوورە دیدێکی ئابووری، لە ناویاندا خولیای بەرزەفڕانەی ٢٠٣٠، ناتوانێ بەبێ چارەسەر کردنی هەڕەشەی ئێران سەرکەوتوو بێ.



سەرچاوە Serchawe

ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستان و ئێران، کە لە ٢٠٢٣ لە بەیژینگ واژۆ کرا، هەوڵێک بۆ ئەو مەبەستە بوو. لە کاتێکدا کە ڕێککەوتنەکە بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە یارمەتیدەر بوو، حوسییەکان هێشتا وەک شمشێری دامۆکلاس بە سەر ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە و لە ئەگەری شکستی دیپلۆماسی، ئامادەی هێرشن.

لەبەر ئەو هۆیەیە کە وڵاتانی کەنداو نەتەنیا نیگەرانی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە لایەن ئێرانن، ئەوان لەوەش زیاتر نیگەرانی ئەوەن کە ئاخۆ ڕێککەوتنێکی ناوکی لەگەڵ ئێران چ ئاسەوارێکی لەسەر پشتگیریی دارایی لە ڕایەڵەی بەکرێگیراوەکانی ئەو وڵاتە و پۆشتە کردنەوەیان دەبێ. ڕێککەوتنێک کە گەمارۆ ئابوورییەکان نەهێڵێ بەڵام لە سنووردارکردنی بەرنامەی هاژەکیی ئێران و لاواز کردنی هێزە بەکرێگیراوەکانی ناسەرکەوتوو بێ، بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێگە بە ئێران دەدا دەسەڵاتە هەرێمییەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشوو و جارێکی دیکە دەست بە ناسەقامگیر کردنی ناوچەکە بکات.

لە لایەکی دیکەوە، نەبوونی هیچ ڕێککەوتنێک بە هەمان شێوە ترسناکە. بێتوو پێشی پێ نەگیرێت، ئێران درێژە بە کەلکوەرگرتن لە بەکرێگیراوەکانی بۆ لە مەترسی هاویشتنی ئاسایشی دەریایی و ناوچەیی و هەروەها بەرەوپێش بردنی بەرنامە ناوکییەکەی تا لێواری خاوەنی چەکی ناوکی بوون دەدا. ڕێبەرانی کەنداو و وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەوڕووی مەتەڵێک بوونەوە: چاوترسێنکردن بەبێ دیپلۆماسی مەترسی قووڵتر بوونەوەی گرژییەکانی هەیە، لە کاتێکدا دیپلۆماسی بێ چاوترسێن کردن مەترسی بەهێز کردنی خولیای تاران بۆ بەدەستەوە گرتنی هەژمۆنی ناوچەیی هەیە.

## نەیارێکی پێویست

هاندەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدان بە خەبات دەگەڕێنەوە ئەولای سیاسەتی پراگماتیکی جوغرافیایی؛ ئەوان ڕیشەیان لە مانەوەی ئایدیۆلۆژیکیدایە. ڕێژیمی پیاوانی ئایینیی ئێران لەسەر دژایەتی لەگەڵ بوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و مانەوەی ئیسرائیل دامەزراوە. ئەو دوو چەمکە سەرەکییانە، تەنانەت لە کاتێکدا کە دەستڕۆیشتوویی ئێران بەردەوام بەرەو لاواز بوونە، جارێکی دیکەش لە لێدوانی ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیی، لە نێوەڕاستی مانگی مای، دووپات کرانەوە. لە کاردانەوەیەکدا بە لێدوانی ترامپ لە عەرەبستانی سعوودی، خامنەیی لە چاوپێکەوتنێکی گشتیدا جەختی کردەوە: "بە هەوڵەکانی دەوڵەتانی ناوچە، ئەمریکا دەبێ ناوچەکە بەجێ بێڵێ و هەر واش دەبێ".

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

بەڵام، لەگەڵ لاواز بوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەو چەسپە ئایدیۆلیژیکییەش لاواز دەبێ کە کۆماری ئیسلامی پێکەوە دەبەستێتەوە. بەبێ دوژمنی دەرەکی، قەیرانە نێوخۆییەکانی، گەندەڵیی بە دامەزراوەیی کراو، دامودەزگای فەشەل و نارەزایەتی گشتیی بەربەرین چیدیکە ناکرێ پشتگوێ بخرێن. لە دوورەوە، چالاک کردنەوەی پشتگیریی لە بەکرێگیراوە ناوچەییەکان و نانەوەی کێشەی ناوچەیی نە تەنیا ئامرازی بەکەڵکی سیاسەتی دەرەوەن، بەڵکو تاکتیکگەلی ژینەکی بۆ بەردەوامیی ڕێژیمی مەلایانن.

لە کۆتاییدا، هەر جۆرە وەرسووڕانێکی ئابووری لە کەنداو، زیاتر لە ژێرخان، وەبەرهێنان یان داهێنان دەخوازێ. ئەو پێویستی بە نەخشەیەکی ئاسایشی ناوچەیی سەقامگیرە کە ستراتێژیی بڕواپێکراو و سەپێنەر بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران لەخۆ بگرێ. جا ئەوە چ بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر بێ کە بەرنامەی ناوکی ئێران، جبەخانەی هاژەکی و تاقمە بەکرێگیراوەکانی بگرێتەوە یان بە چاوترسێن کردنی هاوئاهەنگی ناوچەیی، هەر دوو واشینگتۆن و هاوبەشەکانی لە کەنداو دەبێ بە کردەوە ئالنگارییەکانی ئێران چارە سەر بکەن. دەنا، خولیای کەنداو بۆ "خۆشبژیویی" بەردەوام بارمتەی ئەو مەترسییە چارەسەرنەکراوانە دەبێ کە هەڕەشە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن.

**١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# ڕوانینی تایبەت!




**ئاسۆ مینبەری**

سیاسەت و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە تاکەکانی ئەو جوغرافیایە کە ئێرانی پێ دەگوترێ، زۆر بە ئاسانی لە هەڵسوکەوت و وتەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە و بەتایبەت لە قسەی بەرپرسانی یەکەمی ئەم دەسەڵاتەدا دەردەکەوێ. زۆر جار بە گوێگرتن لە لێدوانێک یان تەنانەت خوێندنەوەی دێڕێک لە کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، دەریایەک لە نەزانی دەرکەوتوە و هەر لە چوارچێوەی ئەو لێدوان و دێڕەشدا سیاسەتی فەرمیی ئەو دەسەڵاتە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرینگی گرێدراو بە کۆمەڵگەی ئێران ڕوون بووەتەوە. ئەم ڕوونبوونەوەیەش زۆر جار هیچ پێویستی بە شیکاری و وردبوونەوەش نیە و ڕواڵەتی قسە و نووسینەکان، قووڵایی کارەساتەکە بە باشی نیشان دەدەن.

پرسی ژن یەکێک لەو پرسانە بووە کە هەمیشە لای دەسەڵاتدارانی ڕێژیم نەک پەراوێز خراوە بەڵکوو زۆر بە ئاسانی سڕدراوەتەوە و هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەموو لێدوانەکانی پێوەندیدار بە ژنانیشدا، ئیدعای ئەوە کراوە کە کۆماری ئیسلامی بەرگریکاری مافی ژنانە و هەموو ئەو چوارچێوە و سنوورانەی کە بۆ ژنان دانراوە،



سەرچاوە
Serchawe

ڕێک بۆ پاراستنی خودی ژنانە! بۆ نموونە باس لە پرسی حیجاب دەکرێ کە ئەمە بۆ پاراستنی ژن و دابینکردنی ئەمنییەتی ژن پێویستە، لە کاتێکدا کە خودی ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر دابینکردنی ئەمنییەت بە ڕەچاوکردنی حیجابی ئیسلامی، نیشاندەری نەبوونی ئەمنییەت لە کۆمەڵگەیەکە کە خودی کۆماری ئیسلامی بونیاتی ناوە و داننان بەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگەی ئێران لە ڕوانگەی خودی کاربەدەستەکانیشیەوە ئەمنییەتی تێدا نیە! بەڵام پرسێک کە لەم وتارەدا باسی لێوە دەکرێ، ڕوانینی بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە ژنانە؛ لە ڕۆژانی ڕابردوودا، محەممەدڕەزا عارف جێگری یەکەمی مەسعوود پزشکییان، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران، لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە قسەی خۆیان لە بیاقی ئەندێشەی خومەینیدا بەڕێوە چوە، باسی لە ڕوانین خومەینی وەک دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا کردووە و گوتوویەتی: "ئیمام ڕوانینێکی تایبەتی بە ژن هەبوو. ئەو ژنی بە هێزی چالاک و کاریگەری دەروازەی بنەماڵە و کۆمەڵگە دەزانی". چاوخشاندنێک بەسەر ڕووداوەکانی پاش هاتنەسەرکاری خومەینی وەک یەکەم ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئەم وتەیەی خومەینی زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

خومەینی هەر لە دوای هاتنە سەرکارییەوە، پێش هەموو کەسێک سیرەی لە ژنان گرت و پرسی حیجابی زۆرەملێی هێنایە گۆڕێ و بڕیاری دەرکردنی ئەو ژنانەی لە ئیدارەکان دا کە ڕەچاوی ئەم حیجابە زۆرەملێیە دڵخوازەی ئەو نەکەن. خومەینی لە قسە و لێدوانی جیاوازدا، ژنانی خستوونەتە بەر شەپۆلی ڕقی خۆیەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی سنووردارکردنی ژیان و چالاکییەکانی داون، بۆ نموونە لە یەکەمین وتار و قسەکانی خۆیدا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەڵێ: ژن دەبێ لە ماڵەوە بێت و منداڵ بەخێو بکات، ئەمە شتێکە کە ئیسلام وگتوویەتی. ئازادیی ژن بەو مانایە کە ڕۆژاواییەکان باسی دەکەن، گەندەڵییە و لە زۆر پرسی جیاوازدا وەک مافی بەشداریی سیاسی و دەنگدان یان خوێندن لە زانکۆ و دادوەری بۆ ژنان، ئەمانەی بە مەرجێک بۆ ژنان بە ڕەوا زانیون کە هاوکات بن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێوەرە ئیسلامییەکان. خومەینی وەک کەسی یەکەمی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ئاخوندی لە ئێران، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دژایەتیی خۆی لەگەڵ ژنان بە ئاشکرا دەربڕی و ڕێچکەیەکی دیاری کرد کە هەتا ئەمڕۆ لە دژی ژنان لەگەڕدایە و ژنان سەرەکیترین قوربانیی ئەم سیستەمەن. لەلایەکەوە بە دانانی پێوەری ئایینی و لەلایەکی ترەوە بە زاڵکردنی سیستەمی پیاوسالاری و لەلایەکی تریشەوە بە پەروەردەیەکی دژەژن، هێرشەکانی بۆ سەر ژنان بە سیستەماتیک کرد و ئەم شێوە ڕوانینەی لە کۆمەڵگەدا کردە باو. هەرچەند کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانیشەوە ژنان بەرەنگاەی ئەم بیرکردنەوە بوونەوە بەڵام بە هۆی هەبوونی ئیمکانات و دەرفەتی زیاتر بۆ ڕێژیم، ئەم بەربەرەکانێیە تاکوو ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئەم ڕوانینە تایبەتە کە بە قسەی عارف، خومەینی بەرانبەر بە ژنان هەیبووە ئایا جگە لە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

دواخستن و پەراوێزخستنی زیاتری ژنان، ئاکامێکی هەبووە؟ ئایا وەک عارف دەڵێ لەم جۆرە ڕوانینەدا، گرینگییەک بە هێزی ژن دراوە یان تەنیا وەک لە ڕستەکەشدا دیارە، ئەم بەهێزبوونە تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ و ئەرکی ماڵداری و دایکایەتیدا پێناسەی بۆ کراوە؟ ئەگەر ئەم ڕوانینە سەقەتە لای کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ڕوانینێکی تایبەتە، ئەی چۆن ئەبێ لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن، پەراوێزخستن و بە سەدان مافی ژنان وەک مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا بڕوانین؟ ئەگەر ئەمە ڕوانینە تایبەتەکەیە کە خۆیان پێیان وایە لە ڕاستای گەشە و سەرکەوتنی ژناندایە، ئەی ڕوانینە ئاساییەکە چۆن پێناسەی بۆ دەکرێ؟

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ژن لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا، بوونەوەرێکی پلە چەند و هاوکات لاواز و بێدەسەڵاتە کە تەنیا لە کاتی پێناسەی پیاواندا و وەک ڕەگەزی بەرانبەری ئەوان، پێناسەی بۆ دەکرێ و قەت وەک مرۆڤێکی سەربەستی خاوەن ماف و ئازادی چاوی لێ نەکراوە. ئەم ڕوانینە تایبەتەی ڕێژیم، لە جۆری خۆیدا مەترسیدارەترین ڕوانین بەرانبەر بە ژنان بووە چونکە ئاکامەکەی بێبەریکردنی کۆمەڵگە لە وزەی ژنان و هاوکات بێبەریکردنی ژنان لە هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتنێک بووە.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# سیاسەتی ئاویی ئێران و تورکیە دژی بزووتنەوەی کورد



ڕەحیم نزهت‌زادە

(ئاوی کوردستان؛ ئامرازە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئێران و تورکیە بۆ سنووردارکردنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان)

## پوختە

سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەو ڕووبارانەی لە چیاکانی زاگرۆس، ئارارات و باکوری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن، سەرەڕای توانایەکی یەکجار زۆریان بۆ گەشەسەندنی ئابووری و ژینگەیی، بوونەتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکیی خەڵکی کوردستان. ئەم نووسینە بە کەلکوەرگرتن لە ڕێبازێکی شیکاری و بەڵگەدار لە سیاسەتی ئاوی حکوومەتی ئێران و تورکیە دەکۆڵێتەوە و نیشان دەدات، کە چۆن ئەم سیاسەتانە بژێوی ژیان و ژینگە و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیان تێکداوە.

## پێشەکی

کوردستان، ناوچەیەکی شاخاوییە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەرچاوەی گرنگترین ڕووبارەکانی ناوچەکەیە: دیجلە، فورات، زێی گەورە و بچووک، سیروان، قزڵئۆزەن و چەند ڕووبارێکی دیکە. خەمڵاندنەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە ٦٠%ی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەویی ئێران (بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی وزەی ئێران، ٢٠٢٠) لە چیاکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام لەم دەیان ساڵەی دواییدا، ئەم سامانە سروشتییە بووەتە ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و کۆنتڕۆڵکردن و لاوازکردنی خەڵکی کوردستان.

## سیاسەتی ئاویی ئێران

لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ئێران دەستی بە پرۆژەی بەرفراوانی دروستکردنی بەنداو و گواستنەوەی ئاو کردوە، لەوانە ئەمانەی خوارەوە:

## کاریگەری لەسەر کوردستان – هەڵکەوتە – پرۆژە

- کەمبوونەوەی ڕۆیشتنی ئاو بۆ خوارەوە، لافاوگیربونی گوندە سنوورییەکان-ڕووباری سیروان، مەریوان-بەنداوی داریان.
- کۆنترۆڵکردنی ئاوی خواردنەوە و کشتوکاڵی شاری سنە، سنووردارکردنی گوندەکان - سنە - بەنداوی قشلاق.
- گواستنەوەی ئاو بۆ گۆلی ورمێ بەبێ تەرخانکردنی مافی پێویست بۆ ناوچەکە خۆی، - بانە و سەردەشت - گواستنەوەی ئاوی زێی بچووک.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئێران (١٤٠٠) زیاتر لە ٧٥%ی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژئاوای وڵات بۆ ناوچەکانی نێوەڕاستی ئێران دەگوازرێتەوە.

## لێکەوتەی ژینگەیی و ئابووری

- وشکەساڵی ڕووبارەکان: کەمبوونەوەی ٤٠ - ٦٠% لە لێشاوی سیروان و زێ. (ڕێکخراوی پاراستنی ژینگەی ئێران، ٢٠٢٢)

- لەناوبردنی تاڵاوەکان: وشککردنەوەی تاڵاوەکانی زرێوار لە تاڵاوەکانی مەریوان و پیرانشار.
- کەمکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان: دابەزینی ٥٠%ی بەرهەمی گەنم و جۆ لە پارێزگای کوردستان (وەزارەتی جیهادی کشتوکاڵی، ٢٠٢٠).
- کۆچی گوندنشین: چۆڵکردنی ١٣٥ گوندی پارێزگای سنە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠١٦ (ناوەندی ئاماری ئێران).

## سیاسەتەکانی ئاویی تورکیە

- پرۆژەی گاپ" :(GAP) پرۆژەی گەشەپێدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (GAP) "٢٢ بەنداو و ١٩ وێستگەی کارەبای ئاوی لەسەر ڕووبارەکانی فورات و دیجلە لەخۆ دەگرێت کە کاریگەریی زۆری لەسەر ژینگەی کوردستانی عێراق و ئێران هەیە و بەشێک لە ئاسەوارەکانی بریتین لە:

- کەمبوونەوەی ڕژانی فورات بۆ سووریە و عێراق (بە ڕێژەی ٥٠%) لە سۆنگەی بەنداوی ئەتاتورک
- کەمکردنەوەی ئاوی دیجلە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق (٤٠% کەم بوونەوە)، - ژێرئاو کەوتنی شاری مێژوویی حەسەنکەیف بەهۆی لێدانی بەنداوی ئیلیسو

## ئەرکی ئەمنییەتی و ژێئۆپۆلیتیکی

- ئامرازێکی گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان: لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم (٢٠١٧)، تورکیە هەڕەشەی بڕینی ئاوی کرد.
- کۆنترۆڵکردنی پەکەکە: لەنێوبردنی ڕێڕەوی شاخ بە دروستکردنی بەنداو لە ناوچە سنوورییەکان بۆ سنووردارکردنی جموجۆڵی هێزەکانی پەکەکە
- بەستراوەکردنی هەرێمی کوردستان: بە سنووردارکردنی ئاو، حکوومەتی تورکیە نفوزی ئابووری و سیاسیی بەسەر هەولێر و سلێمانیدا زیاد کردوە.

## شیکاری ژێئۆپۆلیتیکی: ئاو وەک چەکێکی بێدەنگ

دکتۆر فاتمە ئامان (شارەزای ژێئۆپۆلیتیکی ئاو، ئەنجومەنی ئەتڵەسی، ٢٠٢١) ڕای وایە کە ئاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

تەنها سەرچاوەیەکی ژیانی نیە، بەڵکوو ئامرازێکی کۆنترۆڵ و تەنانەت شەڕە. سیاسەتی ئاوی ئێران و تورکیە لە کوردستان نموونەیەکی ڕوون و ئاشکران بۆ بەکارهێنانی ئاو وەک کارتی گەمە بۆ گوشارخستنە سەر کەمینەکان و بزووتنەوە مافخوازەکان.

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان

- زیادبوونی هەژاری و بێکاری: لەگەڵ لەنێوچوونی کشتوکاڵ، ڕێژەی بێکاری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ٢٠-٣٠% لە تێکڕای ئێران زیاترە.

- لەنێوبردنی چەندی سروشتی: کەمبوونەوەی جۆرەکانی ڕووەک و ئاژەڵ و ماسی (سەنتەری جۆراوجۆری بایۆلۆژی کوردستان، ١٤٠٢)

- لەنێوبردنی ناسنامەی کولتووری: کۆچی گوندنشینەکان بۆ لێوارەکانی شار و لەدەستدانی داب و نەریتی ناوچەیی.

## چارەسەر و پێشنیارەکان

- هاوکاریی نێوان کوردستانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە بە سەرپەرشتی دامودەزگا جیهانییەکان (UNESCO ، UNECE) و پشتبەستن بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ئاو.

- بەرهەمهێنانی نەخشەی سەرچاوە ئاوییەکان و ئامادەکردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی لە میدیای نێودەوڵەتیدا، بە بەڵگەکردن و ئاگادارکردنەوە.

- تۆمارکردنی سکاڵا لە دەزگا نێودەوڵەتییەکان (وەک دادگای ژینگەیی لاهە) بۆ پاراستنی مافەکان و فشاری دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ.

- کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای ئاودێریی سەردەم و گەڕاندنەوەی سەرچاوە نێوخۆییەکان بە بەشداریی پێکهاتە کوردییەکان - کشتوکاڵی بەردەوام.



سەرچاوە Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**– کۆتا پەیڤ**

سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان سامانێکی ژیان، کولتووری و ناسنامەیە بۆ خەڵکی ناوچەکە. سیاسەتە ئامانجدارەکانی ئێران و تورکیە بۆ کۆنترۆڵکردن و گواستنەوەی ئەو سەرچاوانە، نەک هەر ژینگە و ئابووری ناوچەکەی لەنێو بردوە، بەڵکوو بووەتە ئامرازێک بۆ سەرکوتکردنی ئازادی و سەربەخۆیی. داکۆکیکردن لە مافەکانی کوردستان تەنها پرسێکی ژینگەیی نیە، بەڵکوو مافێکی سروشتی و ئینسانی و نەتەوەیی خەڵکی ئەم خاکەیە.

***

**سەرچاوەکان:**


١- وزارت نیرو ایران، «گزارش منابع آب غرب کشور»، ١٣٩٩

٢- مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی، «چالش‌های امنیت آب در غرب ایران»، ١٤٠٠

٣- Tigris & Euphrates Initiative, Final Report, 2022

٤- فاطمه امان، "Water Geopolitics in the Middle East", Atlantic Council, 2021

٥- مرکز آمار ایران، «مهاجرت داخلی استان کردستان»،١٣٩٥


٦- سازمان حفاظت محیط زیست ایران، «وضعیت تالاب‌های غرب کشور»، ١٤٠١


**١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

## پیتی "ژ" پیتێکی سەرەخۆرە و مەترسیدارە



**دارسمە**

پارێزگـای سنە پارێزگـایەکی سـەیرە. پێتـان وانەبێت هەوراز و نزمیـی شـار و گونـدی ئەم پارێزگـایە زۆر سەیروسـەمەرەن. گومانی تێدا نیە پارێزگای سنەش وەک پارێزگاکانی ئیلام و کرماشـان و لوڕسـتان و ورمێ خـاوەنی شـار و گونـد و کانیـاو و ڕووبار و خڕ و دۆڵ و بەرزی و نزمییە و خەڵکەکەشی بەشی زۆریـان جلی وەک یەک دەبەر دەکەن و ژنـان و پیاوانیشی وەک ژنان و پیاوانی ئەو پارێزگایـانەی ناومـان بردن، هەڵـدەپەڕن و هەمووشیـان حەزیـان لە گۆرانیی گشتی هەڵپەڕکێیە و لە گوتنەوەی دەستەواژەی "هەسـتە بەشـان سـەرچۆپی"دا بە ورد و درشتیانەوە هـاوبیر و هـاوڕان. بەڵام شتێکی زۆر سـەیر ئەم پارێزگـایەی لەوانـی دیکە دابڕیوە و ئەویشیان ئەمەیە لە سجیل و مجیل و تەسکەرە و مەسکەرەی دەسـەڵاتدا تەنیـا ئەم پارێزگایە ناوی "کوردستانە". حکوومەتی کۆن و نـوێی ئێران دەیانەوێت بڵێن گومانیـان لەوەدا هەیە، جگە لەم پارێزگـایە هیچ شوێنێکی دیکە کوردستان بێت و دیارە ئەوانیش زۆر پیاوانە گومانی خۆیـان بە یەقینی هیچکەس و لایەنێک ناگۆڕنەوە. ئەم پارێزگای سنەیە بە درێژایی مێژوو پەند و ڕووداوی زۆری بەسەر هـاتوون، بەڵام ئەوکـاتەی بەم نـاوی کوردستانەوە لە کۆمارەکەی کوردستانیان دابـڕی، ڕۆژ نیە ڕووداوی سەیروسەمەرە بە خۆیەوە نەبینێت. بـا زۆر دوور نەچین، لەم دواییـانەدا

فێستیڤاڵی "قەڵەمی هەژار" لەم شارە بەڕێوە چوو و لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا نووسەران و هونەرمەندان یەک لەدوای یەک، لە نێو چەپڵەڕێزانی بەشداربووواندا خەڵات کران و پاشان یەک لەدوای یەک لە وەرگرتنی خەڵاتان پاشگەز بوونەوە و (دەوری مامۆستا هەژارمان پەرژینی بەگوڵ بێت)، گوتیان ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنیەتی.

چەند ڕۆژێک پێش ئەم ڕووداوە نێوەندی ئەم پارێزگایە، خانەخوێی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان بوو. دیارە پارێزگاری کەرکووک وەک تەنیا پارێزگاری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم میوانییە بێبەش بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵات یانی لە دیوی ئێرانەوە، دوو پارێزگاری کوردستانیی دەرەوەی پارێزگای سنەش (مەبەست هەمان پارێزگای کوردستانی ئەوانی دیکەیە) لە ورمێ و کرماشانەوە بانگهێشت کرابوون.

دیارە پارێزگاری سنە زۆر ڕێزی لە میوانان گرت، بەڵام یەکێک کارەکانی لەم میوانداریيەدا سەرسوڕمانی لێکەوتەوە. ئەوانەی دوای ئەم ڕووداوە تاسان، بێ ئەوەی تراوی حەرامیان خواردبێتەوە، هەروا سەریان سوڕ ماوە و دەڵێن جەنابی پارێزگاری "کوردستان" نەدەبوایە کۆمەڵێک ژن بە سواری ئەسپەوە و بە جلوبەرگی ناشایستەوە بۆ پێشوازی لەم میوانانە ببات! ئەو ژنانەی بە سەر پشتی ئەسپەوە بە زەردەخەنەوە بە پێش ڕیزی پارێزگارانی هەرێمی کوردستان و پارێزگارانی دیوی ڕۆژهەڵات (وەک دەڵێن "مەرزدارانی غەییور")دا تێپەڕین، دڵایەتیی دڵسۆزان و گەورە پیاوانی پارێزگاکە و تەنانەت گەورەپیاوانی تارانیشی لێ کەوتەوە. گەورە پیاوان، پێیان وایە ژنان ناموسی پیاوانن. نەک هەر ژن ناموسی مێرد و کوڕ و مام و خاڵی خۆیەتی، بەڵکوو کۆی ژنان ناموسی کۆی پیاوانن. بەمە دەڵێن بەرابەری و یەکسانی. ئەوەتا چۆن ژنێکی بەلووچ، عەرەب، تورکمان یان ئازەری ناموسی گەورەپیاوانی تارانە، ئەوا ژنی سنە ناموسی گەورەپیاوانی دانیشتووی تارانیشە. ئەگەر وا نەبوایە، وەزیران و نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئەوکاتەی ژنانی کوردیان بە جلکوبەرگی کوردییەوە لەسەر زینی ئەسپان لە پێشوازیکردنی پارێزگاراندا دەدیت، ئەوا تووڕە نەدەبوون.

ئەو گەورە پیاوانە هەموویان عاقڵن و لە دنیا تێدەگەن، هەر نەبێت ئەو گۆرانییە کوردییەیان بیستووە، دەڵێت:

"دەبا لێنێن پێشباران، خێڵ گەیشتە بارزینی
یارم پێی لە ڕکێفێ نا، کەوتە سەر خوانی زینی
لە خوای دەپاڕێمەوە خێروخۆشیان ببینی"

هەر ئەم گۆرانییەی باس لەوە دەکات ژنان خۆیان داوێنە سەر خوانی زینی، بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر مەترسیدارە. کاتێک

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ژن خۆ باوێتە سەر خوانی زینی و دوای ئەمە خێروخۆشیان ببینێت، کوا ژنی ئەوا وەک نامووسی من و جەنابت دەمێنێتەوە. ئەودەم گەورە پیاوانی پارێزگا تەنانەت ئەوانی تاران و مارانیش تووشی قەیرانی قووڵی هەبوون و نەبوونی ناموس دەبن. لە وەها کاتوساتێکدا هەلومەرجەکەش بۆ ئەمە گونجاو نیە کۆمەڵێک ژن ئەویش لە پارێزگایەکی وەک پارێزگای سنە بە جلی "ناموناسب"ەوە سواری ئەسپ بکەی و ئیزنیان بدەی بەکەیفی خۆیان خۆ باوێنە سەر خوانی زینی.

گەورەپیاوانی وڵات پێشتر بە مەبەستی توندوتۆڵکردنی بابەتی "نامووس" کچێکی ئەم پارێزگایەیان لە تاران خستە بەر شەپ و مست و پێلەقە و دواتر خەڵکی دەرفەتخواز و هەلپەرست لە هەمان پارێزگا و سەرانسەری ئێران کردیان بە بیانوو و دەستیان بە هاتوهاوار کرد و ئێستاشی لەگەڵ دابێت، کێشەی "ژن، ژیان، ئازادی" لەکۆڵ نابێتەوە.

باشە ئێوە نازانن، ئێمە گەورەپیاوی وەک حەداد عادڵ و حوسێن شەریعەتمەداریمان هەیە و دەبێ بەر لەکاری ئەواندا پرسیان پێ بکرێت؟ ئەوە نیە کاکە حەداد چەند بە پارێزەوە پەیامی بۆ فێستیڤاڵەکەی قەڵەمی هەژار ناردبوو و دەیگوت، زمانی کوردی زمانی چاکە و خزمەتێکی باشی بە ساغکردنەوەی زمانی فارسی کردوە؟

لەمەش بترازێت گەورەپیاوانی وڵات هەر کەیفیان بە وشەی "ژ" نایەت. "ژ" پیتێکە ژنی پێ دەنووسرێت و مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی. ژن وشەیەکی ڤیزەونە زبری قورس لە نامووسی پیاو دەدات. ئەگەر بابەتی ژن، ژیان و نازانم چی و چیش لەبیر بکەین، دەستەواژەی وەک شەنگەژن و شێرەژن و شوڕەژن زۆر بێ تامن. هیچ بەدووری مەزانن چۆن دەڵێن شۆڕەژن ئەواش بەم ژنانەی سەر پشتی ئەسپان بڵێن شۆڕەسوار. سەرەڕای هەموو ئەمانە، هیچ بە دووری مەزانن پیتی "ژ"ێی زمانی کوردی پیتێکی مەترسیدار و سەرەخۆرە بێت.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# زمان، شوناس و سەردەم




**د. قادر وریا: تاکی ناسنامەخوازی ئەمڕۆی کورد پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی قبووڵە کە فرەچەشنیی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی**

**دیمانە: شنۆ مێهرپەروەر**

**ئاماژە:**

**وێژمان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ د. قادر وریا پێوەندیدار بە زمان، شوناس و سەردەم باسی لە چییەتی زمان وەک پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناس کردوە، هەروەها بە سەرنجدان بە پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی ئەم دۆخەی لەسەر ڕەوشی زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندوە و پێویستییەکانی پاراستنی زمان و شوناس لە سەردەمی بەجیهانیبوونی خستووەتە بەرچاو. "کوردستان" ئەم وتووێژە لە دوو بەشدا بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.**

**شنۆ مێهرپەروەر:** زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی زمانی داگیرکردنن. زمانێکن کە لەسەر بنەما و بەستێنی ئەوان



سەرچاوە Serchawe

داگیرکاری و شەرعییەتی زەینی و ئایدۆلۆژیکیی داگیرکردن بەرهەم هاتووە. تا چەند زمانی کوردی لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمیدا کە دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچە بۆیان دروست کردوە، توانیویەتی ببێتە پێناسە و توخمێکی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی کورد؟

**د. قادر وریا**: زمانەکانی تورکی، عەرەبی و فارسیش وەک هەموو زمانێکی دیکە لە لایەکەوە ئامرازێکن بۆ پێوەندیی نێوان کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو، هەر لەو کاتەدا توانایەکن بۆ خستنەڕووی بیر و ئەندێشە و خاڵ و هزری ئەو کەسانەی قسە بەو زمانانە دەکەن. ئەوە زمانەکان نین کە پاوانخواز، داگیرکەر یان فاشیستن، بەڵکوو ئەو ئایدۆلۆژیا و ئەو سیاسەتانەی لە پشت بەکارهێنانی ئەو زمانانەن، ئەوانن کە داگیرکەرانە، فاشیستی و پاوانخوازن و کار بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەویدیکە و سەرکوتی زمانەکانیان دەکەن. ڕاستە ئەو زمانانە زمانی نەتەوەی سەردەستن، لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە خۆیانەوە لکاندوە، هەر بۆیە پێویستە لە ئاست کاریگەریی نەرێنییان لەسەر زمانی کوردی هەستیار بین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تاکی کورد خۆی فێری ئەو زمانانە نەکا. بۆ کوردێک کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو زمانانە دەژی، بۆ نموونە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە زمانی فارسی بزانێ و باشیشی بزانێ، لە باکووری کوردستان زمانی تورکی بزانێ و باشیشی بزانێ و هەروەها لەو وڵاتانەش کە کورد لەگەڵ عەرەب دەژی و عەرەب نەتەوەی سەردەستە، پێویستە بە چەند هۆکار ئەو زمانانە بزانین. ئێمەی کورد تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی وڵاتێکی دیکەدا دەژین یانی کوردستان بوونێکی سەربەخۆی نییە و کورد ناچارە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە یەک وڵاتدا بژیت، پێویستمان بە زانینی ئەو زمانە هەیە. بۆ وێنە نوێنەری کورد لە پارلەمانی ئەو وڵاتانە دەبێ بەو زمانە شەڕ بۆ داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەکەی بکات. لە زانکۆکان، لە کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە بەو زمانانە ئامانجەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە، ناراستییەکان بەرپەرچ بدەینەوە، بوونی خۆمان و مافەکانی خۆمان و ویستەکانی خۆمان بسەلمێنین، ئەگەر ئەو زمانانە نەزانین، دەنگمان بە بەردەنگەکانمان لە نێو ئەو ولاتانەدا ناگات. بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئێمە دووری لەو زمانانە بکەین، پێویستمان بەوە هەیە کە ئەو زمانانە بزانین و بتوانین بە هۆیانەوە شەڕی خۆمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین.

دێمە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە سەرەڕای ئەوەی ئەو زمانانە لە خزمەت سیاسەتی داگیرکەرانە و لە خزمەت سیاسەتی هەژمۆنیی دەسەڵات لە وڵاتەکانی خۆیاندان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی هەر توانیویەتی بەشێکی سەرەکی بێت لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، ئەو نەتەوانەی ئێمەی کورد لە گەڵ ئەوان لە چوارچێوەی ولاتێکدا دەژی لە باری ئایینەوە لێک نێزیکین، ڕاستە خاوەنی سەرزەویی خۆمانین، مێژوویەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، و کۆمەڵێک شتی تر هەیە کە ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، بەڵام گرنگترین هۆکاری لێک جیاکردنەوە و جیاوازیمان، ئەوەی لە هەمووان

بەرچاوترە، زمانی کوردییە. لە شوێنێک کە تاکەکانی سەر بە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین، یەکەم شت کە کوردیک خۆی پی لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە، زمانەکەیەتی. لە سەردەمی ئێستادا بەجیهانیبوون و کەمرەنگبوونی سنوورەکان بۆ پێوەندییەکان و پێکەوەژیان وایان کردوە کە لە ڕووی جلوبەرگەوە، لە باری جۆری خواردن و خواردنەوە، مۆسیقا، بیناسازی و شێوەی ژیان و زۆر لایەنی دیکەی کولتووری، وێکچوونی زۆر لە نێوان کۆمەڵ و نەتەوەکاندا دروست بووە. یانی ئەمانە وایان کردووە ئێمە هەست بکەین لە ڕووی کولتووریشەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان لێک نزیکین. لە پلەی یەکەمدا ئەوەی ئێمە لە ئەوان جیا دەکاتەوە، زمانەکەیە. من بۆ خۆم وا بیر دەکەمەوە ئەگەر کوردێک بەرانبەر بە تورکێک بەرانبەر فارسێک، عەرەبێک و هەر کەسێکی دیکە کە بە زمانی دیکە قسە دەکات بیهەوێ بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە، بیر لە ئەدەبیاتی خۆی، لە شێعر لە چیرۆک، ڕۆمان، بەیت و گۆرانی و لالایی و پەند و ئەفسانەی خۆی و... دەکاتەوە کە ئەوانە زۆربەیان لە زمانەکەیدا کە زمانی کوردییە، ڕەنگدانەوەیان هەیە، کە وایە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زمانی کوردی توانیویەتی ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامەی کورد و، تاکی کورد بەر لە هەرشتێکی دیکە بەهۆی زمانەکەی خۆی لە دەوروبەرەکەی جیا دەکاتەوە و هەست دەکات شوناسێکی تایبەت بە خۆی هەیە.



**د. قادر وریا، زمانناس و مامۆستای زانکۆ**

**شنۆ مێهرپەروەر:** کوردی لە باشووری کوردستان زمانی فەرمییە، لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتی عێراقیشدا زمانی کوردی وەک زمانی عەرەبی، زمانێکی فەرمییە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا زمانی کوردی، زمانی فەرمییە. بەڵام لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی نەک نییە، بەڵکوو قەدەغەشە. ئەم جیاوازییە لە پێگەی زمانی کوردی لەو چوار وڵاتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، چ کاریگەرییەکی

جۆزەردانی ٢٧٢٥

**لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی زمانە، داناوە؟**

**د. قادر وریا:** پێگەی زمان بۆ خۆی چەمکێکی گرینگە و ئاماژەیە بەو پێگەیەی کە زمانێک لە وڵاتێک هەیەتی، جۆری پێگەیەکی کە زمانێک لە کۆمەڵ و وڵاتێکدا هەیەتی دەتوانێ زۆر ڕۆڵی لە پێشکەوتن یان لاوازبوونیدا هەبێت. یانی ئەگەر زمانێک پێگەیەکی ڕەسمی، قانوونی و پێگەیەکی ئایینیی هەبێت، ئەمانە یارمەتیدەری دەبن بۆ پێشکەوتنی. بۆ نموونە زمانی فارسی کە لە ئێران زمانی ڕەسمییە، پێگەیەکی قانوونی و تاقانەی هەیە و کراوە بە تاکە زمانێک کە لە ئێراندا لە بواری پەروەردەدا، لە ڕووی ئیدارییەوە، لە دادگا و پارلمان و دەولەت و لە گشت بوارە ڕەسمییەکاندا، کاری پێ دەکرێت و بێ ڕکابەرە، ئەمە کۆمەڵێک ئاسانکاریی بۆ دابین دەکات. یانی دەوڵەت و دەسەڵات ناچار دەکات کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە خزمەتیدا بن. بۆیە زمانێک کە لەو پێگەیە بێبەشە بە دڵنیاییەوە تووشی زۆر کێشە دەبێت. ئاماژەتان بە پێگەی زمانی کوردی لە ئێراق کرد، ئەمە نموونەیەکی زۆر باشە. لەگەڵ ئەوەی مێژووی عێراقیشبە تایبەتی لە هاتنە سەر کاری بەعسییەکانەوە هەتا کاتی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان، بەردەوام دەوڵەتی ناوەندیی عێراق لەگەڵ کورد لە شەڕدا بووە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شەڕە و سەرەڕای هەبوونی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرە و ئەو هەموو وێرانکارییە؛ چونکە زمانی کوردی لە عێراق پێگەیەکی ڕەسمیی هەبوو و مافی ئەوەی پێ درابوو کە پێی بخوێندرێ و وەکوو زمانێک دانی پێدا نرابوو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو زمانە نە تەنیا بڵێین لاواز نەبوو، بەڵکوو هەر توانی بەرەو پێش بچێ. چونکە منداڵێک کە دەچووە قوتابخانە، لە ڕۆژی یەکەمەوە بەو زمانە پەروەردە دەبوو و هەتا دوایین ساڵانی خوێندن ئەو زمانەی هەر لەگەڵدا بوو، ئەوە بۆخۆی خۆشەویستییەکی بۆ زمانەکە لای فێرخوازەکە دروست دەکرد و وای دەکرد ئەو زمانە لە ڕێگای پەروەردەوە بڵاو بێتەوە و پەرە بستێنێ. جگە لەوەی ئەو کەسانەی لە خوێندنگە دەیانخوێند لەگەڵ زمانەکە بەردەوام سەروکاریان هەبوو، زمانەکەش ناچار بوو پێداویستییەکانی خۆی لە باری زانستی و پەروەردەییەوە دابین بکات، بۆ وێنە بۆ بوارەکانی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرناسی، جۆگرافیا و بۆ زۆرێک لە زانستەکانی دیکە پێویستی بە زاراوە و بە وشەی نوێ هەبوو و ئەمانەشی دابین کردبوو، چونکە کاری پێ دەکرا. ئەوەی کە زمانی کوردی لە چاو هەموو بەشەکانی کوردستان لەو بەشە، باش مایەوە و توانی بەرەو پێش بچێت ، بە جۆرێک کە تا ئێستاش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ زۆر لەو چەمک و زاراوانە قەرزداری زمانی کوردی لەو بەشەین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و لە عێراق بوویەتی.

ئاماژەتان بە زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، ئەمە زۆر جێگەی سرنجە کە لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا نەک هەر زمانی کوردی مەجالی پێ نەدەدرا بەڵکوو هەوڵی سڕینەوەی دەدرا و کورد لەوێ لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و زمانی بێبەش بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە

بێتە زمانی خوێندن و، بێتە نێو زانکۆ و ببێتە زمانی بەڕێوەبەری، ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورە بوو بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژئـاوای کوردسـتان. مەسـەلەیەکی زۆر گرنـگ ئەوەیە لە هەر شـوێنێک نەتەوەی کـورد دەسـەڵاتی بە دەسـتەوە بـووە و دەرەتـانی خۆبەڕێـوەبردنی هەبـووە، نەک هەر هەوڵـی داوە مـافە زمانییەکـانی خـۆی دابین بکـات، بەڵکـوو مـافە زمـانی و کولتوورییەکانی ئەو کەمە نەتەوانەش کە لەژێر دەسەڵاتی کوردیدا بوون، دابین کردوە. ئێمە نموونەی کۆماری کوردستانمان هەیە، نمـوونەی حکـوومەتی هەرێـمی کوردسـتانمان هەیە و لە ڕۆژئـاواش هەر بەو شـێوەیە، ئەمەش یەکێـک لە خـاڵە گەشەکانی سیاسەتی کوردی بووە بەرانبەر بە زمانی کەمە نەتەوەکان.

لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکراتە کە زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمی و قانوونیی نیە، ڕێگای ئەوەی لـێ گیـراوە کە کاری پەروەردەی پـێ بکرێ، پێی بخوێندرێ و زمانی بەڕێوەبەری بێ، ئەمە بۆ خـۆیی زیـانی زۆری بە زمـانەکە گەیانـدوە و بـووەتە هـۆی لاوازبـوونی. بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشـدا بە هەڵسـەنگاندنی خـۆم ئەمـن لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان زمـانی کـوردی کەمتـر زیـانی پـێ گەیشـتوە، هۆکـارەکەش ئەوە بـووە کە خەبـاتێکی نەتەوەیـی دوورودرێـژ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەبووە. یانی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دواتـر دامەزرانـی حیزبـی دێموکرات و کۆمـاری کوردسـتان هەمیشە پرسـی زمـان لە پێشـەوەی پرسـەکانی دیـکە بـووە، یـا پرسـێکی سـەرەکیی بـزووتنەوەی کـوردی بـووە و ئەمە وای کـردوە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لەسەر گرنگیی زمان، لەسەر فێربوونی زمان و پاراسـتنی زمـان پێـداگری بکات و جۆرێک وشیاریی زمانی لەنێو نەتەوەکەیدا پەرە پێداوە. بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، هەمیشـە جۆرێـک هەسـتیاریی لە ئاسـت زمـانی کـوردی بە تـایبەتی لای نووسـەران، شـاعیران، ڕۆژنامەنووسـان و ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ زمان هەیە، هەبووە و بە ئەرکـی سەرشانی خۆیان زانیوە پارێزەری زمانەکەیان بن و بەشێوەی جۆراوجۆر بیپارێزن، بە تایبەتیش کە خەڵکەکە هەستی کردوە دەسەڵات دەیهەوێ ئەو زمانە پەراوێز بخات و سەرکوتی بکات، ئەمە هاندەر بـووە کە زمانەکەیـان باشتر بپـارێزن وخەمـی لـێ بخـۆن. لە بـاکووری کوردسـتان ئێسـتاش بە داخەوە بە میلیۆنـان کـورد هەن کە نـاتوانن بە زمـانی کـوردی قسـە بـکەن. ڕەنـگە بەشـێکی بـۆ ئەوە بگەڕێـتەوە لە سـەدەی پێشوودا و لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەندی بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرینگیـی بە ویسـت و داخـوازیی چەپ داوە، ئەوەنـدەی گرنگیی بە زمانی کوردی و بە داخوازی نەتەوەیی نەداوە و ئەمەش بە نۆرەی خۆی وشیاریی زمانیی کەم کردۆتەوە. هەڵـبەت ناکرێ حاشا لەوەش بکەین کە سەرکوتی نەتەوەیی و زمانی لە تورکیە لە چاو ئێران، زۆر توندتر بووە.

**شنۆ مێهرپەروەر:** زمانی کوردی وەک یەکێک لە هێما سـەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیـی کـورد چە پێگەیەکـی لە یـادەوەریی بەکۆمەڵ و گێڕانەوەی مێژووییدا هەیە و تـا چەنـدە لە ڕێـگەی زمـانەوە پـێش بە فەوتـانی ئەو سـەرمایە دەوڵەمەنـدەی کـورد گیراوە؟

**د. قادر وریا**: گومان لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر لە سامانی زمانیمان، لە ئەدەبی زارەکیمان تەنانەت ئەدەبی نووسراومان بەو هۆیەوە کە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەشی هەرە زۆری بەشەکانی کوردستان دەرەتانی نووسین بەو زمانە و خزمەتکردنی نەدراوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ڕێگریشی لێ کراوە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوە بەشێک لەو سامانە ئەدەبی و زمانییەمان بفەوتێت. بەڵام هاوکات هەمیشەش لەنێو کۆمەڵی کوردستان، لەنێو نەتەوەی کورددا کەسانێک هەبوون بەهۆی دڵسۆزییان بۆ زمانەکەیان، بەهەر زەحمەتێک بووە توانیویانە بەشێک لە دەستنووسەکان، لە دیوانی شاعیران، لە پەند و فۆلکلۆر و بەیت و چیرۆک و ئەو سامانە زمانییەی هەمانبووە بپارێزن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی توانیویەتی هەڵگر و گوێزەرەوەی ئەو یادوەرییە بەکۆمەڵانە بێت. لەگەڵ ئەوەی کوردستان دابەشکراو و چەند پارچە بووە، لەگەڵ ئەوەی دیالێکت و شێوەزاری جیاواز هەبووە و خەڵکی کوردستان لە وڵات و هەرێم و ناوچەی جیاوازدا ژیاون و بە هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی پێوەندییەکی زۆر کەم و سنووردارییان لەگەڵ یەکتر هەبووە، هەروەها سیستمێکی وەکوو پەروەردە بە زمانی کوردی یا ڕاگەیاندنێکی سەرانسەریی کوردی نەبووە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە دەبینین زمانی کوردی توانیویەتی پردی پێوەندی و کۆکەرەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێت. من حەز دەکەم ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە تەمەنی خۆمدا بکەم. لەبیرمە وەختی خۆی کە لە ڕادیۆ یان لە کاسێتێک دەنگی کاوەیساغا بڵاو دەبۆوە کە بۆ خۆی خەڵکی بەشێکی دیکەی کوردستان بوو، بەڵام لە موکریان کەسێک کە گوێی لە دەنگی کاوەیساغا دەبوو، بە دەوروبەرەکەی گوتووە بێدەنگ بن با گوێمان لێ بێت، با بزانین چۆن باسی شێخ مەحموود دەکات؟ چەندین ساڵ بەر لەوەی ئێمەمانان لە دایک بین کاوەیسئاغا لە لاوکێکدا باسی شێخ مەحموود و حکوومەتدارییەکەی و شەڕەکانی و قارەمانەتییەکانی کردووە، لەسەردەمی ژیانی ئێمەدا، خەڵک پێی خۆش بوو لە ڕێگای لاوکێکی کاوەیساغاوە ئەم داستانە ببیستێتەوە. تەنانەت دایکی خۆمم لەبیرە هەر وەخت گوێی لە دەنگی عایشەشان یان دەنگی مێرەم خان دەبوو کە گۆرانییەکانیان لە ڕادیۆ - بە تایبەتی ڕادیۆ بەغدا - بڵاو دەبوونەوە، دیسان ئێمەی ئەو کات منداڵیان بێدەنگ دەکرد بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرێت، چونکە ئەو خەم و ئەو مەینەتییانەی لە گۆرانییەکانی ئەواندا هەبوو، بۆ نموونە باسی هەوێداری، باسی بە زۆر بە شوودانی کچ، یەخسیری و بندەستی کورد بە دەست تورک ؛ کارەساتەکانی سەردەمی ئەوانی بە ئاوێنەی خەمەکانی ئێستای خۆی و ژنانی وەک خۆی دەزانی.. لە بواری جۆاروجۆردا ئەو ڕۆڵەی زمانی کوردی دەبینین، بۆ نموونە بەیتی خەج و سیامەند لەگەڵ ئەوەی زێد و ژێنگەی سەرهەڵدانی ئەو بەیتە باکووری کوردستان بووە، بەڵام لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش بە زارێکی دیکەی زمانی کوردی سەری وەدەرناوە، گوێگری هەبووە و خەڵکێکی دیکە هەوڵی داوە پەرەی پێ بدا و حەماسە و قارەمانەتی و داستانی ئەویندارەتیی نەوەکانی پێش خۆی لەوێدا ببینێتەوە و ببیسێتەوە. دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە حاڵەتە بە هۆکاری جۆراوجۆر تا واوەتر هاتووین، زیاتر بووە. چاپکراوی کوردی، ڕادیۆی کوردی و دروستبوونی تێکەڵاوی ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و نووسراومان، گۆرانی و لاوک و بەیت و چیرۆک و پەندی پێشینیانمان، سنوورە

دەسکردەکان ببەزێنن، لەگەڵ ئەوەی لە بەشێکی دیکەی کوردستان و بە دیالێکت و شێوەزاری ناوچەیەکی دیاریکراو بەرهەم هاتوون، بەڵام لە پارچەیەکی دیکە، لە ناوچەیەک بە زار و شێوەزارێکی دیکە پێشوازییان لێ کراوە، چونکە لەنێو گوێگر و خوێنەری کورددا ئەو هەستە هەبووە کە ئەمە هەمان بەسەرهات و ڕابردووی خۆیان و پێشینیانی خۆیانە کە بە زار و شێوەزارێکی دیکەی زمانەکەیان گوییان لێدەبێت یان دەیخوێننەوە.

دیارە لەم چەند دەیەی دواییدا زمانی کوردی زۆر زیاتر لە ڕابردوو توانیویەتی بێتە هەڵگری ئەو یادەوەرییە بەکۆمەڵانە، چونکە بە خۆشییەوە هەلومەرجێکی نوێ خوڵقاوە، ئەو دیوارانەی جاران داگیرکەران لە بەینی بەشەکانی کوردستان دروستیان کردبوو و، ئەو سانسۆرە توندەی ئەوان بەسەر خەڵکدا زاڵیان کردبوو، ئەو بەربەستانەی لە دژی زمانی کوردی پێکیان هێنابوو، ئەمانە بە هۆکاری پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بە هۆکاری بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوایەتیی تاکەکان و بە هۆکاری جۆراوجۆری دیکە خاوتر بوونەوە. ئەمە وایکردوە ئێستا تاکەکانی کورد پێوەندییان لەگەڵ یەکتر زیاتر بێت، باشتر لە زار و شێوەزارەکانی یەکتر تێبگەن و، گرنگیی زیاتر بە ئەدەبی کوردی و بە هونەری کوردی و بە زمانی کوردی بدەن. ئەمە وایکردوە کە ئێستا هەر شتێک کە بڵاو دەبێتەوە هەر بەرهەمێکی هونەری، هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، گوێگر و خوێنەر و بیسەری کورد بەشێک لە خەم و ئازارەکانی میللەتەکەی تێدا بدۆزێتەوە. لەسەر یەک دەتوانم بڵێم ئێستا زمانی کوردی ڕاست ئەو ڕساڵەتەی لەسەر شانە کە تاکی کورد لەهەر جێگەیەک و بە هەر دیالێکتێک شت بڵاو بێتەوە، بە هی خۆی دەزانێت، دەزانێ کە ئەوە بەشێکە لە جیهانی ئەو، ئاوێنەیەکە کە گۆشەیەک لە مەینەت و شادی و خۆشی و قارەمانەتی و مێژوویی نەتەوەکەی پێشان دەدات. کە وایە بۆم هەیە بڵێم ئەو زمانە توانیویەتی ئەو ڕۆڵە ببینێت و تا دێت لە جێبەجێکردنیدا سەرکەوتووتر دەبێت.

**شنۆ میهرپەروەر**: شوناسی هەر نەتەوەیەک بە پێی گۆڕانی زەمەن دەگۆڕێت و وێنەیەکی دیکە وەردەگرێت، پاراستنیشی پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتی و پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە. ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و قەیرانەکانی سەرچاوەگرتوو لە بە جیهانیبووندا دەژین، کە لەنێویاندا دەتوانین ئاماژە بە قەیرانی شوناس و زمان بکەین. چۆن دەتوانین لەم سەردەمەدا شوناس و زمانی خۆمان بپارێزین؟

**د. قادر وریا**: ڕاستییەکەی ئەمە وایە، یانی تێگەیشتن لە شوناس و پێناسەی شوناس بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێ. ئەگەر باس لە شوناسی نەتەوەیی بکەم و تێگەیشتنی تاکێکی کورد لە شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی ئێستادا باس بکەم، ئەم تێگەیشتنە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو قووڵتر و گشتگیرتر بووەتەوە. بەو مانایە کە تاکێکی ئەمڕۆی کورد کە شوناسخواز و شوناسپارێزە، شوناسی نەتەوەیی کورد بە شوناسێکی فرە چەشن دەزانێت، واتە پێناسەیەکی لە شوناسی نەتەوەیی

قبووڵە کە فرەچەشنی کۆمەڵی کوردی و نەتەوەی کورد بگرێتە خۆی. بۆ نموونە لە ڕووی ئایینییەوە، ئێمە لەنێو کورددا مۆسوڵمان و نامۆسڵمانمان هەیە، لەنێو بەشە موسوڵمانەکەدا شێعەمان هەیە و سوننیمان هەیە، یارسان و ئیزەدی و پەیڕەوانی دین و ئایینی دیکەمان هەن، بێدینیشمان هەن. لە ڕووی زار و شێوەزارەوە کوردیی باکووری (کورمانجی)کوردیی ناوەندی (سۆرانی) و کوردیی باشووری (کەلهوڕی، لەکی)گۆرانی - زازایی (هەورامی، زازاکی)مان هەیە. تەنانەت ئەوانەشمان هەن کە زمانەکەیان کوردی نییە بەڵام کوردستانین. لە پێناسەی ئەمڕۆی شوناسی نەتەوەیی تاکی کورددا هەمووی ئەوانە دەبێ جێگەیان بێتەوە. تێگەیشتنی ئێمە لە شوناس لە جیهان و سەردەمی ئێستادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

هەر بۆیە کە باسی ڕێوشوێنەکانی پاراستنی شوناس دەکەین دەبێ ئەم فرەچەشنی و جۆراوجۆرییەی نەتەوەکەمان و خەڵکی کوردستانمان لەبەرچاو بێت و ددانیان پێدابنێین، بەر بە سڕینەوەیان بگرین. ئەم جۆرە تێگەیشتن لە شوناسی نەتەوەیی هاندەرمان دەبێت کە منێکی کورد نابێ هەر تەنیا یەک زاری زمانی کوردی بزانم، دەبێ هەوڵ بدەم زارەکانی دیکەی کوردییش فێر ببم. نابێ هەر یەک جۆر ئەلف و بێی کوردی بزانم و دەبێ هەوڵ بدەم لانی کەم دوو ئەلف و بێی سەرەکی کە پێی دەنووسرێت و دوو شێوە نووسینی کوردی بزانم. دەبێ پاراستنی هەموو ئەو زار و شێوەزارانە بە ئەرک بزانم و هاندەری ئەوە بم کە هەمووانیان بپارێزێن و وشەکانیان کۆ بکرێتەوە، توێژینەوەی زانستی لە بارەی هەموو شێوەزارەکان بکرێت. ئەمە بۆ خۆیی بەشێکە لە شێوازەکان یا ڕێوشوێنەکانی پاراستنی ئەو شوناسە.

ڕاستە کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا زمانەکان و شوناسەکان تووشی قەیران دەبن و پێویستە هەوڵ بدەین شوناس و زمانی خۆمان لەم قەیرانانە دەرباز کەین و بیانپارێزین. کە باس لە پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی دەکەین دەبێ لەبیرمان بێت کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا لە ڕاستیدا لە هەموو بوارەکاندا ئەوانەی کە بەهێزن دەمێننەوە، یانی لە بواری ئابووری، لە بواری پیشەسازی، لە بواری زانستی، لە بواری بازرگانی و لە بواری کولتوورییشدا ئەوانەی بەهێزن و دەستیان ئاوەڵاترە بۆ پاراستنی خۆیان، واتە دەسەڵاتی بەهێز و ئابووریی بەهێزیان لەپشتە، باشتر دەمێننەوە. باشە ئەدی نەتەوەیەک کە بێدەوڵەتە، زمانێک کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و لە پەروەردە و دام و دەزگای بەڕێوەبەری و یاسایی و لە زانکۆ و...هتد دا ڕێگای پێ نادرێت، لە دۆخێکی ئاوادا چۆن دەتوانێ بمێنێتەوە؟ ئەمە وا دەکا ئەرکی ئێمە قورستر بێت. ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان هەیە، دەتوانن ڕێگا و ڕێوشوێنی تایبەت بۆ بۆ پاراستنی زمانەکەیان بگرنە بەر، بەڵام ئەدی ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نییە چ بکا؟ بۆیە ئێمە وەک نەتەوەی کورد زۆر پێویستە بە جیددی خەم لە پاراستنی سوناسی و زمانی خۆمان بخۆین. دەبێ هێندێک شت بکەین کە زۆر ئەساسین. یەک لەوان ئەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەبات بکەین کە زمانی کوردی بێتە زمانی ڕەسمی، یانی بە فەرمی بناسرێت و پاشان ببتە زمانی

پەروەردە. چونکە ئەگەر بوو بە زمانی پەروەردە، ئەوە باشترین دەستەبەرە بۆ مانەوەی زمانەکە و بۆ گەشەکردنی و بۆ پێشکەوتنی، زمانێک ئەگەر ببێت بە زمانی پەروەردە، بە شێوەی ئاسۆیی و بە شێوەی ئەستوونی ئەو زمانە پەرە دەگرێت و پێش دەکەوێت. بە شێوەی ئاسۆیی مەبەستم ئەوەیە کە لە هەموو شار و ناوچە و گوندێکی کوردستان پێی دەخوێندرێت و لە هەموو شوێنێک کار بەو زمانە دەکرێت. لە رووبەرێک بە پانایی کوردستان کاری فێربوون و فێرکردنی پێ دەکرێت، هەر منداڵێک دەنێردرێتە قوتابخانە، لەگەڵ زمانی نەتەوەیی خۆی ئاشنا دەبێت. مەبەستم لە بڵاوبوونەوەی زمان بە شێوەی ئەستوونییش ئەوەیە کەلەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی پەروەردەدا لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، کاری پێدەکرێت. ئەمە وا دەکات کە هەموو تاکێکی کورد بۆ چەندین ساڵ ڕۆژانە لەگەڵ ئەو زمانە بژین و کاری پێ بکەن و پەرەی پێ بدەن، زمانەکەش ئەرکدار دەکرێت کە پێویستییەکانی ئەو بوارە پڕ بکاتەوە و ببێتە زمانی زانست و لای خەڵک ڕێز و پێگەیەکی بەرزی هەبێت.

**شنۆ میهرپەروەر**: بۆ پاراستنی زمانی کوردی وەک کۆڵەکەی شوناسی نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیمان لە دەست دێت؟ و دەبێ چی بکەین؟

**د. قادر وریا**: من ئەگەر بمهەوێ باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەم دەبێ بەوپەڕی شانازی و پێزانین و خۆشحاڵییەوە باسی وشیاری و خەباتی نەتەوەکەمان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بە تایبەتی زمانەکەیان بکەم. چەند ساڵ لەوە پێش کتێبێکم چاپ کرد کە پێوەندیی بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو. ناوێک کە بۆ ئەو کتێبە هەڵم بژاردبوو، تەعبیرێک بوو کە بۆ خۆم بۆ خەباتی ناسنامە پاریز و ناسنامەخوازی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەکاری دێنم: "شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان". لەم باوەڕەدام کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ئێمە لە سەنگەری زماندا شەڕی داکۆکی لە ناسنامەی خۆیان دەکەن. ئەوان لە سەنگەری پاراستنی زمان و خزمەتی زمانی کوردیدا، دژی ئەو هێرشە جۆراوجۆرە وەستاونەوە کە سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی و میدیا و دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەت نەتەوەی ئێران بۆ سڕینەوە و ستاندنەوەی ناسنامەیی نەتەوەیی ئێمە لەمێژ ساڵە وەڕێیان خستووە.

پێویستە ئەو تێکۆشانە بەرینەی کە هەتا ئێستا بە ئامانجی پاراستن و داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی هەیە بەردەوام بێت و بەرینتر و بەهێزتر بکرێت، ئەمە بۆخۆیی دەتوانێ باشترین داکۆکی بێت لە زمانی کوردی، چونکە ئەوەی ئێمە دەبینین کارکردنێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترە بە زمانی کوردی. ڕەنگە هێندێک کەس پێیان سەیر بێت کە بڵێین زمانی کوردی ئێستا دووهەم زمانی نووسینە لە ئێران، یانی دوای زمانی فارسی کە دەوڵەت نەتەوەیەک بەو هەموو دام و دەزگا کولتووری و بەو هەمووە سەرچاوە ماڵییە لە پشتییەتی، زمانی کوردی زۆرترین شتی پێ دەنووسرێت، کتێب و گۆڤاری

پێ بڵاو دەبێتەوە، زمانی پێگە ئەلکترۆنییەکانە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە فراوانی و بە شێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون بەکار دەهێنرێت، کاری ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگنووسیی پێدەکرێت. لە هەموو پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ شارێک و هیچ ناوچەیەک تەنانەت هیچ دێیەک نییە هەتا ئێستا فێرگەی فێربوونی زمانی کوردیی لێ پێک نەهاتبێ و هەموو ئەو هەوڵانەش خۆبەخشانە دەکرێن.

هێندێک ناو هەن کە ئێستا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی بواری خزمەتی زمانی کوردین و لە دەلاقەی چیرۆکی ژیانی ئەوانەوە دەتوانین گەورەیی ئەو بزووتنەوە ناسنامەپارێزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوێنیەوە، بۆ نموونە: موژگان کاووسی، زارا محەممەدی، سروە پوورمحەممەدی، ئەو ناوانە لەو مامۆستا خۆبەخشانەن کە ئامادە بوون بە شانازییەوە بچنە زیندان بەڵام پشت لەو ئەرک و ڕیسالەتە نەکەن کە لەپێناوی خزمەتی زمانی کوردییدا گرتوویانەتە بەر. ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم یەک دوو دەیەی دوایەدا لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە ئەمە هەر خۆی بە تەنیا بزووتنەوەیەکی گشتگیر لەپێناوی پاراستنی زمانی کوردی و فێربوونی زمانی کوردیدایە.

لە کارە باشەکانی دیکە کە ناتوانم لە ئاستیان بێتەفاوەت بم و باسیان نەکەم، ئاماژە بە گوڵبژێرێک لەو کارە زانستییانەن کە کراون. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین فەرهەنگی کوردی چاپ بوون. مامۆستا ئاکۆ جەلیلیان چەند فەرنگی چاپ کردووە کە لە هەمووانیان بەناوبانگتر و گەورەتر فەرهەنگی کوردیکایە. کاک سەلاح پایانیانی کە فەرهەنگی زارەکیی موکریانی چاپ کردوە. خاتوو سەحەری مۆعێزی کە فەرهەنگی ڕەنگی "پازار"ی چاپ کردوە. هەر یەک لەو فەرهەنگانە چەندین بەرگن. جگە لە چاپی فەرهەنگەکان، هەندێک لە خوێندکاران، خوێندنی بەرزیان لە ئاستی ماستەر و لە ئاستی دکتۆرادا بە زمانی کوردی بووە یان توێژینەوە و بابەتی تێزەکەیان زمانی کوردی بووە. ئەم هەوڵانە زۆر بە نرخن و جێگەی ڕێزن. ئەو کۆنفرانس و کۆڕ و فێستیواڵە ئەدەبی و هونەری و زانستییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدێن کە و تێیاندا ڕێز لە توێژەران، هونەرمەندان، ئەدیبان و نووسەران دەگرن، ئەمانە کاری باشن و مایەی دڵگەرمین.

ئەو هەوڵانەن کە لاوە تێگەیشتوو و بە هەڵوێستەکانمان بۆ گۆڕین و بۆ گەڕاندنەوەی ناوی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیدەن، وەک ناوی چیا و کوێستانەکان، تەپۆڵکەکان، پردەکان، ڕێگا و بانەکان، گەڕەکەکان، ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشە. ئەگەر لە عێراق و سووریەی پێشوو سیاسەتی تەعریب لە دژی کورد هەبوو، لە ئێرانیش لە قۆناغ و سەردەمەکانی پێشوودا سیاسەتی تەفریس(بە فارسیکردن) و تەتریک بە تورکیکردنی ناوەکان جێبەجێ کراوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوانە و برەودان و زیندووکردنەوەی ناوە ڕەسەنە کوردییەکانیان، خزمەتێکی گەورەیە بۆ لادانی ژەنگ و ژاری برەوپێدراو لە لایەن دەولەتە دژ بە کوردەکانی ئێران و دامەزراوە ئیدارییەکانیان لەسەر ناوە کوردییەکان. تەنانەت ئەگەر ڕێگە بە

سڕینەوە و لابردنی ناوە ساختە و داسەپاوەکانیش لەسەر تابلۆکان نەدرێت، با ناوە کوردییەکە لە تەنیشت ئەو ناوانە هەبێت و وەبیر خەڵکیان بێننەوە.

ئەوە کە هەوڵ دەدرێ لە ماڵەوە، لە قوتابخانە و لە ئیدارە بە کوردی قسە بکرێ، مامۆستا بۆ خوێندکار و قوتابییەکانی بە کوردی دەرسەکان شی دەکاتەوە، کارێکی زۆر باشە. جگە لەوەی لەم ڕێگایەوە سوود لە زمانی دایک وەردەگرن بۆ باشتر تێگەیاندنی بەردەنگەکان، لەلایەکی دیکەش بە ڕەسمی نەناسینی ئەو سیاسەتی تاکزمانییەیە کە لە ئێران بە سەر هەموو نەتەوە نافارسەکان و بە تایبەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندراوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین هەندێک لە لاوانی هۆگر و ئەویندار زمانی کوردی هاتوون کاری ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانی دەکەن. ڕەخنە لە شێوە ئاخاوتنی ئەمڕۆی تاکەکان دەگرن کە زۆر لە ژێر کاریگەری زمانی فارسیدایە. خەڵکێک لەژێر کاریگەریی هەژموونی زمانی فارسیدا جۆرێک قسە دەکەن کە لە ڕاستیدا زۆر بە زمانی کوردی نامۆیە و پڕە لە وشەی فارسی. جاری وایە دەبینین و دەبیستین تەنیا کرداری ڕستەیەک کوردییە، دەنا ئەوی دیکەی هەمووی فارسییە. ئەو لاوە دڵسۆزانە ئەم هەڵانە ڕاست دەکەنەوە بۆ ئەوەی خەڵک فێر بێت شێوە ئاخاوتنەکەیان بە زمانی کوردی خاوێنتر و کوردیتر بێت. ئەمانە هەڵبژاردەیەک لە کارە باشەکانن.

ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان و زمانەکەمان بپارێزین، چ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ لە نێو تێکۆشەران و چالاکانی کورد لە دەرەوەی وڵات و لەنێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا هێندێک ئەرکمان دەکەوێتە سەر شان.

**یەکەم ئەرک** بەردەوامبوونە لەسەر ئەو هەوڵانە، بەڵام بەردەوامبوونێک کە هاوکات لێک نیزیکبوونە و یەکگرتوو بوون، و خۆخۆڕێکخستن و کۆبوونەوە لەژێر چەتری کۆنفدراسیۆنێک یان ناوەندێکدا بێت بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانە هەم لە ئامانجەکانیاندا لێک نیزیک ببنەوە، ئاراستەکانیان یەک بێت، و هەر لەو کاتەشدا ئەزموونەکان بە یەکەوە ئاڵوگۆڕ بکرێن، تواناکان بۆ هاوپشتیی یەکتر بەکار بهێنرێن، ئەمە یەکێک لە ئەرکەکانە.

**ئەرکی دووهەم** ئەوەیە کە داوای پەروەردە بە زمانی کوردی و ویستی بەڕەسمیناسینی زمانی کوردی بێتە ڕیزی سەرەوەی لیستی داواکارییەکانی خەباتکارانی کورد و تێکۆشەرانی بواری خەباتی مەدەنی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ ئەو ویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێندرێ کە پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێت بە زمانی کوردی.

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

**سێهەم ئەرکیش** کە تا ئێستا بە داخەوە زۆری قسە لەسەر نەکراوە، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی جیددی بخرێتە بەر سەرنجی بژاردە و دەستڕۆیشتووەکانی کورد. دەزانین لەنێو ئەو توێژەی خەریکی خزمەتی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناسی کوردیین، ئینسانی ئاوا هەن کە پرۆژەی باشیان هەیە، بۆ وێنە لە بواری بە دیجیتاڵیکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد، لە بواری کاری زانستی بۆ پێشخستنی زمانی کوردییەوە، بەڵام سەرچاوەی دارایی وپشتیوانیی ماڵی شک نابەن. لێرەدایە کە دەبێ ڕوو بکەینە خاوەن سامان و سەرمایەدارە کوردەکان کە توانایی ماڵیی باشیان هەیە و دەتوانن لەو بوارەدا سەرمایەکەیان بخەنە گەڕ. بۆ ئەمڕۆ ئەمە خزمەتێکی گەورەیە بە پاراستن وپێشخستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیان. ئەمە نەک بە فیڕۆدانی سەرمایە نییە، بەڵکوو سەرمایە تەرخانکردن بۆ بنیاتنانی داهاتوویە نەتەوەیە. ئەو پرۆژانە دەتوانن سوودی داراییشیان هەبێت و خێر و داهاتی باشیان بۆ خاوەن سەرمایەکە بەدواوە بێت.

**لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ئەگەر تۆ نەتوانی شان لەشانی ڕقەبەرەکان بدەی، ئەگەر خۆت بە زانست و دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیا تەیار نەکەیت و نەتوانی بۆ زمانەکەت و بۆ شوناسەکەت ئەو هەنگاوانە هەڵ بگری کە سەردەمەکە لێت دەخوازێت دەکەویە پەراوێز و لەژێر پێی بەهیزەکان و شوناس و زمانە سەردەستەکاندا، دەپلیشێیەوە. زۆر پێویستە لە باری دارایی و ماڵییەوە پشتیوانی ئەو زانایانە و ئەو توێژەرانەمان بین کە بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و ئاستی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستادا پرۆژەیان هەیە.**

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# بۆ ڕزگاری دەبێ ئیرادە بۆ خەڵک بگەڕێندرێتەوە



هەردی سەلیمی

بابەتی وتووێژ لەسەر پرسی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و نێردراوانی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ، دوو مانگە لە ژوورە داخراوەکاندا بەڕێوە دەچێ. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا مۆڵەتێکی یەک مانگەی بۆ کۆماری ئیسلامی دیاری کردبوو و بە پێی ئیدیعاکان لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنیان، هێرشی نیزامی بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئەو وڵاتەی لێ دەکەوتەوە. هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو ڕاستییانەی وا پێویستە خەڵک بیزانن، ڕوون نیە و هەر جارە یەکێک لە نوێنەرانی ئەو دوو دەوڵەتە دێنە بەر شاشە و شتێک دەڵێن و پاش ڕۆژێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەدی دەکەنەوە؛ لە ڕاستیدا سەرقاڵییەکیان بۆ ئاژانسە هەواڵدەرییەکان ساز داوە و شرۆڤەکاری سیاسییش بەدوایاندا دێن و خەریکی لێکدانەوە دەبن. ئەوەی لەم نێوەدا لە هەمووی ناڕوونترە، چارەنووسی خەڵکی ئێرانە.

لەم چەند دەیە کە لە تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ دەبێ، گەورەترین زیانەکان بەر خەڵکی ئەم وڵاتە کەوتوە. لە گرتن و کوشتن و بڕینەوە بگرە هەتا برسییەتی پێچەشتن. نە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لە ڕێی پیتاندنی ئۆرانیۆمەوە

قازانجێک بە خەڵک بگەیەنێ و نە تیمی وتووێژکەری بەرامبەریشی باسێک لە خەڵک و چاوەڕوانی و مافەکانیان دێنێتە گۆڕێ.

گەر لە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەرەوە کولتووری کاری سیاسیی بەکۆمەڵ و فەرهەنگی حیزبایەتی هاتە نێو ئێرانەوە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا بەشێک لە عاملییەت یان لانیکەم هەستەکەی بۆ مرۆڤ و کاری بەکۆمەڵ گەڕاوەتەوە، بەڵام ڕێژیمی پەهلەوی و بەتایبەتیتر کۆماری ئیسلامی ڕێک دەستیان نایە سەر ئەم بەشە و بە سەرکوتی ڕەهای حیزبە سیاسی و تەنانەت ڕێکخراوە کولتووری و پیشەییەکانیش، هەوڵیان داوە ئەو ئیرادە کۆمەڵایەتییانە لەنێو بەرن، هەتا ئەو جێیەی کە لە ئەمڕۆدا زۆر ڕووناکبیر و نووسەر و چالاکی مەدەنی و... بەشانازییەوە باس لە "سەربەخۆبوون"ـی خۆیان دەکەن، بە واتایەکی تر شانازی بە تەنیایی خۆیانەوە دەکەن! کە کێ هەیە نەزانێ کونترۆڵکردنی مرۆڤێکی خاوەنبیر و بەهەڵوێستی تەنیا زۆر ئاسانترە بۆ دەسەڵاتێکی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامی، هەتا ئەوەی بیهەوێ کۆمەڵێک کەس سەرکوت بکات و بیری هاوبەشیان لەنێو بەرێ؟

ئەم دۆخەی ئێستا ڕەگێکی لە مێژووشدا هەیە. لە ڕووی مێژوویییشەوە چاو لێ بکەین، خەڵکی ئێران هەمیشە چاوەڕوانی ڕزگاریدەرێک بوون کە بێ و لەو دۆخەی تێیدان ڕزگاریان بکات! جا ئەم ڕزگاریدەرە یا ئیمامی زەمان بووە، یان سپای وڵاتێکی تر بووە، یان کەسێک بووە کە بوتی لێ ساز کراوە و لە مانگدا بۆی گەڕاون! لەخۆڕا نیە کە "ئەخەوانی سالس" دەڵێ: "کاوەیەک پەیدا نابێ، خۆزگە ئەسکەندەرێک هاتبا..." ئەم باوەڕە بووەتە بەشێک لە ژێنێتیکی مێژوویی خەڵک و هەموو ئاواتەکانیان لەسەر هەڵچنیوە. لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامییش ئەم باوەڕەی زیاتر پەرە پێداوە و تێفکرینی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتەی لە هۆکاربوونەوە بۆ بەرکاربوون گۆڕیوە.

لە وەها دۆخێکدایە کە خەڵکی ئەو وڵاتە هەست بە تەنیامانەوەی خۆیان دەکەن و هەمیشە چاویان لە دەستی ئەویدییەکە بێ و ڕزگاریان بکات. تەنانەت ئەم باوەڕە لە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشدا بەهێزە و ئەوانیش هێندەی دی خوێن دەگەیەنن بە جەستەی ئەم بیرۆکە پاسیڤە. ئەوانیش بە داتاشینی بەناو ڕزگاریدەرێک و بە گەرمکردنی بازاڕی هێرشی نیزامی و... خەڵک لە هەوڵدان بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان سارد دەکەنەوە.

دەبێ چ بکرێ؟ پێش لە هەر شتێک دەبێ بزانین سیاسەت مەیدانی خەبات و گۆڕانە، جا ئەو گۆڕانە بنەڕەتی بێت یاخود ڕێژەیی، شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە سیاسەت بۆ خولقانی گۆڕانە. پێویستە پرسی سیاسی ببێتە پرسی سەرەکیی خەڵک، هەر لەم ڕێیەشەوە ئیرادە و هەستی بکەربوون بۆ خەڵک بگەڕێندرێتەوە. یەکێکی تر لەو پێویستییانەی لێرەدا دەبێ



سەرچاوە
Serchawe

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە وشیاری و ئاگاداری بە خەڵک بدرێ، واتە خەڵک بزانن چی بەسوودە بۆیان و چی زیانی هەیە بۆیان، بەم پێیە ڕێکارێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی قازانج و سوودەکە لە خۆیان نزیک بکەنەوە و زەرەر و زیانەکەش لە خۆیان دوور بکەنەوە. بابەتێکی تر کە لێرەدا گرنگە باس بکرێت ئەوەیە کە بۆ چوونە نێو مەیدانی سیاسەتەوە کە وەک گوترا بەرەو گۆڕانمان دەبات، پێویستە لە کەرەسەی سیاسی واتە حیزب و ڕێکخراو و تەشکیلات کەڵک وەربگیرێ. کولتووری حیزبایەتی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک خەڵک بزانن چ ئامانجێکیان هەیە، چون ئەو حیزبەی کە هەڵیانبژاردووە جیهانبینیی خۆی، بەرنامەی خۆی، ئامانجی خۆی، هەڵوێستی خۆی، خوێندنەوەی خۆی بۆ بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دیاری و ویستەکانی خۆی فۆرموولە کردووە؛ کەواتە بۆ گەیشتن بەو گۆڕانەی وا لەبەرچاو گیراوە دەبێ لە کەرەستەی سیاسی کەڵک وەربگیرێ نەک بەتەنیا مانەوە و چاوی هومێد گێڕان .

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# کۆڵبەری، سنووریی نێوان مەرگ و هەژاری



**کاوە سندووسی**

"کۆڵبەری"، چالاکییەکی تاقەتپڕووکێن و مەترسیدارە کە تێیدا کەسانێک بارگەلێک لە ڕێڕەوە سنوورییەکانی ناوچە شاخاوییە سەخت و دژوارەکانی کوردستان (بەتایبەت ناوچە سنوورییەکانی پارێزگاکانی سنە، کرماشان، ورمێ و ئیلام) دەخەنە سەر کۆڵیان و لە سنوورە دەستکردەکان دەیانپەڕێننەوە. وشەی «کۆڵبەر» لە تێکەڵکردنی دوو وشەی (کۆڵ = بە مانای پشت) و (بەر = بە مانای هەڵگر یان گواستنەوە) پێکهاتووە. کۆڵبەری زۆرجار جۆرێکە لە ناچاری و کارێکی زۆرەملێ کە لە ئەنجامی بێکاری، هەژاری، نەبوونی هەلی کاری یەکسان و سیاسەتە ئابوورییە شکستخواردووەکانەوە سەری هەڵداوە و بۆ زۆرێک لە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان، بووەتە تەنیا ڕێگای دابینکردنی بژێوی ژیان.

کۆڵبەران بە گشتی کاڵای وەک کەلوپەلی نێوماڵ، جلوبەرگ، جگەرە یان ماددە خۆراکییەکان هەڵدەگرن و زۆرجار بەرەوڕووی مەترسییەکانی وەک هەڵدێران لە بەرزایی، تەقینەوەی مین، تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سنوورییەکان و بارودۆخی سەختی کەشوهەوا دەبنەوە. لە ڕاستیدا، کۆڵبەری نە پیشەیەکی فەرمییە، نە بیمە و پشتیوانیی یاسایی هەیە و نە کەرامەتی

مرۆیی تێیدا ڕەچاو دەکرێت، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای نایەکسانیی پێکهاتەیی و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتییە لە کوردستاندا.

هەروەک ئاماژەی پێ کرا، کۆڵبەری نە پیشەیە، نە شانازییەکی لەدواوەیە. کۆڵبەری ناچارییەکی سەپێنراوە بەسەر ئەو مرۆڤانەدایە لە خاکێکدا کە پڕە لە سامانە سروشتییەکان و دەرفەتی ئابووری، لە هەژاریدا قەتیس ماوە و ژیان دەکەن. ئەم دیاردەیە کارەساتێکی مرۆییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهاتە سیاسی، ئابووری، ئەمنی و سەربازییەکاندا داکوتاوە کە ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان نەک تەنیا گەشەپێدانیان کردۆتە بارمتە، بەڵکوو هەناسەی ژیانیان بۆ میلیۆنان کەس لەم ناوچانەدا کردۆتە مامەڵەیەکی ڕۆژانە لەگەڵ مەرگدا. کۆڵبەر کەسێک نییە پیشەکەی خۆی بە ئازادی و لە ڕووی هەڵبژاردنەوە دیاری کردبێت، بەڵکوو کۆڵبەر کەسێکە هەموو ڕێگاکانی ژیانێکی شەرافەتمەندانەی لێ داخراوە؛ نە شارۆچکەی پیشەسازی، نە زەوی و پشتیوانیی پێویست بۆ کشتوکاڵ، نە ژێرخانی ئابووری و نە تەنانەت ئاسایشی سەرەتایی بۆ کار و ژیانی مرۆیی، ناچاری کردووە بۆ ئەم دۆخ و قۆناغە هەستیارە کۆڵ وەبەر دنیایەک سەختی بدات. لەم بارودۆخەدا، کۆڵبەری هەڵبژاردن نیە، بەڵکوو دەرەنجامێکی حەتمی سیاسەتێکی سەرکوت و سڕینەوەی بەردەوام و بەرنامە بۆ داڕێژراوە.

لەم نێوەندەدا، نابێت فریوی ئەو پیرۆزکردنانە بخۆین کە لە ڕووی دڵسۆزی یان نەزانینەوە، کۆڵبەر دەکەنە . ئەم جۆرە تێڕوانینە، هەرچەندە ڕواڵەتێکی مرۆیی هەیە، بەڵام لە کردەوەدا پەرە بە ئاساییکردنەوەی کارەساتێک دەدات. ئاساییکردنەوەی کۆڵبەری واتە قبووڵکردنی وەک بەشێکی ئاسایی ژیان لە جوگرافیایەکدا، واتە لەبیرکردنی ئەو ڕاستییەی کە کۆڵبەر، بەرهەمی ڕاستەوخۆی جیاکاریی پێکهاتەیی و داگیرکاریی سیاسییە.

کارەسات یان باشترە بڵێم کارەسات وێڕای منەت بەسەرداکردن، تەنیا لە چیاکان و سنوورە پڕمەترسییەکاندا کورت نابێتەوە. یەکێک لە فێڵ و دەهۆی ڕووهەڵماڵاوی ڕێژیمی دەسەڵاتدار، دەرکردنی مۆڵەتی کاتی و ڕووکەشانەیە بۆ "ڕێکخستنی بازاڕچەکانی کۆڵبەری."

فەرمانداریە حکوومییەکان لە شارە سنوورییەکاندا بە بەڵێن و بیانوی "ڕێکخستنەوە"، مۆڵەتگەلێک دەردەکەن کە نەک تەنیا کێشەی سەرەکیی هەژاری و بێکاری ئەم ناوچانە چارەسەر ناکات، بەڵکوو شەرعیەتی پێ دەبەخشێت و بە یاسایی دەکات. ئەم مۆڵەتانە بە گشتی دەگەنە دەستی کەسانی تایبەت سەر بە دامودەزگا ئەمنی و حکوومەتییەکان یان بۆیان دەردەکرێت، نەک کۆڵبەرانێک کە هەموو ڕۆژێک گیانی خۆیان لە ڕێگەیەکی مەترسیدار و بێئەنجامدا دەخەنە مەترسییەوە. ئەو بەرپرس یان نوێنەرە لە ڕاستیدا سوودمەندی ڕاستەقینەی ئەم مۆڵەتانەن نەک خەڵکی هەژار و بێکار؛ ئەو خەڵکە لە باشترین حاڵەتدا بەشێکی کەمی قازانجە زۆرەکەیان بەردەکەوێت و قازانجی سەرەکی دەچێتە گیرفانی دەلاڵە سەر بە

حکوومەتەکان و بازرگانانەوە.

لەوەش تاڵتر ئەوەیە، لە هەمان کاتدا کە خەڵکی کوردستان بۆ پارووە نانێک، چیاکان بە باری هەندێکجار سەد کیلۆییەوە دەبڕن، لە هەندێک شوێنی ئەم وڵاتەدا، دەروازەی سنووریی تایبەت بۆ ئاغازادەکان و کەسانی سەر بە دەسەڵات بوونیان هەیە. فڕۆکەخانە و بەندەرگەلێک کە تێیاندا بە ملیاران دۆلار جۆرەها کەرەسەی و کەلوپەلیی جۆراوجۆر بێ هیچ چاودێری و یاسایەک هاوردە و هەناردە دەکرێت. شوێنێک کە نە سەرمایان وێدەکەوێت و نە گەرماش هەست پێدەکەن، نە مەترسیی مین و نە گوللەیەک هەیە کە سینگێک بدڕێت و نە منداڵێک کە هەتیو ببێت، بەڵکوو تەنیا پارە و ڕانت و گەندەڵییە کە بە ئازادی هاتوچۆ دەکات.

کۆڵبەر، بەو بارەی لەسەر شانیەتی، نە دزە و نە تاوانبار و جەردە. ئەو تەنیا قوربانیی ئەو یارییانەیە کە لە ئاستە باڵای دەسەڵاتدا، لەنێوان دامودەزگا حکوومییەکان و مافیای ئابووریدا داڕێژراون. لە کاتێکدا هەموو ڕۆژێک چەند کوردێک بەناوی کۆڵبەری لە سەر سنوور و چیاکان گیان لەدەست دەدەن یان تووشی ڕووداوی دڵتەزێن دەبن، تۆڕێکی گەورەی گەندەڵی و قاچاخ لەژێر سێبەری بەندەرە حکوومییەکان و فڕۆکەخانەکان و کۆگا تایبەتەکاندا، بێ هیچ ترس و دڵەڕاوکەیەک وەک زێروو خەریکی مژینی سەرمایەی وڵاتن. ئەم دژوازییە، دڵی هەموو مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن ویژدان ئازار دەدات. چۆن دەکرێت کۆڵبەرێک بە تاوانی هەڵگرتنی چەند کارتۆنێک جلوبەرگ یان شەکر و چا بکوژرێت، بەڵام بە ملیاران دۆلار هاوردە و هەناردەی نایاسایی لە کەناراوەکانی باشوور، لە چاوی زەقی یاسا شاراوە بمێنێتەوە؟ وەڵام ڕوونە، ئەم سیستەمە نەک بە هەژاریی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو بە "پرۆژەی هەژارکردن"ی خەڵک زیندووە. ئەگەر کۆڵبەری بوونی هەیە، لەبەر ئەوە نییە کە چارەیەکی بۆ ناکرێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە پێکهاتەی ئێستا بەم هەموو سەرچاوەیەوە، ئیرادەیەکی بۆ چارەسەرکردن نییە. دروستکردنی بەندەری تایبەت بۆ کەسانی سەر بە حکوومەت و مۆڵەتدان بە تۆڕە قۆرخکارییەکان هیچ گونجانێکی لەگەڵ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی ئەم ئیدیعاکارانی حکوومەتی ئیسلامیدا نییە. ئەم سیاسەتانە نەک تەنیا کێشەی کۆڵبەری چارەسەر ناکەن، بەڵکوو بە گۆڕینی بۆ سیستەمێکی کۆنترۆڵکراو و شیاوی چەوساندنەوە، دەیکەنە ئامرازێکی نوێ و کاریگەر بۆ سووکایەتیکردن، زاڵبوون و چەوساندنەوەی سیاسی-ئابووریی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان.

لەم نێوەندەدا، ئەوەی پێی دەگوترێت ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی و گاڵتەجاڕانێک بە ناوی خۆیان بەشێکن لەم سیاسەتە داگیرکاری و کوشتارە. بەڵێنی ئەو نوێنەرانەی کە ساڵانێکە بە دروشمی دادپەروەری و نەهێشتنی جیاکاری چوونەتە ئەنجوومەن، هیچی تر نەبووە جگە لە چەواشەکاری و بەڵێن و فێڵ و گزی، ئەوان نەک تەنیا نەیانتوانیوە هیچ جۆرە چارەسەرێکی ڕاستەقینە بۆ کێشیی کۆڵبەران بیبیننەوە، بەڵکوو زۆرجار بە بێدەنگیی خۆویستانە و سیاسەتی هاوڕێیەتی

جۆزەردانی ٢٧٢٥

لەگەڵ پێکهاتە ئەمنی و ئابوورییەکانی ڕێژێمی ئیسلامی، ڕۆڵی دەڵاڵ یان نێوەندگیر و پاساوهێنەرەوەیان گێڕاوە. بووکەڵەگەلێکن کە لە کردەوەدا مۆرەی سیستەمی سیاسیی ئاخوندیین و نەک زمانی خەڵک، ئەوان لە باشترین حاڵەتدا زمانی ڕێژێمن لەنێو خەڵکدا. ئەوان هەندێکجار بە جلی کوردی و خۆنواندنی دڵسۆزانەوە بەڵێنی هەلی کار و ناوچەی ئازاد و کارتی کۆڵبەری دەدەن، بەڵام لە کردەوەدا یارمەتیی مانەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەمان پێکهاتەی بۆگەن و نامرۆییە دەدەن.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لە ساڵانی ڕابردوودا سەدان کۆڵبەر کوژراون و بریندار بوون. ژمارەیەکی زۆر بە تەقەی ڕاستەوخۆ، هەندێکیان بەهۆی بەستەڵەک و سەرما و هەڵدێران یان ڕاوەدوونان، یان بە تەقینەوەی مین گیانیان لە دەست داوە و بریندار بوونە. ئەم ئامارانە هەرگیز بە دروستی تۆمار ناکرێن، چونکە لە بنەڕەتدا لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، کۆڵبەر "قوربانییەک" نیە، بەڵکوو "توخمێکی سەرێشە- تێکدەری ئابووری یان سیخوڕ و تەنانەت تیرۆریست"ە. ئەم کوشتارە سیستماتیکە، ئەگەر لە شوێنێکی تری ئەم گۆی زەوییە ڕووی بدایە، دۆسیەیەکی تاوانکاری لە ئاستی دادگا نێودەوڵەتییەکاندا بۆ پێکدەهات، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا، ڕاستییەکی ئاساییە کە نەک تەنیا سزای نییە، بەڵکوو هەندێکجار بکوژان و تەقەکەران هان دەدرێن و پلەیان بەرز دەکرێتەوە. هەر بۆیە، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ پیرۆزکردن یان پاککردنەوەی ئەم دۆخە، خیانەتە بە ڕاستییەکان. نابێت کۆڵبەری بە گێڕانەوە پاڵەوانئاساکان وێنا بکرێ و بخەملێندرێ. ئەم کارە، تەنیا یارمەتیی لەبیرکردنی کێشەی نەگبەتی کۆڵبەرییە. کۆڵبەری دەبێت هاوارێک بێت، نەک فیلم و، بە قێزەونی بمێنێتەوە هەتا نەمێنێت، نەک ئەوەی بە بەزەیی و پاڵەوانسازی، بڕازێتەوە و قبووڵکردنی ئاسان بکرێت.

کۆمەڵگەی کوردستان ئەگەر شیکارییەکی دروست لەسەر ناوەڕۆک و پێکهاتەی ئەم کارەساتە نەکات، ڕەنگە بێ ئەوەی بیەوێت یارمەتیی مانەوە و زیادبوونی گرفتی کۆڵبەری دابێت. تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون لەم گرفتە مرۆییە، وشیاریی گشتی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دژ بە داگیرکاری و بێکاری لە کوردستان و پێداگری لەسەر مافی ژیان بێ سووکایەتی و هەژارییە.

کۆڵبەری هەتا ئەو کاتەی بوونی هەبێت، دەبێت هاوارێک بێت بەسەر ئەوانەی هۆکارن و سیستەمی دەسەڵاتدارداو نابێت هەرگیز لەگەڵیدا سازش بکەین. نە بە مۆڵەت، نە بە بەڵێن و نە بە فیلم یان دۆکیومێنتاریی ئەوتۆ. کۆتاییهاتنی کۆڵبەری، تەنیا بە کۆتاییهاتنی داگیرکاریی کوردستان و گەڕانەوەی کەرامەت و دەسەڵاتی بڕیاردان بۆ خەڵک دەکرێت. لە کۆتاییدا کۆڵبەری تاوانێکە کە ئاساییکردنەوەی خیانەتە بە مرۆڤی کورد و بێدەنگی لە ئاستیدا هەمان هاوبەشییە لەم تاوانەدا.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# گۆدۆ نایە و چاوەڕوانی هەڵەیە



**عەلی بداغی**

لە کاتێکدا دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا لەسەر پرسی ناوکیی ڕێژیم لەنێو هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە یەکتری هەروا درێژەی هەیە و ئەگەری شەڕ و تێکهەڵچوونی نیزامییش هەروا لە ئارادایە، خامنەیی لە کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیمەکەی پێداگرە کە هۆکارێک بۆ نەوەکیشان و نەرمینواندن نیە، چونکی وڵات کەمترین کێشە و ئارێشەی تێدا نیە و نیزامی سیاسی گەیوەتە لوتکە!

هەڕوگیڤەکانی خامنەیی لە کاتێکدایە کە هەر ئێستا مانگرتنی سەرانسەریی شۆفیری بارهەڵگرەکان بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەوپەڕی خراپیی دۆخی ژیانیان چووەتە سێهەمین حەوتووی خۆیەوە و لە زۆر شوێن و ناوچەی دیکەی وڵاتیش مانگرتن و نارەزایەتییەکان بەردوامن. ڕێبەری ڕێژیم هەروەها لە کاتێکدا حاشا لە کێشە و نارەزایەتییەکان دەکا کە پرۆژە ئایدۆلۆژییەکانیشی بەهۆی قەیرانە نێوخۆییەکان و یەک لەوان پچڕانی کارەبا دەبنە گەپجاڕی خەڵک، وەک ئەوەی بە نیوەچڵ مانەوەی نواندنی جەحەننەمی دەسکردەکەی سپای پاسداران لە شاری "قومن" ڕووی دا.

خامنەیی لە کاتێکدا وەک کەو سەری لە بەفر ڕۆ کردوە کە قەیرانی ئابووری و بژێوی ژیان برستی لە خەڵک بڕیوە و لەو سۆنگەیەوە هەم تاوانە کۆمەڵایەتییەکان هەڵکشاون و هەم خۆکوژییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکەن. لاوان بە تایبەت دەرچووانی زانکۆ بەهۆی بێکاری و دانەمەزران و خوێنەدیتنەوە لە بازاڕی کار ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بێهیوایی بەرۆکیان دەگرێ و ئەوەی بتوانێ بارگەوبنەی لە وڵات تێکەوە دەپێچێ هیچ، ئەوانی دی دەبێ بە دەردی خەمۆکی و تەمابڕاوی بتلێنەوە؛ ئەویش لە کاتێکدا مافیاکانی دەسەڵات بە ڕانت لەو سیستمیە ئابوورییە گەندەڵەدا هەموو سەروەت و سامانی وڵات هەڵدەلووشن.

سەرکوتی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان، سەرکوتی کەمایەتییە ئایینییەکان و سنووردارکردنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵک، سەرکوتی خوێناویی هەر ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانێک و گرتن و ئەشکەنجەدانی چالاکانی مەدەنی و سیاسی بەشێکی دیکە لەو کێشە و ئاریشانەن کە جەنابی خامنەیی گوایە نایانبینێ و حاشایان لێ دەکا. وادیارە خامنەیی مەودای قووڵی نێوان خەڵک و دەسەڵات و هەر لەجێدا تێپەڕینی خەڵک لە کۆماری ئیسلامی نابینێ و چاوی لە گەورە قەیرانەکانی ژینگە وەک کەمئاوی و تەفروتوونابوونی سەرچاوە سروشتییەکان لەسۆنگەی ناکارامەیی و ستراتیژیی چەوت و هەڵەی ڕێژیمەکەی نووقاندوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سەر لە بەفر ڕۆکردنە ئەوەی خامنەیی زۆر باش دەیبینێ ئەوەیە کە ڕێژیمەکەی شەرعییەتی سیاسیی لەلایەن خەڵکەوە نیە و بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان جێی هیچ شک و گومانێک لەوەدا ناهێڵنەوە.

بەڵام ئەوە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و لە سەروو هەموویانەوە خامنەیی بۆچی دان بە کێشە و قەیرانەکانی وڵات دانانێن، وەڵامەکەی ڕوونە: پێش هەموو شتێک پڕوپاگەندە و کۆنترۆڵی شەقام و بیروڕای گشتی. کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەک لە ئامرازەکانی مانەوەی لە دەسەڵاتدا کۆنترۆڵکردنی میدیا و ڕاگەیاندنە. بۆیە بە پێداگری لەسەر بەئاسایینیشاندانی دۆخی نێوخۆیی و بچووککردنەوەی گەورە قەیرانەکانی وڵات دەیەوێ بیروڕای گشتی لە شڵەژان و کاردانەوە خاو کاتەوە.ئەم ڕێژیمە دەیان ساڵە لە درۆ، چەواشەکاری و ئامارسازی و پڕوپاگەندەی بێبنەما بۆ شەرعییەتدان بە نیزامی سیاسیی وڵات بەتایبەت بە ڕووی دەرەوەدا کەلک وەردەگرێ.

هۆکارێکی تری ئیدیعاکەی خامنەیی بۆ ڕاکردن و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی دەگەڕێتەوە. سروشتییە بێتوو خامنەیی دان بە قەیران و کێشە نێوخۆییەکانی وڵاتدا دابنێ، دەبێ بشڵێ کە سەبەب چین و پشکی ئەوان لەوان قەیراندا چیە و چەندەیە و بێگومان لە مێژووی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم قەت بەرپرسایەتیی هیچ قەیران و ئاریشەیەکی قەبووڵ نەکردوە. هاوکات خامنەیی دەزانێ لە ئەگەری دانان بە کێشە و گرفتەکاندا و وروژاندنی ئەو باسە و گەڕان بە دوای هۆکارەکاندا



سەرچاوە
Serchawe

یەکگریی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات ئەوەندەی دیکەش کێشەیان دەکەوێتە نێوان و هەڵوەرینەکان زیاتر دەبن. بۆیە ئەگەرچی بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، بەڵام بە پووشبەسەرکردنی قەیرانەکان و ڕیوایەت دروستکردنی بەدرۆ دەیانەوێ هەیکەلی ڕواڵەتیی سیستمەکەیان قایم بنوێنن.

خاڵێکی تر پێوەندیی بە نێوەرۆک و ئایدۆلۆژیی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە شەرعییەتی دەسەڵاتەکەی بۆ ئاسمان دەگێڕێتەوە و ڕێبەری ڕێژیم خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر عەرز و حکوومەتەکەی بە حکوومەتی پێغەمبەران گرێ دەداتەوە. سروشتییە کە داننان بە کەموکوڕی و شکستی سیاسەتەکانی نیزام دژایەتیی لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژی و وێژمانە دەبێ و باشترین چار هەر حاشاکردن یان تاوانبارکردنی دوژمنانی دەرەکییە! لەوەش بترازێ لە سیستمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا پێچەوانەی نیزامە دێموکراتیکەکان هیچ بەرپرس و دامودەزگایەکی حکوومەتی لە هەمبەر قەیران و کەموکوڕییەکانی وڵاتدا خۆیان بە وەڵامدەر نازانن و مێدیای ئازاد و ڕێکخراوی چاودێریی سەربەخۆش لە وڵاتدا نیە هەتا بتوانێ لەو دۆخە بپرسێتەوە، دەمێنێتەوە کاربەدەستانی ڕێژیم کە بۆخۆیان دەیبڕن و دەیدوورن.

لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا تاکەڕێگای کۆتاییهاتن بە قەیرانەکان تێکەوەپێچانی تەمەنی کۆماری ئیسلامییە و خەبات لەو پێناوەدا هەم پێویستی و هەم ئەرکی ئەخلاقیی تاک بە تاکی کۆمەڵگەیە. بۆیە پاڵوێکدانی خەڵک بە هەموو جۆراوجۆرییەکان و یەکخستنی وزەی خەباتگێڕییان لەدژی کۆماری ئیسلامی مەرجی بنەڕەتییە. تێگوشین بە هیوای جیران ئیشکە و هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی نابێ بە تەمای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە بێ و لە نێوخۆ دەست لەسەر دەست دانێ و "چاوەڕوانی گۆدۆ مانەوە" سووڕی باتڵی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک لە چوار دەیەی ڕابردوویە. بۆیە دروستکردنی بەرچاوڕوونی بۆ ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی خەبات بەدژی ئەم ڕێژیمە بەردی بناغەی گۆڕانکارییەکانە. خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکە دەبێ دڵنیا بن لە ئێرانی داهاتوودا و لە سایەی حکوومەتێکی فرەچەشنی پلۆرال و دێموکراتدا ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان پارێزراو و دەستەبەر دەبن. هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات پێویستە بە وەلانانی ناکۆکییەکانیان چاو ببڕنە ئامانجە هاوبەشەکە کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چێکردنی ئێرانی داهاتوو بە ئەزموون وەرگرتن لە پتر لە یەک سەدە حکوومەتی ناوەندگەرا لە ئێرانە. بێگومان یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دروستبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی نیوەی ئەم ڕێگا هەڵەمووتەیە.

لە نێوخۆی وڵاتیشدا لە نەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و گۆڕینی پێکهاتەی نیزامی سیاسی تاکەڕێگا کردنیی نافەرمانیی مەدەنی بە ئەرک و بەرینکردنەوەی نارەزایەتییەکان، خۆپێشان و مانگرتنە سەرانسەرییەکانە.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

بێ دوودڵی تەنیا لە وەها دۆخێکدا پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیفلیج دەبێ و تێکدەڤرمێ. ئێستاش کە مانگرتنی شۆفیری بارهەڵگرەکان لە ئارادایە، خەڵک نابێ چاولێکەر بن و پێویستە دەوری کارای خۆیان بگێڕن. پێویستە هەموو چین و توێژەکان لە مامۆستایان، بازارییەکان، سەندیکا کرێکارییەکان و کارمەندەکانی دەوڵەتیش بە هانایانەوە بچن و بە دەستبار ئەم نارەزایەتییانە بگەیەننە ئاکام.

بێهیوایی، چاوەڕوانی، داتەپین و نارەزایەتیی بێکردەوە هیچی لێ شین نابێ، بەڵام وشیاری، یەکیەتیی بەکردەوە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی دەرەکییش دەتوانێ داینەمۆی گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندەیی خەڵک بێت.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## شەڕ وەک نیعمەتی ئیلاهی یان پێویستیی سوڵحی ئیمامی حەسەن!



**فەتاح ڕەسووڵی**

هەر بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و گەیشتنی ئاخوندەکان بە دەستەڵات، پاوانخوازیی و سەرکوت و کوشتار و زیندانیکردنی جیابیران دژ بە گەلانی ئێران دەستی پێکرد. "ویلایەتی فەقیی" وەک سیستمی سیاسی بوو بە دەستەڵاتداری موتڵەق و هەر کەس و لایەنێک پێچەوانەی ئەوان بیری کردبایەوە، بە دژی دەوەستانەوە و دەکەوتە بەر غەزەبی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و سزای قورسی بەسەردا دەسەپا. زیندانەکان ئاخنرابوون لە ئازادیخوازان و بۆ بەچۆکداهێنانیان و تێکشکاندنی ئیرادەیان بەرەورووی ئازار و ئەشکنجەی جەستەیی و ڕوحی و زیندانیی درێژخایەن دەبوونەوە؛ یان تەنانەت بەکۆمەڵ ئێعدام دەکران.

هەر لە سەرەتاوە بناغەی سیستێمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر توندوتیژی و تۆقاندن و خوێنڕشتن دامەزرا. ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، خۆی بە گەورە هێزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تاکە سواری مەیدان دەزانی و هەر بۆیە ئاستی زێدەخوازی چاوەڕوانییەکانی بۆ پیلانگێڕی و سەرەڕۆیی لە ناوچەکەدا زیاتر کردبوو، دروشمی "نە شرقی، نە غربی،

جمهوری اسلامی" بەرز کردەوە بە دژی دوو بەرەی "ئیمپریالیزم" و "کۆمونیزم" وەستایەوە و خەونی سڕینەوەی ئیسرائیلی دەبینی. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە پابەندی بەها ئەخلاقییەکان و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان نەبوو، و لە ساڵی ١٣٥٨ی هێرشی کردە سەر سفارەتی ئەمریکا و ٥٢ دیپلوماتی ئامریکایی سەر بەو سفارەتەی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتە گرت.

لەو نێوەشدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترین زوڵم و چەوساندنەوە و بێعەداڵەتی و پەراوێزخستن و جینایەت و بەشمەینەتی لەدەست ئەم ڕێژیمە ستەمکارە چیشتوە. گەڵی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی هەمیشە "دیالۆگ"ی بە باشترین ڕێکار زانیوە و هەر دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نوێنەرانی گەلی کورد هەوڵێکی زۆریان دا کە دوور لە توندوتیژی و لە ڕێگای ئاشتییانەوە چارەسەری کێشەی سیاسی گەلی کورد بکرێ، بەڵام بەداخەوە ڕێژیم ستراتیژیی شەڕی هەڵبژارد. خومەینی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی فتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. لە هەمو لایەکەوە پەلامار و گەمارۆی خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعی کوردیان دا و دانیشتووانی گوندەکانی کوردستانیان کۆمەڵکوژ کرد و جینایەت و تاوانی دژەمرۆیی خولقان. سەدان کەس لە ڕێبەرانی سیاسیی کورد و دژبەران لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکان تێرۆر کران کە لە ناویاندا دوو کەسایەتی و ناسیاوترین ڕێبەرانی گۆڕەپانی سیاسی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات شەهیدان دوکتور قاسملوو و د.شەرەفکەندی دیار و بەرچاون.

هەرچی چەکی وێرانکەر بوو لە زەوی و ئاسمان لەسەر خەڵکی کوردستان تاقی کرانەوە، پۆل پۆل لاوانی کوردیان لە زیندانەکاندا ئێعدام کرد و ئەوەی بۆیان کرا و لە توانایاندا بوو دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەپاراست. کوردستان مێلیتاریزە کرا و بە هەزاران مۆڵگە و سەدان هەزار بەکرێگیراویان بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد تێیدا جێگیر کرا. ئەم داگیرکاریی و توندوتیژییە دوای چلوحەوت ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شوورەیی و سەراسەر جینایەت، بێئەوەی چووکترین گۆڕانکاری لە سیاسەتی دژ بەم نەتەوەیەی بەسەردا هاتبێ بەردەوامە و درێژەی هەیە.

لە درێژەی سیاسەتی شەڕەنگێزی ئەم ڕێژیمە هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ وڵاتی عێراق بوو کە هەشت ساڵی خایاند کە وەک نیعمەتی ئاسمانی و ئیلاهی چاوی لێ دەکرا، کە بوو بە نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆ گەلانی ئێران، تێچووی زۆری مرۆیی، زەرەر و زیانی گەورە بە ژێرخانی ئابووری و ژینگەی هەر دوو وڵات گەیاند.

ڕێژیم ئەو شەڕ و ئاڵۆزییانەی بە دەرفەتێکی باش دەزانی بۆ پەرەپێدانی سەرکێشییەکانی، سەرانی ڕێژیم گەیشتنە ئەو ئاستەی بکەونە بیری دروستکردنی هیلالی شیعی و دروشمی خومەینی، "جنگ جنگ تا پیروزی، واتە شەڕ شەڕ تا سەر کەوتن" و ڕێگای قودس بە کەربەلادا ڕادەبرێ؛ بەڵام دوای هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق هەر کە بۆیان دەرکەوت ئیدی



سەرچاوە
Serchawe

بەردەوامیی ئەو شەڕە بەرژەوەندیی نیزام دەخاتە مەترسی، بە ناچاری لە ساڵی ١٣٦٧ و بەبێ هیچ دەسکەوتێک ملکەچ و دەستەوداوێنی بڕیارنامەی ٥٩٨ ی شورای ئەمنییەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بوون و بە فڕکردنی پیاڵەی ژەهر لەلایەن خومەینییەوە کۆتاییان بە شەڕەکە هێنا. بەڵام سیاسەتی شەڕەنگێزی و دروستکردنی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا کۆماری ئیسلامی بردە قۆناغێکی دیکە بۆ ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوی وڵات.

ئەویش پێکهێنانی تاقم و گرووپی نیابەتی جۆراوجۆر بە ناوی جیاواز لە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە وەک عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، غەزە و پشتیوانی هەمەلایەنەیان لەسەر حیسابی سەروەت و سامانی گشتی وڵات.
کۆماری ئیسلامی کە ماکە و هۆکاری سەرەکییە بۆ شێواندن و ئاڵۆزی ناوچەکە و جیهان، دەیان ساڵ درێژەی بەم سیاسەتە دا، بەڵام بێجگە لە نەهامەتی و ڕۆژڕەشی بۆ ئێران و ئەو وڵاتانە هیچ خێرێکی نەبوو.

٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ی زایینی هێرشی حەماس بۆ سەر خاکی ئیسرائیل کە بووە هۆی کوشتن و برینداربوونی سەدان کەس کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنی بوون و بەبارمتەگرتنی سەدان کەس، بالانس و ڕەوتی ڕووداوەکانی گۆڕی و قۆناغێکی دیکە لە ناوچەکە هاتە ئاراوە و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی و چاوەڕواننەکراو دەستی پێکرد و ئاگری ئەو شەڕە وێرانکەر و خوێناوییە بوو بە هۆی ئەوەی بە هەزاران کەس ببنە قوربانی و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس و غەزە بە تەواوی وێران بوو. لوبنانیش لەم شەڕەدا تێوەگلا و تووشی خەسارەتێکی بەرچاو بوو، وێرانی و تێچووی مرۆیی و ئابووری و زۆربەی ڕێبەرانی سیاسی و سەربازی حیزبوڵڵا و حەماس و هێزی سەربازییان بوونە ئامانجی ئیسرائیل و لەنێو چوون و گورزی کوشندەیان بەرکەوت.

سووریە و یەمەنیش لە هێرشی سەربازی ئیسرائیل بێبەش نەبوون و زیانێکی گەورەی گیانی و ماڵییان وێ کەوت. ئەسەد، سەروککۆماری سووریە لەلایەن دژبەران و خەڵکی وەزاڵەهاتووی لەدەست ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی هەلێکی باشیان بۆ ڕەخسا و لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد و عەلەوییەکان کە پەنجاوچوار ساڵ بوو حوکمرانیی ئەو وڵاتەیان دەکرد لە ساڵی ٢٠٢٤ی میلادی تیکەوە پێچرا و کۆتاییان پێهێنا. ئیسرائیل هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لەم بۆشایی دەسەڵات و ئەو ئاڵوگۆڕە زۆربەی بنکە سەربازیی و ناوەندە مووشەکی و ئەو شوێنانەی کە جیگای نیگەرانی بوون، بە هێرشی مووشەکی و ئاسمانی لەنێو بردن. بەدوای ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد و نەمان یا کەمبوونەوەی هێژمۆنی ئێران، پیلانگێڕی و ئاڵۆزی بۆ ناسەقامگیرکردنی ئەو وڵاتە لەپیناو قازانج و بەرژەوندییەکانی خۆی، بەدنەدانی پاشماوەی ڕێژیمی پێشوو و عەلەوییەکان و دورووزییەکان و عەشیرەتەکان، جارێکی دیکە سووریەی بەرەو شەڕی نێوخۆیی بەرێت.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

کۆی گشتی ئەوانەی باس کران، تەنیا ئیشارەیەکی بچووک بوون لە ئەدەبیاتی سیاسی و ستراتیژی و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی کە هەموویان شکستیان هێنا و مایەپووچ بوونەوە. ئێستا کۆماری ئیسلامی ئەوەی بەدەستیەوە ماوە کە وەک کارتی فشار لە بەرابەر وڵاتانی غەربی و ئیسرائیل بەکاریان دێنێ، بەرنامەی" ناوکی" و بەبارمتەگرتنی هاووڵاتییانی ڕۆژئاوایە لە ئێران، ئەوەی زۆرتر لە ڕۆژەڤدایە و بۆتە مژاری سەرەکی و زۆرترین باسی لەسەرە، جێی نیگەرانی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئورووپاییەکان کێشەی ناوکییە. ئەو وڵاتانە پێداگرن لەسەر ئەوەی کە ڕێژیم کۆماری ئیسلامی نابێ ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی، جێگای متمانە نییە و هەڕەشەیە بۆ سەر نەزم و ئاسایشی جیهانیی.

گوشارەکان بۆ سەر ئێران ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبن و دەسەڵاتدارانی تەنگەتاو کردوە و خستوونیەتە مەنگەنەوە، لێرەدا ئەوە ڕێژیمە دەبێ لە نێوان دوو بژاردە کە لەلایەن سەرۆککۆماری ئەمریکاوە لەبەر دەمی دانراوە کامەیان هەڵدەبژێرێ کە بریتین لە "یا داماڵینی چەکی ئەتۆمیی یا گورزی سەربازی لە بنکە و ناوەندە ناوکی و موشەکییەکان". بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و یەکلاییکردنەوە ئەم کیشەیە تا ئیستا پێنج جار دانیشتنیان هەبووە، ئەنجامی وتووێژەکانیان ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانی هەر دوولا بڵاو دەکرێتەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانیۆم بە هێڵی سوور دەزانێ لەژێر هیچ فشارێک ئامادە نیە وازی لێ بێنێ بەڵام ترامپ تا ئێستا چەند جار دووپاتی کردووەتەوە کە دەمانهەوێت لەگەڵ ئێران بگەینە ڕێککەوتن تا ئێستاش قۆناغی باشمان بڕیوە و لێک نزیک بووینەتەوە. لێدوانەکانی عەلی خامنەیی و بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لەمەڕ بەرنامەی "ناوکی"، چاوەدێران و شارەزایانی سیاسی بە دوو بەرەدا دابەش کردوە، بەرەیەک لەسەر ئەو باوەڕەن کە کۆماری ئیسلامی ڕێگای دووهەمی نیە و دەبێ مل بۆ خواستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕاکێشێ و بۆ مان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. پەلەقاژە و شل و توندکردن و لەبەریەککێشانەوەی دانوستانەکانیان تەنیا خۆڵ لەچاوکردنی بیروڕای گشتی و چەواشەکارییە بۆ پاراستنی شکۆی نیزامە و هیچ دوور نیە لە ژێرەوە هەندێک ساتوسەودای دوو لایەنە هەبێت.

بەڵام ڕەوتی دووهەم بۆچوونی جیاوازیان هەیە کە ئیستاش کۆماری ئیسلامی شەڕ بە نیعمەتی خوا بزان و بۆ شاردنەوەی گۆشاری نێوخۆ، داتەپینی بەهای دراو و و ئابووری وڵات تەوەڕوم و هەڵاوەسان و قەیرانی کارەبا و ئاو و سەدان کێشەی دیکە کە بەرۆکی ڕێژیمیان گرتوە، پێویستی بە نیمچە شەڕێک هەیە تا لەم ڕێگایەوە، ناڕەزایەتییەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆی ئیران سەرکوت بکات و تراژیدیای کوشتاری بەکۆمەڵی زیدانیانی سیاسی دووبارە بکاتەوە.

**١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# ڕامانێک لە پەیوەندیی نوخبە و بزاوتی سیاسیی کورد



شۆڕش شەهباز

بزاوتی کوردی بەر لەوەی بزاوتیکی سیاسی بێت، بزاوتیکی مافخوازە. لە دەستپێکی سەرهەڵدانی ئەو بزاوتە هەتا ئێستا زۆر مێتۆدی سیاسی بۆ گەیشتن بەو مافە گیراوەتە بەر. خەسڵەتی مافخوازیی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ماف ئەوەیە کە بە میتۆدی جۆراوجۆری سیاسی خۆی ڕێک بخات و بە گوتاری سیاسی، ڕێبازیکی جەماوەری بۆ خۆی دەستەبەر بکات. ئەو بزاوتە تێگەیشتووە کە بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای نەتەوەیی، دەبێ ڕێکخراوی سیاسیی هەبێت و ئەو ڕێکخراوەش خاوەنی گوتارێک بێت کە لە نێوەڕوکدا هەڵگری گەیاندن و زەفکردنەوەی زۆرتری ئەو مافە ڕەوا و سرووشتییە بێت.

خەباتی مافخوازیی ئەو نەتەوەیەی خاوەنی سەروەریی سیاسی و کیان سەربەخۆ نیە، دەبێ ڕێگایکی سیاسی بگرێتە بەر. خۆ ئەگەر زەوتکەرانی ماف ڕێگا بدەن وەکوو سرووشتی خۆی بە دیالۆگ و گفتوگۆ بەرێوە بڕوات، ناچێتە قۆناخی چەکداری. ئێستا کە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستویەکداین، هێشتا کورد بەگشتی و بە تایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات نەگەیشتووە بە مافی خۆی. لە گوتاری کوردی ئەوەی نوخبە و ڕوناکبیر و ئاکادیمیسیەنی کورد وەکوو تیۆری باسی دەکەن جیاوازی زۆری

هەیە لەگەڵ ئەمری واقیعی ئەو خەبات و مافخوازییە. لانیکەم بزواتی سیاسیی کورد کە لە چوارچێوەی حیزبی سیاسیدا خۆی بەرجەستە دەکات، کەوتوونە بەر ڕەخنە. ئەو ڕەخنە و گازندانەی لە لایەن ئەو نوخبە و ئاکادمیسیەن و ڕووناکبیرانەدا بە نیسبەتی بزواتی سیاسیی کوردی ڕۆژهەلات دەکرێت، ئەبستراکت و داماڵراو لە واقیعن و ئیمکانی جێبەجێبوونیان نیە.

هۆکارەکەش ئەوەیە کە حیزبی سیاسی شۆڕشتەوەرە و، ناتوانێ خۆی تەنیا لە توێژی نۆخبە و ئاکادیمیسیەندا قەتیس بکات. حیزبی کوردی نێو بزواتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری پێناسەی جەماوەرییە نەک بەتەنیا ڕووناکبیرتەوەر، ئەگەرچی لە وزە و توانای ئەوانیش کەڵک وەردەگرێ. بزاوتی کوردی ئەو توێژە ڕەخنەگر و ئاکادیمیسیەنەی پێویستە، بەڵام بزاوتی سیاسی ناتوانێ بەردەنگی گشتگیری نەبێت و تەنیا توێژی ڕووناکبیر بکاتە بەردەنگی خۆی. هەروەها حیزبی سیاسی ناتوانێ خۆی لە تیۆریدا قەتیس بکا و سەرنجی هەڵومەرج نەدا. نۆخبە و ئاکادیمیسیەن تیۆریک دەڕوانە پرسەکان و زۆر سەرنجی واقعییاتی مەیدانی نادەن و لە سۆنگەی ئایدیئالەکانەوە هەڵسەنگاندن دەکەن و زۆر ناچنە نێو چەموخەمی ڕێئال پۆلیتیکەوە.

بزاوتی سیاسی کارامەیی لەوەدایە کە ئەوەی گونجاوە بۆ گەیشتن یان دەستبەرکردنی مافی ڕەوای نەتەوەیی، داوای بکات. تیۆریی سیاسی کە لە لایەن حیزبەکانەوە بەکردەوە پیادە دەکرێ، چەندین قۆناخ تێپەر دەکات. وەکوو ڕەشنووس دەخرێتە بەر ڕەخنە و پێشنیاری گشتیی ئەندامان لە کۆنگرە. ئەگەر ئەو گوتارە ڕەشنووسە دوای هەموو هەڵسەنگاندنەکان لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسند کرا، دەبێتە گوتاری پەسندکراوی ئەو حیزبە سیاسییە. بەڵام نۆخبە و ڕووناکبیر و ئاکادمیسیەن هەرچەند ئاستی بەرزی زانستییان هەیە، کاتێک ئەو باسانە دەکەن خەسڵەتی ڕێکخراوی سیاسییان نیە و زیاتر لە پێگەی مامۆستای زانکۆ و وانەبێژی تیۆرییەکان دەڕوانە پرسەکان. ڕێکخراوی سیاسیی شۆڕشگێڕ کە هەڵگری پێناسەیەکی سیاسییە بۆ گەیشتن بە ماف، ئەو گوتارە سیاسییەی کە پەسندکراوی کۆنگرەیە لە چوارچێوەی ڕێکخستنی بەربڵاودا پەرە پێ دەدن و کەم و کورتی و کەمایەسی و گونجاوبوونی ئەو گوتارە لە مەیدانی کردەوەدا بۆیان دەردەکەوێ، بەڵام گوتاری ئاکادیمیک و ڕووناکبیرانە لەو مکانیزمە کە پراکتیکە، کەڵک وەرناگرێ.

حیزبیکی سیاسیی کوردی خۆی لە ڕەهەندی تیۆریکدا قەتیس ناکا و هەموو کۆمەڵگە دەکاتە بەردەنگی خۆی و هەوڵ دەدا خەباتەکەی بە جەماوەری بکا و ئەمەش ڕەمزی مانەوە و سەرکەوتنیەتی. ئەمەش بەم مانایە نیە کە تیۆری گرینگ نیە و حیزبی سیاسی خۆی لە ئەکتێکی ئیجرایی ڕووتدا قەتیس بکا، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە لە حیزبێکی سیاسیدا تیۆرییەکان

جۆزەردانی ٢٧٢٥

لەگەڵ واقعیەت مۆتۆربە دەکرێن و سەرنجی ئیمکانی جێبەجێبوونیان دەدرێ و لە عـالەمی تیۆریـدا و مەکـتەبە فکرییەکانـدا خۆی قەتیس ناکا.

خەسڵەتی کەسایەتیی نۆخبە و ڕووناکبیر و ئاکادیمی ئەوەیە زۆر بە زەحمەت لە چوارچێوەی قەوارەی ڕێکخراوێکی سیاسیدا جێ دەگرێت کە ئەگەر جێش بگرێت مـانەوەی و بەردەوام بـوونی کورتمـاوەیە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە ئەو کەسـایەتییە لە سـەرەتای گەشـەکردنی بیـر و هزریـدا فرچکی بە هاوکێشـەی مامۆسـتا و قوتـابی گرتـوە و گەشـەی هزریشـی لەو چوارچێـوەی تـوێژێکی تـایبەتی کـۆمەڵگەدا بیچمی گرتـوە. ئەو تیۆرییـانەی ئەوان بـاوەڕیـان پێیەتـی زۆر جـار دەکەویـتە ململانـێ لەگەڵ گوتـاری ڕێکخراوی سیاسیی شۆڕشگێڕ.

دوا وتە ئەوەیە کە هەر دوو لایەنی ڕێکخـراوی سیاسیی شۆڕشگێڕ و ئەو کەسایەتییە نـۆخبە و ڕووناکبیر و ئاکادیمیـانە کە هەر کامەیـان لە قۆنـاخە جیابەجیاکـان وێـستگە بە وێـستگە پەیوەسـتی شۆڕشـی کـوردی بـوون و هـاوسـۆزیی خۆیـان بـۆ ئەو خەبـاتە ڕەوایە پیشـان داوە، بگەنە ڕێکەوتنـی چوارچێـوەدار و کردەیـی و، تەواوکەری یەکتـر بـن نەک هۆکـاری خۆڵقانـدنی ئاڵۆزی و شپرزەیی پرۆسەی خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەیەکی بندەستکراو وەکوو کورد بن.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید کەریم عەبدی)




**برایم چووکەڵی**

مێژووی خوێناویی نەتەوەکەمان پەڕبەپەڕ هەڵدەدەمەوە. پڕ لە سەربەرزی و شانازییە. قارەمانانی ئەو مێژووە خوێناوییە کەم نین، چونکی بەدرێژایی مێژوو ئەو گەلە خوێنی لەبەر ڕۆییوە، ئەویش لە بژاردەکانی کۆمەڵ. ئەوان بە جوامێریی خۆیان سەلماندیان کە گەلی کورد زیندوویە، هەروەها فیلمی تراژێدیای خەباتی خوێناوی گەل، زۆر مێرخاس و جوامێری پێناساندین کە کەریم عەبدی ناسراو بە کەریمی حاجی یەک لە وانە.

کەریم عەبدی ساڵی ١٣٣٣ لە ئاوایی باغچەمەشەدی سەربە ناوچەی هەوشار لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی چاوی گەشی بە ڕووی دنیادا کردە و، لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا پێرۆکە بوو. پاشان نێردرایە قوتابخانە و هەتا پۆلی ٥ی سەرەتایی لە گوندی باغچەمەشەد تەواو کرد. پاشان بەهۆی وەزعی ژیانی ئەوکاتی گوندنشینەکان هەوڵی بەردەوامبوونی بۆ نەرەخساو وێڕای بنەماڵەکەی بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکی ژیانی ڕۆژانە بوون. ژیانی کەریم تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویی گەلانی ئێران بەمجۆرە درێژەی کێشا.

پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، کەریم ئامادە بوو لە پێناو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی هەموو خۆشییەکی ژیان وەلا نێ و، گەیشن بە سەربەستیی نەتەوەکەی و بەئازادی ژیانی لە بەرنامەو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیتەوە. هەربۆیە بێ سێودوو لیکردن ڕیزی خەباتگێڕانی دێموکراتی هەڵبژارد. کەریم عەبدی بەهۆی لیهاتوویی و شارەزایی لەبواری سیاسیدا، پاش ماوەیەک نێردرایە کۆمیتەی ناوچە و لە مەیدانی کردەوەدا پێشانی دا کە شیاوی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی قورستره و، وەک کادری تەشکیلاتیی ناوچەی سووروسات دیاری کرا. بەڵام کەریم تەنیا کادری سیاسی و تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو پێشمەرگەیەکی قارەمان و ئازاو نەترس بوو، و لەگەڵ پێشمەرگەکان لە شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی چالاکانەی دەکرد. کەریم لەو ماوەیەدا زۆر هەڵسووڕاوانە سیاسەتەکانی حیزبی لەنێو خەڵکدا شیی دەکردەوە. ناوبراو کە وەک کادرێکی بەتوانا لە هێز کاری دەکرد، جگە لەوەی کادرێکی سیاسی بوو لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی هەوشاردا بەشداریی چالاکانەی کرد.

کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ گرتنەوی ناوچەی هەوشار دەست پێکرد، هێزی شەهیدانی هەوشار ڕووی لەناوچەی سەقز کرد. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢دا کەریم عەبدی ڕەوانەی دەوری مودیرییەت کرا و پاش تەواوکردنی دەورەکەی گەڕاوە هێزی شەهیدانی هەوشار و وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ناوبراو لە زۆر شەڕی قارەمانانەدا بەشداریی کرد و نەترسی و ئازایەتی ئەو بوو بە وێردی سەرزمانی هاوسەنگەرانی و کردبوویە خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە.

کەریم لەژیانی حیزبایەتیدا بە هەموو هەست و تواناو فیداکارییەوە تێ کۆشا و بە لێهاتووییەوە پلە تەشکیلاتییەکانی یەک لەدوای یەک بڕین. ئەو کوڕی ڕۆژی تەنگانە و هیوای دوارۆژی حیزب و گەلەکەی بوو. بەرامبەر بە حیزب و ڕێبازەکەی ڕۆڵەیەکی بەئەمەگ و وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕیدا ناهومێدی و لەرزۆکبوون بەدی نەکرا. تایبەتمەندی کەریم ئەوە بوو لەگەڵ هاوسەنگەرانی لەسەرەخۆ، بەئەخلاق، کارزان، لێهاتوو لە کاری پێئەسپێردراویو، لە بەرامبەر دوژمندا هەڵمەتبەر و چاونەترس بوو.

زستانی ساڵی ١٣٦٢ پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار گەڕانەوە نێو خەڵکی قارەمانی ئەو ناوچەیە و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمی خەڵک ڕووبەروو بوونەوە. دوژمن کە چاوی دیتنی ئەو پێشوازییەی نەبوو بە هێزێکی زۆری سەدان کەسی و بە تۆپخانەی قورس و بە پشتیوانی هێزی هەوایی هێرشی بۆ سەر ڕۆڵە فیداکارەکانی دێموکرات لە گوندی کووپەقڕان و دارەتوو و کووچەتەلا دەست پێکرد. کوڕانی دێموکرات کە لە هێرشی بەربلاوی دوژمن ئاگادار بوون، خۆیان بۆ شەڕی مانۆنەمان ئامادە کرد. لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندان شەڕ دەستی پێکرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکرات کە لەمێژە پەیمانیان بەستووە لە مەیدانی خەبات بۆ ئازادیدا یان شەهید بن، یان سەرکەون، یەک لەوان



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٥

کەریمی حاجییە کە بەو پەیمانە وەفادار مایەوە. بەمجۆرە پاش دوو شەو و ڕۆژ شەڕ و بەربەرەکانی توانییان زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بکوژن و خۆیان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگار بکەن. بەڵام بەداخەوە ١٩ قارەمانی دێموکرات لەو بەربەرەکانییەدا شەهید بوون و ١٢ پێشمەرگەش بەدیل گیران کە یەکیان کەریم عەبدی بوو. ئەو لەزیندانیشدا هەر پێشمەرگە مایەوە و لەبەرامبەر جەلادانی ڕێژیمدا ڕاوەستا و، ئازار و ئەشکەنجە نەیتوانی کۆڵی پێ دابدا و سەرئەنجام لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣دا بە شێوەیەکی درندانە وێڕای هاوسەنگەرە بەدیلگیراوەکانی لە شاری تیکاب گوللەباران کران. ئەوان ئەو پەیمان و بەڵێنیانەیان لەگەڵ خوێنی شەهیدان و خەڵکی کوردستان بردە سەر کە تا دوا تنۆکی خوێنیان سەنگەر چۆڵ نەکەن.

هەرچەند شەهیدبوونی ٣١ قارەمان داخێکی گەورە لەسەر دڵی خەڵکی کوردستان بوو، بەڵام لەلایەکی دیکەوە جێگەی شانازییە کە قارەمانانی دێموکرات گیانیان لەپێناو ئازادی و سەربەستی نیشتماندا بەخت کرد. ئەوان بە خۆڕاگری و پێشکێشکردنی گیانیان نیشانیان دا کە وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان و حیزبەکەیانن و، سەلماندیان کە دوژمنی فاشیست بە شەپۆلی ئینسانی و چەکی جبەخانەی زەبەلاح و چەکی پێشکەوتوو ناتوانێ هێز و بیروباوەڕی کوڕانی دێموکرات لاواز بکا.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# وزە بەهێزترین کارتی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچە و نێودەوڵەتی




**ساسان خاتوونی**

ژاک شیراک، سەرۆککۆماری پێشووی فەڕانسە لە ساڵی ٢٠٠٠ ڕایگەیاند: شەڕەکانی داهاتوو نەک بۆ سنوورەکان، بەڵکوو بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزە دەبێت. شیراک پێی وابوو ئەگەر هەنگاو بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانە و گەشەپێدانی بەردەوامی وزە نەگیرێتە بەر، ئەوە جیهان ڕووبەڕووی داهاتوویەکی گرژ و پڕ لە کێشە دەبێتەوە.

لە دونیای ئەمڕۆدا وزە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گەشەی ئابووری. هەر هەرێم یا وڵاتێک بە چوونە نێو نەخشەی دابینکردنی وزە، ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو هاوکێشەکان و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابووری و بەچوونە نێو ئەو مەیدانە، ئەو وڵاتانە ناتوانن لەبەر چاوت نەگرن. بەگشتی زۆر جار وڵاتان و بەتایبەتی زلهێزەکان لە کارتی وزە بۆ بەلارێدابردن و لە پەراوێز خستنی پرسەکانی وەک مافی مرۆڤ و ژینگە و ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان کەلک وەردەگرن و وڵاتانی تریش لە پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان لەگەڵیان بەردەوام دەبن و تەنانەت پەرەی پێ دەدەن. بۆ نموونە: شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین کە لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە دەستی پێ کردوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە تەنیا



سەرچاوە
Serchawe

بەریەککەوتنێکی سەربازی نیە، بەڵکوو ڕەهەندەکانی ژێئۆپۆلیتیکی وزەش کاریگەر بوون لە دروستبوون و بەردەوامبوونی ئەو شەڕە. ڕووسیە هەناردەکردنی گازی بۆ ئورووپا بەگشتی و وڵاتی ئاڵمان بەتایبەتی وەک ئامرازێکی گوشار بەکار هێنا. وڵاتانی ئورووپایی سەرەڕای هەموو پشتیوانییەکی دارایی و لۆجستیکی لە دەوڵەتی ئۆکراین، ڕادەی بازرگانیان لە بواری وزە لەگەڵ ڕووسیە لە هاوکارییەکانیان بۆ ئۆکراین زیاتر بووە. لە ساڵی ٢٠٢٤ یەکیەتیی ئورووپا ٢٢ میلیارد یۆرۆی بۆ هاوردەکردنی نەوت و گاز لە ڕووسیە خەرج کردوە لە کاتێکدا هاوکارییە داراییەکانی بۆ ئوکراین ١٩ میلیارد یۆرۆ بووە.

ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەو ئاراستەیەکی نوێ دەڕوات و زۆر گرینگە کە کورد لەو گۆڕانکارییانەدا بەجێ نەمێنێت. لە هاوکێشەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناویندا چەند پرسی گرینگ لە ئارا دان کە یەک لەوان پەیمانی ئیبراهیم (Abraham Accords) و ئەویتریان سەرچاوەکانی ئێنێرژییە. پەیمانی ئیبراهیم ساڵی ٢٠٢٠ لە سەردەمی خولی یەکەمی سەرکۆماریی دۆنالد ترامپ لەلایەن ئامریکاوە لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتی عەرەبی بە مەبەستی ئاشتی و هاوکاری ئەمنییەتی و ئابووری و پەیوەندی سیاسی ڕێک خرا. بابەتی سەرچاوەکانی وزە تا ڕادەیەک کارئاسانیی بۆ بەرفراوان بوونی وڵاتانی ئەندام لە پەیمانی ئیبراهیمدا دەکات. پەیمانی ئیبراهیم جگە لەوەی کە دەبێتە هۆی گەشەی زیاتر ئابووری و بەرزبوونەوەی پێگەی سیاسی وڵاتانی عەرەبی ئەندام لەو پەیمانەدا، بەڵام پشکی سەرەکیی قازانج بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل و بە دیاریکراوی بەندەری "حەیفا" لە ئەو وڵاتە دەبێت و شاری حەیفا دەبێتە یەکێک لە گرینگترین بەندەرەکانی بازرگانیی جیهان. لە ئەگەری بەرفراوانبوونی بازنەی پەیمانی ئیبراهیم یا هەمان نەزمی نوێ (New Order) کە لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوینی نوێ پێناسە کراوە، تورکیە ڕکەبەرێکی کاتی دەبێت بۆ ئیسرائیل بەڵام ناتوانێ لەبەرانبەر ئەم پلانە نوێیەدا دژی ئەو وڵاتە بوەستێتەوە و ئەگەر بیهەوێ پشکی بەر کەوێت، دەبێ هاوتەریب لەگەڵ تێل‌ئاویو کە پشتگیری ڕۆژئاوای لە پشتە هەنگاو بنێت.

## کورد لە کوێی ئەو هاوکێشانەدایە؟

کوردستان بە هۆی دابەشبوونی و نەتەوەی کورد بە هۆی ئەوەیکە کیانێکی سەربەخۆی سیاسیی نیە، بەشێک لە پرۆسەی پەیمانی ئیبراهیم نیە. بەڵام کورد دەتوانێ لە هەرچی زیاتر فراوانبوونی بازنەی پەیمانی ئیبراهیم سوودمەند بێت. وڵاتانی عێراق و سووریە لە ئەگەری پەیوەست بوون بە پەیمانی ئیبراهیم کە ڕەنگە لە داهاتوودا بە ناچارییش پەیوەست بن، ئیسرائیل لە یەک لە ڕێڕەوە گرینگە ئابوورییەکانی کەلوپەل - وزە، واتە ڕێڕەوی داوود (بەسرا، هەرێمی کوردستان، ڕۆژئاوا، ئەسوەیدا، ئەلتەنەف، حەیفا) براوە دەبێت و لەلایەکی ترەوە پێش بە بەهێزبوونی دەسەڵاتی دژە ئیسرائیلی لە بەغدا و دەمیشق دەگرێت و لەو گۆڕەپانەدا بۆ سەرخستن و ناچار کردنی ئەو دوو وڵاتە، کورد دەتوانێت دەورێکی کاریگەر

بگێڕێت و هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژئاوا پێگەی خۆی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بەهێزتر بکات. هەرێمی باشووری کوردستان خاوەن یەک لەسەر سێی پاشکەوتی نەوتی عێراقە و یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی گازی جیهانە (بە پشت بەستن بە داتای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان). لەلایەکی تر زۆرینە کێڵگە نەوتییەکانی وڵاتی سووریە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات دایە کە کورد فەرماندەیی دەکات.

کورد وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی دەتوانێت لە ڕێگەی دابینکردنی وزە بۆ جیهان بێتە نێو هاوکێشەکان و ببێتە یاریکەرێکی نوێی گۆڕەپانەکانە و کۆریدۆری داوود باشترین ڕێگەیە کە بگات بە بەندەری حەیفا و بچێتە نێو پرۆسەیەکی گەورە کە ئیسرائیل سەرپەرشتی دەکات. دەسەڵاتی سووریەی دوای ڕووخانی ئەسەد تەنیا ناوچەکانی دەمیشق و دەورووبەری لەژێر کۆنترۆڵدایە و ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات حکوومەتێکی بەهێزی ناوەندگەرای ئیسلامی توندڕەو لەو وڵاتە حوکم بکات، هەر بۆیە باشترین بژاردە بۆ سووریە کە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و ئەمنی و ئاسایشی ئیسرائیل بپارێزێ و لە بەرانبەر گەورەبوونی بازنەی پەیمانی ئیبراهیم و دروستبوونی ڕێڕەوی داوود لەمپەر دروست نەکات و ڕێگر نەبێت، سووریەیەکی دیسێنتراڵ و لامەرکەزییە کە ڕاستەوخۆ ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد مسۆگەر دەکات.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دوای هاتنەوەسەرکاری دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپی و لاوازبوونی هەژموونیی تاران لە بەغدا، ئیدارەی ترامپ چەند جار ڕاشکاوانە داوای لە حکوومەتی عێراق کردوە هەناردەی نەوتی کوردستان کە ڕاگیراوە، دەست پێ بکاتەوە. لە سەفەری ئەو دواییانەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا، گرێبەستێکی زۆر گەورە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دوو کۆمپانیای ئەمریکایی لە بواری نەوت و گاز بە بەهای ١١٠ ملیارد دۆلار واژۆ کرا. دوای ئەو گرێبەستە هەر زوو وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە ئەو گرێبەستە نایاساییە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەیکە ئاگادارن هەرێم تووشی قەیرانی ئابوورییە و هەرچەشنە دیپلۆماسییەکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی قووڵبوونی کێشەکان و نەناردنی بوودجە و دواکەوتنی مووچەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، بەبێ هیچ گەرەنتییەک لەلایەن وڵاتێکی وەک ئەمریکاوە توانای گرێبەستی تا ئەو ڕادەیە بەنرخیان دەبێت!؟

دوای واژۆکردنی ئەو گرێبەستە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری ئاسایشی نێوخۆ و وەزیری وزە و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا و دواتر مایک ڕۆبیۆ، وەزیریی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: یەک لە ستوونەکانی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ عێراق پابەندبوونی بەغدا بە ئۆتۆنۆمیی کوردەکانە و ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە هاوئاهەنگی باش لە نێوان ئیدارەی ترامپ و هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە بۆ بە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئەنجام گەیاندنی ئەو گرێبەستە، ئەمریکا پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات لە بەرانبەر بەغدا. هەروەها ماوەیەک پێش مایک ڕۆبیۆ سەبارەت بە سووریە ڕایگەیاند کە ڕەنگە ئەو وڵاتە تووشی شەڕی ناوخۆ و لێکهەڵوەشانەوە ببێت و ئەو قسانەی دەکرێ وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ دەمیشق بێت کە لە ئەگەر حکوومەتی نوێی سووریە پابەندی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل نەبێت، سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.

لەلایەکی ترەوە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە چوونە نێو نەخشەی دابینکردنی وزە ڕەنگە تووشی چەندین ئالەنگاری ببنەوە بۆ وێنە بکەونە ململانێ لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک (OPEC) لەسەر ڕادەی هەناردەکردنی ڕۆژانەی نەوت. لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر بیهەوێ گاز ڕەوانەی وڵاتانی دراوسێ بکات ئەوە دەبێ لەگەڵ ئێران و ئەگەر بیهەوێ ڕەوانەی ئورووپای بکات لەگەڵ زلهێزێکی وەک ڕووسیە ڕکەبەری بکات. لێرەدا کورد وەک فاکتەرێکی نادەوڵەتی لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت بە سیاسەتێکی تۆکمەی پلان بۆ دارێژراو خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# فەرهەنگ، ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوە




**ڕەزا دانشجوو**

زنجیرە هێرشی هیستریکی چەند ڕۆژی ڕابردووی ڕەوتی بەناو بناژۆخوازی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چەند ژنێکی کورد بە تاوانی ئەسپسواری لە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن لە پارێزگارانی چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان لە شاری سنە، ڕەنگە تازەترین ئاڵقەی چیرۆکی دوورودرێژی ڕق وکینە و دژایەتیی نەیارانی کورد و کوردستان لە بەرامبەر کولتووری کوردی بێت. دژایەتیکردنێک کە هەڵقوڵاوی بیروبۆچوونێکی چەپەڵ و نامرۆڤانەیە کە ئاشکرا دژی کورد و هەر شتێکە کە بە جۆرێک پەیوەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەیە!

هەرچەندە هێرشبەران و ناحەزان ئەوجار هەوڵیان دا بە بەکارهێنانی تاقمێک چەمک و دستەواژەی بێبنەما وەک "دژایەتیی داب و نەریتی کۆمەڵگە" یان "دژایەتیی ئایین و شەریعەت" و بەکارهێنانی هەندێک دروشمی دووبارەبۆوەی وەک "غیرەتی کورد ڕێگە نادات" بە ئامانجی بریندارکردنی هەستی کەسانی هەست ناسک، هۆکاری دژایەتیکردنیان بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببەن، بەڵام ئاوڕدانەوەیەک کورت لە ڕابردوو بە ڕوونی نیشان دەدات کە واقعەکە شتێکی ترە. بە ڕاستی بۆ دەبێت ئەم


سەرچاوە
Serchawe

بابەتە بێبایەخە وا لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرنگ بێت و کاردانەوەیەکی وەها گەورە بە دوای خۆیدا بهێنێت! بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و دیتنەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم هێرشە هیستریانە دەبێت چاوخشاندنێکی کورتمان هەبێت بە ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوودا! ئاشکرایە ئەم قەبارە هێرشانە ناتوانێت تەنها کاردانەوەیەک سادە بەرامبەر بە مەراسیمێکی پێشوازیکردنی بێبایەخ بێت. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی ئەم هێرشە بەربڵاوانە ڕەگ و ڕیشەی لە جۆرێک بیرکردنەوەی فاشیستی دژی کوردی کۆماری ئیسلامییە و تەواو جودایە لە شەڕ و ڕکابەریی گاڵتەجاڕی ڕەنگەکانی ناو دەسەڵاتی ڕێژیمە! بۆ ڕونکردنەوە زیاتری ئەم باسە دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بە شێوەی هەڵسوکەوتی تاقمێک بەناو ڕووناکبیر و مامۆستای زانکۆ سەبارەت بە ڕێوڕەسمی نەورۆز ئەمساڵ لە کوردستان. ئەو جووڵانەوەی کە لەژێر ئالای فارسیزم و بە بیانووی بەرگری لە نەورۆز هێرشی کردە سەر ڕێوڕەسمی شکۆداری نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەڵات. نووسراوەیەک کە بە ڕوونی دەرخەری ئەوپەڕی ڤین و کینەی نەیاران و ناحەزانی کوردستان لە کورد و کولتووری کوردی بوو. ڕۆژانێک پێش ئەم نووسراوە بێبنەما و بێبایەخە، جەماعەتی پانتورک بە فەرمانی ڕاستەوخۆ و بە پێشەنگی سپای پاسداران و ڕێکخراوە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم وەک کاردانەوەک بەرامبەر بە ڕێوڕەسمی پڕشکۆی نەورۆز لە ورمێ بە دروشمی "حەیدەر حەیدەر" گۆپاڵ بە دەست و بە لیباسی ڕەش ڕژانە سەر شەقامەکان و دوای ماوەیەک ڕێپێوان بە "لووراندن" و پێشاندانی نیشانی گورگ و دروشمی دژە کورد کوتاییان بە ڕێپێوان هێنا. پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە، هۆکاری ئەم هەموو دوژمنایەتییەی نەیارانی کوردستان و کوردستان بەرامبەر بە کولتوور و هێماکانی کوردی چیە؟ چی لە ڕێوڕەسم و سیمبولە فەرهەنگیەکانی کورددا هەیە کە ئەوەندە دوژمنانی کوردستان، لە پاشایەتیخوازی تاراوگەکانەوە تا ڕەوتی بەناو ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازەکانی نێو کۆماری ئیسلامی و تەنانەت مامۆستاکانی زانکۆ و خەڵکی بەناو ڕووناکبیر تووڕە و ناڕەحەت دەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی فەرهەنگ و کولتوور لە پاراستن و پێناسەکردنی شوناسی کورد و کوردستان بکرێت و توانای بێهاوتای بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەرچەشنە ئاسمیلەکردنی پێکهاتەیی و دوژمنایەتی ئاشکرا و ئامانجدارانەی داگیرکەران بەرامبەر بە کورد و کوردستان ببیندرێ. لە درێژەی ئەم بابەتە بە کورتی باس لە هەندێک لەو خاڵە گرنگانە دەکرێت.

### بۆنە کولتوورییەکان ئامرازێک بۆ پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیی

بۆنە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت تاقمێک بۆنەی ئایینی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا و ڕەنگە لە لوتکەی هەموو ئەم ڕێورەسمانەدا، نەورۆز، لە دەرەوەی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی، دەرفەتێکی بێهاوتان بە ڕێزگرتن و زیندووکردنەوەی ئەو بەها و نۆرمانەی کە ساڵانێکە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا یان بە تەواوی قەدەغە و سەرکوت کراون، یان بە هۆی دەستێوەردانی بە ئەنقەستی داگیرکەران لە بنەڕەتدا سروشتێکی تەواو پێچەوانەیان بە خۆیانەوە گرتوە

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

یان بە ساختەکاریی خاوەندارێتیان دراوە بۆ لایەنی دەسەڵات و ساحێب ماڵی لێ بێبەش کراوە! نەورۆزی ئەمساڵ ڕەنگە لوتکەی ئەم بزووتنەوەی ناسنامەخوازە بوو بێت، جووڵانەوەیەکی تەواو ناسیۆنالیستی لەسەر بنەمای بەها و نۆڕم و بایەخەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بە پانتایی تەواوی ئەو جوغرافیا زیندانیکراوە لە ماکووە تا ئابدانان، یەکڕەنگ و یەکدەنگ، دەست لە نێو دەست، هاوار بۆ ڕزگاری و سەربەستی ڕۆژهەڵات!

## کولتوور هۆی یەکڕیزی و یەکدەنگی

خاڵێکی تری گرنگ کاریگەری سەرسوڕهێنەری کولتووره و فەرهەنگ لەسەر یەکڕیزی و یەکگوتاری کۆمەڵگەیە. ڕەنگە گەورەترین هۆکاری ترسی داگیرکەرانی کوردستان لە فەرهەنگ و کولتووری کورد هەر ئەوە بێت. هەر ئەوەش بوو بە هۆکار کە سەرەڕای ساڵانێک سیاسەتی ئاسمیلەکردن و چاندنی تۆی دووبەرەکی بە تایبەت لە ڕێگەی پەرەپێدان و گەورەکردنەوەی جیاوازی مەزهەبی، کۆمەلگەی فەرەچشنی کوردستان بە کەڵکوەرگرتن لە کولتووری پێکەوەبوون و یەک دڵ بوون توانی وێنەیەکی بێ هاوتا لە یەکریزی تۆمار بکات! ئاهەنگی شازانەی نەورۆز لە باشووریترین بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەریخست کە کۆمەڵگەی کوردی بە پشتگوێخستنی تاقمێک جیاوازیی گشتیی ساختەیی و چەسپاو چەندە لەسەر ڕێگای پێناسەکردنەوەی بەها کولتوورییەکانی خۆی سووره!

## کولتووری دەوڵەمەند

کولتووری دەوڵەمەندی کورد بە پشتبەستن بە سەرووەت و سامانە بێشومارەکانی، لەم ساڵانەی دواییدا توانیویەتی سەرکەوتووانە بەسەر هەموو سنووره درۆینەکاندا زاڵ بێت، سەرەڕای شەپۆلی بەردەوامی سانسۆر و سەرکوتکردن لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە، چاوی جیهانی بەڕووی واقیعەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا کردۆتەوە و بە یارمەتیوەرگرتن لە تایبەتمەندی ناوازەکانی دونیای دەرەوەی سەرسامی جوانە بێوێنەکانی خۆی کردوە.

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی دەیان هەزار کەسیی نەورۆزی ئەمساڵ لە چەندین وڵاتی جیاواز لە دەرەوەی سنوره ساختەکانی کوردستان، هەروەها ئەو وێنە ناوازانەی کە لە نەورۆزی ئەمسال لە شۆنە جیاجیاکانی کوردستان تۆمار کران، توانییان بەشێک لەو سەروەت و سامانە دەوڵەمەندە کولتوورییەی کوردان بە جهان بناسێنن کە ساڵانێکە لە لایەن هێزە داگیرکەرەکان یان سانسۆر کراون یان بە ناوی دیکەوە بە جیهانیان ناسێندراون!

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

ڕاستی ئەوەیە، ئەوەی بناغەی کۆشکی زۆڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان دەلەرزێنێت، هەر شتێکە کە وێنەی ڕاستەقینە و بێ سانسۆری کۆمەڵگەی کوردی نیشان بدات! ئەو کولتوورە دەوڵەمەند و سەروەت و سامانە ناوازەی کوردە کە چاوی داگیرکەرانی کوردستانی کوێر کردوە! پێگەی ناوازەی ژنانی کورد لە کوردستان، سەرەڕای تاقمێک گرفتی تایبەت لە جوغرافیایەک کە پێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە دڵنیایەوە لە لایەن تاقمێک حکومەتی دیکتاتۆر و کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری قەبووڵ ناکرێت. یەکسانی و بەرابەری ژن و پیاو، بە پشتبەستن بە کولتووری دەوڵەمەندی کورد، لەو شتانەن کە داگیرکەرانی کورد هەرگیز ئامادە نین جیهانی ئازاد لێی ئاگادار بێت! نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە دوژمنایەتیی داگیرکەرانی کورد زۆر زیاتر لەوەی ڕووبەڕووی تاکی کورد بێتەوە دژی کولتوور و سەروەت و سامانی فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردییە!


مرۆڤ دەکرێت کۆمەڵکوژ بکرێت یان تا زیندان هەتاهەتایی بێت، بەڵام سەما و گۆرانی و شیعر و مۆسیقا ناکوژرێت. ڕەنگە بۆ ماوەیەک زیندانی و لە بەند بکرێت، بەڵام دواجار ڕێگایەک بۆ دەربازبوون دەدۆزێتەوە! هاوار دەکات و دەبێتە دەنگی نەتەوەیەک! کولتوور فاکتەرێکە بۆ ناساندنی شوناسی نەتەوەیی، هۆکارێکە بۆ یەکریزیی و یەکگرتوویی، ئامرازێکە و کەرەستەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و قۆرخکاران!

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# زمان چەکی بەرگری و مانەوە



ئەحمەد ڕەحمانی

زمان ئامرازی ئاخاوتن، وێژمان، نووسین و لە یەکگەیشتنە. زمان هۆی گەشەی بیرو هزری مرۆڤە و دەبێتە شوناسی هەر گەل و نەتەوەیەک و ئەم گەل و نەتەوە بەو زمانەوە دەناسرێتەوە کە سەر بە چ بنەچە و ڕەچەڵەک و بناغەیەکە و ڕێڕەوی قۆناغەکانی گەشەسەندنی بە درێژایی مێژوو دەست نیشان دەکات و سەلمێنەری هۆوییەت و بوونی ئەو گەل و نەتەوەیە لە سەر ئەم خاک و هەڵکەوتە دێموگرافییەیە کە تێیدا دەژی. زۆر شتێکی سروشتی و ئاساییە زمان لەگەڵ هەڵکەوتەی چاخەکانی مێژوودا پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینی و هێما و پیتەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا بێ و زمانیش هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و شکڵ و شێوەی نووسین و تەنانەت گۆکردن و دەربڕینیشی (فۆنەتیک) جوانکاری و زەریفکاری بەپێی قۆناغی مێژوویی خۆی بەخۆیەوە ببینێ بە بەراورد لە گەڵ قۆناغ و چاخی پێشووتری زمانیش وەک کۆمەڵگە بە چەقبەستوویی نامێنێەوە.

ئەوەی کە لەم قۆناغانەدا گرینگە و جێی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە، زمان نەگاتە ئاستی چەقبەستن یان پووکانەوە و لەنێوچوون کە بەخۆشییەوە زمانی کوردی سەرەڕای هەموو قۆناغە دژوار و ئەستەمەکانی مێژوو کە بە سەری هاتوە و زۆر

جارانیش کەوتۆتە ئاستی ئاسیمیلەبوون، بەڵام هەر لە ڕەوتی پێشڤەچوونی خۆیدا بەردەوام بووە و زۆرجارانیش کە ئاستەنگی گەورەی هاتبێتە سەر ڕێگا لە گەشەی خۆی نەوەستاوە و خۆی گونجاندوە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی کە بۆی هاتۆتە پێش و بە پێی دەرفەت و ئیمکان هۆوییەت و بوونی خۆی پاراستوە. هاوتخووبی واتە هاوسنووریی گەل و نەتەوەکان بێگومان کاریگەری دەکاتە سەر زمانەکان و ئەمەش هۆیەکە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە و لە یەکگەیشتن لە نێوان ئەو گەل و نەتەوانەدا و تەنانەت چێکردنی کاریگەری کولتووری؛ واتە زمان هۆی لە یەکنزیکبوونەوەی گەلانە بە ئاراستە پۆزێتیڤیەکەی. زمان چەکی بەرگری و هۆی مانەوەی ئەو گەل و نەتەوانە بووە کە کەوتوونەتە بەر بەرداشی داگیرکاری و هەوڵی لەنێوچوون و تواندنەوەیان لە لایەن نەیار و دوژمنەکانیان دراوە و لێرەدایە گرینگی ئەم چەکە واتە زمان و ڕۆڵەکەی دەردەکەوێ و ناهێڵێ سیمای گەلی و نەتەوەیی ئەم گەل و نەتەوەیە بەهۆی داگیرکارییەوە بشۆردرێتەوە.

ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە کە سەرەڕای هاتنە سەرکاری ڕێژیمە دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەرەکان یەک لە دوای یەکتر بە تایبەتی لە نزیک بەم سەد ساڵەی ئەم دواییانە، نەک نەیتوانیوە زمانی کوردی بەرەو لە نێوچوون ببات، بەڵکوو بۆتە هۆی بووژانەوەی زیاتری زمانی کوردی و ئەم هەستە ناسیۆنالیستییە زیاتر لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لە ئەدەبیاتدا و بۆتە چەکێکی بەهێز بۆ بەرگری و مانەوە و زیاتر هەستی کوردبوونی دنە داوە. هاتەریب لەگەڵ خەباتی چەکداری و جەماوەری ڕۆڵی گرینگی بینیوە. ئەگەر بۆ بەر لە هەشتا ساڵ بگەڕێینەوە سەرەڕای یاساغ بوونی زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران و تەنانەت پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بەفەرمی نەناسینی زمانی کوردی لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی، بەڵام دەبینین لەو سەردەمیشدا بە پێی دەرفەت و ئیمکان زمانی کوردی بە هەموو شێوە دیالێکت و زارەکانیەوە هەر لە بەرەو پێشچووندا بووە و نەوستاوە. دامەزرانی کۆماری کوردستان و گرینگیدانی کابینەی کۆماری کوردستان بە زمانی کوردی، دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار، کردنەوەی قوتابخانە، شانۆ و سرود، بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە دام و دەزگا حکومییەکان و نووسراوەکاندا بوو بەهۆی ڕامالینی هەوری داگیرکاری یاساغبوونی زمان لەو سەردەمدا. لە سایەی کۆماری کوردستان دەرگایەکی تر بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرایەوە و زمان کەوتە بووژانەوە. فاکتێکی دیکە بەخێرایی گەشەسەندنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمدا هاتنی کوردانی پارچەکانی کوردستاندا بوو، بە تایبەتی باشووری کوردستان، چوونکە لە باشووری کوردستاندا زمانی کوردی ئەو یاساغبوونەی وەکو پارچەکانی دیکە کوردستان پێوە دیار نەبوو. زمان لەوێ باشتر گەشەی سەندبوو، دەرفەتی چاپکردنی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار و خوێندنی زمانی کوردی و مۆسیقاو گۆرانی و شانۆ هەلێکی زێڕین بوو. هاوتخووب بوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان سەرەڕای پاراستنی بواری ئاسایشی دوو وڵاتی ئێران و ئێراق نەیتوانی ئەم پەیوەندییە کەم ڕەنگ بکاتەوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەم تەمی داگیرکارییە بە تەواوی ڕەوییەوە و کۆماری کوردستان وەک نۆبەرەی کۆماری کوردان بوو بە جێی هیوا و خەڵکی ڕوویان تێدەکرد، لە هەمان

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

کاتیشدا خۆیان تێیدا دەبینییەوەو ئەرک وەخۆگر بوون. بەداخەوە گەرچی کۆماری کوردستان لە تەمەنی یازە مانگیدا بە هۆی پیلانی دەرەکی و نێوخۆیی نەیارانی کورد لە ناوچوو، پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێکانی لە سێدارە دران، بەڵام زمانی کوردی بە گوڕتر لە جاران لە بەرەو پێشڤەچووندا بوو، چوونکە میراتگری کۆماری کوردستان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بوو کە لە سەر ڕێچکەی کۆماری کوردستان مایەوە و هەنووکەش لە دوای قۆناغێکی دیکەی خەبات ئەم ڕەساڵە مێژوویە دەپارێزێ و بەردەوام بۆ بەرزڕاگرتن و مانەوەی قوربانی دەداو مایە لە خۆی دادەنێ و ناهێڵێ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی زمانی کوردی لە گەشە بکەوێ، بە خۆشییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوتەریب لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چەکداری هێزو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەبات و چەکی بەرگری و پاراستنی زمانی کوردی لە شێوەگەلی جیاوازدا خۆی وێنا دەکا، سەلمێنەری زیندوومانەوەی خۆیەتی.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## سێ کۆڵەکەی شوناس و دەسەڵاتی حوکمڕانیی ناوەندی و ناسیۆنالیزمی فارس لە ئێراندا




**حەسەن قارەمانی**

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە خەبات و خۆڕاگریی خۆی لە دژی دەسەڵاتە ناوەندگەراکانی ئێران درێژە پێداوە. خەباتێک کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە توخمەکانی شوناس، بوون و چارەنووسدا هەیەو تەنیا پەیوەندی بە کۆنترۆڵی خاکەوە یان کاردانەوە بەرامبەر بە پێشێلکارییەکانی دەوڵەت نیە، بەڵکو پەیوەندی بە گەلێکەوە هەیە کە بەرگری لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی دەکات. ئەو بەرگرییە لە بەرامبەر حکوومەتێکی داپڵۆسێنەر لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فارس بووە کە بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی داوە بوونی بەکۆمەڵیان ڕەت بکاتەوە. بەم پێیە خەبات و بەرگریی چەکداریی کورد لە خۆیدا تاکەڕێگای ئەو نەتەوەیە بۆ دەستخستنی مافە سیاسی و کولتووری و مرۆییە ڕەواکانی بووە.

لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدایە کە بانگەوازە دووبارەبووەکانی حکوومەت و ناسیۆنالیستی ئێرانی بۆ داماڵینی چەک لە بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد، لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەتاڵ دەبنەوە.

**ئەم بانگەوازانە لەسەر سێ کۆڵەکە و ئیدیعا دامەزراون:**

**یەکەم**، ئەوەی کە خەباتی چەکداری لە شەڕی ئازادیدا ئامرازێکی ڕەوا نیە.
**دووەم**، ئەوە کە کورد مافی بەرگری بەکۆمەڵی لە خۆی نیە، مافێک کە دەوڵەتی ئێران لەجێدا بۆ بوونی خۆی تەرخان بە ڕەوا دەزانێ.
**سێهەم**، ئەوەکە کە کورد نەتەوە نین کە مێژوو و سوبژێکتیڤ و داهاتووی سیاسیی خۆی هەبێت.

**ئەم سێ گریمانەیەش نەک لێکجیاواز بەڵکوو تەندراوی یەکترن، واتە:** نکۆڵیکردن لە ناسنامەی کورد، نکۆڵیکردن لە مافەکان و دەربڕینی سیاسیی ئەمانە بە بەرگریکردن کورد سەرهەڵدەدات. بێگومان هەتا ئەوکاتەش کە حکوومەتی ناوەندیی پێداگری لەسەر ڕەتکردنەوەی دانانی بە بوونی بەکۆمەڵ و مافی چارەنووسی کورد بکات، خەباتی سیاسی و بەرگریی چەکداری کورد بۆ ئازادی لای بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنێتەوە. لەبەر ڕۆشناییی ئەم ئاڵنگارییانە سێ دیوی ئینکاری بنەڕەتی دەوڵەت و ناسیۆنالیزمی فارس ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باس دەکەین.

## چوارچێوەی مێژوویی:

خەباتی کورد لە ئێران دەبێ لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا ببینین کە بە هۆی چەوساندنەوەی کورد لە لایەن دەوڵەت، قۆرخکاری، توندوتیژی و پەراوێزخستنی کولتووری لەلایەک و خەبات بۆ ماف و سەروەرییە سیاسییەکانی خۆی بووە. دوای شۆڕشی ئیسلامیی ۱۳۵۷، دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامیی و ناسیۆنالیزمی فارس ئێرانی دیسانەکەش لەسەر ئەم پێناسەیە خۆی بەڕۆژ کردەوە کە هەرجۆرە مافخوازییەکی گەلانی ئێران بە هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی حاکمییەتی سیاسی لیکبدرێتەوە.

لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی بە قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردە و داخستنی دامەزراوە فەرهەنگییەکان و قەدەغەکردنی حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتی خەبات و بەرژەوەندییەکانی کورد دەکەن، بە شێوەیەکی سیستماتیک کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێزتر کرد. ئەمەش وای کردوە خۆڕاگریی کورد لەنێوان بەرگریی چەکداری و خۆڕێکخستنی مەدەنی و خەباتی جەماوەریدا وێنا ببێت.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی سیستمی یاسایی سەپێندراو، عەمەلیاتی نیزامی و ئەمنییەتی و هەروەها پێشگرت بە



سەرچاوە
Serchawe

پەرەسەندن لە لایەک و لە لایەکی دیکە لەدواکەوتوویىدا ڕاگرتنی ئابووریی کوردستانەوە، ستەمێکی پێکهاتەیی لە دژی گەلی کورد دامەزراند. ئەم واقیعە مێژووییە پێمان دەڵێ خەبات و بەرگریی کورد دەرەنجامی ڕادیکالیزمی گوتاری یان ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت نیە، بەڵکوو کاردانەوە بە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە پرسی کورد و سەرکوتی ئەو نەتەوەیە لە لایەن ناوەندەوە بووە و خۆڕاگرییەکەش پێویستییەک بۆ پاراستنی زمان، شوناس و کەرامەتی مرۆڤ کورد بووە.

## گوتاری کۆماری ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی فارس

گوتاری کۆماری ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی فارس بەرامبەر بە کورد لەسەر سێ کۆڵەکەی یەکتر بەهێزکەر پێناسە دەکرێ کە ئامانجیان بردنەژێر پرسیاری شەرعییەتی خەباتی کورد و پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی سەرکوت بە هۆی تاران دژی کوردستان بووە.

یەک لە دژایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی پێوەندیی بە سروشتی خەباتی چەکداریی کوردەوە هەیە. بەرگریی چەکداریی کورد زۆرجار لەلایەن ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانەوە بە هۆکاری ناسەقامگیری تەبلیغی بۆ دەکرێ. بەڵام ئەم ئیدیعایە واقعی سیاسی و بنەڕەتی کوردستان پشتگوێ دەخات کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەموو ئامرازەکانی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد بەکار هێنا، بەڵام ئەوە حکوومەتی ناوەندی بوو کە نەیبیست و باوەڕی پێی نەبوو. بێگومان کاتێک فەزای سیاسی داخرا و شەڕت بەسەردا سەپا، سروشتییە کە بەرخۆدانی چەکداری دەبێتە ئامرازێک بۆ مانەوە، نەک ئامانجێک بۆ خەبات.

دووهەم بابەت پەیوەندی بە مافی بەرگریکردنەوە هەیە کە حکوومەتی ئێران بە بەردەوامی خەبات و بەرگریی چەکداری کورد بە کردەوەی تێرۆریستی و هەوڵدان بۆ جیاخوازی داناوە، ئەویش لە کاتێکدا کە هەموو سیاسەتی خۆی لە کوردستان لەسەر بنەمای قۆرخکاری، سەرکوت و کوشتوبڕ و ئێعدام و تێرۆر بووە. سروشتییە ئەمەش نەزمێکی ناهاوسەنگ دروست دەکات کە تێیدا دەوڵەت شەرعییەت بە خۆی دەدا و سەرکوت و توندوتیژی دژی بزووتنەوەی کورد بە مافی خۆی دەزانێ و هاوکات بەرگریی کورد لە خۆی بە کارێکی ئەهریمەنی و تێرۆر دادەنێت.

سێیەم بابەت کە بنچینەییشە حاشاکردنە لە بوونی کورد وەک نەتەوە. ڕێژیم نکۆڵی لە ناسنامەی کورد دەکا و هەموو ماف و داواکانی کورد بۆ سەروەریخوازیی سیاسی و دەستەبەری مافە مەدەنی و کولتوورییەکانی بە ئەمنییەتی دەکرێن. بەوەش شەرعییەت بۆ هەر چەشنە سیاسەتێکی تواندنەوە و دوژمنکارانە دادەتاشرێن.



سەرچاوە
Serchawe

## خەبات بۆ ئازادی

خەباتی کورد لە ئێراندا لە بنەڕەتدا خەبات بۆ ئازادییە. خەبات بۆ پاراستن و وەرگرتنەوەی ناسنامەیەک کە لە مێژە بە شێوەیەکی سیستماتیکی سڕدراوەتەوە، سەرکوت کراوە و نەبیندراوە. خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە پێناو مافی بوون وەک نەتەوەیەکی شوناسخوازی خاوەن مافە، ئەویش لە وڵاتێکدا کە لە قوتابخانەکاندا زمانەکەی قەدەغە کراوە، کولتوورەکەی بۆ تاڵان دەستی تێ براوە، مێژووەکەی شێوێندراوە. سروشتییە لەم چوارچێوەیەدا خەبات بۆ ئازادی نەک هەر سیاسی، بەڵکوو دەبێتە شەڕێک بۆ بەرگریکردن لە ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی. خەباتی کورد، لە نێوەڕۆکی خۆیدا بۆ کەرامەت و دادپەروەری بووە و بۆ کورد لە ئێران هەرگیز چەک هەڵبژاردەی یەکەم نەبووە، بەڵکوو دوا ڕێگا و تاکە ئامراز بووە بۆ بەرگریکردن لە خۆی ئەویش لە کاتێکدا هەموو ڕێگاکانی بە ڕوودا داخراون.

## ناسیۆنالیزمی فارس وەک پێکهاتە و هەژموونی

ناسیۆنالیزمی فارس لە ئێران وەک پێکهاتەیەکی هەژموونیخواز کار دەکات و لەودا شوناسی فارسی کراوە بە تاکە نۆرم و ئایدیاڵ. لەم سیستەمەدا زمان و مێژوو و یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد نەک هەر نابیندرێ و حاشای لێ دەکرێت، بەڵکوو ڕاستەوخۆ سیستماتیک و لە ڕێگەی ئامرازەکانی دەسەڵاتەوە دەیەوێت هەموو فرەچەشنییەک لە پێناو یەکدەستکردن و تواندنەوەی جۆراوجۆرییە زمانی، هۆوییەتی و کولتوورییەکان لە شوناس و زمان و کولتووری نەتەوەی سەردەستدا بسڕێتەوە. ئەم پێکهاتەیە هەڵگری لۆژیکێکە کە تەعبیر لە کۆلۆنیالیزمی مۆدێرن دەکات، وەک چۆن لە کۆنتێکستە کلاسیکەکانی کۆلۆنیالیزمدا دەسەڵاتێکی ناوەندی ئەم ئەرکەی لەسەر شانە، لەم حاڵەتەدا "تاران" کە بە سیاسەتی سیستماتیک بۆ ئاسمیلەکردن و ملکەچبوونی جۆراوجۆرییە غەیرە فارسەکان، دەسەڵاتدارەتی و باڵادەستییەکەی مسۆگەر دەکات. بەم پێیە خەباتی کورد نابێتە تەنیا پرسێکی سیاسیی کەمینە، بەڵکو دەبێتە خەبات دژی نەزمێکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییشە کە شوناس و مافی دیاریکردنی داهاتوو و شوێن و پێگەی ئەوی لە مێژوودا لێ زەوت کردوە.

## پرسی توندوتیژیی ڕەوا

پرسی شەرعیەتی توندوتیژی لە سروشتدا هەم ئەخلاقی و هەم فەلسەفییە. فەیلەسوفانی وەک هانا ئارێنت و فرانتز فانۆن بە شێوەی جۆراوجۆر تیشکیان خستۆتە سەر ئەوەی کە توندوتیژی لە هەندێک چوارچێوەدا نەک وەک وێرانکەر، بەڵکوو ێک

جۆزەردانی ٢٧٢٥

وەک کردەوەیەکی وجوودی ببیندرێ لەلایەن ئەو کەسانەی مافە سەرەتاییەکانیان زەوت کراوە. فانۆن باس لەوە دەکات هەندێک جار توندوتیژی تاکە زمانە کە ستەملێکراوەکان دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ وەرگرتنەوەی کەرامەتی مرۆیی خۆیان. کاتێک گەلێک لە دادپەروەری بێبەش دەکرێ، کاتێک زمان و ناسنامە و مافە سەرەتاییەکانی لەلایەن دەوڵەتەوە سەرکوت دەکرێن، بەرگری تەنانەت لە فۆرمی چەکداریدا نابێتە هەڵبژاردن، بەڵکوو دەبێتە پێویستییەک و دەبێتە دەربڕینی ڕێزگرتن لە خۆی و هۆکاری مانەوەی. بێگومان ئەو ڕۆژە کە دەسەڵاتی تاران و ناسیۆنالیزمی فارس دان بە مافە بەکۆمەڵەکانی کورد وەک نەتەوە دابنێ و کورد مافی خۆبەڕێوەبەری هەبێ و هێزە سەرکوتکەرەکانی ناوەند لە کوردستان بکشێنەوە، سروشتی خەبات و بەرگریی کوردیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێ.

## لەپێناو پێکەوەژیاندا

پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانە لە ئێران دەبێ لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافی وەکیەک و بنەڕەتی مافی چارەی خۆنووسین بنیات بنرێت. یەکێک لە بەدیلەکانی بەرهەست بۆ ئەو مەبەسەش هێنانەکایەی سیستەمی فیدراڵییە، کە تیایدا مافی نەتەوەیی هەموو نەتەوە جیاوازەکان لەوانەش کورد، مافی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی هەموو پێکهاتەکان دەستەبەر بووبێ. فیدراڵیزم بە مانای دابەشبوون نیە، بەڵکو فۆرمێکی نوێی یەکیەتیی ئارەزوومەندانەیە، فۆرمێک کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و فرەچەشنی کولتووری و بەرپرسیارێتی هاوبەشە کە هەتا ئێستا دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران حاشای لێ کردوە و دژایەتیی دەکات.

## دەرەنجام

خەباتی چەکداری بۆ خۆی ئامانج نیە، بەڵکوو دەرئەنجامی داخستنی هەموو دەرگاکانی ترە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە. سێ ئێنکاری گوتاری دەوڵەت و ناسیۆنالیستی فارسی-ئێرانی لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتەدا وەک ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی بۆ بەردەوامی ستەمکاریی کاریان کردوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک حاشای لە مێژوو و ناسنامە و مافەکانی کورد کردوە. سروشتییە لەو دۆخەدا خەبات و خۆڕاگری وەک پێویستییەک و ئەرکێکی ئەخلاقی دەبێتە وەڵامێکی حەتمی، نەک لەبەر ئەوەی کورد بەدوای شەڕدا دەگەڕێت، بەڵکوو لەو سۆنگەیەوە کە ئەوە ناوەندە پەیامی ئاشتی و چارەسەریی سیاسیی ڕەت کردوەتەوە.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ژار و کورەگازەکانی تاران



**سمکۆ سەقزی**

شازدەی ڕەشەمەی ساڵی ١٩٨٨ی زایینی، پێنج ڕۆژ پێش نەورۆز، کوردستان و جیهان بینەر و شایەتی گەورەترین کۆمەڵکوژیی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم بوو؛ شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان کەوتە بەر پەلامارێکی دڕندانە و کیمیاباران کرا.

لە دواڕۆژەکانی شەڕی دوو ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان، بەعسی عەفلەقی بۆ بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان خەڵکی سیڤیلی کردە ئامانج و لە چەند کاتژمێردا نزیک بە ٥٠٠٠کەسی بە گازی کیمیایی خنکاند و شەهیدی کردن. دواتر لە گێڕانەوەی مێژوویی و بەڵگەیی و گوزارشتی ئەم کارەساتەدا ناوی ئەم گازانە وەکوو ئیپریت یان خەردەل، گازی ڤی ئیکس، گازی سارین، تابوون و سۆمان باس کران کە بە فرۆکە یان تۆپی دوورهاوێژ بۆ کۆمەڵکوژیی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەی شارەزوور و سیرواندا ڕژێنران.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

٣٨ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنە و باشتر وایە بڵێین ژینۆسایدە تێدەپەڕێ، بەڵام ناوی گاز و ژەهری کیمیایی لە ڕۆڵی قاتڵی ئینسانی کورد هێشتا لە ڕۆژەڤدایە. بەڵێ، لەم دیو سنوورەکانی باشوور، کوردستان و خاکە بەپیت و بەرەکەتەکەی لەلایەن داگیرکەری ئێرانی تاڵان دەکرێت و نەک تەنیا هەوا و ئۆکسیژنەکەی بەڵکوو ئەمجارەیان خاک و ئاوی کوردستان؛ و سیە و سیپەلاک و خوێنی ناو ڕەگی خەڵکەکەی ژەهراوی دەکرێت.

لە کانگاکانی زێڕی ساراگوونی قوروە، زەڕشۆران و ئاغەرەی هەوشار و قوڵقوڵەی سەقز، هەوڵێکی کوشندەی سیستماتیک لە لایەن دەستوپێوەندەکانی تارانەوە لەژێر ناوەکانی کۆمپانیای پەرەدان بە زێڕی کوردستان و سەدری تەئمین لەئارادایە و خەریکی تێکدانی کاولکارانەی خاک و لەوەڕگە و دارستانی کوردستانن بۆ دۆزین و دزینی زێڕ و سامانی کورد.

بۆ ئەم دزینی زێڕە، دیسان مرۆڤی کورد وەکوو هاونەتەوەکانی خۆی لە هەڵەبجە تووشی گازی ژەهرین دەبێ، بەڵام ئەمجارەیان ناوی ژەهرەکان گۆڕاون بۆ "سیانید" و "سیانۆڕ" و "هیدرازین".

لە باتی ئەوەی فرۆکە و تۆپی دوورهاوێژ بەسەر خاک و خەڵکی کورد بڵاوی کاتەوە، لە ڕێگای ئەندازیار و تێکنێسیەن و شۆفێری بوڵدزێر و بێڵی میکانیکی بە ناوی مەعدەنکاری و هەلی کار و ئاوەدانی(!) ئاوێتەی خاک و هەوا و ئاوی کوردستان دەکرێت.

ئاو پێویستیی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی زێڕ، بۆیە دوو کۆمپانیای سەر بە سپای تاران بە ناوی "سپاسەد" و "جەهادی نەسری کوردستان" چەندین بەنداوی گەورەیان لێداوە؛ ئەم بەنداوانە نەک بۆ خواردنەوە یان کشتوکاڵ، تەنیا لەبەر نیازی کانگاکانی تاڵانن کە هەڵبەستراون و لێدراون. ئێستعماری تاڵانچی تاران، وەکوو پرۆژەیێکی توکمە و پتەو وای نیازە خاکێکی سووتاو و تەواو ژەهراویکراو بۆ خەڵکی کورد بەجێبهێڵێت.

بەداخەوە ئەم پرۆژە لە هەوشار تا ڕادەیەک بە ئەنجام گەیشتوە، بەپێی ئامار لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە هەوشار؛ واتە تیکاب و سایەنقەڵا کۆچ پێچەوانەیە و خەڵکی تورک ئەوێ جێدەهێڵن و حەشیمەتی کورد دەمێننەوە کە مخابن ئەم مانەوە تاوانی بێهێزییە. داهێزانی دەروونی و ماددیی کوردستان، هەژارییەکی گشتگیریی دروست کردوە، ئەم هەژارییە بەهۆی تووشبوونی خەڵک بە نەخۆشینی کوشندەی سەرەتان یان نەخۆشینە خوێنییەکان کە لێکەوتەی مەعدەنکاری سپای تاڵانی تارانە بڕستی لە خەڵک بڕیوە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

دەنگی ناڕەزایەتی خەڵکی سەقز کە خۆی لە کارزار و کەمپەینی نا بە کانگای تەڵای سەقز دا نیشان داوە، "نا"یەکی بوێرە کە دەکرێ لە بزووتنەوەی ڕزگارییخوازانەی نەتەوەکەماندا پۆلێن بکرێت و پێویستە هەموو ئەو کەسانەی کە خوێنی کوردستانی لە ڕەگ و جمگە و دەمارییاندایە، پەیوەستی کردەکی ئەم "نا" ئازایانە و مافویستانە بن. ئێمەی کورد دەبێ بەر بە تاڵانی ژینگە و خاکی خۆمان بگرین و نەهێڵین ئێستعماری ڕیشخەنەیی تاران، قاقرستانی سیانۆرییمان بۆ بەجێ بهێڵێت. شعووری بەرز و هزری کراوەی سیاسی کوردستانی، چۆن لە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاری خومەینی بە یەکدەنگ و یەکهەڵویست "نا"ی بایکۆت بوو، ئەمڕۆیش دەبێ "نا" ی دژ بە تارانیی تاڵانچیی بێ.

یەکێک لەو چین و توێژە گرنگانە کە دەنگی دلێریان دەبێ ببیسترێت، کۆمەڵەی پزیشکییە، ئەوان بیرێکی تیژ و چاوێکی وردبینن کە گەواهن بۆ ئەوەی ئێپیدێمی شێرپەنجە لە کوردستان چۆن تەشەنەی سەندوە و دەشزانن کە هۆکاری بنەڕەتی ئەم سەرەتان و ئەم کارەساتە چیە؟

پزیشکان چۆن تا ئێستا شانبەشانی بزووتنەوەی کورد هاتوون و لە شۆڕشی ژینا ڕۆڵێکی ئەرێنییان گێڕا، لە باسی بەرگرتن بە لێدانی کانگای زێڕ کە ڕاستەوخۆ تەندروستی لەش و دەروونی ئینسانی کوردیی نیشانە گرتوە دەبێ هەڵوێستیان ببێ و گوزارشتەکانی پزیشکی ئەم جینایەتە بە زمانێکی زانستییانە بە دنیای دەرەوە ڕاگەیەنن.

یەکگوتاری خەڵک بە گشتی، لە مامۆستایانی ئایینی تا پزیشکانی دەروەست بە خاکی وڵات، دەمانباتە قۆناغی هێزمەندی کە بە شێوەی فیزیکی بەر بە "شەستا" و "خاتەم"ی بەیت بگرین.

**٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# ئاکامی پێداگریی خامنەیی لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی!




**عەلی بەهرامی**

ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، لە یادی مەرگی خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیمدا وتارێکی دا. خامنەیی لەو وتارەیدا لە کاردانەوە بە پێشنیاری نوێی ئامریکا بۆ چارەسەری پرسی ناوکیی ڕێژیمەکەی هەڵوێستی گرت و لەگەڵ دژایەتی ئەو پێشنیارە، پێداگریی لەسەر گرینگی پیشەسازی ناوکی و پێویستی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە نێوخۆی ئێران کردەوە.

ناوبراو گوتی: ئەم پیشەسازییە (ناوکی) تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی تەزووی برق نیە، بەڵکوو لە باری پزیشکی، کشتوکاڵ، هەوافەزا و تێکنۆلۆژی دەقیق بە کار دەهێندرێ، هەروەها لە پێوەندیی پیشەسازی ناوکی کۆمەڵێک قسەی ناتەبا و هەڵەویژی کرد کە لە درێژەدا پەنجەیان لەسەر دادەنێین.

خامنەیی لە پێوەندی بە گرینگیی پیشەسازی ناوکی گوتی: پیشەسازیی ناوکی دایکی پیشەسازییەکانە، ئەم پیشەسازییە



سەرچاوە
Serchawe

کاریگەریی لەسەر ڕەهەندە زانستییە جیاجیاکانی وەک تیکنۆلۆژی دەقیق و هەستیاری وەکوو کەرەستەی پزیشکی، هەوافەزا، سێنسۆر (حسگر)ی دەقیق، ئێلێکترۆنیک هەیە. لە درێژەدا گوتی زانستی بنەڕەتی و موهەندیسی وەکوو فیزیکی ناوکی، موهەندیسی وزە، موهەندیسی ماک (مواد)، بەکارهێنان لە باری پزیشکی و دەرمانی، لە پیشەسازیی ناوکی کاریگەریی وەردەگرن.

وەلی فەقیهی ڕێژیم لە کاتێکدا پیشەسازیی ناوکی بە دایکی پیشەسازییەکان دەناسێنێ کە لە ئەدەبیاتی پەرەپێدانی پیشەسازیدا، پیشەسازیی دایک بەو پیشەسازییانە دەگوترێ کە سەرچاوە و هۆی پەرەپێدانی پیشەسازی و بەرهەمەکانن وەکوو پیشەسازیی پۆڵا، وزە، پێترۆشیمی و ئێلێکترۆنیک. بەڵام پیشەسازیی ناوکی بە دیاریکراوی لە پەرەپێدانی پیشەسازیی پزیشکی (ڕادیۆتراپی، وێنەگرتنەوەی پزیشکی)، وزەی خاوێن (دامەزراوەی ناوکی)، پیشەسازیی بۆشایی (فەزایی)، سێنسۆری دەقیق، فیزیک، موهەندیسی ماک (مواد) و شیمی تیشک دا، دەوری هەیە. هەروەها لە وڵاتانی پێشکەوتوویش پیشەسازی ناوکی وەکوو پیشەسازی دایک ناناسرێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە پێچەوانەی فووڵاد، نەوت و تەزووی برق، پیشەسازیی ناوکی لە ڕیزی پیشەسازی پێشکەتووی چەند مەبەستە دەناسرێ، بەڵام وەکوو ژێرخانی بنەڕەتی و زەروریی ئابووری و پیشەسازیی وەڵات سەیر ناکرێ هەتا وەک پیشەسازیی دایک پێناسە بکرێ.

هەر پێوەندیدار بە بەرنامەی ناوکی خامنەیی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئیشارەی بەوە دا کە وزەی ناوکی بەبێ پیتاندنی ئۆرانیۆم، شتێکی بێ کەڵکە. ئەوە لە کاتێکدایە ناوبراو هەر لەم وتارەیدا بەرنامەی ناوکی بە گرینگ و وەک پیشەسازیی دایک پێناسە دەکرد، کە دەتوانێ کارایی چەند مەبەستەی هەبێ. ناتەبایی و هەڵەویژی لە قسەکانی خامنەیی لە کاتێکدایە کە بە کارهێنانی بەرنامەی ناوکی بۆ مەبەستی پزیشکی، کشتوکاڵ، موهەندیسی ماک (مواد) و بارەکانی دیکە لە ڕاستیدا پێویست بە پیتاندنی ئۆرانیۆم ناکا و دەتوانێ بەبێ پیتاندنی ئۆرانیۆم بە شێوە باوەکان بە کار بهێندرێ. هەر لەو چوارچێوەدا بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەک کانادا، کورەی باشوور، سوئێد، سوئیس، فینلاند، بلژیک و ئوستralia بەبێ پشتبەستن بە پیتاندنی ئۆرانیۆم بەرنامەی ناوکی خۆیان بەڕێوەدەبەن و هەندێ لەو وڵاتانەی ناویان هێندرا ئۆرانیۆمیش هەنارده دەکەن.

ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ بەرنامەی ناوکی پێویستی بە سووتەمەنی هەیە و ئەگەر لە ناوخۆ سووتەمەنیی دامەزراوە ناوکییەکانمان دابین نەکەین دەبێ بۆ ئامریکا دەست پان کەینەوە کە ئەوکاتە ئەگەری هەیە بۆ دابین کردنی سووتەمەنی دەیان شەرت و مەرجمان بۆ دانێن. خامنەیی لەم قسەیشیدا ڕاست ناکا چوونکە دابینکردنی سووتەنی ناوکی وەکوو نەوت و گاز لە بازاڕێکی نێونەتەوەییدا کڕین و فرۆشتنی پێ دەکرێ کە بەشی زۆری سەرچاوەکانی سووتەمەنی ناوکی لە فەرانسە،

ڕووسیە و کۆنسێرسیۆمی ئورووپا (ئاڵمان، بریتانیا و هۆلەند) دابین دەکرێ. وڵاتگەلێکی وەکوو کۆرەی باشوور، فینلاند، مەجارستان و... سووتەمەنیی دامەزراوە ناوکیەکانیان لەو سەرچاوانە دابین دەکەن، بەبێ ئەوەی ئاسایشی نەتەوەیی یان سەربەخۆیی پیشەسازییان بکەوێتە مەترسییەوە.

هەر لەو بارەوە دەکرێ ئیشارە بە ڕێککەوتنێکی خودی ڕێژیمی ئێران و دامەزراوەیەکی ئارژانتینی لە ساڵی ١٩٨٧ز بکرێ کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئارژانتین ٨.١١٥ کیلۆگرام ئۆرانیۆمی ١٩,٧ لەسەد پیتێندراوی لە ژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی تەحویل بە ڕێژیم دا و ساڵی ١٩٩٣ لە ڕێئاکتۆری تارانەوە بە کار هێندرا کە ئەمەیش نموونەیەکە لە دابینکردنی سووتەمەنی ناوکی لە سەرچاوە غەیرە ئامریکاییەکانە بەبێ ئەوەی پێویست بە پیتاندنی نێوخۆییش بکات.

پێداگرییەکانی خامنەیی بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە ناوکییەکان و توانای پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ناوخۆ لە کاتێکدایە کە ڕێژیم تەنیا لە بنکەی ناوکی بووشێهر توانای پیتاندنی هەیە و هاوکات لەگەڵ پێداگرییەکەی خامنەیی، عەلی ئەکبەری ساڵحی، سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی وزەی ناوکی ڕێژیم، ڕایگەیاند لەگەڵ ئەوەی لە ناوخۆی وڵات توانای پیتاندنی ئۆرانیۆمان هەیە بەڵام ڕووسیە هەتا ئێستا ڕێگەی نەداوە ئەو سووتەمەنییە بۆ بنکەی بووشێهر بەکار بهێندرێ و تەئکیدی کردەوە کە ئەو سووتەمەنییەی لە نێوخۆی ئێران دابین کراوە تەنیا دەتوانرێ لە ڕێئاکتۆرەکاندا کەڵکی لێ وەرگیرێ.

خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا ئیشارە بە لایەنە زانستی و پیشەسازییەکانی بەرنامەی ناوکی دەکا و پێداگری لەسەر بەرنامەی ناوکی و توانای پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ناوخۆی ئێران دەکاتەوە کە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی لە نوێترین ڕاپۆرتیدا ئیشارە بەو ڕاستییە دەکا کە ڕێژیم لە وەدەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمی نزیکە و لەو پێناوەیشدا دوور لە چاوی ئاژانس و بە نهێنی هەوڵی جیددی داوە. کە وایە خامنەیی لە ژێر ناوی بەرنامەی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمی، دەیەوێ فێڵ و چاوبەست لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات.

لە بەرامبەردا ڕۆژی دووشەممە ١٩ی جۆزەردان سکرتێری گشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی لە نوێترین ڕاپۆرتیدا گوتی: ئاژانس ساڵەکانی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ زەڕاتی ئۆرانیۆمی لە ناوەندەکانی مەریوان، وەرامین و تورقوزئاباد کە پێشتر ڕانەگەیەندرابوو، دۆزیوەتەوە و ئێمە بەدوای ڕوونکردنەوە و شەفافسازی تاران لەو بارەوەین.

ڕافائێل گروسی لە درێژەدا گوتی: بەداخەوە ئێران یان وەڵامی پرسیارەکانی ئاژانس نەداوەتەوە یان وەڵامەکانی جێ متمانە و قەبووڵکراو نین و هەوڵی داوە ئەو شوێنانەی ناویان هاتوە، پاکسازی بکات و ئەوەیش کارەکانی ئاژانسی پەک خستووە.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ناوبراو هەر لەو بارەوە گوتی: ئاژانس دڵنیایە هەتا پێش دەیەی ٢٠٠٠ لەو شوێنانە کاری پیتاندن و تاقیکردنەوەی ناوکی ڕانەگەیەندراو ئەنجام دراوەو ئەو مەوادەی لەوێدا کاری لەسەر کراوە، لە چالاکی ناوکیدا کەڵکی لێوەرگیراوە.

لەو بارەوە ئامریکا و ٣ وەڵاتی ئورووپایی (فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمان) لە هەوڵی ئەوەدان لە شۆرای حوکامی ئاژانس بڕیارنامەیەک دژ بە ڕێژیمی ئێران پەسەند بکرێ کە ئەو وڵاتە لە دوای ٢٠ سال پێبەندی بەڵێنە ناوکیەکانی نەبووە. هەر بۆیە چاوەڕێ دەکرێ لەدوای پەسەندکردنی ئەو بڕیارنامە پەروەندەی ناوکی ڕێژیمی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێتەوە و سێ وەڵاتی ئورووپایی مەکانیزمی ماشە وەگەرخەن و فشارە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتیەکان بەسەر ڕێژیمدا بسەپێندرێ.

بەپێی پێداگرییەکانی خامنەیی وەلی فەقیهی ڕێژیم لەسەر پیتاندنی ئۆرانیۆم لە نێوخۆی ئێران لەلایەک و لەلایەکی دیکە پێداگریی ئامریکا لەسەر ئەوەی ڕێگە بە ڕێژیم نەدرێ پیتاندنی ئۆرانیۆم لە نێو خاکی ئێران ئەنجام بدا، دەری دەخات ڕێژیم و ئامریکا ١٨٠ دەرەجە لێک دوورن و شکستی وتوویژەکان زۆر بەهێزە. لە وەها حاڵێکدا هاوتەریب لەگەڵ فشارە نێودەڵەتییەکان، پەلاماری سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئەو ڕێژیمە دوور نیە و ئەگەرێکی نزیکە.

**٢١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

---

# دەریاچەیەک کە هاوار دەکات




**(چاوخشاندنێک لە کتێبێکی دیکۆمێنتاری و شۆککەر سەبارەت بە کارەساتی ورمێ)**

**ڕەحیم نزهت زادە**

**- لە دونیایەکدا کە سروشت ڕۆژانە گۆشەیەکی خۆی لەدەست دەدات، کتێبێکی قووڵ و ڕاستگۆیانە سەبارەت بە گۆلی ورمێ، وەک ئاوێنەیەکی تەواو، واقیعی تاڵی پشتگوێخستنی ئێمە بە زەوی، برجستە دەکات.**

**نووسەر لەم بەرهەمە دەوڵەمەندەدا، وێنەیەکی ڕوون بەڵام بە ئازار، لە پرۆسەی وشکبوونەوەی یەکێک لە گەورەترین دەریاچە خوێییەکانی جیهان دەخاتە ڕوو. کتێبەکە لە ڕوانگەی زانستی، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی قەیرانەکە، بەرپرسانی ئەو قەیرانە و لێکەوتەی مرۆیی و سروشتییەکانی دەکات.**

**– ورمێ؛ ڕابردوویەکی شکۆمەند، ئێستایەکی بەرەو لە ناوچون**



سەرچاوە
Serchawe

لە بەشی یەکەمدا، خوێنەر ئاشنا دەکات بە مێژوو، باری بایۆلۆژی و ڕۆڵی ژیانی دەریاچەی ورمێ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. نووسەر هۆشداری دەدات لەوەی، ئەم ئاوە تەنیا دەریاچەیەک نییە، بەڵکو بەشێکە لە شوناس، کەشوهەوا و هیوای بەکۆمەڵی خەڵکی ئەو خاکە.

## – کارەساتێکی مرۆیی، نەک تەنها سروشتی

لە بەشی دووەمدا، کتێبەکە بە دیدێکی بەڵگەدارانە، باس لە هۆکارەکانی قەیرانەکە دەکات: دروستکردنی دەیان بەنداوی بەرفراوان، کشتوکاڵی بێ پرەنسیپ، زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە ژێرزەمینییەکان و نەبوونی ستراتیژییەکی نیشتمانی. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە وشکبوونەوەی دەریاچەکە دەرئەنجامی تووڕەیی سروشت نییە، بەڵکو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی کردەوەکانی خودی مرۆڤەکانە.

## – ئازاری خەڵک، ئاوێنەی دەریاچە

یەکێک لە بەشە گرنگەکانی کتێبەکە بەشی سێیەمە، کە تێیدا لە لێکەوتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی قەیرانەکە دەکۆڵرێتەوە. هەر لە کۆچی گوندنشینەکان، لەناوچوونی ژیانی کشتوکاڵی، زیادبوونی هەژاری، نەخۆشییەکانی هەناسەدان و پچڕانی شانە کۆمەڵایەتییەکان، هەتا هەستی لەبیرچوونەوە و توڕەیی خامۆشی خەڵکی ناوچەکە.

## – چارەسەر بۆ نۆژەنکردنەوە

کتێبەکە بە خستنەڕووی ئەزموونە جیهانییە سەرکەوتووەکان، لەوانەش دەریای ئارال و ڕووباری کۆلۆرادۆ، ڕێگەچارە بۆ نۆژەنکردنەوەی گۆلی ورمێ پێشنیار دەکات: کەمکردنەوەی ڕووبەری ژێرخانی چاندن، بەکارهێنانی ئاودێری مۆدێرن، ڕاگرتنی دروستکردنی بەنداوی وێرانکەر، گۆڕینی ڕوانگەی بەڕێوەبردن و بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک.

## – ورمێ؛ هێمای قەیرانێکی نیشتمانی

لە بەشی کۆتاییدا، گۆلی ورمێ نەک تەنیا وەک پرسێکی ناوخۆیی، بەڵکو وەک هێمای قەیرانی گەشەسەندنی ناپایەدار لە ئێراندا دەخرێتەڕوو. ئەگەر ئەمڕۆ لە بەرامبەر ورمێ بێباک و بێ هەست بمێنینەوە، سبەی ناچار دەبین ماتەمینی بۆ

جۆزەردانی ٢٧٢٥

بەختەگان/بختگان و دیکە سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران دابنێین.

ئەم کتێبە هاوارێکی ڕاستەوخۆ و ڕاستگۆیانەیە بۆ ڕزگارکردنی سروشت. ڕزگارکردنی ورمێ تەنیا ڕزگارکردنی دەریاچەیەک نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی؛ پەیوەندییەک کە ئەگەر پشتگوێ بخرێت، داهاتوومان دەخاتە مەترسییەوە.

-پێشنیار

ئەگەر سروشت زمانێکی هەبوایە، چی دەگوت؟! ڕەنگە ئەم کتێبە دەنگی ئەو بێت.

خوێندنەوە و ناساندن و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە هەنگاوێکی بچووک بەڵام کاریگەرە بەرەو بەئاگاهاتنەوەی بەکۆمەڵمان.
"بختگان" ناوی دەریاچەیەکە لە پارێزگای فارس، لە دووای دەریاچەی ورمێ دووهەم دەریاچەی ئێرانە

هامون ناوی دەریاچەیەکە لە پارێزگای سیستان بوچستان، کە لە دووای دەریاچەی ورمێ و بختگان، سێیەم دەریاچەی گەورەی ئێرانە.

٢١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# بۆ بێ ئەنجامە؟




**شەماڵ تەرغیبی**

لە ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕەوە کۆمەڵێک لە کامیۆنداران لە بەندەرعەباس دەستیان دایە مانگرتن کە لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە مانگرتنی سەرانسەری کامیۆنداران لە ئێران و زیاتر لە ١٦٣ شاری ئێرانی گرتەوە؛ ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە کە بەهۆی سیاسەتە هەڵە و چەوتە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی ڕێژیم هاتنە ئاراوە و تێیدا باس لە دانی مافە پێشێلکراوەکان کرابوو بەبێ ئەنجام کۆتاییان پێ هات. ئەمەش بۆ جارێکی تر ئەو پرسیارە جەوهەرییەی خوڵقاندەوە کە بۆچی بێ‌ئەنجام بوو؟ یان لانیکەم چ ئەنجامێکی هەبوو لەسەر دۆخی ژیانی مانگرتووان؟

لە ساڵانی ڕابردوودا ئەگەر نەڵێین هەزاران ئەوا سەدان مانگرتن و ئێعترازی سینفی لە ئێراندا بەڕێوە چوون؛ هەر لە مانگرتنی مامۆستایانەوە بگرە تا پەرەستاران و خانەنشینکراوان و کرێکاران و کامیۆنداران بەڵام گۆڕانێکی بنەڕەتی و هەستپێکراوی لەسەر بارودۆخیان پێک نەهێناوە و پاش دامرکانەوە دوای ماوەیەکی تر دووبارە سەریان هەڵدایەوە و دووبارە دامرکانەوە.

بۆ خەسارناسیی ئەم پرسە و دۆزینەوەی وڵامێکی دروست بۆ پرسیارەکەمان، سروشتییە کە دەبێ فوکوس بخەینەسەر سەر لایەنی پێکهاتەیی مانگرتنەکان؛ بەو واتایە کە دەبێ بزانین لەڕووی ساختاری و ستراکچێر و پێکهاتەییەوە چ لاوازییەک هەبووە کە نەیتوانیوە مانگرتنەکان بکاتە هێزێکی مەعنەوی و لە فۆڕمی گۆڕانخوازییەوە بیکاتە فۆڕمێکی گۆڕانخوڵقێن.

پڕئاشکرایە یەکێک لە کێشەکان لەم چوارچێوەیەدا هەوڵەکانی ڕێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لەمەڕ لاوازکردن و تەنانەت لەنێوبردنی ئەنجومەنەکان، ئێن‌جی‌ئۆکان و ڕێکخراوە سینفییەکان کە بۆخۆی دەبێتە هۆکاری لێکنیزیککردنەوە و گرێدانی ویستەکان و سازکردنی جۆرێک لە یەکیەتیی سینفی و بەکۆمەڵ.

ڕێژیم لە ترسی ئەو یەکگووتارییەی کە بەهۆی ڕێکخراوکانەوە ساز دەبێ هەوڵی سیستماتیکی داوە و دەیدات کە ئەم جۆرە نیهادانە یان نەمێنن یان زۆر لاواز دەرکەون؛ کەواتە هەنگاوی یەکەم بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتە و هەوڵدانە بۆ بنیاتنانی وەها بنیاتگەلێک کە توانای ڕێکخستن و هاواهەنگکردنی لەنێو چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە هەیە.

لە هەنگاوی دووهەمدا دەتوانین بڵێین سازکردنی هاوپێوەندی لە نێوان ئەم نیهادانە دەتوانێ هەموان بەو ئاستە لە تێگەیشتنی سیاسی بگەیەنێت کە هەموان خاوەنی دەردێکی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەشن. بە دیوێکی تریدا ئەودەم هەموان دەزانن ئەگەر ئەوڕۆ مامۆستایان لەگەڵ گرفتێکی سینفی بەرەوڕوون سبەینێ نۆرە دەگاتە پەرستاران و دووسبەی کامیۆنداران و لەکۆتاییدا هەموو چین و توێژەکان؛ ئەمەش وا دەکات کە هەموان بزانن پشتیوانیکردن لە داواکارییەکانی یەکتر یان بەپێچەوانەوە پشتیوانی‌نەکردن لە داواکارییەکانی یەکتر دەتوانێ بە باری ئەرێنی و نەرێنی شوێندانەری دابنێ لەسەر ڕەوتی ژیان و خەباتیان.

واتە ڕای گشتی دەبێ بزانێ کە ئەگەر ئەوڕۆکە کامیۆنداران بۆ خواستی سێنفیی خۆیان دێنە سەر شەقام و مان دەگرن، ئەوا تەنیا خواستێکی سینفی نییە بەڵکوو پێوەندیدارە بە هەموو ژیانی کۆمەڵگەوە و ژان و ئازاری ئەوان ژان و ئازاری ئەوانی تریشە.

فێڵێک کە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی ئەم ساڵانە لە سینفە جۆراوجۆرەکانی کردووە و دەیکات بریتییە لە دانی وادە و بەڵێنی بێ‌بنەما؛ جارێک لە سەر زاری کاردارێکی ناوچەیی و جارێکی تر لەسەر زاری بەرپرسێکی باڵاتر و هەندێ جاریش لەسەر زاری گەورەبەرپرسانی حکومەتی. ئامانجی ڕێژیم لەو کاتانەدا بریتییە لە کۆتاییهێنان بە مانگرتن یان ئێعترازەکە بەو هیوایەی کە ساردبوونەوەیەک بێتە ئاراوە و نارازییان بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. بەردەوامبوونی ئەم



سەرچاوە Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

میکانیزمە بەدرێژایی چەند مانگ و ساڵ دەبێتە هۆی ئاساییبوونەوەی دۆخە نالەبارەکە و ناچاربوونی ناڕازییان بە خۆگونجاندن لەگەڵی؛ ئەمەش لە قۆناغی دواتردا جۆریک لە بێهیوایی دروست دەکات کە ناهێڵێ بۆ جارێکی تر ئیرادەی مانگرتن و ئێعتراز سەر هەڵبدات.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە لێرەدا دەبێ قامکی لەسەر دابنێین لەڕاستیدا نەبوونی پلانە لەڕاستای بەئەنجامگەیاندنی خواستەکان؛ واتە کاتێک مانگرتنێک دەس پێدەکات سرووشتییە کە دەبێ ڕێکخەرانی مانگرتنەکە خاوەن پلان و بن بۆ ڕۆژانی دواتری چالاکییەکەیان. پلان بە مانای ئەوەیکە هەم بزانن دەبێ چی بکەن و هەمیش بزانن کە نابێ چی بکەن. دەبێ ڕوون بێ کە بەدیلەکانی بەردەمیان کامانەن و دەیانهەوێ بە پێی چ نەخشەڕێگایەک بجوڵێنەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکی تەواو لە ئیمکانی ڕاگەیاندن وەربگیرێ و دەسەڵاتی چوارەم بکرێتە بەستێنخوڵقێن بۆ گەیاندنی دەنگییان بە ڕای گشتی هەم لە نێو جوغرافیای ئێران و هەمیش ئەودیو سنوورەکانی ئێران. ئەمەش ئەرکێکە لەسەر شانی ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی دەرەوەی وڵات کە دەتوانن نەخشێکی پۆزەتیڤ بگێڕن تێیدا.

بە دیوێکی تریدا پێویستە لە نەبوونی نیهادە ڕەسمییە ڕێگەپێدراوەکاندا هەندێک تۆڕی نارەسمی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی تاران دابمەزرێت کە بتوانێ بەپەلە خۆی لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی بگونجێنێ و وێڕای گواستنەوەی خێرای زانیارییەکان، هاواهەنگییش دروست بکات و توێژ و سینفە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ بهێنێتە سەر هێڵ بۆ پشتیوانی؛ هەڵبەت کە دەوترێ پشتیوانی مەبەست تەنیا پشتیوانی سەرزارەکی یان لە ئاستی دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک نییە بەڵکوو پشتیوانی کرداری و بەکردەوە.

بەگشتی و لە کۆتاییدا دەتوانین بێژین بارودۆخی ژیان لە ئەوڕۆی ئێران بە چەشنێکە کە بەدڵنیاییەوە سیکلی مانگرتن و ئێعترازەکان نەک کەم نابنەوە بەڵکوو تا دێ زیاتر دەگەشێتەوە و خەبات لە شێوەی مەدەنی خۆی زیاتر بەدژی کۆماری ئیسلامی بیچم دەگرێ و پەرە دەستێنێ؛ ئەم هەقیقەتە وامان لێ دەکات کە بێینە سەر ئەو قەناعەتەی گەر دەمانهەوێ لە داهاتوودا مانگرتن و ئێعترازەکانمان بێئەنجام نەمێننەوە و نەبێتە خوولاونەوە لە نێو بازنەی داخراو دەبێ و پێویستە ئەم خەسارناسییانە بەهەند وەربگرین و لە ئێستەوە ڕێکارمان هەبێ بۆ ئەو داهاتووەی کە مێژوو سەلماندوویەتی هی خەڵکانی ئازادیخوازە.

**٢٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

## حیزبی دێموکرات: ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدا بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە




بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی، ٢٣ی جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی ئیسرائیل لە چەند شەپۆل هێرشی بەربڵاودا چەند بنکەیەکی سەربازی و ئەتومیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە چەند شارێکدا بۆمباران کرد، هەروەها چەند زانایەکی ئەتومی و کۆمەڵێک فەرماندەری پلەبەرزی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی کوشت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی ماهییەتی شەڕخوازانە و قەیرانخوڵقێنیی خۆی و لەسۆنگەی سیاسەتی شەڕفرۆشی و ناسەقامگیرکردنی ئەمنییەتی ناوچەیی و جیهانی، ئەمجارەیان بڵێسە و ئاگری شەڕی هێنایە نێوخۆی وڵات. ئەم ڕێژیمە تیرۆریستە کە ئامادە نیە مل بۆ هیچ پەسندکراو و ڕێککەوتننامەیەکی نێونەتەوەیی ڕابکێشێ، ڕێز لە سەروەریی سیاسیی وڵاتانی دیکە بگرێ و خەڵکی ئێرانی وەک قەڵغانێک بۆ بردنەپێشی سیاسەتە چەوت و دژەگەلییەکان بەبارمتە گرتوە، بەرپرسیاری هەموو قەیرانەکانی ئێستا و ئەو دۆخەیە بەسەر وڵاتدا سەپاوە.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا دەهۆڵی شەڕ دەکوتێ، کە ئەو شەڕە شەڕی گەلانی ئێران و بەرژەوەندییەکانی ئەوان نیە؛ بەڵکوو شەڕی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە هەتا ئێستا هەموو سامان و دارایی خەڵک و وڵاتی ئێرانیان بۆ

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

مەرامە ئایدۆلۆژییەکانیان بەفیڕۆ داوە و قەیران لە دوای قەیران بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی وڵات بە دیاری دێنن.

خەڵکی ئێران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە بەردەوامی بە ڕێگای جۆراوجۆری وەک بایکۆتکردنی بەناو هەڵبژاردنەکان، مانگرتن، ناڕەزایەتیدەربڕین و خۆپیشاندانی جەماوەری بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا دەنگی خۆی بە کۆمەڵگەی جیهانی گەیاندوە و بەئاشکرا ڕایگەیاندوە کە ئەم ڕێژیمە هیچ شەرعییەتێکی سیاسی و گەلیی نیە و لە شێوەی جۆراوجۆردا ئیرادەی خۆیشی بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی نواندوە.

٤٧ ساڵ دەسەڵاتی ڕەش و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئاکامەکەی تەنیا تێرۆر و کوشتنی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی وڵات، سەرکوتی هەمەلایەنەی ماف و ئازادییەکانی خەڵک، وێرانی و پاشکەوتوویی وڵات لە ڕووی ئابووری و ژینگەیی و کەڵەکەبوونی سەدان قەیرانی سیاسی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی لەسەر یەکتری بووە. ئەوەش کە ئێستا لە ئێران ڕوو دەدا، بەرهەمی سیاستەکانی کۆماری ئیسلامییە و بە مانەوەی ئەم ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا ئەم دۆخە بەرەو خراپبوونی زیاتریش دەچێ، بۆیە یەکەم مەرجی ڕزگاربوونی گەلانی ئێران لە چنگ ئەو هەمووە قەیران و وێرانی و ڕۆژڕەشییە کۆتاییهێنان بەتەمەنی ئەم ڕێژیمەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٣ی جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی

**٢٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی قەیرانخوڵقێنییەکانی خۆیدا



**هەردی سەلیمی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەک ڕێبەرەکەی گوتی کەوتووەتە سەردەمێکەوە کە لەوێدا "لێدان و دەرچوون" شێوەیەکی بەسەرچووە، بەڵام لە ئێستادا ئەمە ڕێک لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕاستە. کۆماری ئیسلامی چەند دەیەیە هەوڵی داوە ئاڵۆزی لە سیستمی جیهانیدا دروست بکات و خۆی بپارێزێ، لێ سەردەم گۆڕاوە و جیهانی ئێستا هێندە ئاڵۆزە کە وڵامدانەوەیەک بە کۆماری ئیسلامی، زۆر ناتوانێ تێکدەری ئەو بێنەزمییە بێت.

ئۆلتیماتۆمێکی دوو مانگە بە کۆماری ئیسلامی درا کە بتوانێ لەم ماوەیەدا خۆی ساخ کاتەوە و بە ڕێککەوتنێک لەسەر بەرنامەی ناوکییەکەی بگات، ڕۆژی پێنجشەممە کاتی ئەم ئۆلتیماتۆمە بەسەر چوو و هێشتا ڕێککەوتنێکیش نەکرابوو. دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زلهێزانی جیهان، بەتایبەت ئەمریکا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەین، ئەویش ئەمەیە کە چەند دەیە وتووێژی جۆراوجۆری ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەمیشە فاکتۆرێکی سەرەکیی بە ناوی ئیسرائیلی لە پشتی پەردەوە هەبووە. ئەم فاکتۆرە بە هیچ ڕێککەوتنێک قایل نەبووە. کۆماری ئیسلامی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

فاکتۆرەی لەبەرچاو نەگرتوە و تەنانەت ڕۆژژمێری لەنێوچوونیشی بۆ داناوە! بەڵام بە پێچەوانەوەی کۆماری ئیسلامی، ئەمریکا زۆری لەلا گرنگ بووە، بۆیە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو سەری وتووێژەدا دوورەدەست بووە.

ئیسرائیل لەدوای تەواوبوونی مۆڵەتەکەی ترامپ، بەرەبەیانیی ڕۆژی هەینی هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ئێران. ئەم هێرشە لە درێژەی دوو هێرشی پێشوودا بوو، بەم جیاوازییەوە کە جاری پێشوو، بواری بۆ ئەم جار خۆش و لە ڕووی ئاسمانییەوە ئێرانی بێدەسەڵات کردبوو. ئەم هێرشەی ئیسرائیل کە لە ئەنجامیدا چەندین فەرماندەی نیزامیی پلەباڵای کۆماری ئیسلامی و چەندین شوێنی ستراتیژیک و چەند سایتێکی مووشەکی و دامەزراوەی ناوکیی پێکا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەرتەشی ئەو وڵاتە؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە هێشتا کۆتاییی نەهاتوە و بڕیار وایە بەردەوام بێت.

سەرۆک وەزیری ئیسرائیل لە یەکەم لێدوانی دوای ئەم هێرشەدا ڕایگەیاند کە ئەوان دەیانهەوێ هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لەسەر خۆیان بڕەوێننەوە و تا لەنێوبردنی ئەو هەڕەشانەش بەردەوام دەبن لە ئۆپەراسیۆنەکەیان کە ناوی "شێری ڕاساو"یان لێ ناوە؛ وەک خۆیان ئاماژەیان پێکردوە ئەم ئۆپەراسیۆنە بۆ مەبەستی نەهێشتنی هەڕەشەکانی ئێران لەسەر ئیسرائیل بەڕێوە چووە.

کۆماری ئیسلامییش بۆ وەڵامدانەوە بەم هێرشانە لە شەوی ڕابردووەوە چەندین مووشەک و درۆنی لەژێر ناوی "وعدەی صادق ٣" ئاراستەی ئیسرائیل کردوە کە تا ئێستا چەندین کوژراو و بریندار لێ کەوتووەتەوە. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئەم ڕووبەڕووبوونەوە هەتا کوێ و چ ئاستێک درێژەی دەبێ.

لێرەدا ئەوەی گرنگە بوترێ ئەوەیە کە ئەم شەڕە کە لانیکەم لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە سێبەری قورسی بەسەر ئێراندا کشاندوە، ئێستا ڕووی داوە و دەستی پێکردوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەسپێشخەری ئەم شەڕە جگە لە کۆماری ئیسلامی نەبووە. ئەم ڕێژیمە کە نزیکەی پێنج دەیە دەبێ دەستی بەسەر وڵاتی ئێراندا گرتوە، سەرچاوەکانی داگیر کردوە، سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەی لە پاوانی خۆی گرتوە، بەردەوام دروشمی ڕووخانی ئیسرائیل و ئەمریکای داوە، لە هەمان کاتیشدا خەڵکی وڵاتەکەی لە برسییەتی و هەژاریدا هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی دەستی بە چەکی ئەتۆمییەک ڕابگات کە هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بێت لەسەر هەموو جیهان و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی وا مەرگ و نەمانیان بۆ دەخوازێ.

لە وەها دۆخێکدایە کە هیچ لایەنێک باوەڕی پێ ناکات و دەزانن بەو ڕابردوو و کارنامەی کە لە شەڕهەڵایسێنی و

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئاژاوگێڕیدا هەیەتی، مەبەستی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم بەکارهێنانی ئاشتیخوازانەی نییە، بەڵکوو هەڕەشەیەکی گشتی و هەمیشەییە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی هەموو دنیا؛ هەر بۆیە بەتوندترین شێوە وڵام دەدرێتەوە.

کۆماری ئیسلامی دەیتوانی یەکێک بێ لە سەقامگرتووترین وڵاتانی جیهان، بەڵام ئەم دەسەڵاتە ئیدئۆلۆگ-ئەمنیەتییە هەرگیز ڕێگەی سازانی نەگرتووەتە بەر و بەردەوام لە بیری تێکدانی ئاسایشی وڵاتان و تێرۆر و تۆقاندن و هەڕەشە و شەڕنانەوەدا بووە، بۆیە ئێستاش وڵاتەکەی لە ڕووی ئابووری، نیزامی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و... بردووەتە لێواری داڕمان.
وەک دوایین وتە: وەک باس کرا کۆماری ئیسلامی هەموو دەرفەتەکانی سووتاندووە، ئێستا دوو ڕێگای لەبەردەمدایە: یان دەبێ ئەم ڕێیەی گرتوویەتە بەر هەتا کۆتایی بیبا و دژکردەوەی توند و هەستەکیی هەبێ و ئەمریکاش لە ناوچەدا بکاتە ئامانجی هێرشەکانی وێڕای ئیسرائیل. یا تەسلیمی ویستی دوژمنەکانی بێت؛ لە هەردوو حاڵەتدا ئەمە کۆماری ئیسلامییە کە بەرەو کۆتایی چووە.

٢٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی شەڕی گەلانی ئێران نیە



**ئەفشین مەعرووفیان**

زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئیسرائیل هەڵگیرساند و ئێستا ڕاستەوخۆ ئەوکی خۆیشی گرتووەتەوە، شەڕی گەلانی ئێران نیە. ئەم ئاگرە ئاگرێکە لە تارانەوە هەڵگیرساوە کە دەیان ساڵە دروشمی سڕینەوەی ئیسرائیل دەدا و هێزی نیابەتیی بۆ پێکدێنی و تەیاریان دەکات.

ئەمڕۆکە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ئەم شەڕە فڕی بە ئیرادە و بەرژەوەندیی گەلانی ئێرانەوە نیە، بەڵکوو مەرامی ئایدۆلۆژیی ئۆختاپووسێکە دەیان ساڵە سێبەری مەرگی بەسەر ئێراندا کێشاوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ دەسەڵاتێک کە دوژمنایەتییەکەی هەر لەگەڵ وڵاتانی دیکە نیە، بەڵکوو لەگەڵ خەڵکی ئێران، لەگەڵ ژنان، لەگەڵ ڕۆشنبیران و لەگەڵ نەتەوەکان پێش هەموویان کورد و لەگەڵ ئازادییە.

ڕێژیمێک کە چوار دەیە بە سەرکوت و ئێعدام و ئەشکەنجە و درۆ و فریودان ئاگری شەڕی لە کوردستان کردووەتەوە. ئەم


**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

ڕێـژێمە بەڕواڵەت پاڵپشـتی حەمـاس و حیزبـوڵڵا بـووە بەڵام ئەوانیشـی هەر بـۆ مەرامە ئایـدۆلۆژییەکانی بـوو و هۆکـاری ڕاستەوخۆی ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبەر و هێرش بۆ سەر ئیسرائیل بـوو. هەڵگیرسـاندنی شەڕێک کە ئـاگرەکەی لە غەززەوە هەتـا لوبنان، یەمەن و ئێستا تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بڵێسە دەدا.

کوردستان لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەم قوربانیی سەرەکیی تاوان و جینایەتەکانی ئەم ڕێـژیمە بـووە و هەیە، هەم لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خەبات و خۆڕاگری دژی ئەم ڕێژیمە بووە. بە درێژایی ئەم مێـژووە کورد تێـرۆر کراوە، خاکەکەی داگیـر و سـەروەت و سامانی بە تـاڵان بـراوە، ڕۆڵەکـانی دەسبەر و زینـدانی و ئێعدام کـراوە، میلیتـاریزە کـراوە و هەوڵـی بەچۆکـداهێنانی دراوە. هۆکارەکەشـی بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە لە ڕۆژی سـەرەتاوە دەنگـی "نـا"ی بـۆ ئەم ڕێـژیمە بەرز کـردۆتەوە و هەتـا ئێسـتاش بـاجی ئـازادیخوازی و خەبـات بـۆ مـافە ڕەواکـانی دەدات. بەڵام نەک کـۆڵی نەداوە، بەڵکوو لە هەمـوو بڕگەکـانی مێـژووی هەڵوێست و بەربەرەکـانی لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامیدا پێشـەنگ و ڕچەشکێن بـووە کە تـازەترینیـان بزووتنەوەی "ژن، ژیـان، ئـازادی" بوو کە بووە خاڵگۆڕانی مێژووی ئێران؛ لەخۆڕا نیە کە ترسی ڕێژیم لە بزووتنەوە بەهێـز و ئامانجدارەکانی کوردستان گەورەترین جینایەتەکانی خوڵقاند کە لە شۆڕشی ژینـادا لە هەموو شارەکانی کوردستان بینیمان.
ترسی ڕێژیم لە کوردستان بۆ بەهێزی پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کورد لە سەروو هەموویان حیزبـی دێموکرات دەگەڕێـتەوە، حیزبێک کە تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسی نیە، بەڵکوو بڕبـڕەی پشـتی بزووتنەوەیەکەشە. حیزبێک کە کۆمـاری ئیسلامی تـاوان نەما لە حەقیدا نەکا، لە تێرۆری سەدان کادر و پێشمەرگەی و لە سـەروو هەمووانەوە ڕێبەرانی، لە تەقانـدنەوەی بـنکە و بارەگاکانی، لە مووشەکبـاران و هێرشی بێوچان بۆ سەر ئەنـدامەکانی لە نێوخۆی وڵات. بەڵام ئەم حیزبە پشتئەستوور بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەیداخی خەباتی کورد بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی شەکاوە ڕاگرتوە.
لە کاتێکدا کاروانی خەبات و خوێنی ڕۆڵەکانی کـورد لە ئێران بەردەوامە، خـاڵێکی گرینـگ کە دەتـوانێ ڕێگـای گەیشـتن بە ئامانجەکـان کـورتتر و کەم تێچـووتر بکـاتەوە، ئەوەیە لە بـارودۆخی ئێسـتای ئێـران و کوردسـتاندا هەرکـام لە تاکەکـانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەر جێگە و پێگەیەکدا هەن و بە هەر شێوازێک کە پێیـان بکرێت، هەوڵ بـدەین دەرفەتەکـانی کـار و چالاکیی شوێندانەر لە ڕەوتی خەباتی هاوبەشیاندا لە کیس نەدەن و ڕێگە نەدەن جیـاوازیی بیـروڕا و بەرژەوەنـدییە تەسکە تاکەکەسی و گرووپییەکان ببێتە لەمپەر لە بەردەم یەکگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی کورددا.
لەو بارودۆخە هەستیارەدا پێویستیە جۆراوجۆری و فرەییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکرێتە هەوێنی دەوڵەمەنـدیی گوتـار و تۆکمەیی ڕێکخستن و بەهێزیی کردەیی خەبـات. پێویسـتە بە زاڵبـوون بەسـەر کەلـێن و دووبەرەکـی و ڕکەبەرییەکـان باشتر ڕێگا بۆ سەرکەوتن خۆش بکەین.

**٢٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

# ئێران و هەڕەشەی بەردەوام بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە



**ڕەحیم نزهەتزادە**

کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ەوە، نەک هەر پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی گۆڕی، بەڵکوو بە خێرایی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، لەسەر بنەمای هەناردەکردنی شۆڕش، ڕووبەڕووبوونەوەی نەزمی ناوچەیی و جیهانی داڕشت و دامەزراند. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، ئەم سیاسەتە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە ڕێگەی دروستکردن، پاڵپشتیکردنی گرووپە میلیشیاکان و بەهێزکردنی میحوەرەکانی بە وەکالەت لە ناوچەکەدا، هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان، لەوانەش بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی، پەیڕەو کراوە. لەم نێوەندەدا، بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆمی کۆماری ئیسلامی، بە تەنیا بە پرۆژەیەکی زانستی یان پیشەسازی نازانرێت، بەڵکوو وەک ئامرازێکیش بۆ شەڕەنگێزی و هەڕەشەی ئەمنی، لە ئاستی ناوچەیی و سەروو ناوچەیی لێکدەدرێتەوە.

### بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران: ئامرازی نفووز یان هەڕەشە؟

ئێران هەمیشە پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە، کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئاشتییانەیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر بەڵگە کە لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا و تەنانەت هەندێک دامەزراوەی سەربەخۆوە کە بڵاو کراونەتەوە، وێنەیەکی جیاواز دەخەنە ڕوو.

**وەک:**

- ڕاپۆرتە دووبارەکانی ئاژانس، سەبارەت بە نەبوونی شەفافییەتی ئێران سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو ئۆرانیۆمەی دۆزراونەتەوە کە لە سایتەکان و ڕاپورتەکاندا ڕانەگەیەندراوە؛

- ڕەتکردنەوەی و ڕێگریکردنی ئێران لە دەستپێڕاگەیشتنی پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتۆمی بە سەرچاوە گوماناوییەکانی.

- پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ئاستێکی زۆر لە دەرەوەی پێداویستییە ئاشتیخوازەکان (بۆ نموونە تا ٦٠%)؛

- چالاکیی و تاقیکردنەوەی هاوتەریب لە بوارەکانی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بە توانای هەڵگرتنی سەری ئەتۆمی. کۆی ئەو بەڵگانە، نەک هەر متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئامانجەکانی ئێران نەهێشتوە، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکەشی، بەرەو پێشبڕکێی چەک پاڵناوە.

### هێرشی ئیسرائیل: خۆپاراستنی شەرعی، یان دەستدرێژیی سەربازی؟

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئیسرائیل هێرشێکی ئامانجداری بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و هەروەها بۆ سەر ئەو بنکە سەربازییانەی کە فەرماندەکانی سوپای پاسداران و زانایانی بەشدار لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی تێدا نیشتەجێن، دەست پێ کردوە. ئەم کارە جارێکی دیکە مشتومڕی یاسایی و سیاسیی لەسەر شەرعییەتی ئەم جۆرە هێرشانە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گەرمتر کردووەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەپێی مادەی ٥١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتان مافی بەرگریکردنیان لە خۆیان هەیە، ئەگەر ڕووبەڕووی "هێرشی چەکداری" ببنەوە. ئیسرائیل بە ئاماژەدان بە هەڕەشەی بەردەوامی ئێران، کردەوەکانی ڕابردووی سوپای قودس و گرووپە بە وەکالەت کە تاران پاڵپشتییان دەکات (لەوانەش حەماس، حزبوڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن)، هێرشەکەی وەک بەشێک لە سیاسەتی بەرگری و خۆپارێزی خۆی سەیر کردوە. جگە لەوەش، چەندین بەڵگەنامە، لەوانەش لێدوانی گشتی بەرپرسانی ئێران سەبارەت بە "لەناوبردنی ئیسرائیل"، لەگەڵ کردەوە پراکتیکییەکانیان، بووەتە هۆی، لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، قبوڵکردنی و بێدەنگی شەرعی بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل. لە ڕاستیدا کاتێک وڵاتێک بە بەردەوامی هەڕەشەی زارەکی و کردەیی، لە دژی بوونی وڵاتێکی دیکە دەردەبڕێت و لە هەمان کاتدا خەریکی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا مەترسیدارەکانە، کە توانای سەربازی حاشا هەڵنەگریان هەیە، چەمکی "لێدانی پێشوەختە" لە ئیستسنایەکەوە، دەگۆڕێت بۆ ستراتیژییەکی پێویست.

## کاریگەرییە ناوچەیی و جیهانییەکان

ئەم هێرشە، نەک هەر دەرئەنجامە سەربازییە ڕاستەوخۆکانی لێ کەوتەوە، بەڵکو پەیامێکی ڕوونیشی بۆ ئەکتەرەکانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەت لە کەنداوی فارس، ئوروپا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش نارد: درێژەدان بە ڕەوتی ئێستای کۆماری ئیسلامی، بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە، بەبێ تێچوو نابێت. وڵاتانی وەک عەرەبستان، ئیمارات، بەحرەین و تەنانەت میسر و ئوردن کە هەمیشە نیگەرانییان لە سیاسەتە شەڕەنگێزەکانی ئێران هەبووە، ئەم کارەی ئیسرائیلیان وەک جۆرێک لە هاوسەنگیکردنی ناوچەیی لێکداوەتەوە. لەسەر ئاستی دەرەوەی ناوچەکە، ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ئوروپا، سەرەڕای هەڵوێستە دیپلۆماسییە فەرمییەکانیان، بەکردەوە لە هەندێک حاڵەتدا تەحەمولی ئەو کردەی ئیسرائیلیان کردوە و تەنانەت لە هێندێک حاڵەتدا، پشتگیریان کردوە.

ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی، تەنیا بە بەرنامە ئەتۆمییەکەوە سنووردار نیە. سیاسەتەکانی تاران لە لوبنان، سووریە، عێراق، یەمەن و ئەفغانستان، دەریخست کە ڕێژیمی ئێران هیچ هەوڵێکی بۆ پاراستنی هەژموونی ناوچەیی خۆی لە هیچ ئامرازێک وەک پرچەککردنی هێزە نادەوڵەتییەکان، تا ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکان، خۆی نەپاراستوە. ئۆپەراسیۆنەکانی وەک تەقینەوەکەی بوینس ئایرێس (١٩٩٤)، تیرۆرکردنی نارازییان لە ئوروپا و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ لە شەڕی نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی ڕاست، وێنەیەکی ڕوون لە سیاسەتی دەرەوەی شەڕانگێزی ئێران دەخەنە ڕوو.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

## ئەنجام:

هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە سەربازی و ئەتۆمییە هەستیارەکانی ئێران دەرەنجامی چەندین ساڵ هەڕەشە و سەرپێچیکردنی ئێرانە لە بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها پێداگریی ئێرانە لەسەر ناسەقامگیرکردنی ناوچە. هەتا کۆماری ئیسلامییش لەسەر ڕێبازی ئێستای خۆی بەردەوام بێت، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گرژی، ململانێ و پێشبڕکێی چەکداری دانامالدرێ. جیهان ناتوانێت بەرامبەر بەو مەترسییە پەرەسەندووانەی ڕێژیمێک، کە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی، لێهاتوویی تەکنەلۆژی و مێژووی تیرۆریزمی هەیە، بێلایەن بێت.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئیسرائیل دزەی کردووەتە نێو نهێنیترین قوژبنەکانی ڕێژیمی ئێران



**داگێنس نیهێتێر – ناتان شاچار**

**کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی**

هێزی هەواڵگریی موساد بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ئامادەکارییان بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە کرد کە ئێستا لە ئێران لە ئارادایە. وەکوو هێرشەکانی پێشوو دژی ئامانجەکان لە نێوخۆی ئێران، ئەو سیخوڕە ئێرانییانە کە لە لایەن مووسادەوە ڕاهێنانیان پێکراوە، دەوری سەرەکییان گێڕاوە.

لەو بنکانە ڕا کە سیخوڕەکانی ئێرانیی موساد لە نزیک ئامانجی ستراتیژیک دروستیان کردبوون، ژمارەیەکی بەرچاو فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکی هەنگێوی دیکە هەستان. لە شوێنی دیکە لە نێوخۆی ئێران ئامێرەکانی پەیوەندیی نێوخۆیی سوپای پاسدارانی ئێرانیان لەکار خست و گوێیان بۆ هەڵخستن.

دزە پێکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ نێو سنوورەکانی ئێران بۆخۆی ئالنگارییەکی مەزنە. بەڵام کارە دژوارترەکە گەیاندنی بۆ پێکانی ئامانجەکانیانە، بە تایبەت کاتێک ئامانجەکان پارێزراوترین شوێنی سەربازیی و کەسە سەرەکییەکانی تەکنۆلۆژیای هاژەکی و ناوکی ئێران بن. مێدیاکانی ئێران بە گوێرەی نەریت پێداگرن کە کەسە سەرەکییەکانی ڕێژیم زۆر بە دەگمەن دوو شەو لە شوێنێک دەخەون و هەمیشە لە بینای خۆڕاگر لە بەرانبەر بۆمباراندا دەژین. ئەو ڕاستییە کە ناوەندە فەرماندەییەکانیان بە مەودایەکی قووڵ لەژێر زەوی هەڵکەوتوون دەمێکە زانراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو ڕووداوانەی بۆ ئێرانییەکانی پلە بەرز و هاوپەیمانانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بەیروت و دیمەشق ڕووی داوە، ئەو ڕاستییە کە ئەو هەموو کەسانەی لە پلەی ڕێبەریی ئێران لە سەرەوەی عەرز بوون، لە شوێنی نەپارێزراو بە پەنجەرەی ئاساییەوە، گەلێک جێگەی سەرسووڕمانە. هەرچۆنێک بێ، ئاکامەکە ئاشکرای دەکات کە موساد چەند دزەی کردووەتە نێو کاکڵی دەسەڵاتی سەربازیی ئێران، یان لە ڕێگەی سیخوڕەوە یان بە شێوەی ئێلێکترۆنی.

کەسێکی خاوەن ئەزموون لە بارەی هەواڵگریی ئیسرائیلەوە بە داگێنس نیهێتێری گوت: دژوارترین کاری هەواڵگریی لە کاتی هێرشێکی بەربڵاودا ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بە شێوەیەک ڕێک بخەی کە هەموو شتەکان هاوکات ڕوو بدەن. بێتوو کەسێک یان شوێنێک یەک خولەک زووتر بکەوێتە ژێر هێرش، دوژمن وشیار دەبێتەوە و ئەوانەی دەتهەوێ بیانپێکی ڕا دەکەن بۆ ژووری پارێزراو.

هەر شەوی هەینی موساد وێنە و ڤیدیۆی لە شوێنەکانی شەڕەکە بڵاو کردەوە، کە ئەوە لادانێک بوو لە نەریتی سیاسەتی نهێنی پارێزیی ئەو ڕێکخراوەیە. ڕەخنەگران بیر لەوە دەکەنەوە ئاخۆ ئەوە بەرزترین فەرماندەی موساد، بنیامین نەتانیاهوویە کە بەو شێوەیە دەیهەوێ کاریگەریی بخاتە سەر ڕای گشتی و دەنگدەران؟

پرسیاری سەرەکی ئێستا ئەوەیە چۆن لە لایەکەوە ئێران و لە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەکگرتووەکان کاردانەوەیان دەبێ. ئاخۆ ئێران، ئەو کارە دەکات کە سوێندی بۆ جێبەجێ کردنەکەی خواردوە، واتە هێرش بۆ سەر بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە؟ و ڕەنگبێ بەو شێوەیە وڵاتە یەکگرتووەکان پەلکێشی جەنگ لەگەڵ ئێران بکرێ، وەکوو نەتانیاهوو خەونی پێوە دەبینێ؟

نزیکەی ساڵێک پێش ئێستا، کاتێک پارێزراوترین و گرینگترین هاوپەیمانەکەی، حیزبوڵڵای لوبنان، گرینگترین ڕێبەرەکانی و ناوەندەکانی ڕێبەریی شەڕ لە ناو چوون، ئەوانەی کەوتبوونە بەر هێرش بە تەواوی سەرسوڕماو بوون. لە ماوەی چەند ساڵدا هەوڵگریی ئیسرائیل لە لای مێدیا و پسپۆڕان سکاڵای کردبوو کە دزە کردن بۆ نێو پێکهاتەی ڕێبەریی

جۆزەردانی ٢٧٢٥

هیرارشیی حیزبوڵڵا چەندە دژوارە. ئەوە ڕاست نەبوو، بەڵام بووە هۆی ئەوە کە میلیشیای شیعە بکەوێتە دۆخێکی ساختەی هەست بە دڵنیایی کردن.

ئەمجارە وێدەچێ شتێکی هاوشێوە لە ئێران ڕووی دابێ. بێتوو بەرگریی ئاسمانیی ئێران ساڵی ڕابردوو لەنێو چووبێ، بۆچی ئەو هەموو سامانەی ئێران هێشتا لە سەر زەویی مابوونەوە؟ ئەوە تەنیا دامەزراوەی ناوکی نەبوون کە هێرشیان کرایە سەر، بەڵکو جبەخانەی چەکوچۆڵ و سەکۆی هاویشتنی هاژەکانیش.

ئێستا تێدەگەین کە ئەو هەموو ڕاپۆرتەی مێدیا لەمەڕ دووبەرەکیی مەزن لە نێوان واشینگتۆن و ئورشەلیم تەنیا شانۆ بووە. ئیسرائیل قەت پلانی ئەوەی نەبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان سورپرایز بکات یان بە پێچەوانەی ویستی وڵاتە یەکگرتوەکان هێرش بکاتە سەر ئێران. دۆناڵد ترامپ لە پێشدا ئاگادار کرابۆوە و ناوبراو هیچ دژکردەوەیەکی نەبوو. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ناوبراو تا کوێ ئیزن دەدا بە ئیسرائیل تا درێژەی بە لێدانی ئێران بدا؟ ئامانجەکانی ترامپ و نەتانیاهوو دوو ئاراستەی جیایان هەیە: ترامپ هیوادارە هێرشەکان ئێران ناچار بکات لە کاتی دانووستانە ناوکییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان نەرمتر بێ، لە کاتێکدا نەتانیاهوو هیوادارە ڕێکەوتنێکی ئەوتۆ لە نێوان ئێران ووڵاتە یەکگرتووەکان تێک بدا.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# چۆن کۆماری ئیسلامی لە ڕاوچییەوە کرا بە نێچیر؟



ڕەحیم نزهەتزادە

لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، یەکێک لە تایبەتمەندییە بەردەوامەکانی ئەم ڕێژیمە، بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورەکان، ڕێزگرتن لە سەروەری نەتەوەیی وڵاتانی دیکە، یان بنەما ئەخلاقی و مرۆییەکان، سیاسەتی "دەستدرێژکردن بۆ هەموو شوێنێک" بووە. وەک ئەوە وایە کۆماری ئیسلامی بە دەستە بەکرێگیراوە خشۆک و چاونەترسەکانیەوە، هەموو دەرگایەکی لە بەیروت، تا سەنعا، ڤییەن، بەرلین... و ستۆکهۆلم، بۆ دزەکردن و تیرۆر و ناسەقامگیری کردووەتە ئامانج. بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەم ڕاوە بێ سنوورە، گیرۆدەی ئاشکراکردنی جیهانی، لێدانی قورس لە لایەن ئیسرائیل و ئۆپۆزسیۆنی ناوچەکەوە بووە. پرۆژەیەک کە ساڵانێکە بە دووڕوویی، خراپ بەکارهێنانی گوتاری بەرخۆدان و ئیسلامیزم بەڕێوە دەچوو، ئەمڕۆ وەک پرۆژەیەک بۆ هەناردەکردنی تیرۆر، سەرکوتکردنی گەلان و ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەوتووەتە لەبەردەم چاو و ڕۆشنایی هەموو جیهان.

## دووڕوویی لەبری ڕاستگۆیی، تیرۆر لەبری دیپلۆماسی

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، نەک لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و پەرەپێدانی دیپلۆماسی، بەڵکوو

لەسەر بنەمای ناسەقامگیری، پشتیوانی لە میلیشیاکان، تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی و ئیستغلالکردنی بۆشاییە ئەمنییەکان بووە. ساڵانێکە ئێران گرووپەکانی وەک حزبوڵڵای لوبنان، هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق، حوسییەکانی یەمەن و فاتمیونی ئەفغانستانی، بۆ فراوانکردنی سنووره جوگرافییەکانی، کاریگەری و بێدەنگکردنی ڕەخنەگرانی ناوخۆیی و بیانی کەڵکی وەردەگرت.

لەم پێوەندییەدا سەدان لە نەیارانی سیاسی کورد، عەرەب، بەلووچی و تەنانەت تێکۆشەرانی چەپ و ناسیۆنالیستی ئێرانی لە وڵاتانی جۆربەجۆری ئورووپایی و ناوچەیی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، بوونەتە قوربانی تیرۆری ئامانجدار. دەزگای ئاسایشی ئێران لە ڕێگەی تۆڕێکی ئاڵۆزی دیپلۆماتکارە نهێنییەوە، کۆمپانیاکانی پەردەپۆش و بریکارە ناوخۆییەکان، پڕۆژەیەکی تیرۆر و ترسی، لە سەرانسەری جیهاندا بەرەوپێش بردوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: دەنگی خەبات و خۆڕاگری

لەو نێوەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لەو کەم بزووتنەوانە بووە، کە نەک هەر بەرەنگاری پڕۆژەی تیرۆر و دووڕوویی ڕێژیم بووەتەوە، بەڵکوو بە بەردەوامی هەڵوێستی ڕوونی گرتووتە بەر، و بە بەردەوامی سیاسەتە تێکدەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کردوە. لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا، حیزبی دێموکرات بووەتە قوربانیی دەیان عەمەلیاتی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تورکیە و ئورووپا، لەوانە تیرۆرکردنی سەرکردەکانی وەک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی و دەیان کادری ڕێبەریی دیکە.

بەڵام سەرەڕای سیاسەتی کوشتار و تۆقاندن لە لایەن ڕێژیمەوە، حیزب نەک هەر درێژەی بە خەباتی خۆی داوە، بەڵکوو ئەو پێگەی حیزبی، بەرەو ئاستە نێودەوڵەتییەکانیش گەیاندوە و جێگیر کردوە. ئەمڕۆ سیاسەتەکانی حدکا لە شێوازی بەرگریکردنە لە نەتەوەی کورد، داوای فیدراڵیزمی دیموکراتیک، مادی وەکیەکی گەلان و کۆتاییهێنان بە پڕۆژە کۆلۆنیالیزمە ناوەندگەرەکانی تارانە.

## جیهان، لە حاڵەتی گۆڕاندا و ڕژێم لە حاڵەتی لەقاودران

لە چەند مانگی ڕابردوودا، بە تایبەتتر دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، و ئاشکرابوونی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سوپای قودس لە هاندانی گرووپە بە وەکالەتەکان، تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ

کۆماری ئیسلامی ئێرانیش گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هێرشە ورد و ئامانجدارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ژێرخانی سەربازی سوپای پاسداران لە لوبنان، سووریە و تەنانەت ئێستا لە قووڵایی خاکی ئێرانیشدا، ڕێژێمی لە پلاندانەری هێرشەوە، خستووەتە سەر پێگەی لێگەرۆکێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگای بەرگری بۆ مانەوە.

هاوکات، سیاسەتەکانی یەکیەتیی ئورووپا، ئەمریکا و تەنانەت هەندێک وڵاتی ناوچەیی، لە سیاسەتی هێورکردنەوەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران گۆڕاوە. هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی هێزی چەکداری سپای پاسدارانی ڕژێم وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، تا دەگاتە قەدەغەکردنی فەوارەکانی سەر بە ڕژێم لە ئەورووپا، تەنانەت بە ئاشکراکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی سیخوڕی و تیرۆرکردن لە سوید، دانیمارک و ئاڵمان و...، هەموو ئەمانە نیشانەی وەرچەرخانێکی جیهانییە لە دژی ڕژێم.

### سیاسەتی ڕاو بەرەوڕووی شکستهێنان

ڕێژێمێک کە ساڵانێکە بە ڕێکاری تۆقاندن و بێکردەوەیی حکومەتەکانی ڕۆژئاوایی، دەستی درێژی خۆی لە هەموو کونێکدا دەچەقاند، ئێستا ڕووبەڕووی دۆخێک بووەتەوە، کە چیتر بە ساکاری ناتوانێت، لە ژێر سایەی دووڕوویی و لە ژێر پەردەی دیپلۆماسیدا، پرۆژە تیرۆریستییەکانی بەڕێوە ببات. ئەو دەستانەی کە سەردەمانێک بە نهێنی و بە دڵنیاییەوە، بێ سزا کاریان دەکرد، ئێستا یەک بە یەک لە ڕیزی بڕاندان.

هەروەها گۆڕانی گوتار لە نێو نەتەوەکانی ناوچە کە لە نێویاندا نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ و ئازەری، ئاماژەن بۆ پێکهاتنی ئاگاییەکی بەکۆمەڵن بەرامبەر سیاسەتەکانی سەرکوت و کۆلۆنیالی کۆماری ئیسلامی. داواکاریی نەتەوەیی، دیموکراسی و ئینسانی ئەو گەلانە، چیتر ناتواندرێت لە چوارچێوەی هەڕەشە و سەرکوتکردندا بێدەنگ بکرێت.

### دەرەنجام: کاتی لێپرسینەوەی مێژوویی پێگەیوە

سیستەمێک کە بۆ مانەوەی خۆی، بە بەردەوام ئاگری شەڕ، تیرۆر و دووڕوویی گڕداوە، ئێستا ڕووبەڕووی واقیعێکە، کە چیتر ناتوانێت لە ژێر سێبەریدا بژیت. گوتاری بەرخۆدان، کە سەردەمانێک ئامرازێک بوو بۆ شەرعیەتدان، ئێستا گۆڕاوە بۆ دەمامکێکی ڕزیو. نەتەوەی کورد کە هەمیشە قوربانیی ڕاستەوخۆی سیاسەتە تیرۆریستی و ناوەندگەراییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە، جارێکی دیکە پێشەنگە لە ڕیزی لەقاودان و بەرخۆداندا.

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەم ساتە گرینگەدا، تەنیا دەنگی کوردستانی ستەملێکراو نیە، بەڵکوو دەنگی ئازادی و دادپەروەری و کەرامەتی ئینسانییە بۆ هەموو گەلانی چەوساوە. ئێستا کاتی پێگەیشتووە، کە جیهان بە یەک دەنگ لەگەڵ ئەم گەلانە، دەستە خشۆکەکانی تێرۆر، لە کونی مێژوو دەربهێنێت و بیانخاتە بەر چاوی دادپەروەری.

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# دەرنجامەكانی ستراتیژیی هەناردەكردنی شۆڕشی ئیسلامی




**عومەر باڵەكی**

٤٧ ساڵ لەو پێش گەلانی ئێران بە نیازی هاتنەسەركاری سیستمیكی دێموكرات و ژیانێكی خۆشتر حكوومەتی پاشایەتییان ڕووخاند. بەڵام بێ ئاگا لەوەی ئەو حكوومەتەی جێگرەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی دەبێ، نەک هەر دێموكرات نابێ، بەڵكوو ڕێچكەی ژیانیان دەگۆڕێ و یاسا و ڕێسای كۆنەپەرەستانەی سەدەكانی نێوەڕاستیان بەسەردا دەسەپێنێ و بە هۆی سیاسەتەكانی كۆمەڵگەی ئێران لە دنیای پێشكەوتوو دادەبڕێ. ئەو نیزامە خۆی بە ناوی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە دنیا ناساند و لەسەر بنەمای ویلایەتی ڕەهای فەقهیی حوكمڕانیی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا دەست پێی كرد.

سیستمی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوەرۆكی خۆیدا نیزامێكی ئایدۆلۆژیكە و بۆ مانەوەی خۆی هەوڵی پەرەپێدانی ئەو ئایدۆلۆژییە و باوەڕەكانی خۆی دەدا و ستراتیژیی هەناردەكردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەكانی ئێران دەچێتە ئەو خانەیە، دۆخێک كە حوكمڕانیی سیاسیی وڵاتانی دیكە و دەستێوەردانی سیاسی لە كاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە بە ئامانج دەگرێ.
لە پێشەكیی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا كە باس لە شێوەی حكوومەتداری لە ئیسلامدا دەكا بەڕوونی باس لەوە دەكا كە حكوومەتی ئیسلامیی ئێران دەبێ بوار و بەستێنی شۆڕشی ئیسلامیی هاوچەشنی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوی وڵاتدا پێک بێنی.

بۆ پێکهێنانی ئەو بەستێنەش هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات پێویستە کەرەستەکانی بۆ دابین بکرێ کە یەکیک لە کەرەسە گرینگەکانی بوونی ئەرتەش و سوپای چەکداری مەکتەبییە. بەڕوونی لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا باس لە ئەرتەشی مەکتەبی دەکا و دەڵێ: "ئەو سوپایە ئەرکەکەی تەنیا پاراستنی سنوورەکان نیە، بەڵکوو ئەرکی بەجێگەیاندنی مەکتەبیبوونی خۆی، واتە جیهاد لە ڕێگای خودا و خەبات بۆ پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خوادیە لە سەرانسەری جیهاندا." بەو دوو نموونەی سەرەوە بە باشی و بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران سیاسەتی دەرەکیی خۆی لەسەر باوەڕە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی داڕشتوە و لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتییدا پێڕەوەی لەو سیاسەتە کردوە و سەرچاوە و تێچووی ماددی و ئینسانی زۆری لێ خەرج کردوە.

ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئەگەر لە قۆناخی جۆراوجۆردا بە نرخی برسیکردنی خەڵک و دواخستنی ئێران لە قافڵەی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەتا ڕادەیەک توانیویەتی هێژموونی و دەسەڵاتی تاران بەسەر بەشێک لە ناوچەکەدا کە بە ناوی هیلالی شیعە ناسرابوو، بسەپێنی. بەڵام لە هەمان کاتدا بووە هۆکاری نەهامەتی و شەڕ و ململانێی دینی و ئایینیزایی و تایفی لە ناوچەکەدا و دەبینین کە درێژەدانی ئەو سیاسەتە لەژێر دروشمی "ڕێگای قودس بە کەربەلادایە" شەڕێکی بێمانا و بێئاکامی هەشت ساڵەی لێ کەوتەوە و زیانێکی گەورەی ئینسانی و ئابووریی قەرەبوونەکراوە لە هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراق دا. درێژەدانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش هەر بەو شەڕە نەوەستا، بەڵکوو بە هۆی دەست تێوەردانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت وڵاتانی دیکەی جیهان، ئێرانی لە بواری سیاسیی و دیپلۆماسییەوە لە کۆمەڵگەی جیهانی دابراند و لە بواری ئابوورییەوە ئاستی ژیانی گەلانی ئێرانی گەیاندە نزمترین ئاست.

لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە لەژێر سێبەری ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕش بەشێکی بەرچاوی بۆ ئەوە بوو کە دەسەڵاتدارانی تاران قەیرانە نێوخۆییەکانیانی پێ داپۆشن و شەڕ و ئاژاوە لەگەڵ ئەو دوژمنانەی بۆخۆیان دروستیان کردوون بەرێتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. هەروەها لە ئاست کۆمەڵگەی جیهانی وا نیشان بدا کە نێوخۆی ئێران لەو ناوچە ئاڵۆزەدا لە سێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ئەمنییەت و ئارامییەکەی لە لوتکەدایە.

دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و دروستکردنی تاقم و گرووپی نیابەتی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە وای کرد کە پێکەوەژیانی گەلان لە ناوچەکەدا بەتەواوی بکەوێتە مەترسییەوە. کە چاو بە مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا دەخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ بە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەو نیزامە هەم لە نێوخۆی

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئێران و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران توندتیژی و شەڕ و ئاژاوە و دووبەرەکی و تیرۆر لە سەرانسەری ناوچەکە پەرەی گرتوە. بۆ نموونە ئەگەر پێش هاتنە سەر کاری دەسەڵاتدارانی تاران حکوومەتەکان لەنێو خەڵکی خۆیان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا شەرمیان بوو بە پاڵپشتی کردن لە تیرۆر تاوانبار بکرین، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ مانەوەی خۆیان لە دەسەڵاتدا بە دەیان گرووپی تیرۆریستییان لەسەر گیرفانی گەلانی ئێران پێک هێنا و بەئاشکرا و بێ سەڵمینەوە لە یاسا و ڕێساکانی نێودەوڵەتی پشتیوانییان لەو گرووپە تیرۆریستیانە کردوە. بەڵام لە ئێستادا دەبینین سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبری ٢٠٢٣ ئیدی نەک هەر کارایی خۆی لە دەست داوە، بەڵکوو ئەو سیاسەتە هەڵەوچەوتانەی دەسەڵاتدارنی ڕێژیم دووبارە شەڕێکیماڵوێرانکەری تووشی گەلانی ئێران کردوە کە ئاکامی ئەو شەڕە تەنیاوتەنیا داڕمانی یەکجارەکیی ژێرخانی ئابووری و زیانی مرۆیی قورس لە ئێران داوە. دەبینین دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئوکتۆبر و وەدەستهاتنی خێرای سوپای ئیسرائیل بۆ بەرپەرچدانەوە و هەڵتەکاندنی گرووپە نیابەتییەکانی ئێران و ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد، لە ماوەی نزیک بە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕەوتی ڕوداوەکانی بەپێچەوانەی ویستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بووە و دوای ٤٧ ساڵ دروشمی بێنێوەرۆک و هەزینەکردن لەژێر ناوی ئازادسازیی قودس نەک نەیانتوانیوە ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن؛ بەڵکوو خەریکە ئەو سیاسەتە سەری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەخوا و تۆماری ژیانی حوکمڕانیی ئەو نیزامەش تێکەوە دەپێچی.

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# د. مەجید حەقی: بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم مانەوەیان لە دەسەڵاتدا لە هەموو شتێک گرینگترە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**بەهۆی بێئاکامبوونی دانوستانەکانی ئەمریکا لەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیم، و هەروەها هەوڵە چڕوپڕەکانی ڕێژیم بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، ئیسڕائیل و ئەمریکا لە درێژەپێدان بە دانوستانەکان نائۆمێد بوون، بووە هۆی ئەوەیکە ئیسڕائیل ڕاستەوخۆ فەرمانی هێرش بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیی و نیزامییەکانی ڕێژیم بدات. بەجۆرێک کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم هێرشانە بەردەوامن و تەنانەت تا ئاستێک چوونەتە پێش کە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرێت. لەم وتووێژەدا لەگەڵ کۆمەڵێک پرسیار وەکوو: ئایا ئەم شەڕە بە مەبەستی ملکەچکردنی بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە بۆ دانوستان، یان ئامانجەکە گۆڕینی ڕێژیمە؟ ئایا ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ لە ئارادایە؟ لە ئاکامی بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە لە ئێران، ئایا ئیمکانی تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش هەیە؟ داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبێ؟ و... ڕووبەڕوو دەبینەوە کە "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ د. مەجید حەقی، شرۆڤەکاری سیاسی کردوە.**



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: کاک مەجید بەپێی هێرشە بەربڵاوەکانی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزاوە نیزامیی و ئەتۆمییەکانی ڕێژیم لەم چەند ڕۆژەدا، بەڕای بەڕێزتان ئایا ئەم شەڕە بە مەبەستی ملکەچکردنی بەرپرسانی باڵای ڕێژیمە بۆ دانوستان، یان ئامانجەکە گۆڕینی ڕێژیمە؟

**د. مەجید حەقی**: بۆ تێگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو هێرشانە پێویستە چاوخشاندنێکی خێرا بکرێتە سەر ڕووداوەکانی ناوچەیی و ناونەتەوەیی دوای هێرشی تێرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە لەودا هێزەکانی حەماس بە هێرشێکی بەربڵاو بۆسەر باشووری ئیسرائیل زیاتر لە ١٢٠٠ کەسی بێتاوانیان کوشت. ئەم هێرشە لە ئیسرائیل هاوشێوەی هێرشی"١١ی سێپتامبر" بینراوە و خاڵگۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لە سیاسەتی ئەمنییەتی دەوڵەتی ئیسرائیل. بە دوای ئەودا ئیسرائیل نەتەنیا حەماس و غەزەی کردە ئامانجی هێرشەکانی خۆی، بەڵکوو لەنێوبردن و لاوازکردنی هەموو هێزەکانی پێوەندیدار بە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر بریتی لە ئێران و ئەو هێزانە بوون کە بەناوی "مێحوەری مقاومت" دەناسران. ئیسرائیل هاوکات لەگەڵ شەڕی غەزە چەندین جار هێرشی کردە سەر بنکەکانی ئێران و هێزەکانی سەر بە ئێران لە سووریە و عێراق. دوا بەدوای شکستی حیزبوڵڵا لە لوبنان و بەچۆکداهاتنی حەماس لە غەزە لە دێسەمبری ٢٠٢٤دا حکوومەتی ئەسەد ڕووخا و بەوە ئێران تووشی شکستێکی ستراتێژیک لە ئاستی ناوچەییدا بوو. لەو ماوەیەدا و هەروەها گفتگۆکانی ناوکی نێوان ئەمریکا و ئێران کە بە نێونجیگەری عەمان بەڕێوە دەچوو سەرەڕای هەوڵەکانی ئەمریکا نەیتوانی بە ئاکام بگات. هاوکات لەگەڵ بنبەستی دیپلۆماسی "شوڕای حوکام"ی ڕێکخراوی وزەی ناوکی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دەرکرد کە بەپێی ئەو بڕیارنامە ئێران هەموو مەرجەکانی پەیماننامەی "NPT" لەژێرپێناوە و پیتاندنی ئۆرانیۆمی بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لەوەیکە لە بەرجام و "NPT" دا ڕێگەپێدرابوو بەرهەمی هێناوە. شوڕای حوکام لە بڕیارنامەی خۆیدا نیگەرانیی جیددی خۆی لە بوونی بنکەی شاراوەی پیتاندنی ئەتۆم دەربڕی. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ڕێک هەفتەیەک پێش کۆبوونەوەی شوڕای حوککام، ئایەتۆڵڵا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەنێوبردنی ئیسرائیل وەک پەڵەیەکی شێرپەنجەی ناوچەیی چەند بارە کردەوە.

لە هەلومەرجێکی وادا هێرشی لە ناکاوی ڕۆژی سێزدەی ژووئیەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران فرە ڕەهەندە. ئیسرائیل لە ئەنجامی دەیان هێرش بۆ سەر بنکەکانی ناوکی، مووشەکی، و فەرماندەیی هێزەکانی چەکداری ئێرانی تووشی زیان و زەرەرێکی زۆر کردوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە فەرماندەکانی باڵای سوپای تێرۆریستی پاسداران و زانایانی ئەتۆمی لەناو بردوە. هەرچەند کاربەدەستانی باڵای ئیسرائیل بەتایبەت سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە بێنیامین نێتانیاهوو ڕایانگەیاندوە کە ئامانجیان ڕووخانی ڕێژیمی ئێران نیە و ئەوە ئەرکی خودی خەڵکی ئێرانە، بەڵام ئەو هێرشە دەتوانێت بەهۆی لاوازبوونی ڕێژیم، دەرفەت بۆ خەڵکی ئێران بڕەخسێنێت کە یەکگرتووانە ئەو ڕێژیمە بڕووخێنن. ئەو هێرشانەی ئیسرائیل

درێژەی شەڕێکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە ڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە بەسەر ئیسڕائیلیدا سەپاندوە. بۆیە ئەو هێرشانە هەم تاکتیکین و هەم ستراتێژیک. ئیسڕائیل لە ڕێگەی ئەو هێرشانەوە دەیهەوێ دوو هەڕەشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر خۆی کەم بکاتەوە: یەکەم، کۆتایی هێنان بە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران کە مەترسییەکی جیددی و پۆتانسیەلە بۆ سەر مان و نەمانی ئەو وڵاتە. دووهەم، لەنێوبردنی پرۆژەی مووشکە دوورهاوێژەکانی ڕێژیم. چونکە لە ڕاستیدا ئیسڕائیل دەیهەوێ توانایی بەرگری ئێران بە ڕادەیەک لاواز بکات کە ناچاربێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ بۆ قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا. ئەگەر ئێران کە تا ئێستا لە هەموو بوارێکەوە شکستی خواردووە ئەو مەرجە قبووڵ نەکات، لەوانەیە گۆڕینی ڕێژیم و کوشتنی ڕێبەرانی سیاسیی ڕێژیم بکرێتە بەرنامەی داهاتووی ئیسڕائیل.

**شەهرام سوبحانی**: ڕێژیمی ئێران هەڕەشەی کشانەوەی لە "NPT" پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدان بە چەکە ئەتۆمییەکان کردووە، ئایا ئەم هەنگاوەی ڕێژیم ڕێگا خۆشکەر نیە بۆ ئەوەیکە ئەمریکا و ئورووپا بە ئاشکرا هێرش بکەنە سەر ڕێژیم و لەنێوی ببن؟

**د. مەجید حەقی**: پەیمانی NPT (پەیمانی قەدەغەکردنی پەرەپێدانی چەکی ناوکی) یەکێک لە بنەماکانی سەرەکیی سیستەمی ئاسایشی جیهانییە لە بواری وزەی ئەتۆمیدا کە سێ بنەمای سەرەکی هەیە کە بریتین لە بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی، داماڵینی چەک و بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەی ئەتۆمی. بەڵام لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا پرسی ئەتۆمی ئێران چەندین جار ناوەندی ناکۆکی نێودەوڵەتییەکان بووە. ئێران وەک وڵاتێکی واژۆکاری ئەو پەیماننامەیە، بەڵێنداره کە بەدوای چەکی ناڤۆکی دا نەڕوات و چالاکییەکانی خۆی لەژێر چاوەدێری ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ناوکی بەڕێوە ببات. هیچ وڵاتێکی جیهان نیە کە ئامانجی سەربازی نەبێت و پیتاندنی ئورانیۆمی خۆی تا ئاستی ٦٠٪ بەرز بکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ڕۆژی بەسەرکارهاتنی ئەو ڕێژیمە، کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی لەنێو بردنی ئیسڕائیلی کردوە و لە شاری تاراندا ڕۆژ ژمێری لەناوچوونی ئیسڕائیلی چەقاندوە. ئەمەش لە ڕاستیدا یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانی ئیسڕائیل بوو بۆ هێرش بۆ سەر ئێران. دوا بە دوای دەرچوونی بڕیارنامەی شوڕای حوکام، ئێران ئەو هەڕەشەیەی دووپات کردەوە. ئێستا دوای هێرشەکانی ئیسڕائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕێژیم پێی وایە بەو هەڕەشەیە دەتوانێت پاشەکشە بە ئیسڕائیل و ئەمریکا بکات. ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: ئەگەر ئێران بەڕاستی بیهەوێ لە NPT دەرکەوێت، چی ڕوو دەدات؟! لەوانەیە لە ڕوانگەی "مافی نێونەتەوەییەوە" دەرکەوتن لە NPT بە "پێشێلکردنی یاسا" دانەندرێ.

**بەڵام لە جیهانێکدا کە لە سەر بنەمای ڕیئاڵ پۆلیتیک بەڕێوە دەچێت دەرکەوتنی ئێران لەو پەیمانە دەتوانێت چەندین دەرئەنجامی هەبێت:**

- ڕەوایی نێونەتەوەیی بۆ هێرشی هێزە هاوپەیمانەکان بەتایبەت ئەمریکا بۆ سەر ئێران.

- ڕەوایی سیاسی و گوشاری بیروڕای گشتی. چونکی لە ئەگەری دەرکەوتنی ئێران لە NPT لەوانەیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان خێراتر بڕیاری مکانیزمی ماشە (Snapback) چالاک بکات و وەک چۆن بۆ عێراق لە دەیەی ١٩٩٠ مۆڵەتی ئەوە بدات بە هێزەکانی هاوپەیمان هێرش بکەنە سەر ئێران. هەرچەند لەوانەیە ڕووسیە و چین دژی ئەو بڕیارنامەیە بن، بەڵام ڕەوایی سیاسی بۆ تەریککەوتنی ئێران زۆرتر لە هەمووکات دەبێت.

- لە هەلومەرجی ژێئۆپۆلیتیکی ئێستا، یەکیەتیی ئەمریکا و ئورووپا دەتوانن کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە جاران تەریک بکەن و هەموو دەروازەکانی پێوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ جیهانی ئازاد داخەن.

**شەهرام سوبحانی:** بەپێی ئەو بارودۆخە پڕ ئاڵۆزەی کە ئێستا ئێران و ناوچەکەی گرتۆتەوە، ئایا ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ لە ئارادایە؟

**د. مەجید حەقی:** بەڵێ، ئیمکانی ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ هەیە، بە مەرجێک ئێران مەرجەکانی ئەمریکا بۆ وتوویژ قبووڵ بکات. لەو هەلومەرجەدا بەهۆی ئەوەیکە ئێران لە لاوازترین دۆخی خۆی دایە ناچارە نەتەنیا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی مووشەکی و هێزەکانی پرۆکسی خۆی گفتگۆ بکات. کەوابوو ئێران دەبێ واز لە پیتاندنی ئەتۆمی لە نێوخۆی ئێراندا بێنێت. مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی لەناو ببات و مەودایان کورت بکاتەوە. ئێران دەبێ واز لە هێزە نیابەتییەکان بێنێت و دەست تێوەردان نەکات لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچە و هەڕەشە لە ئیسڕائیل نەکات. لە وەها دۆخێکدا لەوانەیە ڕێگەی دیپلۆماسی دووبارە دەست پێ بکرێتەوە.

**شەهرام سوبحانی:** ئیسڕائیل بە فەرمی ڕایگەیاند: کە خەڵکی ئێران خۆیان لە شوێنە نیزامییەکانی ڕێژیم بە دوور بگرن و تەنانەت باسی ئەوەش کرا کە تاران چۆڵ بکەن، ئایا ئەم پەیامە بە واتای بەرینبوونەوەی شەڕەکە نییە؟

**د. مەجید حەقی:** بەڵێ، ئەم هۆشدارییە دەبێ وەک نیشانەیەکی ڕوونی پەرەسەندنی شەڕەکە ببیندرێت، بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە مووشەکی بالستیک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هێرش دەکاتە سەر شوێنە نیشتەجێیەکانی ئیسڕائیل لەوانە تەلاڤیڤ و حەیفا. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی ئیسڕائیل کوژراون و سەدان کەسیش بریندار بوون. ئەم هێرشانە سنوورەکانی شەڕی بەزاندووە و زیانی ڕاستەخۆی بە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی گەیاندووە. لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا، ئیسڕائیل هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوەندە مووشەکییەکان و ئەتۆمییەکان، بنکە سەربازی و ئابوورییەکان و بەڵکوو هۆشداری داوە کە دوور بکەون لە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

بنکە نیزامی، پادگانەکان و پایگا مووشەکییەکان و تەنانەت ناوندە توێژینەوەکانی سەربازی و تەکنۆلۆژی سەربازی. ئەم ئاگادار کردنەوە لە ئەدەبیاتی سەربازی و "حقوق جنگ" بە واتای ئامادە سازی بیروڕای گشتییە بۆ دەستپێکی قۆناغێکی قووڵتر و توندتری شەڕەکان کە دەتوانێت ناوەندە ستراتیژیکەکانی ڕێژیم لە قووڵایی خاکی ئێران و لەناو شارەکان بکاتە ئامانج. بەوە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی کوژرانی کەسانی مەدەنی لە ئێران دەکەوێتە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەهۆی ئەوەیکە بنکە سەربازییەکانی خۆی لەناو خەڵکدا ساز کردووە.

**شەهرام سوبحانی:** پێوەندیدار بە پرسیاری پێشوو، لە ئاکامی بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە لە ئێران، ئایا ئیمکانی تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش هەیە؟

**د. مەجید حەقی:** بە دڵنیاییەوە ئەگەری تێوەگلانی وڵاتانی دیکەش لەو شەڕەدا هەیە. ئەمریکا تا ئێستا ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕەکەدا نەکردووە، هەرچەند پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماتیکی کردووە لە هێرشەکانی ئیسرائیل. وڵاتانی ئورووپایی خوازیاری نێونجی گەرین. بەڵام ئەگەر بێت و ئێران ئامادە نەبێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ و هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو لەوانەیە هەم ئەمریکا و هەمیش وڵاتانی کەنداو و تەنانەت وڵاتانی ئورووپاییش بگلێنە نێو شەڕەکە.

**شەهرام سوبحانی:** کاک مەجید بەم پرسیارە کۆتایی بە وتووێژەکە دێنم، ئەوەیش ئەوەیە کە داهاتووی ئەم شەڕە چۆن دەبینن؟


**د. مەجید حەقی:** لە ڕاستیدا داهاتووی ئەم شەڕە گرێدراوە بە بڕیارەکانی ئەکتەرە سەرەکییاکەنی ناوچە و لە هەمووان گرینتر بڕیاری خامنەیی و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران مانەوەی ڕێژیم لە هەموو شتێک گرینگترە، بۆیە بە دووری نازانم ڕێژیم بەرلەوەیکە تووشی بەرفراوانتر بوونی شەڕ و بەشداری وڵاتانی دیکە بێت، بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتگۆ و مەرجەکانی ڕۆژاوا قبووڵ بکات. هەڵبەت ئەگەر زۆر درەنگ نەبووبێت.

**شەهرام سوبحانی:** کاک مەجید سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن.

**د. مەجید حەقی:** سپاس بۆ جەنابیشتان، ئێوەش ماندوو نەبن.

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ڕادیۆی دەنگی کوردستان، نرکەی شۆڕشێک، ئاوێنەی مێژوویەک



**قادر وریا**

**٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، پێ دەنێتە چل و پێنجەمین ساڵی دامەزران و تێکۆشانی خۆی.**

### هەلومەرجی لەدایکبوونی رادیۆی دەنگی کوردستان:

"ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" لە هەلومەرجێک دا لە دایک بوو کە حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سۆنگەی پێداگرییان لە سەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، شەڕێکی هەمە لایەنە و نابەرامبەریان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە سەردا سەپابوو. هاوکات لەگەڵ لەشکرکێشی و هەڵکوتانە سەر کوردستانی ئازاد و خەڵکە مافخوازەکەی، ڕێژیمی تازە لە تاران پێتەختی وڵات و بەشەکانی دیکەی ئێرانیش بەرە بەرە قۆڵی لە پێشێلکردن و لە نێوبردنی دەسکەوتەکانی دیکەی راپەڕینی ١٣٥٧ی خەڵک هەڵماڵیبوو. خومەینی، فتوای شکاندنی قەڵەمەکان و هێرش بۆ سەر ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادەکانی دەرکردبوو. لایەنگرە دەمارگرژەکانی خۆی بۆ شێواندن و پەلاماربردن بۆ سەر متینگ و

کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان، هان دەدا. نێوەندە زانکۆییەکان کە ببوونە شوێنی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان و خوێندکارانی وڵات لەواندا دژی زاڵبوونەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی، دەنگیان بەرز دەکردەوە، کەوتبوونە بەر ڕقی خومەینی و، دەسەلاتدارانی تازە خەریک بوون پیلانی داخستنی زانکۆکان وەک یەکێک لە ئاڵقەکانی شۆڕشە بە ناو فەرهەنگییەکەیان ئامادە دەکرد. مەجلیسی دامەزرێنەران و یەکەم دەورەی مەجلیسی شووڕای میللی بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی دا، بێ ئەوەی ڕێگەی بەشداری بە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستان بدرێ، پێک هاتبوون و ئەوەی ڕێژیمی تازە مەبەستی بوو، نەک ئەوەی ویست و ئارەزووی خەڵک بوو، بە ناوی یاساوە، پەسندیان دەکرد. بەم جۆرە لە لایەکەوە شەڕێکی هەمە لایەنە بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپابوو، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێگاکانی گەیشتنی هەواڵ و راپۆرتی تاوانەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هاواری زۆرلێکراویی ئەو خەڵکەیان بە بەشەکانی دیکەی ئێران بەستبوو.

ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداری لە گرنگیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بێدەنگییەی ڕێژیمی تازە، بەرامبەر خەڵکی مافخواز و شەڕ بەسەرداسەپاوی کوردستان پێکی هێنابوو، بیری لە وەڕێخستنی رادیۆ کردەوە. بە تایبەتی کە دەنگی ڕادیۆ هەم لە ڕۆژنامە خێراتر دەگەیشتە دەستی خەڵک و بەربەستی کەمتری لەبەر دەم بوو،هەم ژمارەی بەردەنگەکانی لە خوێنەرانی ڕۆژنامە یەکجار زیاتر بوون. بەم جۆرە لە ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ (١٧ی ژوئەنی١٩٨٠ )، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بە پەیامی ڕێبەری شەهید د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، بە رەسمی بڵاو کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی دەست پێ کرد. ئەم ڕادیۆیە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە تیکۆشان و بڵاوکردنەوەی بەرنامە دا بەردەوام بووە و، بووە بە خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگداری جیانەکراوە لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و خەباتی رزگاریخوازانەی حیزبی دیموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### له بیرەوەریی دەستپێکردنی چل و پێنجەمین ساڵی تیکۆشانی ئەم رادیۆیە دا، لە سەر دوو ڕەهەندی تێکۆشانی هەڵوێستەیەک دەکەین:

### ڕەهەندی یەکەم:

### ڕۆڵی شوێندانەرانەی دەنگی کوردستانی ئێران لە ڕووی میدیایی، سیاسی و نەتەوەییەوە:

دەنگی کوردستانی ئێران لە لایەک بەوهۆیەوە کە دەنگی خەباتی ڕەوا و پڕ لە قارەمانەتی و قوربانیدانی حیزبی دیموکرات بوو، لە لایەکی دیکە لە نەبوونی ڕاگەیەنێکی ئەوتۆ کە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بە خەڵک بگەیەنێ، بە زوویی لە نیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای "متواضعانە"بوونی ئیمکاناتی فەننی و یەک لەوان خودی

دەزگـا (فرسـتندە)ی ڕادیـۆیی، لە گەڵ ئەووەش دا لە لایەن ڕێژیمـی ئێـرانەوە، بە چـڕی و لە نـاوچەی جۆراوجـۆر پـاڕازێتی دەخرایە سەر، بەڵام بە زوویی ڕێگای خۆی بۆ نیو سەدان هەزار ماڵ - ئەگەر نەڵێین بە میلیۆن - خەڵک کردەوە و گوێگرتن لە بەرنامەکانی، بوو بە بەشێک لە بەرنـامەی ڕۆژانەی خەڵک. هەواڵ و ڕاپـۆرتی هێـرش و تـاوانی هێـزە سەرکوتکەرەکانی ڕیـژیم و، بەرەنگـاربوونەوەی هیـزی پێشـمەرگە لە گەڵیـان، ڕەفتـاری کاربەدەسـتان و ئۆرگـانە سـەرکوتکەرەکانی کۆمـاری ئیسلامی لە گەڵ خەڵک لە شار و گوندەکان، بەشێکی هەمیشەیی بوون لە نێوەرۆکی بەرنـامەی ڕۆژانەی ئەو رادیـۆیە. ئەووش کە بەرنـامەکانی رادیۆ بە زمانی فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی ئازەریش بڵاو دەبوونەوە، ژمـارەی بەردەنگی ئەو رادیـۆیە و پانتایی کاریگەرییە میدیایی و سیاسییەکەی زیاتر کردبوو.

شیکردنەوەی سیاسیی ئاڵوگۆڕەکـانی ئێـران و پـرس و بابەتەکـانی پێوەندیـدار بە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، دووهەم ئەرکـی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بـوو. ئەم جۆرە بـاس و لێکدانەوانەش بە زۆری، کەسـانێک دەیاننووسی کە لە ڕێبەران و سیما سیاسییەکانی حیزبی دیموکرات بوون. یەک لەو کەسایەتیانە ڕێبەری شەهید د.سادق شەرەفکەندی بـوو کە توانـایەکی زۆری لە شیکردنەوە و باسکردنی مەسەلە گرنگەکـان بە زمـانێکی سـادە، هەر وەهـا لە دۆزینـەوەی سـووژە و بـابەتی شیـاوی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بـۆ کـۆمەڵانی خەڵـک دا هەبـوو. ڕاستیەکەی ئەوەیە نەک هەر جەمـاوەری بەرینـی گـوێگری رادیـۆ، ئەنـدامان، پێشـمەرگەکان و کادرەکـان و تەنـانەت بەرپرسـانی حیزبیش، لە ڕێگـای لێکـدانەوە و وتـارە سیاسییەکانی ئەم رادیۆیە، لە رووی سیاسییەوە، ڕێنوێنی دەکران و پەروەردە دەبوون.

کـاریگەریی بەرنامەکـانی ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان، لە ڕووی نەتەوەیـی و فەرهەنگـی و کـۆمەڵایەتییەوە، لە کـاریگەرییە خەبەری و سیاسییەکەی کەمتر نەبوون. بایەخدانی ئەم رادیۆیە بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنە نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیاربوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵک بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرنگیـدانی بە ئەدەبیـات و گـۆرانی و مۆسـیقای کـوردی، لە تەنیشـت ئەمـانەش لەقـاودان و دژایەتـی کردنـی چەوسـاندنەوە و نەریـت و ڕێوشـوێنی دواکەوتـوانە و دژێـوی نێـو کـۆمەڵ بە تـایبەت لە دژی ژنـان، لە سـەر هەسـتبوونی لە ئاست پەروەردەی منـداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانیان، هەر وەهـا بە شێوەی جۆراوجـۆر وەستان لە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکـان و وریـاکردنەوەی چین و توێژ و بەشە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ئاکامەکانی ناکۆکی و دووبەرەکیی خێڵەکی و ناوچەگەرییـانە، یـا لە سەر ئەساسی ئایین و زاراوە و هەر جیاوازییەکی تر، جێیەکی دیاریان لە نیـو ئامـانج وئەرکەکـانی ئەم ڕادیـۆیە دا هەبـووە. دەتوانین بڵێین هەتا ئەو کـاتەی تەلەڤیزیـۆن نەهـاتبووە نێـو ڕیـزی ڕاگەیەنەکـانی حیزبـی دیمـوکرات و بـزووتنەوەی کـورد، دەنگی کوردستانی ئێران، پشکێکی حاشـالێنەکراوی هەم لە بەرهەمهێنـان و پەرەپێـدانی ئەدەبیـاتی بەرگری دا هەبـوو، هەم لە هاندانی تەبایی نەتەوەیی و یەکگرتوویی لە نیو ڕیزەکانی خەڵک دا.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ڕەهەندی دووهەم:

## دەنگی کوردستان وەک ئاوێنەی مێژوویەکی پڕشنگدار

ئەگەر حیزبی دیموکرات وخەڵکی کوردستان، ئەم قۆناخەی ئێستا تێپەڕێنن و، نەتەوەکەمان لەو بەشەی نیشتمانەکەی خاوەنی ماف و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێ، حەق وایە لە یەکەم هەنگاوەکانیان دا، مووزەخانەیەکی تایبەت بۆ ئەرشیفی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بکەنەوە. لە ماوی ٤٠ ساڵ تێکۆشان و بەردەوامیی ئەو رادیۆیە دا، دیارترین و کاریگەرترین ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستان، بە نووسین، بە پەیام و لێدوانی تایبەت یا وتووێژ، لە ڕێگای ئەم رادیۆیەوە قسەیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان کردوە. ئەرشیڤی بووڵتەنی خەبەریی ڕۆژانەی ئەم ڕادیۆیە و وتار و لێکدانەوە سیاسییەکانی، پانۆرامای مێژوویەکی بە خوێن نووسراون کە شایەدی بۆ خۆڕاگریی جێی شانازیی بزووتنەوەیەکی هەراو بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و خوێنرێژ دەدەن. دەنگی دەیان و سەدان تێکۆشەر و قارەمانی نەتەوەکەمان، دەستنووسی دەیان و سەدان سیمای سیاسی و ڕووناکبیر، لە ئەرشیڤی ئەم رادیۆیە دا هەن. لەوانەیە یادگار و شوێنەواری هێندێک لەوان لە هیچ کوێی دیکە دەست نەکەوێ. ژیاننامەی سەدان فەرماندەری نیزامی و کادری سیاسی و هەزاران لاوی پێشمەرگە، ئەرشیڤی ئەم رادیۆیەیان دەوڵەمەند کردوە. زۆر لە گوێگرانی ئەم رادیۆیە شێعر و پەخشان و بیرەوەری و پرسیار و پێشنیار و جوانترین هەستەکانی خۆیان بە دەسخەتی خۆیان بۆ ئەم رادیۆیە ناردوە. ئەو ساتانەی جێگای تایبەتیان لە مێژووی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورددا هەیە، لای ئەم رادیۆیە، شەقڵ و یادگاری تایبەت بە خۆیان جێ هێشتوە. تەنیا بە چاوخشاندنێک بە سەر لیستی دوور و درێژی ناوی ئەو کەسانەی وەک بەرپرس، بەڕێوەبەر، نووسەر، وەرگێڕ، بێژەر، ئەندازیار و کادری فەننی لەم رادیۆیەدا خزمەتیان کردوە، بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە رادیۆی دەنگی کوردستان کۆکەرەوە و مەکۆی چ هێزێکی گەورە و بە توانای ئینسانی بووە و، چ ڕۆڵێکی دیار و بە نرخی لە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویی دا هەبووە.

**لە ٤٥ ساڵەی دامەزران و بەردەوامیی ڕادیۆی دەنگی کوردستان‌دا، بە ڕێزەوە یادی زەحمەت و ماندووبوونی بەشدارانی نێو ئەو کاروانەی تێکۆشان لە هەموو ئاستێک دا دەکەینەوە. ئەوانەی شەهید بوون، یا بە مەرگی ئاسایی بە جێیان هێشتووین، سڵاو بۆ گیانی پاک و یادی نەمریان دەنێرین. بۆ خودی رادیۆکەش بەردەوامی و بووژانەوە و، ڕۆڵێکی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە داهاتوودا، کاریگەرتر بە ئاوات دەخوازین.**

٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# خێوی شەڕ و ئاوابوونی خۆری تەمەنی



**عەلی بداغی**

دیکتاتۆڕ و ڕێژیمە فاشیستی و توتالیتێرەکان هەموو یەک چارەنووسی هاوبەشیان بووە کە تێداچوونە، و ئەوەش ئاکامی هەڵەی لێکدانەوەیان لە دۆخ و پێگەی خۆیان بووە. هێرشی ئادۆڵف هیتلێر بۆ یەکیەتیی سۆڤییەت (١٩٤١) بەو وەهمە کە سوپای سوور لاوازە و ئەو هەڵە ستراتیژییە چارەنووسی شەڕی جیهانیی دووهەمی بەراوەژوو کردەوە. ستراتیژیی مستی ئاسنینی نیکۆلا چائۆشسکۆ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕوومانی (١٩٨٩) کە بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی سوپای وڵاتەکەی و دواتر گوللەباران کرانی خۆی و ژنەکەی. هێرشی سەدام حوسێن بۆ سەر کوێت (١٩٩٠) کە دواتر بووە هۆی ڕووخانی ڕێژیمەکەی بەهۆی دەستوەردانی دەرەکی. سەرکوتی خوێناویی نارەزایەتییەکانی لیبی بە بڕیاری ڕاستەوخۆی مەعمەر قەزافی (٢٠١١) کە ئەوی تووشی ئەو چارەنووسە کارەساتبارە کرد. هەوڵی بەشار ئەسەد بۆ مانەوە لەسەر کورسیی دەسەڵاتی سووریە پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی (٢٠١١) بە نرخی وەڕێخستنی سێزدە ساڵ شەڕی نێوخۆیی و ملدان بۆ شەڕە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەوی ناچار بە هەڵاتن بۆ مۆسکۆ کرد. لەڕاستیدا ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەکی مێژوویی ئەو تۆمارە لە ڕابردوویەکی نیزیکی سەردەمی ئێمەن. ئەمە بۆ خامنەیی و

ڕژێمەکەشی ڕاستە. پرسیار ئەوەیە چ شتێک کۆماری ئیسلامیی ئاوا غەڕڕە و بێمنەت لە ڕوودانی شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسراییل کردبوو؟

خۆ ئەگەر لێدوان و دەرکەوتنە مێدیاییەکانی پێشتری ژێنەڕاڵە کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاسم سولەیمانی ڕا بگرە هەتا حوسێنی سەلامی و لە غولامعەلی ڕەشید ڕا بگرە هەتا محەممەد باقری و ئەمیر حاجیزادە بە بنەما وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە وەهمی بەهێزی و پارێزراوییان لە سۆنگەی زەڕادخانەی درۆن و مووشەکە بالستیکییەکانیان، و هەروەها هێزە نیابەتییەکانیان لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین کە قاسم سولەیمانی بە قەڵغانی ٢ هەزار کیلۆمەتریی پارێزەری ئێران ناوی دەبرد، سەریانی خوارد. نواندنی هێزی مووشەکیی سنووردار لە عەمەلیاتەکانی بەناو "وعدە صادق"ی یەک و دووشدا نەک هەر ئیسراییلی نەترساند، بەڵکوو خۆیان گوتەنی وەخەبەری هێنان و لێیان ڕابوون و لەژێر ناوی ئۆپەڕاسیۆنی "شێری ڕاساو"دا و هەتا ئێستا کارێکیان پێ کردوە با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

کۆماری ئیسلامی بێسەرنجدان بە گۆڕانکاری لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا هەموو هێڵە سوورەکانی بەزاند و ئیسراییلی تووشی شەڕ لە چەند بەرەدا کرد، بەو خوێندنەوەیە هەڵەیە کە شەڕی درێژخایەن و چەند لایەنە لە چەند بەرەدا نەتانیاهوو بەچۆک دادێنێ. بەڵام هەر ئەو هەڵە ستراتیژییە بووە هۆی کەوتنی دۆمینۆی قەڵغانە بەرگرییەکەی. سەرەتا حەماس لە غەززە، پاشان حیزبوڵڵا لە لوبنان، دوایە ڕووخانی ڕێژیمی سووریە و ڕاکردنی بەشار ئەسەد بۆ ڕووسیە، بە دوای ئەوەدا هەڵتەکاندنی حوسییەکانی یەمەن و کەوتنە قاوغی خۆپارێزیی هێزە نیابەتییەکانی دیکەی ڕێژیم لە ناوچە هەتا کار گەیشتە ئەوەی لە تاران، پێتەختی ڕێژیمەکەیان زرمبەیان لێ هەڵستاند. لەو بارودۆخەدا تەنانەت پشتیوانیی بەناو هاوبەش و هاوپەیمانە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی -چین و ڕووسیە-ش دادی نەدا و لە چەند بەیاننامەیەکی نەزۆکی دیپلۆماسی تێنەپەڕی، ئەوەش سروشتییە کە ئەم دوو هێزە زەبەلاحە نە گریو لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن و نە بەرژەوەندییە مەزنەکانیان لەپێناو هێزێکدا دەخەنە مەترسییەوە کە هەتا ئێستا وەک کارتی ئیمتیازوەرگرتن لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا کەلکیان لێ وەرگرتوە.

هەڵەیەکی ستراتیژیی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو لە کاتێکدا چەغماغەی شەڕ لەگەڵ زلهێزێکی ناوچەیی لێدا - کە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەهێزیشی هەیە - کە بۆخۆی لە نێوخۆی وڵاتدا نەک شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی نیە پشتی پێ ببەستێ، بەڵکوو کۆی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕێک لە چاوی ڕێبەرانی ڕێژیم و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی دەبینن؛ پێگەی ڕێژیم لەو شەڕەی ئەوەندە دیکەش لاواز کردوە.

کۆماری ئیسلامی ئێستا لە بارودۆخێکدا لە شەڕ چەقیوە کە توانا سەربازییە سنووردارەکانی کە تەنیا لە مووشەک و درۆندا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێ و ئی ئەوە نیە بتوانێ وەک کارتێک لە هاوکێشەکانی شەڕ نەک بۆ یەکلاکردنەوەی لە بەرژەوەندیی خۆی، بەڵکوو تەنانەت بۆ ڕاگرتنی شەڕەکەش بە کاری بێنێ. هەروەها لە تەنیشت بێمتمانەیی خەڵک بە دەسەڵات و شکستی سیاسەتی دەرەکی و بەرەبەرە تێچووی قورسی شەڕ و تێکچوونی زیاتری ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات و پێکهاتە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و گوشاری هەمەلایەنەی قەیرانە فرەڕەهەندەکان لەسەر خەڵک، ئەگەری خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییە سەراسەرییەکان بەهێزتر دەکا؛ ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەی بێگومان ئامانجەکەیان تەنیا گۆڕینی ڕێژیم دەبێت.

فاکتەرێکی دیکە جۆری مامەڵەی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو و ڕکەبەرەکانی ئێران لە ناوچەیە، لە تورکیە ڕا بگرە هەتا دەگاتە میسر کە سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆیان لە ئاستی دیپلۆماسیدا بەڵام دەیان ساڵە و ئێستاش پتر لە هەموو ئەو ساڵانە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری ناسەقامگیریی ئەمنییەتی و قەیرانە سیاسییەکانی وڵاتانی خۆشیان دەزانن و بەرژەوەندییەکانیان پتر بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا گرێ داوە هەتا مانەوەی کۆماری ئیسلامی.

بەگشتی هەڵەی لێکدانەوە و گۆڕینی چارەنووسی دیکتاتۆرەکان ئەگەر بەشێکی وەهمی هێز و دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان و بێبایەخیی فاکتەر و ڕاستییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانە لە بڕیارەکانی ئەواندا، بەشێکی دیکەشی بۆ پشتکردن لە خەڵک و متمانە و پشتبەستنی زۆریان بە وەفاداریی هێزە چەکدارەکان و بازنەکانی دەسەڵاتی دەوروبەری خۆیان دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەزموونی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرییەکانی پێشوو پێمان دەڵێن کە لە برگە مێژووییە چارەنووسسازەکان و خاڵگۆڕانەکانی قەیراندا هێزە سەرکوتگەرەکانی دیکتاتۆریش لە بەرامبەر سەرهەڵدانی خەڵک یان زەبری هێزی دەرەکیدا زوو دادەڕمێن.

پاش ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو مێژووی ئەم ڕێژیمە کوشتار و وێرانی بووە. خێوی شەڕ هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هەموو شتێک لە نێوخۆی وڵات شەڕی بە کورد فرۆشت و هێرشی بۆ هێنا و مێژوویەکی لە کوشتار و قەڵاچۆی کورد تۆمار کرد. بەردوامیی شەڕ دژی نەتەوەی کورد و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێران و مافەکانیان لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتی نەگۆڕی ڕێبەرانی ڕێژیم بووە. لە دەرەوەی وڵاتیش درێژکردنەوەی شەڕ لەگەڵ عێراق بۆ ماوەی ٨ ساڵ و هەڵگیرساندنی شەڕی نێوخۆیی و نیابەتی بۆ خۆی لە وڵاتانی یەمەن، لوبنان، سووریە، فەلەستین و عێراق و وەپاشدانی ئەو وڵاتانە بۆ دەیان ساڵ پەرەسەندن بەشێکی دیکە لە کارنامەی ئەو ڕێژیمەن. لە ئێستاشدا کە ڕێژیم بەرەی شەڕێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیل کردووەتەوە، شەڕی ڕاستەقینەی هەر لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە.



سەرچاوە
Serchawe

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

**ئەم شەڕە کە دەتوانێ و دەشبێ کە کۆتا شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ، هەر دەبێ لە مەیدانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا یەکلا بکرێتەوە و یەکلاش دەکرێتەوە. ئەوەی کە هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکدا بەهێز دەنوێنێ نەک بۆ تواناکانی شەڕ و خۆڕاگریی زاتیی ڕێژیم، بەڵکوو بۆ نەبوونی ڕێکخستنی گشتی، نایەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی ئاڵترناتیڤ بۆ ئەم ڕێژیمە دەگەڕێتەوە.**

**٢٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**

---



سەرچاوە
Serchawe

# هۆ و دەرئەنجامی پەلامارەکانی ئیسڕائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی!




**عەلی بەهرامی**

هۆ و دەرئەنجامی پەلامارەکانی ئیسڕائیل بۆ سەر دەسەڵاتی ئێران دەکرێ لە گۆشەنیگای جیاجیاوە بخرێتە بەر باس، بەڵام دەکرێ بابەتەکانی وەک ئیدۆلۆژیی ڕادیکاڵ، خولیای دەسەڵاتدارانی تاران بۆ هەناردەی فیکر و ئیدۆلۆژییە توندئاژۆکەیان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی شیعە لە ناوچەکە، هەوڵی وەدەستهێنانی چەک و کەرەستەی مەترسیدار، پشتیوانی لە تاقم و گروپە تێرۆریستییەکان و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە وڵاتان، بە سەرچاوە و بنەمای کێشەکانی ئەوڕۆ ببینین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنیەوە ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە مەبەستیەتی فیکر و ئیدۆلۆژیەکەی هەناردە و هیلالی شیعە لە ناوچەکەدا ساز بکات. هەر بۆیە لەو وڵاتانەی پێکهاتەی شیعە مەزهەب بوونیان هەیە، ڕێژیم دەستی کرد بە دامەزراندنی تاقم و گرووپی جیاجیای توندئاژۆ و بەو شێوە دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە. هاوکات ڕێژیم بەردەوام بە بیانووی داشداری لە فەلەستین، دژایەتیی ئیسڕائیلی دەکرد و چەندین تاقم و گرووپی بۆ ئەو

مەبەستە دامەزراندوە و لەباری ماڵی و ڕاهێنان و چەک و تەقەمەنییەوە پشتیوانی لێ کردوون.

ئەوانەدا ڕێژیم هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و مووشەکی دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ پێگە و هێژموونی خۆی لە ئێران و ناوچەکە قایم و بەو شێوە دەسەڵاتەکەی بیمە بکات و هێژموونی خۆی لە ناوچەکە بپارێزێ و خۆی بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا زاڵ بکات. بۆ ئەو مەبەستە تێچوویەکی زۆری بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و مووشەکی بالستیکی دوورمەودا کردوە.

لە دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٢ بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم ئاشکرا کرا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەوتەخۆ بۆ ئەوەی پێش بەو دەسەڵاتە بگرن و ڕێگە نەدەن ئاخوندەکان دەستیان بەو جۆرە چەکە بگات و ئێرانێکی ئەتۆمیان بە هێڵی سوور دانا. لەو چوارچێوەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری و گۆشەگیرکردنی دەسەڵاتەکە، کۆماری ئیسلامی ساڵی ٢٠١٥ مەجبوور بە ڕێککەوتنی بەرجام بوو. ملدانی ڕێژیم بە ڕێکەوتنی بەرجام بەو ئامانجە بوو کە لەلایەک فشار و گەمارۆکانی لەسەر نەمێنێ و هەناسەیەکی بێتەوە بەر و لە لایەکیش ئەو ئیمتیازانەی دەیهەویست وەدەستی بکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەی شاراوە هەوڵی پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکی و خۆتەیارکردن بە چەکی ناوکی دەدا.

کاتێک ساڵی ٢٠١٦ دۆناڵد ترامپ بووە سەرۆککۆماری ئەمریکا، ڕێککەوتنی بەرجامی بە ناتەواو دانا و شەرتی مانەوەی ئەمریکای لەو ڕێککەوتنەدا ئەوە بوو کە بەرنامەی مووشەکیی ئێران بەشێک بێ لەو ڕێککەوتنە و نەک تەنیا ١٠ ساڵ، بەڵکوو دڵنیایی ئەوە بدات ڕێژیمی ئێران هیچکات دەستی بە چەکی ناوکی نەگات. بەڵام ڕێژیم ملی بەو ویستەی ئەمریکا نەدا و ترامپ ساڵی ٢٠١٧ بڕیاری کشانەوەی لە ڕێککەوتنی بەرجام دا و گەمارۆ و فشارەکانی بەسەر ڕێژیمدا سەپاندەوە. بەمەیش کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە دەرگاکانی بەڕوودا داخراو و گۆشەگیر کرایەوە.

لە کاتی سەرۆککۆماری جۆ بایدیندا، جارێکی دیکە گەمارۆکان لەسەر ڕێژیم سووک کرا و ڕێگەیان بەو دەسەڵاتە دا کە دەستی بە بازاڕی جیهانی بگاتەوە و بەشێک لەو پووڵانەی لە وڵاتان ڕاگیرابوو، بۆی ئازاد بکرێ. ئەویش دەرفەتێکی باشی دا بە کۆماری ئیسلامی کە لە لایەک دەست کراوە بێ بۆ پەرەپێدان بە بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی بالستیکی دوورمەودا و لە لایەک پووڵی پێویستی لە بەردەستدا بێ بۆ ئاژاوەگێڕیی زیاتر لە ناوچەکە، بەتایبەت دژ بە ئیسرائیل.
ئەوانە لە کاتێکدا بوو کە ئیسرائیل بەردەوام هاواری ئەوەی بوو ڕێژیمی ئێران هەوڵی بە لاڕێدابردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کار بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی دەدا و ئەویش مەترسییە لەسەر وڵاتەکەی و هێڵی سووری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبەزێنێ و پێویستە هەتا درەنگ نەبووە، پێش بەو دەسەڵاتە بگیرێ و ئەگەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی

کەمتەرخەم بن لەو بارەوە ئیسرائیل مەجبوورە تاکلایەنە چارەسەری بەرنامەی ناوکی و باقی مەترسییەکانی ئەو دەسەڵاتە لە ناوچەکەدا بکات.

کاتێک بە فیتی کۆماری ئیسلامی حەماس و باقی هێزە فەلەستینییەکان لە ٧ی ئۆکتۆبری٢٠٢٣ دا هێرشیان کردە سەر ناوچەیەکی ئیسرائیل و بە کوشتن و بریندارکردن و بە بارمتەگرتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئیسرائیلی و گەشتیار، ئیسرائیل و جیهان تووشی شۆک بوون. لە کاردانەوە بەو کارە، ئیسرائیل پەلاماری باریکەی غەزەی دا و زەرەر و زیانێکی زۆری بەو ناوچەیە گەیاندن و خەڵکێکی زۆریش تووشی ماڵوێرانی و ئاوارەیی و برسیەتی بوونەوە و دەسەڵاتی حەماسیشی فەلەج و لە کار خست. دوای ئەوە ئیسرائیل بەری لە بەرەی مقاومەت گرت. لە لوبنان پەلاماری حیزبوڵڵای لوبنانی دا و لە سنوورەکانی خۆی دووری خستنەوە و لە لوبنانیش دەسەڵات و هێژموونی ئەو تاقمەی تێک شکاند و حەسەن نەسروڵڵا و بەشێک لە کادری ڕێبەریی و ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە و ئەندامانی چالاکی حیزبوڵڵای کوشت و لەنێوی برد.

لە درێژەدا ئیسرائیل لە یەمەن تاقمەکانی حووسیی بە ڕادەیەکی زۆر لاواز کرد و مەترسییەکانی گرووپە میلیشیانی عێراقیشی بۆ سەر وڵاتەکەی کەم کردنەوە. دوایەش نۆرە گەیشتە ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد و لەکارخستنی حیزبوڵڵای لوبنان. بەو شێوەیە پەڕوپۆی ڕێژیمی ئێرانیان لە ناوچەکەدا کرد و هێژموونی چەندین ساڵەی ئەو دەسەڵاتە و خەونەکەیان بە یەکجاری لە گۆڕ نا.

لەگەڵ ئەوانەدا دڵەڕاوکێی ئیسرائیل لە مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت کە ئەو ڕێژیمە هەوڵی جیددی بۆ بۆمبی ئەتۆمی دەدا، بەردەوام و زیاتر دەبوو. هەتا ئەوەی کە دۆناڵد ترامپ بۆ جاری دووهەم گەڕایەوە بۆ کۆشکی سپی و لەگەڵ کاراکردنەوەی فشار و گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیم، ماوەی٦٠ ڕۆژی بۆ ئەو دەسەڵاتە دیاری کرد کە لەو ماوەدا بە دانوستان لەسەر بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم ڕێککەوتنی تازە بکرێ. لە دوای پێنج دەورە دانوستانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، نەک نەیانتوانی ڕێککەون، بەڵکوو خامنەیی لە وتارێکدا لە یادی مردنی خومەینی، ڕایگەیاند کە ناچنە ژێر باری داواکانی ئەمریکا.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکەیی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ڕێژیمی ئێران وەک پێویست هاوکاری نەکردوون و وڵامی پرسیارەکانی ئاژانسیان ئەو جۆرەی پێویستە، نەداوەتەوە. هەروەها ڕێژەی پیتاندنی ئورانیۆمی بۆ ٦٠ لەسەد بەرز کردۆتەوە و ناتوانن کۆمەڵگەی جیهانی لە ئاشتیخوازبوونی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی دڵنیا بکەنەوە. بۆیە ئەمریکا و ٣ زلهێزی ئورووپایی داوایان لە شورای بڕیاردەرانی ئاژانس کرد لە بڕیارنامەیەکدا هەوڵەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن.

دوابەدوای ئەم هەنگاوانە ئیسرائیل ڕۆژێک دوای ئەو ماوەیەی ترامپ بۆ ئێرانی دیاری کردبوو، لە ڕۆژی هەینی ٢٣ی جۆزەردانی ١٤٠٤ی هەتاوی لە هێرشێکی کتوپڕدا زۆر ناوەندی فەرماندەیی، ناوکی و مووشەکی کۆماری ئیسلامیی کردە ئامانج و لەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە باڵاکان، بنکە مووشەکی، ناوکی و بەرگری ئاسمانی ئەو دەسەڵاتەیان لە پارێزگا کوردییەکان لە ڕۆژئاوای ئێران، تاران، ئیسفەهان و چەندین ناوچەی دیکە، لەنێو برد.

ئێستا کە نزیک بە حەوتوویەک لە پەلامارەکانی ئیسرائیل و ڕێژیمی ئێران بۆ سەر یەکتر تێپەڕ دەبێ، دەبینین ئیسرائیل لە شەڕەکەدا دەستی باڵای هەیە و هێرشەکانی تەنیا بە لێدانی ناوەندە سەربازی و ناوکی و مووشەکییەکانی ڕێژیمەوە سنووردار نیە. بەڵکوو ئیسرائیل دەیهەوێ کۆی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە لاواز و لەرزۆک بکات و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەردەوامی لە لێدانی ناوەندە سەربازی، مووشەکی و ئەتۆمییەکانی ئێران، هێرش دەکاتە سەر کەرتی ئابووری، ئۆرگانە ئەمنیەتییەکان، دەنگوڕەنگی ڕێژیم و وەزارەتی دەرەوەیش. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە ناوخۆوە دەگەن، پێداویستییە زەرووریەکانی وەکوو: نان، برینج، ماکارۆنی، ڕۆن، بەنزین و ... بە ڕێژەیەکی زۆر گران بووە و ئەو پێداویستیانە زۆر بە حەستەم و گران دەست دەکەون. هەروەها پووڵی نەقد زۆر کەمە و بانکەکان تووشی کەمی نەقدینە بوون و ئەوانەیش کێشەی زۆریان بۆ خەڵک دروست کردوە.

بەو هەڵسەنگاندنەی بۆ کارکرد، مێژوو و سیاسەتی ڕێژیم کرا و لە کاتێکدا بە توندی دراوەتە بەر پەلامار، ڕوونە کە هەڵسووکەوتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە وەکوو پێش ڕۆژی هەینی ٢٣ی جۆزەردان نابێ لەلایەکی دیکەشەوە هەتا ئێستا پلانێکی ئەتۆ بۆ ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە نابیندرێ و باس و بابەتی ئەوان ملدانی ڕێژیمە بە خواستەکانیان. ئەوەی دەبیندرێ و بەر گوێ دەکەوێ، بەو ئەنجام و ئاکامەمان دەگەیەنێ کە ئەگەر ئەم شەڕە بەو شێوەی ئێستا بەردەوام بێ و ئەمریکایش پەلکێشی شەڕەکە بکرێ لە ئاکامدا ئەم چەند سیناریۆیە لەبەردەم خامنەیی و ڕێژیمەکەیدا دەبیندرێ. یەکەم ئەگەر لەسەر کەللەڕەقی و لاساریەکانی بەردەوام بێ بە پەلاماری چڕ و جەرگبڕ لاواز و بێتوانا بکرێ. یان هاوکات لەگەڵ بەردەوامی سنووورداری هێرشەکان، پەروەندەی ناوکی ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێ و بە وەگەڕخستنی میکانیزمی ماشە، گەمارۆ و فشارە سیاسی و ئابوورییەکانی بەسەردا بسەپێندرێ. یان ئەوەیکە هاوشێوەی لیبی ئامادە بێ خۆی بەدەستەوە بدات و بەرنامەی مووشەکی و ئەتۆمییەکانی کۆتایی پێ بێنێ و واز بێنێ لە پشتیوانیی تێرۆریزم و هەڕەشە لە وڵاتان. سیناریۆی سەرەکی کە بەردەوام مۆتەکە بووە بۆ دەسەڵات، ڕاپەڕینی جەماوەرییە. بەو پێیەی بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە ڕێژیم تووشی زیانێکی زۆر بووە و زۆرێک لە

جۆزەردانی ٢٧٢٥


جینایەتکارانی ئەو دەسەڵاتە کوژراون و ورەی هێزەکانی ڕووخاوە، ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران سیناریۆیەکی دیکە و کاریگەرە و خەڵکی ئێران ئەزموونێکی زۆریان لەو بارەوە هەیە. بەتایبەت لەم ساڵانەی ئاخریدا هەر یەک دوو ساڵ جارێک ڕاپەڕینی جەماوەری دژ بە ڕێژیم بەڕێوە چووە، و ئەو ڕاپەڕینانە کاریگەریی زۆریان لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک لەو دەسەڵاتە جینایەکارە هەبووە. بەتایبەتی تر شۆڕشی ژینادا دەرس و وانەیەکی گەورە و بەڵگەیەکی باش و بە نرخە لە مێژووی گەلانی ئێران دژ بە زوڵم و ئیستبدادی ئاخوندان، لەو ڕاپەڕینەدا، جەماوەر توانیان لە زۆر بارەوە پاشەکشە بەو دەسەڵاتە بکەن و بۆ ئەویش تێچوویەکی گیانی زۆریان داوە و شۆڕشی ژینا ئێستایش وەک پۆلووی ژێر خۆڵەمێش وایە و لە هەر ئان و ساتێکدا بۆی هەیە کڵپە بکاتەوە و کۆی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە بسووتێنێ و لە بەینی ببات.

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# لە یادی ٤٥ ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا



**برایم چووکەڵی**

ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ١٤٠٤، چلوپێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی دەنگی کوردستانی ئێرانە. ئەوەی ئەمڕۆ لەم کورتە باسەدا یادی دەکەینەوە، پێوستیی بەوەیە زۆرتر ئاوڕ لە سەرەتای دامەزرانی و لە ساڵەکانی سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم ڕادیۆیە بدەینەوە کە ئەوکات وەک دەنگی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستان لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ بە سەرەتاییترین ئیمکانات و بە وتە بەنرخەکانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو دەستی بەکار کرد. ئەم دەزگای مێدیاییەی حیزب لە ماوەی چەندین ساڵ کاری بەردەوامی خۆیدا لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتە جۆراوجۆرەی لەسەر ڕێگای بووە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە گوڕووتینەوە درێژەی بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی داوە.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە کاتێکدا دامەزرا کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشی بەربڵاویان کردە سەر کوردستان و لە ڕاگەیەندنەکانیشیاندا فروفیشاڵ و درۆ و بابەتی ڕیباکارانەیان بۆ خەڵک بڵاو دەکردەوە تا تۆوی دووبەرەکی و ناهۆمێدی لەنێو خەڵکدا بچێنن، بە تایبەت ئەوکاتە پێشمەرگە بەرەبەرە لە شارەکان دەهاتە دەر و بۆیە دامەزرانی دەنگی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

له هه‌لومه‌رجی ئه‌وتۆدا پێویستییه‌کی مێژوویی بوو.

له ماوه‌ی کاری ڕادیۆدا که ببووه خۆشه‌ویستی کۆمه‌لانی خه‌ڵکی کوردستان و سه‌ری به هه‌موو ماڵ و که‌لێن و قوژبنێکدا ده‌کرد، هه‌ر له‌و کاته‌دا یه‌کێک له ئامانجه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئه‌وه بوو که ئه‌وه‌نده‌ی له توانایان دابوو شوێنی ڕادیۆ بدۆزنه‌وه و بۆمبارانی بکه‌ن، به‌ڵکوو ئه‌گه‌ر بۆیان کرابا بۆ ماوه‌یه‌کی کاتییش با ڕادیۆی ده‌نگی حه‌قخوازانه‌ی کورد بێده‌نگ بکه‌ن. ئه‌گه‌رچی زۆرکات گرمه‌ی ده‌نگی تۆپ و کاتیۆشاکانی کۆماری ئیسلامی، بێژه‌رانی ڕادیۆی ڕاچڵه‌کاندوه، به‌ڵام له‌کار نه‌وه‌ستاون و له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌مووه گیروگرفتانه‌ی له‌سه‌ر ڕێگای بوون ئه‌و ڕادیۆ پڕکاره که له سه‌رده‌مانێک چرای ڕووناکی نه‌ته‌وه‌ی کورد بوو، هه‌ر درێژه‌ی به‌کاری خۆی دا.

خۆشه‌ویستیی ڕادیۆ ده‌نگی کوردستانی ئێران لای کۆمه‌لانی خه‌ڵک له‌وه‌دا بوو که له هه‌موو هه‌لومه‌رجێکدا ڕاستییه‌کانی به کۆمه‌لانی خه‌ڵک ده‌گوت، ئه‌گه‌ر ژماره‌یه‌کی زۆریش پێشمه‌رگه شه‌هید بوایه ڕادیۆ ڕاستییه‌کانی بڵاو ده‌کرده‌وه. بۆ نموونه: ڕۆژی ٢٩ی گه‌لاوێژی ساڵی ١٣٦٢، یه‌کێک له‌و ڕۆژه له‌بیر نه‌کراوانه‌ی حیزبه‌که‌مانه، پێشمه‌رگه ئازاکانی دێموکرات له ناوچه‌ی له‌یلاخی سنه له شه‌ڕێکی قاره‌مانانه‌دا له‌گه‌ڵ دوژمنانی ئازادی، سه‌نگه‌ریان به خوێنی خۆیان سوور کرد و ١٦ فه‌رمانده و کادری ئه‌م ناوچه به‌یه‌که‌وه شه‌هید بوون. هه‌روه‌ها ساڵێک دواتر له ١٢ی پووشپه‌ڕی ١٣٦٣ فه‌رمانده‌ری هێزی به‌یان له‌گه‌ڵ ٢٥ هاوسه‌نگه‌ری به‌یه‌که‌وه شه‌هید بوون، به‌ڵام ئه‌م ڕادیۆ ڕاستگۆیه به‌بێ شاردنه‌وه هه‌واڵه دڵته‌زێنه‌کانیشی به خه‌ڵکی کوردستان ڕاده‌گه‌یاند، هه‌ر ئه‌وه‌ش ببوه هۆکاری خۆشه‌ویستیی ئه‌م ڕادیۆیه. ته‌نانه‌ت زۆرجاریش دامود‌ه‌زگاکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاستی و دروستی ئاماری شه‌ڕه‌کان پشتیان به هه‌واڵه‌کانی ڕادیۆ ده‌نگی کوردستانی ئێران ده‌به‌ست. بۆیه له لایه‌ک چقڵی چاوی دوژمن بوو، له‌لایه‌کی دیکه جێگای حاشالێنه‌کراوی له‌نێو جووڵانه‌وه‌ی کورد و کوردستاندا بۆخۆیی کردبۆوه. ئه‌م ڕادیۆیه خۆشه‌ویستی و باوه‌ڕ و متمانه‌ی خه‌ڵکی کوردستانی به‌ده‌ست هێنابوو، و ئه‌وه بۆخۆیی شانازییه‌کی گه‌وره‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی هه‌ڵسووڕێنه‌رانی ڕادیۆ بوون، به‌حه‌ق ده‌بێ پێی بنازن و سه‌ربه‌رز بن.

له جیهانی ئه‌مڕۆدا ئاڵوگۆڕی قووڵ به‌سه‌ر تێکنۆلۆژیدا هاتوه و که‌ره‌سته‌کانی گه‌یاندن و مێدیایی پێشڕه‌فتی زۆری کردوه و ڕۆژ له‌گه‌ڵ ڕۆژ زیاتر به‌ره‌وپێش هه‌نگاو ده‌نێ، به‌ڵام با ئه‌و چرا گه‌شاوه له‌بیر نه‌که‌ین که له سه‌رده‌مانێک جێگای هیواوهۆمێدی خه‌ڵکی کوردستان و ئاوێنه‌ی ڕاستییه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی کورده‌واری بوو.

ماوه‌ته‌وه له‌و باسه کورته‌دا بڵێین و ئاماژه به‌وه بکه‌ین زه‌حمه‌ت و ماندووبوونی ژماره‌یه‌کی زۆر له به‌ڕێوه‌به‌ران و

## جۆزەردانی ٢٧٢٥

هەڵسووڕاوان و کادر و پێشمەرگەی ڕادیۆ لە ڕێبەرایەتی ڕا بگرە تا پێشمەرگەیەکی سادە، کە سالآنێکی بەردەوام زەحمەتیان کێشا و تکتک ئارەقەیان دەرڤت لە هەموو هەلومەرجێکدا بێوچان و بێ ڕاوەستان بۆ ساتێکیش ڕێگایان نەدا ئەو ڕادیۆ بەنرخە لەکار بۆوەستێ و زۆر جاریش لە گواستنەوەدا تەنانەت ئامادە بوون گیانی خۆیان پێشکەش بکەن، سپاس بۆ زەحمەتەکانیان، بۆ فیداکارییان، بۆ ماندووبوونی شەو و ڕۆژیان، لە ڕاستیدا ئەوانەی بوونە هۆکاری بەردەوامبوونی ڕادیۆ جێگای شانازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ڕێژیمی ئێران لە دووڕێیانی تەسلیمبوون یان تێداچووندا



**ڕەحیم نزهەتزادە**

پێنج ڕۆژ، بەسەر دەستپێکردنی شەڕێکی تەواو عەیار، لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیلدا تێپەڕی. شەڕێک کە دەتوانێت نەخشەی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ دەیان ساڵ دووبارە دابڕێژێتەوە. هەمووی بە هێرشێکی پێشوەختە لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستی پێ کرد؛ هێرشێکی گەورە، ڕێکخراو و ئامانجدار کە بە پێی هێندێک سەرچاوە، ئیسرائیل بۆ لەنێوبردنی دامەزراوە هەستیارە سەربازی، موشەکی و ئەتومیی ئێران، زیاتر لە ٢٠٠ فڕۆکەی جەنگی و سەدان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری بەکارهێنا.

لە بەرامبەردا ئێران، بە هێرشێکی زۆری موشەکی بالستی، کرۆز و فرۆکەی بێفرۆکەوان، شارە سەرەکییەکانی ئیسرائیلی کردە ئامانج، لەوانە تەلئەبیب، حەیفا و .... ئەو شەڕە بێ وێنەیە، نەک تەنها لە رووی سەربازییەوە، بەڵکو لە رووی ڕەمزیشەوە، خاڵگۆڕانی مێژووییە بۆ هەردوولا. ئێستا لە پێنجەمین ڕۆژی شەڕدا، بژاردەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سنووردارن و تەنیا دوو بژاردەی ماوە: یان تەسلیم بێت و بەرنامە مووشەکی و ئەتۆمییەکانی ڕابگرێت، یان ئامادە بێت بۆ

درێژەدان بە شەڕێکی وێرانکەر کە دەرئەنجامە پێشبینینەکراو بن.

## گورزێک کە پێکهاتەی ئەمنی ئێرانی هەژاند

لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی شەڕەکەوە، بەپێی هێندێک دانپێدانانی ئێران و سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان، دەیان فەرماندەی باڵا وکاریگەری سوپای پاسداران، سپای قودس و هەروەها چەندین زانای ناوکیی ئێرانی، لە بۆردومانە ئامانجدارەکانی ئیسرائیلدا کوژراون. ئەم ئۆپەراسیۆنانە، وەک بەشێک لە ستراتیژییەکی هەماهەنگ، بۆ بڕینی بەڕێوەبردن و تێکدانی کۆنترۆڵی لۆجستی کۆماری ئیسلامی سەیر دەکرێت.

فرۆکەخانە و بنکە مووشەکییەکانی تاران، تەبریز، ئیسفەهان، کرماشان، هەمەدان و زۆر پێگەی دیکە، کراونەتە ئامانج. هەروەها ناوەندەکانی دەوڵەمەندکردنی نەتەنز و فۆردۆ، بەهۆی هێرشی وردی فڕۆکەی F35، فرۆکەی بێفرۆکەوان و ئەلیکترۆنیەوە، تا ڕادەیەکی بەرچاو پەک کەوتوون. ئەو زیانانە، بەپێی شیکاری مانگی دەستکردی دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان، توانای بەرگری ئۆپەراسیۆنی ئێرانی لە نێوان ٣٠ بۆ ٥٠ لەسەد کەم کردووەتەوە.

## وەڵامی ئێران: هێرشی مووشەکی بەرپەرچدانەوە و هەڕەشەی پەرەسەندنی ململانێکان

ئێران هەرچەندە لە سەرەتادا تووشی سەرسوڕمان بوو، بەڵام بە هەڵدانی سەدان مووشەک بۆ سەر شارەکانی ئیسرائیل و تێکدانی ژیانی ڕۆژانە لە ئیسرائیل، ئەگەر ئەو تکنیکە بەکار هاتووە پڕ لە کەموکورتی تێکنیکی و سەربازیش بوو بێت، نیشانی دا کە هێشتا توانای ماوە. ئەوەش هەرچەندە، باڵادەستیی تەکنەلۆژی ئیسرائیل لە بەرگری ئاسمانی و شەڕی ئەلیکترۆنیدا، زۆرێک لەم هێرشانەی پووچەڵ کردووەتەوە. وێنەی زیانەکانی ئیسرائیل هەم نیگەرانی جیهانی لێکەوتەوە، هەم فشاری سیاسی لەناوخۆی وڵاتەکەیدا زیاد کردووە.

هەروەها سوپای پاسداران هەڕەشەی ئەوەی کردوە، کە ئەگەر هێرشەکان بەردەوام بن، دامەزراوە نەوتییەکانی هاوپەیمانەکانی ئیسرائیل لە کەنداوی فارس و دەریای سوور دەکرێنە ئامانج و ڕێڕەوی هورموز دادەخات. هەڕەشەیەکی لەو شێوەیە، دەتوانێت زلهێزەکان، لەوان ئەمریکا ڕاستەوخۆ ڕابکێشێتە نێو ململانێیەکانەوە.

## داڕمانی ستراتیژیکی سوریا و کۆتایی سەردەمی "قەڵغانی ناوچەیی

لە کاتێکدا کە ئەم شەڕە درێژەی هەیە، ڕووخانی ماوەیەک لەو پێشی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە، کشانەوەی یەکجارەکیی هێزەکانی ئێران لەو وڵاتە، وەک داڕمانی تەواوەتی ستراتیژی "قەڵغانی ناوچەیی" کۆماری ئیسلامی سەیر دەکرێت. تاران چیتر ناتوانێت خاکی سوریا بەکاربهێنێت بۆ ناردنی چەک بۆ حیزبوڵڵا، یان هەڕەشەکردن لە سنوورەکانی باکووری ئیسرائیل.

بەبێ سووریە، کاریگەریی ناوچەیی ئێران، بەتەنها لە عێراق و لوبنانەوە سنووردار دەمێنێتەوە- ئەوەش لە هەلومەرجێکدا، کە ئەم وڵاتانە بەرەورووی فشاری توندی نێوخۆیی، سزا نێودەوڵەتییەکان و دەستوەردانی دەرەکی بوونەتەوە.

## بژاردەی تەسلیمبوون: قبوڵکردنی واقیع یان شکستی ئایدیۆلۆژی؟

لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕدا، زۆرێک لە چاودێرانی نێودەوڵەتی و تەنانەت کەسایەتییەکانی نێو حکوومەتی ئێران پێیانوایە، کە درێژەدان بەم ڕەوتە، ڕێژیم بەرەو لێواری داڕمانی نێوخۆیی پاڵ دەنێت. گوشارە ئابوورییەکان، خەسارە مرۆڤییەکان، داڕمانی ژێرخان و ئەگەری نائارامی کۆمەڵایەتی، ئەو واقیعە تاڵانەن، کە لە ئاسۆی کۆماری ئیسلامیدا سەریان هەڵداوە.

لەم هەلومەرجەدا، تاکە ڕێگای دەربازبوون، گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانوستان و قبوڵکردنی هەلومەرجی سەختی، وەک ڕاگرتنی تەواوەتی لە بەرنامە مووشەکییەکان و بەرنامە ئەتۆمییەکان- بەڵام ئەم بڕیارە بە مانای نکۆڵیکردنە لە سیاسەتی فەرمی، ئایدۆلۆژیای خۆڕاگری و شەرعیەتی سیاسی، دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی.

## درێژەدان بە شەڕ: قومارێکی مەترسیدار، یان ڕێگایەکی بێگەڕانەوە

لە بەرامبەردا، ڕەوتە توندڕەوەکانی نێو ڕژیم، بەردەوامن لە پێداگری لەسەر درێژەدان بە شەڕ. ئەوان باوەڕیان وایە، پاشەکشە لە هەر حاڵەتێکدا کۆتاییهاتنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؛ کە وایە دەبێت تا کۆتایی بەرەنگاری بکرێت، تەنانەت ئەگەر بە نرخی داڕمانی وڵاتیش بێت. بەڵام ئەم ڕێبازە دەتوانێت بەکردەوە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ماندووبکەری ناوچەیی، کە ئێران نەک هەر لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵکوو لەگەڵ ئەمریکا، سعودیە و ڕەنگە تەنانەت، لەگەڵ تورکیە و یەکێتی ئەورووپاش بیخاتە ململانێیەوە. لەم حاڵەتەدا، نەک هەر سیستەم، بەڵکوو داهاتوو و یەکپارچەیی ئێرانیش گومانی دەخرێتە سەر.

## دەرەنجام: لە لێواری هەڵدێردا

ئێستا کە پێنج ڕۆژ بەسەر ئەم شەڕە بێوێنەیەدا تێدەپەڕێت، ڕوون بووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە یەکێک لە خاڵە مەترسیدارەکانی مێژووی هاوچەرخی خۆیدایە. ڕێگای سێیەم بوونی نیە. یان دەبێت دەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی خۆی بێت و تەسلیم بێت، یان ئامادە بێت بۆ درێژەدان بە شەڕێک کە هەر ڕۆژێکی بە تێچوویەکی قورستر، شەرعیەتێکی کەمتر و داهاتوویەکی تاریکترە.

لە کۆتاییدا ئەم شەڕە نەک هەر براوەی نابێت، بەڵکو دەتوانێت بە درێژایی دەیان ساڵ، ببێتە هۆی ناسەقامگیری، شەڕی بە وەکالەت و دارمانی سیاسی لە ناوچەکەدا. بەڵام بڕیاری کۆتایی لە تاران دەدرێت، لە نیوەی شەوێکدا، کە چیتر تاقە پەناگەیەکیشی بۆ نەماوەتەوە.

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# سەرۆککۆماری نۆرماڵ



**(بە پشتگیریی شاراوە لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ترامپ کۆتایی بە سەردەمێکی هیوابڕانەی مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان هێنا)**

**گۆڤاری تابڵێت – لی سمیت**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

هۆی سەرەکیی سەرسوڕمان لە هێرشی بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ سەر ڕێبەریی ئێران، بنکە ناوکییەکانی و ئامانجی دیکە ئەوە بوو کە کەس بڕوای بە سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان نەدەکرد، کاتێک باسی پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانمانی دەکرد، بە تایبەت کاتێک پەیوەندییان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەبێ.

لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بەولاوە، سەرۆککۆمارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام ویستوویانە لەگەڵ ئێران بسازێن، لە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

جیات تۆڵەکردنەوە بە بۆنەی بەبارمتەگیرانی ٥٢ ئەمریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ، بێدەنگییان هەڵبژارد. ڕۆناڵد ڕەیگان بە ڕێبەری سۆڤیەت میخائیل گۆرباچۆڤی گوت دیواری بەرلین بڕووخێنێ، بەڵام کاتێک هاوپەیمانی لوبنانیی ئێران، حیزبوڵلا، ١٧ ئەمریکایی لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەیروت و ٢٤١ کەسی دیکەی لە بنکەی هێزی دەریایی لە ١٩٨٣ کوشتن، ئەو پاشەکشەی کرد. بیل کلینتۆن هێندە خوازیاری ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران بوو، کە یارمەتیدەری شاردنەوەی پشتگیریی ئێرانییەکان لەو تاقمە بوو کە ١٩ کەس لە هێزی ئاسمانیی لە بورجەکانی خوبەر لە ١٩٩٦دا کوشت.

جۆرج بوش چاوی لە بەرانبەر تەڕاتێنی میلیشیای شیعە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکران و سەدان کەس لە هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە عێراق کوشت، و لە کاتێکدا کە بەشار ئەسەد بە ئوتوبوس شەڕکەری سوننیی لە فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە بۆ سنووری عێراق دەگوازتەوە تا بەشداری لە ڕاوەدوونانی ئەمریکاییان بکەن، چاوی نووقاند. دەستپێشخەریی هەرە دیاری سیاسەتی دەرەوەی باراک ئۆباما، ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران بوو، کە سەرەڕای بەڵێنی وەستاندنی بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران، بەڵام بە شێوەیەک داڕێژرابوو کە ئەو بەرنامەیە یاسایی بکات و بیخاتە ژێر چەتری پارێزگاریی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی، بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئەوانە هەموویان بە هاتنی دۆناڵد ترامپ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات. لە کۆتاییدا، سەرۆککۆمارێکی ئەمریکا قسەی خۆی بردە سەر. ئەو تەنانەت بەر لە دەستپێکی دووهەم دەورەی سەرۆک کۆمارییەکەی گەلێک ئاشکرا گوتی: ئێران ناتوانێ بۆمبەکەی هەبێ. ترامپ دەیهەویست ئەوە بە شێوەی ئاشتیخوازانە جێبەجێ بکات، بەڵام هۆشداریی دا کە بێتوو ئێرانییەکان بە تێکەوەپێچانی تەواوەتی بەرنامە ناوکییەکەیان ڕازی نەبن، ئەوان بۆمباران دەکرێن. ڕەنگبێ ئیسرائیل ئەو کارە بکات، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان، یان ڕەنگبێ هەردووکیان، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەوان بۆمباران دەکرێن. ترامپ ٦٠ ڕۆژی مۆڵەت پێدان و، لە ڕۆژی ٦١ەم، ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنی "شێری ڕابووی" دەست پێ کرد.

تا ئەم بەیانییە، کاتێک ترامپ لە پلاتفۆرمی تروت سۆسیال لێدوانێکی بۆ وەئەستۆگرتنی شانازیی هێرشەکە بڵاو کردەوە، هێندێک سەرلێشیوای لەبارەی تێوەگلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دروست کردوە. لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکە، وەزیری کاروباری دەرەوە مارکۆ روبیۆ لێدوانێکی بڵاو کردەوە و لەویدا گوتی ئەوە بڕیاری ئیسرائیل بەتەنیا بووە، بێ بەشداریی ئەمریکا. بەڵام، تەنانەت هاوبەشکردنی زانیاریی هەواڵگریی و لایەنەکانی دیکە هاوئاهەنگیی ئیسرائیل-وڵاتە یەکگرتووەکان ناڕوون بوو، لێدوانەکە بەئاشکرا هەڵخەڵەتێنەر بوو. هەموو ئۆپەراسیۆنەکە ئاماژەی بە ترامپ دەکرد. بەبێ ئەو، هێرشەکە بەو شێوەیە نەدەقەوما کە ڕووی دا، یان ڕەنگبێ هەر ڕووی نەدابا.

ترامپ دوو مانگ کاتی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئێرانییەکان تەرخان کرد بێ ئەوەی ئەوان هەست پێ بکەن کە خەریکە پەلکێشی چاڵەکەیان دەکات. دیپلۆماتەکانی ئێرانی گەلێک بە لێهاتوویان لە دانووستاندا لەخۆبایی بوون. چەند نەوە دیپلۆماتی وڵاتە یەکگرتووەکان سەریان لە توانایی ئێرانییەکان بۆ لەخشتەبردنیان سوڕماو بوو: ئەوە شتێکی کولتوورییە، قەت هەوڵت داوە لەگەڵ فەڕشفرۆشێک لە تاران چەنە لێدەی؟ ترامپیش لەبەر لێهاتوییەکانیان پێیانی هەڵدەگوت، دەیگوت دانووستانکاری فرە باشن! ئێرانییەکان لە شوێنی دڵخوازی خۆیان بوون و ڕەنگبێ پێیان وا بووبێ دەتوانن تا تەسلیمبوونی ترامپ لە بەرانبەر داخوازییەکانیان یان کۆتایی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەتوانن درێژە بە دانووستان بدەن. بەڵام ترامپ فێڵبازتر بوو. ئەو بۆ ماوەی دوو مانگ سەرقاڵی کردن، کات بۆ ئەوەی ئیسرائیلییەکان دڵنیا بن کە هەموو شتێکیان ئامادە کردوە.

هەر ئێستا زۆر باسی هەڵمەتی فریودەرانەی ترامپ دەکرێ و، لە ڕۆژان یان حەوتووەکانی داهاتوودا، ئێمە زانیاریی زۆرترمان لە بارەی ئەوە کە کام لێدوان ڕاستە و کامیان ساختەیە و بۆ مسووگەرکردنی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە، کام ڕۆژنامەوان کەڵکی لێ وەرگیرا، بێ ئەوەی هەست پێ بکات، تا هەواڵە ساختەکە بڵاو بکاتەوە، گیر دەکەوێ. هاوکارێکی گۆڤاری تابلێت دەڵێ ئەوە سەرنجڕاکێشترین هەڵمەتی فێڵاویی دوای داگیرکردنی نۆرماندییە. ڕەنگبێ لەویش سەرنجڕاکێشتر بێ. چەند حەوتوو لەوە پێش، هاوکارێک باسی گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ کاربەدەستێکی پلەبەرزی ئیسرائیلی کرد بۆم کە گوتبووی ئورشەلیم و واشینگتۆن لەسەر پرسی غەززە هاوڕان و باسی چیدیکەی نەکردبوو. ئەوەی هاوکارەکەم لێی تێگەیشت، و مەبەستیش ئەوە بوو ئەو بەرداشتەی هەبێ، ئەوە بوو کە ئەوە هەواڵێکی خراپە، چونکە بەو مانایەیە کە کەلێنی نێوان بۆچوونی ئەو دوو وڵاتە لە بارەی ئێران زۆر قووڵە. هەڵمەتی فریودانەکە زۆر باش بوو و مەبەست ئەوە بوو بە ساکاری سەر لە دۆستان بشێوێنێ.

ئێستا ئاشکرا بووە کە پەیوەندیی چڕ، لە نێویاندا لە نێوان لایەنە بیانییەکان وەک خودی ئێرانییەکان، ڕۆژنامەوانانی دژی نەتانیاهوو، وڵاتانی کەنداو و، ئورووپاییەکان، هەمووی هەڵمەتێکی فریودان بووە. بەڵام ئەوەی لە هەمووی بەرچاوترە لایەنی نێوخۆییە. ئاخۆ ئێرانییەکان بە ڕاستی بڕوایان کرد کە لایەنی لایەنگری ئیسرائیل، خەریک بوو دەسەڵاتیان بە سەر ترامپدا نەمێنێ و "خۆپاریزان" دەسەڵاتیان پەرەی گرتبوو؟ ئاخۆ لۆبیگەریی ئێران، تریتا پارسی بە کاربەدەستانی تارانی گوتبوو هاوکارەکانی لە ئەنستیتۆی کوینسی و پسپۆڕانی مووچەخۆری کۆخ، کە کار بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکەن، بە ئاکامی دڵخواز گەیشتوون؟ نیگەرانی نیوکانەکان مەبن، پیاوەکانی من کارەکان بە گوێرەی ویستی ئێمە دەبەنە پێش. وێدەچێ، وەک ئێرانییەکان، ڕایەڵەی کۆخیش بە تەواوی بە هەڵە چووبن.


سەرچاوە
Serchawe

بلێی ئۆپەراسیۆنی شێری ڕابوو، ماگا تووشی لێکدابڕان بکات، وەک هێندێک لە ئینفلوەنسێرەکانی ماگا هۆشداریی دەدەن؟ ڕاپرسییەکان دەڵێن نا. بەگوێرەی ڕاپرسییەکی ئەو دواییانەی راسموسێن، ٪٨٤ ی دەنگدەران لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئێران ناتوانێ خاوەن بۆمبی ناوکی بێ. تەنیا ٪٩ هاوڕا نین. ڕێژەیەکی زۆرتر لە ئەمریکاییەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە پیاوان بۆیان هەیە لە یانەی وەرزشی ژناندا بەشدار بن، واتە ٪٢١، لە چاو ئەوانەی پێیان وایە ئێران دەبێ خاوەن بۆمبی ناوکی بێ. بەگوێرەی ڕاپرسیی راسموسێن، ٪٥٧ لایەنگری هەڵمەتێکی سەربازیی بۆ وەستاندنی ئێران لە وەدەست خستنی بۆمبی ناوکین، ئەوە بەو مانایەیە کە دەنگدەرانی کەمالا هاریس، ٪٥٠ لەوان، لەگەڵ ٪٧٣ لە دەنگدەرانی ترامپ، بۆ پێشگرتن بە بەرنامەی ناوکی مەلاکان بە بۆمباران کردنی ئێران ڕازین. ڕاپرسییەکی هارڤارد\هاریس دەریدەخات کە ٪٦٠ پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکەن تا "بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران لەنێو بەرێ،" بە ٪٧٨ پشتیوان لەنێو کۆمارییەکان دا.

کێ بیر دەکاتەوە ئەوە ئەقڵانییە کە ئێران بۆمبی ناوکی هەبێ؟ لە تویتێکی دوروو درێژ دا لە پلاتفۆرمی ئێکس، تاکێر کارلسۆن هێرشی کردە سەر مارک لێڤین و ئەوانی دیکە کە دەڵێن ئێرانێکی خاوەن بۆمبی ناوکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خراپە. ناوبراو پاساوی بۆ بۆمبی ئێران هێنایەوە و نووسی "ئێران دەزانی دەستهەڵگترن لە بەرنامەی چەکی ناوکی بە تەواوی ئاقڵانە نیە. موعەممەر قەززافی هەوڵی دا و باتونیان تێبڕی. لەگەڵ داماڵینی بەرنامەی ناوکی لە قەززافی، ناتۆ کوشتی. ڕێبەرانی ئێران ئەوەیان بە چاوی خۆیان دیت. ئەوان وانەیەکی ئاشکرایان وەرگرت".

بێگومان ئێرانییەکان بۆمبەکەیان دەوێ تا دژی وڵاتە یەکگرتووەکان، یان بە واتایەکی دیکە ناتۆ، بەرگریی لەخۆیان بکەن، بەڵام ئەوە قەت ناتوانێ هاوتەریبی دروشمی "لە پێشدا ئەمریکا"ی ترامپ بێ. هەڕەشەی بوونی بۆمبی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە بۆ سەر ئەمریکا بە ڕاستی بەو مانایە نیە کە ئێرانییەکان دەیانهەوێ بۆمب بە سەر شارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بدەن، لانی کەم جارێ نا، بەڵام ئەوە قەڵغانی ناوکی دەداتە ڕێژیم. ئەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خراپە بێتوو ئێرانی ناوکی گەرووی هورموز دابخات تا بڕیار لە سەر نرخی بازاڕی جیهانیی وزە بدا. ئەوە بۆ ئەمریکا خراپە بێتوو ئێرانی ناوکی هێرشی تێرۆریستی بکاتە سەر سیاسەتوانانی ئەمریکایی، لە نێویاندا دۆناڵد ترامپ، تا سیاسەتەکان و پێشترییەتەکانی بە جۆرێک بگۆڕێ کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی تێرۆر دابێ. قەیدی نیە بڵێی وڵاتی تۆ نابێ هێرش بکاتە سەر ئێران بۆ پێشگرتن بە وەدەستهێنانی بۆمب، بەڵام پاساو بێنییەوە کە دەوڵەتی تێرۆر کە نزیکەی نیو سەدەیە ئەمریکاییان دەکوژێ، پێویستی بە بۆمبەکەیە تا بتوانێ لە بەرانبەر ئەو وڵاتانەی تۆ لێیی دەژی بەرگریی لە خۆی بکات، گەمژەییە.

ڕەنگبێ هێندێک لە لایەنگرانی ترامپ تووڕە و سەرلێشێواو بن چونکە ترامپ بانگەشەی دەکرد ببێتە بەربژێری خەڵاتی

ئاشتی. بەڵام "هیچ شەڕێکی نوێ" دروشمە نە سیاسەت. ئامانجی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەودان بە ئاشتی و خۆشبژیویی ئەمریکایە و، ترامپ بۆیە هەڵبژێردرا تا ئاراستەی سیاسەتی ڕێبەریی ئەمریکا بگۆڕێ کە بەگوێرەی نەریت بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی هەموو کەسی دیکە لێ تێکچووبوو. ئێستا زۆر دەمێکە، بڕیاردەرانی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ڕزگارکردنی ساڵانەی نیو میلیارد جووتیاری چینی لە هەژرایی، لە بەرانبەر هەژارترکردنی چینی مامناوەندیی ئەمریکا، پیرۆزباییان بەخۆیان گوتوە. جۆرج و. بوش ژیانی جیلی لاوی ئەمریکای بۆ ئەوە بەفیڕۆدا تا عێراق و ئەفغانستان وەک ئەمریکایان لێبێ. ئۆباما وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەرکدار کرد ڕێککەوتنی ژینگە جێبەجێ بکات کە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە ئەمریکاییەکان هەژارتر دەکرات. ئەو بۆمبی ئێرانی یاسایی کرد.

کە وابوو ئاخۆ ئۆپەراسیۆنی شێری ڕابوو ئاشتی ئەمریکا گەشە پێداوە؟ بێتوو بە کۆتاییهێنان بە بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران تەواو بێ، وەڵامەکە بێ ئەملا و ئەولا بەڵێیە. بێجگە لەوە، کاتێک هاوبەشەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێش دەخەن، دەبێتە درەوشانەوەی زیاتری شکۆی ئەمریکا. بۆ وێنە، لە ١٩٨٢، لەو شوێنەی کە ئێستا بە دۆڵی بیقاع ناسراوە، فڕۆکەوانانی ئیسرائیل ٨٠ فڕۆکەی شەڕکەری میگ و دەیان سیستەمی هاژەکی زەی بۆ ئاسمانی دروستکراو کە سۆڤیەتیان لەنێو برد. ئەوە مانۆڕێکی یەکلاکەرەوەی کاتی شەڕی سارد بوو کە پیشانی دا کاتێک بێنە مەیدانی نەبەرد، چەکوچۆڵی ئەمریکایی لە هی مۆسکۆ فرە باشترن. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەتەنیا هاوبەشە ڕووسی و چینییەکانی بێتوانا کردوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەو کەسانە پیشان داوە کە لە مۆسکۆ و بەیژینگ سەیری ڕووداوەکان دەکەن. بێجگە لەوە، بەکردەوە هەرچی نەوتی ئێرانە هەناردەی چین دەکرێ.

بە هێرشی شەوی ڕابردوو، ترامپ دەرفەتێکی بۆ کۆتاییهێنان بە دەوریەکی بێهێزیی و بێهیوایی لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان گیر کەوت کە نزیکەی ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە قەیرانی بارمتەگیرانەکە دەستی پێ کرد. ئەوکات، ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام لە بەرانبەر ڕێژیمێکی تێرۆریستیدا پاشەکشەیان دەکرد کە تەنیا بە نەفرەتی شێتانە لە ئەمریکا لە سەر پێ بوو، لە کاتێکدا کە ئێلیتی دنیای سیاسی، ئاکادێمیا، مێدیا و کولتوریی وڵاتە یەکگرتووەکان شێوازێک لە هەڵسوکەوت و لێدوانیان ڕەچاو کردوە کە بیرهێنەرەوەی سیاسەتوانە بۆنخۆشەکانی جیهانی سێهەمن کە هەموو هەوڵ و کۆششیان شاردنەوەی ڕاستییەکانە. تەنیا شتێک کە بۆ سەرۆک کۆمارێکی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست بوو، بردنەسەری بەڵێنی خۆی بوو.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# شەڕی ئێران و ئیسرائیل؛ بومەلەرزەیەکی ژێئۆپۆلۆتیک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



ئەفشین مەعروفیان

## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێواری تەقینەوەدایە

لە لێواری یەکێک لە هەستیارترین ساتەکانی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی ئیسرائیل بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تەواو دەڕۆن. ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە نەک هەر چارەنووسی ئەم دوو وڵاتە، بەڵکوو ڕەوتی داهاتووی تەواوی ناوچەکەش دەگۆڕێت. ئەمجارە شەڕ لە سێبەرەکاندا ڕوو نادات، بەڵکوو بە بەرچاوی میدیاکان و لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی دەسەڵات و هێزدا ڕوو دەدات. هەرچەندە گرژییە ئەمنییەکان و شەڕی سایبێری لە نێوان تاران و تەلئەبیب ساڵانێکە بەردەوامە و ئێران چەند سوپای لە وڵاتان بۆ شەڕی بەوەکالەت پێکهێنابوو، بەڵام ئێستا ئیدی هەموو شتێک بەرەو خاڵی تەقینەوەی ڕاستەقینە ڕۆیشتوە و شەڕی یەکلاکەرەوەی چارەنووس وەرێ کەوتوە.

## قومارە کوشندەکەی کۆماری ئیسلامی لەسەر وزەی ئەتۆمی

کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە پرۆژەی ئەتۆمی و پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانەی

وەک بەرهەمهێنانی کارەبا و بە هێمای سەروەریی سیاسیی خۆی ببەستێتەوە. بەڵام ئەم پرۆژەیە، بە تێپەڕبوونی کات، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی نیشان دا: ئامرازێک بۆ مانەوەی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر، قەیرانخوڵقێن و ئایدیۆلۆژیک.

ڕێژیم کە لە لایەک ڕووبەڕووی دارمانی شەرعییەتی جەماوەری و تەشەنەکردنی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆدایە و لە لایەکی دیکەشەوە بەدوای پاراستنی هەژموونیی شیعە لە ناوچەکەدا دەگەڕێت، بەرنامەی ئەتۆمی بە بەرگی براوەی خۆی دادەنا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان و سەرکوتکردن نارەزایەتییەکان لە نێوخۆدا. بەم شێوەیە ملیاردها دۆلار سەرمایەی نیشتمانی بۆ پیتاندن و بەرنامەی مووشەکی خەرج کرا و بەوەش هەڕەشەی ئەمنییەتیی بۆ سەر ئاسایشی هەموو ناوچەکە و جیهان دروست کرد. لە ڕاستیدا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆمبی ئەتۆمی تەنیا چەک نیە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ مانەوە لە بەرامبەر دارمانی سیاسی و گوشاری نێودەوڵەتی؛ بەڵام لەم قومارەدا ئێران خۆی گەیاندووەتە لێواری کۆتایی.

## هیلالی شەڕەنگێز یان تەوەری بەرگری!

ئەم گرووپانە لەژێر دروشمی "تەوەری خۆڕاگری" ئامانجی سەرەکییان دژایەتیی ئیسرائیل و ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە ناوچەدا و بۆ ئەوەش بڕیار و چەکوچۆڵ لە ئێران وەردەگرن. ئەم لایەنانە بە شێوەیەکی کاریگەر وەک هێزی لێدانی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەجووڵانەوە. لە کاتێکدا گەلی ئێران لە هەژاری و برسیەتیدا ڕاگیراوە، بەڵام بە میلیاردها دۆلار بۆ تەیارکردنی ئەم گرووپانە لەپێناو پاراستنی قووڵایی ستراتیژیی ڕێژیم لە ناوچە خەرج کرا. بەڵام ئەمڕۆ هەمان ئیمپراتۆرییەتی بە وەکالەت یەک لە دوای یەک بەسەر یەکدا دەڕووخێن و شەڕ هاتووەتە نێوخۆی ئێران و؛ فەرماندە سەرەکییەکانی پلانی هیلالی شیعە و سەرکوتە نێوخۆییەکان دەکرێنە ئامانج.

## ئیسرائیل، شەڕێکی پێشوەختە بۆ مانەوە

ئیسرائیل بە سەرنجدان بە کارنامەی گوتاری و کرداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نیو سەدەی ڕابردوودا ئەم ڕێژیمە بە مەترسیدارترین دوژمنی خۆی دەزانێت. سیاسەتی "شەڕی نێوان شەڕەکان" کە سوپای ئیسرائیل پەیڕەوی دەکات، بە واتای هێرشی سنووردار بەڵام بەردەوام بۆ سەر هێزەکانی ئێران و بەوەکالەت لە ناوچەکەدا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە شەڕێکی تەواو ئیدی وڵامدەر نەبوو. ئەمڕۆ ئیدی ئەم ستراتیژییە گەیشتووەتە خاڵی وەرچەرخان. ئیسرائیل نایشارێتەوە کە هێرش بۆ سەر بنکە سەربازی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر خاکی ئێران و کوشتنی فەرماندە باڵاکانی سوپای قودس لاپەڕەیەکی نوێ لە شەڕەکانی ئەو وڵاتەیە بۆ ڕێگریکردن لە فەوتان و تێداچوونی خۆیان کە بە پشتیوانیی ئەمریکا دەیکەن.

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئیسرائیل دەڵێ بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە پێویستییان بە هاوکاریی ئەمریکا وەک گەورەترین پشتیوان و دابینکەری سەربازی هەیە. لە پشتیوانی دارایی و چەکەوە تا پێشکەشکردنی هەواڵگری و هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنی زۆر نهێنی، ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکیی بووە و چاوەڕوانیی ئیسرائیل لە ئەمریکا لەوەندەش زیاترە.

## ئاسۆی لێڵ و ناڕوونی خامنەیی و ژێنەڕاڵەکانی

خامنەیی لە ماوەی نیزیک بە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا بە متمانەبەخشین بە بازنەیەک لە ژەنەراڵە ئەمنییەتییەکان وڵاتی کردە ئۆردوگایەکی سەربازی. بەڵام ئەگەر هەتا دوێنێ لە پێناو بەدیهێنانی ئایدۆلۆژییەکانی هیلالی شیعەدا ئەو ژەنەراڵانەی لە سووریە، غەززە و لوبناندا لەدەست دەدا، ئێستا بە بەرچاوی خۆی و لە تاران تێداچوونیان دەبینێ. بەڵێ ئەو ژەنەڕاڵانەی پرۆژەی "قوڵایی ستراتیژی" خامنەییيان بەرەوپێش دەبرد، ئێستا ئامانجی سەرەکیی هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیلن.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لێواری گۆڕانکارییەکی قووڵی ژێئۆپۆلەتیکیدایە. هاوپەیمانییە کۆنەکان و دابەشبوونە تائیفییەکان و ئەو نەزمە نەریتییەی کە لە ئەنجامی شەڕی ساردەوە هاتبووە ئاراوە، ئیتر کاریگەر نین. عەرەبستان، ئیمارات و تەنانەت میسریش چیتر ڕۆڵی نەریتیی دوژمنی ئیسرائیل ناگێڕن. ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تەلئەبیب و هاوپەیمانییە ئەمنییەکانی دژە ئێران - هەموویان نیشانەلانی نەزمێکی نوێن.

لە دڵی ئەو هاوکێشانەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە تێدابردنی هەموو سەروەت و سامان و کوشت و کوشتاری خەڵکەکەی خەونی بە هەژموونیی شیعەلە ناوچەکەدا دەبینی. ئێستا لە لێواری دارمان‌دایە و، ناچارە لە نێوان دوو ڕێگادا هەڵبژێرێت: تەسلیمبوون یان تێداچوون.


ئیسرائیلیش کە ساڵانێک بوو لەژێر سایەی هەڕەشەی ئەتۆمی و بە وەکالەتدا دەژیا، دەرفەتی بۆ کۆتاییهێنان بەم کابووسە دەست کەوتوە. بەو پێیە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل ململانێیەکی سنووردار نابێت، بەڵکو بوومەلەرزەیەکی ژێئۆپۆلەتیکی دەبێت کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ دەکێشێتەوە.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# زەرەر لە نیوەش ڕا بگەڕێتەوە هەر قازانجە



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

نزیکەی نیو سەدەیە دیکتاتۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە قوربانیکردنی خەڵک بۆ پتەوکردنی بناغەی دەسەڵاتی خۆیان پەرە بە سیاسەتی شەڕەنگیزیی خۆیان دەدەن و لە کردەوە دژە مرۆڤایەتییەکانیان دریغیان نەکردوە بۆ ئەوەی یەکەمی بێ ڕەکەبەر لە ماڵوێرانی شەڕ و کوشتن و تیرۆر بن لە مێژوودا.

لە هەموو ئەو ساڵانەدا بەبارمتەگرتنی ئاسایش و قوربانیکردنی خەڵکیان کردبوە قەڵغانێک بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و تەمەنیان درێژ بکەن، بەوەش نەوەستان و بە بایی برسیکردنی خەڵکی وڵات لەشکر و هێزی جۆراوجۆریان لە دەرەوەی سنوورەکانیان بۆ شەڕی نیابەتی دروست کرد کە کاولبوونی وڵاتانی ناوچەی لێ کەوتەوە و جیهانیان پڕ کرد لە تێرۆریست، بە جورێک لەژێر هەر ڕووداوێکی تیرۆریستی تەنانەت ئەگەر پەیوەندیی ڕاستەوخۆشی بە کۆماری ئیسلامییەوە نەبا، بە جورێک هەر دەگەیشتەوە سەری مارەکە.

بۆ ماوەی نزیکەی پێنج دەیە بەیانی، نیوەڕۆ، و ئێوارە مەرگ دژی ئەم وڵات و ئەو وڵات دەڵێن، ئاڵای وڵاتان دەسوتێنن و



سەرچاوە Serchawe

بە سەریدا دەڕۆن و سەر و بنی قسەیان ئەوە بوو هەر ئانوساتێک بیانەوێ تەلئەبیب و هەر شوێنێکی پێیان خۆش بێ تەختی زەویی دەکەن و کۆشکی سپی دەکەنە مزگەوت و هە تا قودس ڕاناوەستن.

لە هەمووی ئەو ساڵانە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سیناریۆی دانوستان و لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریی کورتخایەنی خۆیاندا دەستی ئەو ڕێژیمەی بۆ ئەو کارانە ئاوەڵا کردبوو، بە جورێک کە تەنانەت جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا دانی بەوە دانا هەموو ئەو پارە و میلیارد دۆلارانەی لە چوارچێوەی بەرجامدا بۆ ئێران گەڕاندبوویانەوە، بۆ پشتیوانی لە تێرۆر و پۆشتەکردنی سپای پاسداران بە مووشەک و پیشەسازیی ناوکی خەرج کران.

تەنانەت لە ماوەی ڕابردووی نزیکیشدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی هەستانەوەی بێوێنەی خەڵک ببۆوە و ئیدی هیچ شەرعییەتێکی خەڵکیی نەمابوو، تەنیا ڕێگەی بەردەوامیی تەمەنی خۆی لە چەکی ئەتۆمیدا دەدیت. هاوکات لە لایەک ئاژانسی وزەی ئەتۆمی باسی لە بابەتی پرۆژە ئەتومییە شاراوەکانی ڕێژیم دەکرد، لە لایەکی دیکە ڕێژیم مووشەک و پەهپادی خۆتەقێن و خاڵپێکی دەدا بە ڕووسیە هەتا دژی ئۆکراینییەکان بەکار بێنێ؛ کەچی بەو حاڵەش هەتا ئەو ماوەیە ڕۆژئاوا ئەو هەڕەشە گەورەیەی بە جددی نەگرت و هەر بە دوای دانوستاندن و ساتوسەودا لەگەڵ ئێران بوو.

هەموو ئەو ساڵانە ئەو سیاسەتە هەڵەیەی ڕۆژئاوا ببووە هۆکارێک کە دەستی ئێران بکرێتەوە، تەنانەت هەتا ئەم ساتەش سیاسەتوانانی ئورووپایی هەن کە باوەڕیان وایە بە دانوستان و مامەڵە دەتوانن ڕەفتاری ڕێژیم بگرن، یان دەرەتانی ئەوە هەیە ڕیفۆرمخوازەکان بێنەوە سەر کورسیی دەسەڵات و گۆڕانکارییەکان ڕوو بدەن، تەنانەت کەم نین ئەو ڕێبەرە ئورووپاییانە کە دەڵێن پزشکیان لە ئەوانی دیکە باشتر یا کەمتر خراپە و، بە کەمتر خراپییەی دەتوانین ڕێژیمی تێرۆریست بگۆڕین بۆ ڕێژیمی ڕیفۆرمخواز. ئەو ڕوانگەیە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی بەتایبەت خەڵکی ئێران پشتشکێن بوو و هەر ساڵە و ستەم بەرەوە زیادی دەکێشا. لە ڕووکاردا کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە بەرجام و دانوستان سەرقاڵ کردبوو، بەڵام لە ژێرەوە گرووپی تێرۆستییان ڕادەهێنا کە چۆن لە پێتەختی ئەو وڵاتانەدا دژبەرانی ڕێژیم تێرۆر بکەن، یان بە بەزاندنی سنووری غەززە کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبەر بخوڵقێنن و لەو سۆنگەیەوە هەموو ناوچەکە لە ئاگر و دووکەڵی شەڕ وەربدەن.

لەو ماوەیەدا هەر چەند ئیسرائیل زوو زوو گورزێکی لە ڕێژیم دەوەشاند کە کاریگەریی خۆیشی هەبوو، بەڵام بەردەوام ئەوەشی دەگوت کە دەبێ توند بن لە بەرانبەر ئێراندا و بێتوو ئەم ڕێژیمە دەستی بە چەکی کۆکوژ ڕابگا هەموو جیهان بە بارمتە دەگرێ، بەڵام ئەو قسانە نەبیسترا. هەتا لە کۆتاییدا بڕیاری دا سیاسەتی کاتکرین و بەرگی تێکدانی ئەمنییەت و

جۆزەردانی ٢٧٢٥

سەقامگیریی ناوچە لە دەستی ئێران دەربهێنێ و کۆتایی بە دۆخێک بێنێ کە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە بێت ڕێژیم بەزەیی بە ناوچەدا بێتەوە و تیرۆر نەکا، بەڵکوو بلێسەی شەڕی گەیاندە پێتەخت و سەری مارەکەی لە تاران بە ئامانج گرت.

بێگومان ئەگەر ئەو شەڕە لە سەرەتادا لە بەرانبەر ئێران کرابا ئێستا وڵاتانی ناوچە ئاوا کاول نەدەبوون و ئەو هەموو خەڵکە نەدەکوژرا، ئەو هەموو سەرکوتە نەدەکرا، فڕۆکەی ئوکراینی نەدەکەوت، لانی کەم کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبەر ڕووی نەدەدا. بۆیە بەگژداهاتنەوەی کۆماری ئیسلامی دەبوا زووتر کرابا و بڕیاری بەکۆی لەسەر درابا. ئێستاش کورد گوتەنی "زەرەر لە کوێ بگەڕێتەوە هەر قازانجە"، بە ئامانجگرتنی سەری مارەکە دەتوانێ لاپەڕەیەکی نوێ بە ڕووی مێژووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکاتەوە.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# لەژێر دەواری هۆنراوە بەجێماوەکانی شاعیرانی پێشمەرگەدا




**ئەحمەد ڕەحمانی**

کاتێک زوڵم و زۆریی داگیرکەرانی نیشتمان دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، هەستی چەوسانەوەی گەل لە قالب و شێوەی شۆڕشگێڕبووندا دەگاتە چڵەپۆپە و چەک و قەڵەم دەبنەوە هاوتەریب و مەکۆی خەبات و پڕ دەبن لە تێکۆشەر و خەباتکار و وەرزی هەستانەوە دژی داگیرکەران دەست پێ دەکات و خونچەگوڵی شۆڕش دەپشکوێ.

شۆڕش و بەرخودانی نەتەوە و گەلان پەرچەکرداری ئەو زوڵم و زۆرییانەیە کە دەکرێتە سەریان و بە ناچاری ڕێگای بەرگریکردن هەڵدەبژێرن و بۆ پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان چەک دەگرنە دەست. ئەم شۆڕشانە پەیوەندییان بە شوێن و هەڵکەوتەی جوغرافی و ژئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچە و نەتەوە و گەلانە هەیە و و زۆر جارانیش نەژادپەرستی و هەتا ئاییینیش ڕۆڵێکی گرینگ لەم بوارەدا دەگێڕێ، هێندێک لە شۆڕشەکان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ و دەگەن بە ئامانجەکانیان، هێندیکیان هەر زوو کپ دەکرێن، هێندێکیشیان دوای کپکردنیشیان زیلکی بیری ئازادیخوازییان دانامرکێ و ماوە دوای ماوە سەر هەڵدەدەنەوە. هێندێکیشیان وەکوو ئەو بزووتنەوە ڕەوایانەی کە ئێستا لە چەند بەشی

کوردستاندا هەن چەندین دەیە و ساڵە درێژەی هەیە و خوێنی شەهیدان و قوربانییەکان لاپەڕەی دیرۆکی ئەم خەباتەی ڕەنگین کردووە.

هەڵکەوتەی بواری ژێئۆپۆلیتیکیی کوردستان و دەوڵەمەندی ژێرخانی ئابووری چاوی تەماحی داگیرکەران هەمیشە بەسەر کوردستانەوە بووە و بەپێی ئەو پەیمانامانەی کە لە نێوان ئەو چوار وڵاتەدا هەبووە بە درێژایی مێژوو هەوڵیان داوە سنوور و کەوشەنەکانی کوردستان لێک دابڕن و کەرتی بکەن، بەڵام خۆشبەختانە سەرەڕای ئەو زوڵم و زۆر خوێنڕشتنەی کە بەسەر کوردانی هەر پارچەیەکدا سەپاوە هەستی نەتەوایەتی و کورد بوون هەمیشە لەوپەڕی خۆی دابووە و شۆڕشەکان هەمیشە لە کڵپە و بڵێسەسەندندا بوون، لە چوارچێوەی ناوچەیی هاتوونەتە دەرێ و زۆر جاران هەستی نەتەوایەتی هەموویانی لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە. نموونەی هەرە بەرچاو دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهابادە کە چوار پارچەی کوردستان کۆماریان بە موڵکی خۆیان زانیوە و تێیدا بەشدار بوون و ڕۆڵیان تێیدا گێڕاوە. هەر چەندە تەمەنی کۆمار کورت بووە و بە دەسکیسی نێوخۆیی و دەرەکی هەوڵی لە نێوبردنی ئەم کۆمارە ساوایە دراوە، ڕاستە توانرا کۆماری کوردستان تێدا ببەن و پێشەوا قازی محەممەدی سەرۆککۆمار و هاوڕێکانی لە سێدارە بدەن، بەڵام بیرو ئامانجەکانی کۆمار لە بڵێسە نەکەوتن و حیزبی دێموکراتی کوردستان نزیکەی ٨٠ ساڵە پارێزەری ئامانجەکانی کۆمارە و بە خوێن و خەبات و قوربانیدان ئەم مێژووە ٨٠ ساڵەیەی تۆمار کردوە و هەنووکەش مەتەرێزی خەبات هەر ئاوەدانە.

شتێکی زۆر سروشتی و ئاساییە لەنێو هەر شۆڕش و جووڵانەوەیەکدا هەموو چین و توێژێک دەبینرێن و هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی تێیدا بینیوە و شوێن پەنجەی دیار بووە. کەواتە زۆر ئاساییە کە توێژی ڕووناکبیران و ئەوانەی بناغەی زمان دەپارێزن تەقڵی شۆڕش ببن و ببن بە بەشێکی گرینگ لەم شۆڕشانە. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پشکی شێری لەم بوارەدا پێ بڕاوە هەر لە سەردەمی کۆمارەوە تاکوو ئێستا، شاعیران هەمیشە دەور و ڕۆڵێکی پێشەنگیان لە شۆڕشدا گێڕاوە و دەکرێ بگوترێ مێژووی ئەم گەلەیان بە هۆنینەوەی هەڵبەست و هۆنراوە هۆنیوەتە و تۆماری گەلێک شاکاریان کردوە، زۆربەیان تا دوا ساتەکانی ژیانیان هەڵگری بیری ئازادیخوازی بوون و بە گیان و جەستە بۆی جەنگاون و قوربانییان بۆی داوە، وەک مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار، سوارەی ئێلخانیزادە، عەلی حەسەنیانی، قادر لوتفیانی (ئازاد سەکری)، ئەحمەد قادری و هتد.

لەژێر تاوڵی هەواری هۆنراوە بەجێماوەکانی مامۆستا "ئازا سەکری"دا دەکرێ "کوردستانی خوێناوی" وەک فاکتێک بهێنینەوە، کوردستانی خوێناوی نموونەیەکە لەو نموونە جوانانەی کە مرۆڤ بیهەوێ شەن و کەوی هەموو ئەو بوارانە بکات کە مامۆستا ئازا وەکوو مامۆستا، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێک لە ڕێی وشەکانیەوە توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە ئەدەبی بەرگری

سەردەمی شاخ بکات هەتاکو ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو وەک پێشمەرگەو شاعیرێک.

**وەک مامۆستا هێمنی شاعیر دەنووسێ:**

**"ئاشقی چاوی کەژان و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"**

بەم شێوەیە مامۆستا ئازا سەکری بیری شۆڕشگێڕی هەڵیدەگرێ و بەکردار تێکەڵی ئەم شۆڕش و جووڵانەوەیە دەبێ. لەدایکبوون و گەورەبوونی مامۆستا ئازا لە مەڵبەندێکدا کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراوە، بێگومان ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە لەسەر چۆنیەتیی پەروەردەبوون و گەشەسەندنی بیری شۆڕشگێڕیی مامۆستا ئازا و بوونی بە پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ.

مامۆستا ئازا سەکری وەک نیشتیمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕ بە کردار دێتە مەیدان، چ وەک مامۆستایەک لە قوتابخانەی شۆڕشدا، چ وەک پێشمەرگە و شاعیرێک لە مەتەرێزی خەباتدا. کۆڵەپشتی دەکاتە کۆڵ و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان و هەگبەی شۆڕشگێڕی لە وشەی ڕەسەن و پاراوی کوردی دەئاخنێ و بەرەو ئامێزی کەژ و کێوی نیشتمان باڵ دەگرێ و هەڵۆ ئاسا دووندی چیا دەکاتە وارگەی خەبات، سروشتی ڕەنگینی کوردستان دەبێ بە هەوێنی لەدایکبوون و تەقینەوەی کانیاوی زنوێری وشە جوانەکانی و دەریای هۆنراوەی نیشتمانی مامۆستا ئازا سەکری شەپۆلان دەدا.

"کوردستانی خوێناویی" ئازا فەرهەنگێکی گەلێک دەوڵەمەند و زەنگینە. مرۆڤ دەکرێ لە چەندین بوارەوە لە گەورەیی وشە و دێڕەکانی بڕوانێ و جگە لە سەروا و تێکەڵکێشێکی ئەدەبی جوان لە سەر یەک ڕیتم، فەرهەنگێکی جوانیشە لە ناوهێنانی هەموو ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی کە بە خوێن لەو سەردەمدا تۆماری دیرۆکی خوێناویی گەلی کوردیان کردوە لەو ناوچانەدا. ئەو سەدان ناوی ڕۆڵەی قارەمانی نێو مەتەرێزی خەباتی تۆمار کردوە، شاخە و شاخ و لوتکە بە لوتکە و دەشت و پێدەشت و خڕ و دۆڵ نەماوە ناوی نەهێنێ کە پێشمەرگە بە خوێن و نەبەردی، داستانی خۆڕاگریی تێدا تۆمار کردوە. کام گوڵە کێویلکەی جوانی کوێستان و قەدپاڵانە کردوویەتە دیاری و لە بەر پشتێندی میرخاسانی دێموکراتی چەقاندوە و ڕازاندوویەتەوە.

کوردستانی خوێناویی مامۆستا ئازا سەکری بە یەک ڕیتم و کێش و یەک نەفەس دەست پێ دەکات و بێ ئەوەی ماندوو بوون و لەنگی تێدابێ هەوارە و هەوار مزڵ و قۆناغەکانی سەختی خەبات دەپێوێ، نازانێ نائومێدی چیە و هەمیشە بە هیواوە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

له دوندی ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن دەڕوانێ و وشەی زێڕین بە باڵای پێشمەرگە لە جوانترین وێنادا لە دێڕی هۆنراوەکانیدا دەهۆنێتەوە.

لە کوردستانی خوێناویی مامۆستا ئازا سەکریدا هەست بە نەرم و نیانیی وشەکان دەکەی کە چەندە سوارن لە دەربڕیندا هەر وەک کەسایەتیی خودی مامۆستا ئازا کە چەندە هێمن و مەتین بوو لە هەڵسووکەوتدا و زۆر جارانیش کەشتی خەیاڵی لە کەناراوێکی مەند و هێدیدا لەنگەری دەگرت و هێدی هێدی چارۆکەی بیرو هزری دەدایە دەم شنەبایەکی فێنک و مژ لێدانێک لە سیگارەکەی نێو دەستی و قومێک چای دەمەو ئێوارانی چیای ژێلوانی دۆڵی جافایەتی و شۆڕ بوونەوە بە نێو ناخی "نان و شەڕاب"دا هەوای فێنک و سامڕەندی کوێستانی نیشتمانی جارێکی تر ئاو دیوی دیوی کوێستان و تاوڵی مرادانی دەکردەوە و جامانەکەی نێو چاوانی هێندەی تر بۆ لار دەکردەوە و ئەسپی خەیاڵی شێعری بەرەو لووتکە دەئاژووت و لە جیهانی جوانی خۆیدا نغرۆ دەبۆوە.

مامۆستا ئازا سەکری نموونەیەکی هەرەجوانی پێشمەرگە و مامۆستا و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو کە هێشتاش بۆن و بەرامەی شێعرەکانی ئاسمانی نیشتمانیان تەنیوە، وەچە دوای وەچە کچان و کوڕانی لاو پەیڤەکانی بە ئەمەگەوە دەڵێنەوە و "کوردستانی خوێناوی" دەکەن بە پێشەنگی خەبات و هاتنە نێو مەتەرێزی خەباتەوە.

**بۆ شەهیدانی یەکیەتی لاوانی دێموکڕات:**

نەتەوە و هێز و گوڕی سەرچاوە
دەستی گەڕناسی بە لاوان داوە
شۆڕە لاوانی دەمی گیانبازی
سوورخەڵاتانی گەل و ڕێی قازی

**کوردستانی خوێناوی**

"پاییزە زیزە سروشتی ئازاد
زەردە خەملیوە وڵاتی ناشاد
ڕوومەتی زەردە گەڵای داری مات
سوورە ڕووی بووکی هومێد و ئاوات"

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ژنێک لە ناوەندی پڕوپاگەندەدا




**ئاسۆ مینبەری**

**هەشت ڕۆژ بەسەر شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیلدا تێدەپەڕێت.**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هێرشە بەربڵاوەکان و لایەن جیاوازەکانی ئەم شەڕە باسیان لێ کراوە و ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت، کۆمەڵێک لایەنی دیکە لەم شەڕە دەکەونە بەر لێکدانەوە و شرۆڤەی بابەتیانەوە.

ڕوودانی شەڕ و دروستبوونی ئاڵۆزی ئەویش لە نێوان دو وڵاتدا کە پێشینەی دوژمنایەتییان دوور درێژە و ساڵانێکی زۆرە هەوڵ بۆ شکاندنی یەکتر دەدەن، ئەتوانێ بەستێنی زۆر ڕووداوی دیکەش بخولقێنێ. لە مەیدانی شەڕدا هەڵسوکەوت و کاردانەوەکان گرینگن و ئەتوانن کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر خودی شەڕەکە هەبێت.

لە هەشت ڕۆژی ڕابردوودا، جۆری هێرشەکان، وڵامدانەوەکان بە یەکتر، هەڕەشەکان لە یەکتر و تەنانەت لە وڵاتانی دیکە

بۆ هاتنە نێو شەڕەکە، کوژرانی مۆرە گرینگەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، پرسی پچڕاندنی بەئەنتەرنێت، بەردەوامیی ئەمریکا لەسەر ویستی خۆی بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بە دەیان بابەتی دیکە ورووژێندراون و باسیان لێ کراوە.

لە جەرگەی ئەم شەڕەدا و هاوکات لەگەڵ کرانە ئامانجی بنکە سەربازی و ناوەندە ناوکییەکانی ڕێژیم، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی، یەکێک لەو بابەتانە بوو کە بەشێوەیەکی تایبەت باسی لێ کرا. هەرچەند کە ئیسرائیل پێشتر هۆشداریی چۆڵکردنی ئەو ناوچەیەی دابوو کە دەنگوڕەنگی ڕێژیمی لێیە بەڵام کارمەندانی ئەم دەزگا زەبەلاحەی ڕێژیم کە موریدی ئاڵقەلەگوێی بەیتی ڕێبەرین، پیان وابوو بە مانەوە لەو شوێنە ئەتوانن مێژوو تۆمار بکەن. بۆیە دوابەدوای هۆشداریدانەکە و هێرشی یەکەم، بێژەری دەنگوڕەنگی ڕێژیم لە پەخشی ڕاستەوخۆ و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە خەریکی چەواشەکاری بۆ مەزڵووم نیشاندانی کۆماری ئیسلامی بوو کە جارێکی دیکە ئیسراییل هێرشی کردە سەر ئەم ناوەندە و خانمی بێژەر ناچار بوو شوێنەکەی بەجێ بهێڵێ.

خودی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم دەسبەجێ وێنەی ئەم ژنەیان کردە پووستێر و بە کچی مەکتەبی سەید حەسەن ناویان لێ برد، دواتر بێژەرێکی ژنی دیکە بۆ پشتیوانی لە هاوکارەکەی و ئەویش لە چەواشەکارییەکی ئاشکرادا ئەم هێرشەی بە مانای هێرشکردنە سەر ئازادیی ڕادەربڕین ناو برد و گوتی مەگەر من لێرە کەسێکی نیزامیم؟

ڕێژیم بەپێی سیاسەتی چەواشەکارانەی خۆی لەم دۆخەشدا کە لە ڕووی توانای نیزامیشەوە لە کزیی داوە و ڕێبەرەکەشی لە قوژبنێک خۆی حەشار داوە تاکوو دەستی ئیسرائیلی نەگاتێ، ڕێک لە بەرەی شەڕدا ژنانی کردوونەتە ئامرازێک بۆ ئەوەی کە بیری گشتی بەلاڕێدا ببا و بە کەڵکوەرگرتن لە بوونی ژنان خۆی بە لایەنی بەرهەق و ستەملێکراوی شەڕەکە بناسێنێ، لەلایەکی تریشەوە وای نیشان بدات کە ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر خەڵکی سیڤیل و بەزەیی دنیای دەرەوە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

سەرەتا دەبێ بزانین ئەو ژنانەی کە لە ناوەندی دەنگوڕەنگی ڕێژیمدا کار دەکەن، لەو کەسانەن کە بە شێوەیەکی تایبەت و لە لایەن ژوورە فکرییەکانی ڕێژیمەوە بە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ڕێژیم تەیار کراون و بەپێی زانیاریگەلێک لە سەرچاوەی ئاگاداریشەوە نەک تەنیا ئەوانەی کە لە دەنگوڕەنگی ڕێژیم لە تارانن بەڵکوو لە شارەکانی دیکەش، ژمارەیەکیان چەکدارن و گوێڕایەڵێکی ڕاستەقینەی عەلی خامنەیی و ڕێژیمن، کەوایە زۆر ئاساییە کە ژنێکی ملکەچی ئەم ڕێژیمە بەو شێوازە و لەو کاتە هەستیارەدا، بەو شێوازە بدوێ، ئەمە ناکرێ مەگەر ئەوەی کە ئەوەندە باوەڕی قووڵی بە

جۆزەردانی ٢٧٢٥

ئیدئۆلۆژیی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی هەبێت کە ئامادە بێت گیانیشی بۆ بدات!

کەوابوو ئەم کەسانە نەک خەڵکی سیڤیل نین بەڵکوو مۆرەگەلێکی مەترسیداریشن کە لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا لە دەنگوڕەنگی چەواشەکارانەی ڕێژیمەوە هەوڵی بەلارێدابردنی ڕاستییەکانیان داوە و قەت لە بەرەی خەڵک و بەرەی هەقدا نەبوون، کە نموونەکەی بە دەیان ڤیدیۆی تۆمارکراوە کە چۆن بە بێ ئاوڕدانەوەیەک لە ویژدانی مرۆیی باسی کوژرانی ژینا ئەمینی و ئارمیتا گەراوەند و باقی شەهیدەکانی سەردەمی شۆڕشی ژینایان دەکرد.

ئەم ژنانە نەک نوێنەری ژنانی ئێران نێن، بەڵکوو مەترسیدارترین ژنگەلی پەروەردەکراوی دەستی کۆماری ئیسلامین کە هەر لە ڕێگەی ئەمانەوە، سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی پەرەی پێ دراوە و بە کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە.

بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە بێژەرەکەی ڕێژیم ئەم هێرشەی ئیسرائیل بە هێرش بۆ سەر ئازادیی ڕادەربڕین ناو دەبات و مەحکوومی دەکات. بە شایەتیی مێژوو، دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، تەنیا سەکۆیەک بۆ چەواشەکاری و پڕوپاگەندە بووە و قەت نەیتوانیوە خزمەتێکی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات. هەر ئەو دەنگوڕەنگەی ڕێژیم کە ئێستا باسی ئازادیی ڕادەبڕینی تێدا دەکرێ، ئەو ناوەندە زەبەلاحەیە کە تێیدا و لەژێر گوشار و هەڕەشەدا سەدان دانپێدانانی زۆرەملێ تۆمار کراون و گیانی مرۆڤەکانیان ستاندوە کە ژمارەیەکی بەرچاویشیان هەر ژن بوون و لە ڕەگەزی خودی ئەو بێژەرانە بوون کە ئێستا بەرگریکاری ئازادیی ڕادەبڕینن!

بێژەرە ئاڵقەلەگوێیەکەی دەنگوڕەنگی ڕێژیم، بەتایبەت لەم قۆناغەدا و بەپێی هیچ پڕوپاگەندەیەک ناتوانێ نوێنەری خواست و ویستی ژنان بێت و قەت لەو پێناسەیە تێناپەڕێت کە ئەو تەنیا ژنێک لە ناوەندی پڕوپاگەندەی ڕێژیمە و شێرەژنانی ئەم جوغرافیایە ئەوانەن کە لە بەرەی بەرانبەری ئەودا و دژی ستەم و هەڵاواردن ڕاوەستاون.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ڕووخان



شاڕوخ حەسەنزادە

دوای ٧ی ئۆکتوبەر، چەخماخەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی نوێ بە ڕووخانی ڕێژیمی ئیران لێدرا. حەماس بە پشتیوانیی ئێران لە پلانێکی پێشتر داڕێژراو هێرشی کردە سەر وڵاتی ئیسرائیل و ئەمە دەستپێکی گۆڕینی سیمای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. دوابەدوای ئەم ڕووداوە، ڕێژیمی ئێران گوشاری زۆری کەوتە سەر و زیاتر خۆی وێک هێنانەوە. سەرەتا گورزە گورچوبڕەکانی ئیسرائیل لە حەماس، دواتر حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن وەک پەڕوباڵی ڕێژیمی هەڵوەرین. هەر ئەودەم شیمانەی ئەوە دەکرا، ئیسرائیل سەرقاڵی ئەوەیە هێرشەکان بۆسەر ئێران خۆش بکا و سەرەتا پێویستە هێزە نیابەتییەکانی کە هێزێکی تیرۆریستی زۆری زەوینی و مووشەک و پەهبادیان هەیە لەناو بەرێت یان ئەوەندە لاوازیان بکات نەتوانن دەست بکەنەوە، یان لە کاتی هێرش بۆسەر ئێران پشتیوان و یارمەتیدەری ڕێژیم بن.

یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم گۆڕینی زیاتری ڕۆژهەڵاتی ناڤین بوونی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە بوو کە هەم وەک هاوپەیمان و حەساری پشتەوی ئێران وابوو و هەمژی بەربەستێک بوو کە لە ٢٠١١ـەوە بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی داڕمانی

درابوو بەڵام ڕێژیمی ئێران بە تێچوویەکی زۆری مادی و گیانی پاراستبووی. دوای هەموو ئەو ساڵە پڕ لە تراژدیک و جینایەتانە لە ١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٣، لە ئاکام پلانێکی تۆکمە بە هێرش و ڕابوونی خەڵک، سووریەی ئەسەدەکان دوای ٥٣ ساڵ دەستەڵاتی دیکتاتۆری باوک و کوڕ ڕووخا و دوامین هیوای ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانیش بووبە خەڵووز!
هەموو ئەو ڕووداوانە بە بەرنامە و سەرنجێکی زۆرەوە داڕشترابوون هەتا ترامپ لە ١٢ی ڕێبەندانی ئەوساڵ بۆ جاری دووهەم هاتەوە سەر تەختی سەرۆککۆماریی ئەمریکا. دوای ماوەیەک لە بە دەستەڵات گەیشتن ترامپ بڕیاری دا دوو مانگ دەرفەتی گوتوبێژ دەداتە ئێران پێکەوە ڕاستەوخۆ لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی قسە بکەن، بەڵام وا دیار بوو بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتن. ئەوکات کە شرۆڤەی ڕووداوەکان دەکرا چوونکە ئێمە لەناو مێژوو دابووین هەندێک ئاستەم بوو وەک ئێستا کە تۆزێک لە ڕووداوەکان دوور کەوتووتینەوە و لە دوورەوە دەڕوانین، تەتەڵەی ئەمڕۆ بکەین و پێشبینی ئەوە بکەین ڕۆژێک دادێ ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەگەرچی باس لەوە دەکرا بەڵام بە زۆر هۆکار کەم کەس باوەڕی دەکرد دوای ساڵەها هەڕەشە و گوڕەشە و لێی دەدەم و لێی نادەم، لە کۆتاییدا چاوەڕوانییەکان کۆتایی پێ بێ و هێرشە مەزنەکە ڕوو بدات.

دوای هەموو ئەو ڕووداوانە یان باشترە بڵێم بەرنامەی هەنگاو بە هەنگاو، بەرەبەیانی ٢٣ی جۆزەردان ئیسرائیل هێرشێکی بەربڵاوی لە زەوی و ئاسمان کردە سەر ناوچە نیزامی، ئەمنییەتی، فەرماندەرانی سپا، ڕادار و پەدافەندەکانی ئێران. ڕەنگبێ ئیسرائیل لە کۆتاییدا مەبەستی ڕووخانی یەکجارەکی ئێران نەبێ بەڵام لۆژیکی چالاکییەکانی لۆژیکی نیزامی و شەڕە. ئەوان بە پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە کە دیارە دەمێکە کاری لەسەر دەکەن (لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر ئێران و بەباشی هەڵیسەنگاندبوو، تەنانەت زۆرێک لە زانا ئەتۆمییەکانیشی کوشتبوو) سەرەتا و لە خولەکی یەکەمدا هێرشیان کردە پەدافەندەکانی ئاسمانی کە ڕێگا بۆ پەهباد و فڕۆکەکانیان خۆش بکا دواتر خێرا لە چەندین هێرش و کاری سەرنجڕاکێشی و ناوازەی ئەمنییەتی و نیزامی دا هێرشی کردە سەر فەرماندەرانی سپا و کۆمەڵێک لەو بەرپرسە باڵاکانی نیزامی کوشت و دواتر هەوڵی وەدەستخستنی بە تەواوەتی ئاسمانی ئێران بەتایبەتی ناوچەکانی کوردستان و تارانی دا (بۆ هاتوچۆ و لێدانی هاسان)، دواتر لێدانی بەرنامە هەستەیی و هێزی مووشەکی کە تەنیا کارتی ئێران لەو شەڕەدا هێزیی مووشەکەکەیتی و شەو ورۆژ بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی لاوازکردنی ئەم هێزەشی دا. لەپەنا هەموو ئەو هێرشانە بەردەوام ئەو ناوچانەی ژێر زەوی بۆ حەشارگە، چەکوچۆڵ و تەقەمەنی و فڕۆکەخانە، پەدافەندە جۆراوجۆرەکان و پادگان، ئەو کارخانانەی بە ڕواڵەت پیشەیی بوون بەڵام چالاکی نیزامی و ئەمنییەتیان تێدا دەکرا و تەنانەت وەزارەتخانە ئەمنییەتیەکانی وەک بەرگری، ئیتلاعات، نێوخۆ و دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی و هێزە سەرکوتکەرەکانی وەک ئینتزامی و بەسیج و دژە شۆڕش کەوتنە بەر شاڵاوی هێرشەکان. ئەوە لە حاڵێکدابوو شوێنی ئەتۆمیی مەترسیداری وەک نەتەنز، ئاوی قورسی ئەراک، پارچین و چەند شوێنی نهێنی و ئاشکرای

دیکەش بەتەواوەتی لەنێوچوون و لەم بارەیەشەوە خەیاڵی خۆی ئاسوودە کرد.

بەڵام بۆ ناوچەی ئەتۆمی "فۆردوو" لەبەر ئەوەیکە لە ژێر زەوی و قووڵایی چەند سەد میتریی دایە هیچ چەکێکی ئیسرائیل باشاری نایەت و ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا بۆ لەنێو بردنی بە چەکی تایبەت و فرۆکەی بی ٥٢ بێتە مەیدان و ئەم مەترسییەش بڕەوێننەوە (لە پلانی بی دا ئەگە ئەمریکاش بەهەر هۆکارێک نەهات هێزە کۆماندۆکانی ئیسرائیل لەسەر زەوی کاری خۆیان دەکەن). دوای ئەمە ئەگەرچی بە ئامانجە سەرەکییەکەی واتە لەناو بردن و نەمانی مەترسی سازکردنی بۆمبی ئەتۆم گەیشتوون بەڵام بۆ ئەوەیکە ڕێژیم وا بە هاسانی هەڵنەستێتەوە و مەترسی دیکەی نەبێ، نەتانیاهۆ ئەم دەرفەتە زێڕینە دەقۆزێتەوە چوونکە قەت وای بۆ هەڵناکەوێت و دەبێ ئەوەندە لاواز بکرێ هەتا خۆی نەگرێتەوە وەک ئەوەی لە لوبنان و سوریە و غەزە دیتمان. وێدەچی دوای هەموو ئەو ئامانجانە هێرش بکاتە سەر هیزەکانی دەریایی ئێران لە باشوور (پاراستنی تەناهی گەرووی هورمز) و باکوور، دوای ئەمە هێرش بۆ سەر هیزەکانی زەوینی و پایەگا و گوردان و خاڵە نیزامییەکانی دیکە.

بەنیسبەت هەوڵی وتوویژ و دیپلۆماسییش بۆ ئێران زۆر نالەبارە چوونکە لەوپەڕی لاوازی و شکست دایە کەوایە ئەمە مانای دیپلۆماسی نییە بەڵکوو بەمانای جۆرێک تەسلیم بوون و دەست بەرز کردنەوە دەبێت و جگە لەمە ئەگە ئێران پێی وابێ دیالۆگی هاوسەنگە وەک هەمیشە لە هەڵەدایە، هەر ئەم قسەیەش بە ئاشکرا ترامپ باسی کرد؛ تەسلیمبوونی بێ شەرت ومەرج! لەم ئەگەرەشدا وێدەچی داواکارییەکە ئەوە بێ خامنەیی (ئەگە هەتا ئەوکات نەکوژرابێ) بێ دەستەڵات بکرێ، هیچ جۆرە هێرش و پەلامارێک لەلایەن ئێرانەوە بۆ هەمیشە نەکرێ، چەکداماڵینی بنەڕەتی وەک ئەوەی سەردەمی قەزافی. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ چەند سێناریۆیەکیش بوونیان هەبێ؛ یەکەم؛ ڕێژیم لە ئاکام ئەم هێرشانە بڕووخێ بەڵام چوونکە هیچ جێگرەوەیەکی دیار بوونی نیە ئاڵۆزی و بشێوی درووست بێ و هێزەکانی ڕێژیم ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە یان بە هاوکاری کەسانی چاکسازیخواز هەوڵی دەست بەسەردا گرتنەوە دەستەڵات بدەنەوە، یان ئەرتەش کودتا بەسەر سپادا بکات، یان دەکرێ؛ لە ئاکام نەبوونی بۆشایی دەستەڵاتی نیزامی و سیاسی نەتەوەکانی ئێران لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن و حوکمی خۆیان ڕابگەهێنن هەڵبەت لە چوارچێوەی ئێراندا. یان ئەوەیکە بە هاوکاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئیسرائیل لەسەر مۆدێلێک لە حوکمرانی دێموکراتیک و چەند ڕەوت و حیزب و کەسایەتی پێک بێن و دەستەلاتێکی نوێ دابمەزرێنن. ئەوەیکە بۆ کورد گرینگە ئێستا دوو شتە؛ سازکردنی بەرەوەیەکی هاوبەش و خۆ ڕێکخستن بۆ هەموو ئەگەرێک لە ناوخۆ هەتا ئەم دەرفەتە زێڕینە لە کیس نەچێت.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ناسر باباخانی: چ بە مان و چ لە نەمانی کۆماری ئیسلامیدا، گوتاری هاوبەشی حیزبەکانی کوردستان قورسایی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە!



دیمانە: کوردستان

**ئاماژە:**

شەڕی ئیسڕائیل و ئێران حەوتوویەکی تێپەڕاند، شەڕێک کە هیندێک لایەن سەرەتاکەی بۆ کوژرانی قاسم سولێمانی، هیندێک بە ٧ی ئۆکتۆبر و لایەنی واشە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە دروشمی هەناردەی شۆڕشی ئیسلامیی دەگێڕنەوە. باس لەسەر چۆنیەتیی پلانی ئەم هێرشە چاوەڕوانکراوە لە کاتێکدا ئێران سەرقاڵی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بوو، باڵانسی هێز لە ئێستادا، دوورەدیمەنی کۆتایی ئەم شەڕە، لێکەوتەکانی و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد چەند تەوەری دیمانەیەکی "کوردستان" لەگەڵ ناسر باباخانی، مامۆستای زانکۆ و چاودێری کاروباری سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن.

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**



**ناسر باباخانی**

**کوردستان: چۆن بوو ئیسرائیل بەم قەناعەتە گەیشت کە هێرشێکی ئاوا بەربڵاو و چاوەڕواننەکراو بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران؟**

**ناسر باباخانی**: پێموایە بە پرسیارێکی گرینگ دەستت پێ کرد واتە چی ڕووی دا کە ئیسرائیل بڕیاری دا کە بەم شێوەیە هێرش بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی؟ وەک بۆخۆی بنیامین نەتەنیاهوو باسی لێوە کرد دەڵێ ئێمە لە نۆڤامبردا پڕۆژەیەکی وامان هەبوو، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار دەستمان ڕاگرت. ڕەنگە گرینگترین هۆکار ئەوە بووبێ کە هەر ئەوکات ترامپ بڕیاری دابوو کە سەرلەنوێ بەنیازە ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی واژۆ بکا و لەبەر ئەوەی کە نەتەنیاهوو دەیزانی کە ترامپ کەسێکە کە زۆرتر حەزی لەوەیە جۆرێک لە هاوئاهەنگی لەگەڵیدا ساز بێ بۆیە دەستی ڕاگرت.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبینین کە لە ئەمریکا هەردوو لایەنی دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکان دەگەنە پنتی یەکبوون سەبارەت بە کێشەی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل، کە بەڕاستی ئەم خاڵگۆڕانێک بوو. بۆ وێنە کەسێکی وەک چاک شومێر ئەندامی Gang of 8 واتە یەکێک لەو هەشت کەسەی لە ئەمریکا کە دەستی بە تەواوی زانیارییە نهێنییەکان ڕادەگا، هێرشێکی توندی کردە سەر ترامپ و گوتی تۆ حەقی ئەوەت نیە ژێربەژێر لەگەڵ ئێران بکەوی ڕێککەوتن و ئەمە بە زەرەری ئیسرائیلە. هەرچەند ئەمە جۆرێ لە ململانێی حیزبییش بوو، بەڵام دواجار بە قازانجی ئیسرائیل شکاوە. لە لایەکی دیکەوە کۆماریخوازەکان دێننە مەیدان. سێ سێناتۆر ليندزی گرهام لە کارۆلینای باشوور، تام کاتن لە ئارکانزاس و کەیت بریت لە ئالاباما تەنانەت بە مارکۆ ڕووبیۆ وەزیری دەرەوە کە ئەوانە سەر بە باڵی نیۆکانسرڤاتیڤەکانن، ڕیزولووشێنێک

(Resolution) دەدەنە دەر کە بە حوکمی چەندین دەیە فریو و درۆ، سروشتی وەحشیانەی کۆماری ئیسلامی و بە حوکمی ئەو هەڕەشانەی کە بەردەوام لە "بوونی ئیسرائیل" دەکا دەبێ بەرپەرچ بدرێتەوە. کەواتە لێرەدا کۆدەنگییەک لە نێوان دوو حیزبی سەرەکی ئەمریکا ساز دەبێ!

لە لایەکی دیکەوە پەسندی بڕیارنامەی ترۆئیکای ئورووپایی واتە فەڕانسە و ئالمان و بریتانیا لە لایەن ئاژانسی نێودەوڵەتی وەزەی ئەتۆمی بە باوەڕی من کاتالیزۆرێک بوو بۆ ئەوەی کە ئیتر ئورووپا لامەلامەی جاران وەلابنێ و چالاکییەکانی ئێران بە نایاسایی و مەتەرسیدار ناوزەد بکا.

کۆی ئەوانە کە لەتەنیشت یەکتر دادەنێی هەست بەوە دەکەی کە جۆرێک لە ئیجماع جۆرێک لە کۆدەنگی بە دژی کۆماری ئیسلامی ساز بووە. هەروەها لە دوای ٧ی ئوکتوبر، زنجیرە دژکردەوەکانی ئیسرائیل بە دژی پڕاکسییەکانی ئێران و لەنێو بردنیان و تەنانەت ئەو هێرشانەی کە بۆسەر ئێرانی کرد، ئیسرائیل بۆی دەرکەوت کە بەڕاستی چ لەباری سەربازی، چ لەباری ئابووری، چ لەباری ناوخۆیی و چ لەباری پێگەی سیاسی و نێودەوڵەتییەوە ئێران لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە، ئەم هۆکارانە بوو کە ئیسرائیلی بەو قەناعەتە گەیاند کە ئێستا "گونجاوترین کات"ە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای خافڵگیری! ڕەنگە ئەم قسانەی دوایی ترامپ بۆ پشتگیری لە ئیسرائیل و تەنانەت پەسند کردنی گەڵاڵەی هێرش بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەم ڕاستییە بن کە پێشبینیی نەتەنیاهوو بە سەهوو نەچووە!

**کوردستان**: پلانەکەی ئیسرائیل واتە هێرشەکە چۆن بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە کارناسانی سەربازی زیاتر بتوانن تێبینییان لەسەر ئەم باسە هەبێ بەڵام ئەوەی بەڕواڵەت دەیبینین و دەیبیسین دەکرێ بڵێین بە چەند قۆناغدا تێپەڕی! بە قسەی میدیای ئەمریکی دەگوترێ چەندین ساڵ بوو ئیسرائیل خەریکی پلاندارێژی و پراکتیزەکردنی ئەم پلانە بووە!

یەکەم کارێک کە ئیسرائیل کردی سەرەتا هات زۆربەی لانچەرە مووشەکهاوێژە بالیستیکییەکانی لەنێوبرد. دواتر سیستمی بەرگریی ئاسمانی وەک پەدافەندی ئاسمانیی تەفروتونا کرد. واتە ئاسمانێکی بەبێ پارێزی ساز کرد کە بوو بە مەیدانی تەراتێنی فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل و بە کەیفی خۆیان هەر شوێنێک لە ئێران حەز و ئارەزوویان لێ بوو، لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانیان و کارگە مووشەکییەکانەوە بگرە تا بنکە سەربازییەکانیان بۆردومان کرد.

هەنگاوی دواتر ژنراڵەکان یان پاسدارە پلەبەرزەکان کە پێیان دەگوترێ سەردار، ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک هەڕەشە سەیر دەکران بۆ بوون و مەوجوودییەتی ئیسرائیل، لە فەرماندەی سپای پاسدارانەوە بگرە تا فەرماندەی هێزی ئاسمانی و تا سوپاسالاری ئەم وڵاتە و بە گشتی نیزیک بە پەنجا کەس لە بەرزترین ئاستی سەربازی کەوتنە بەر ئەم هێرشە! دیارە کوشتنی ئەوانەی بە هەڵە ناویان نراوە زانای ئەتۆمی، ئەوانیش بەشێک بوون لەم ئۆپەڕاسیۆنە. دواجار ناوەندەکانی دەوڵەت و وەزارەتە جۆربەجۆرەکان لە وەزارەتی ئیتلاعات و بەرگرییەوە بگرە تا وەزارەتی ناوخۆ، داد، دەرەوە و تەنانەت دەنگوڕەنگی ئەم وڵاتە، هەمووی ئەوانە وەک نماد و هێمای دەسەڵاتی دەوڵەتی جێگیر و حکوومەت کران بە ئامانج! بەم شێوەیە توانی بارێکی ڕەوانی ساز بکا و نیشان بدا هێرشەکانی ئیسرائیل ورد و مەبەستدارن. ئەم هێرشانە ئەوەندە کاریگەر بوون کە ئێستا پاش حەوتوویەک کوشتنی خامنەیی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بۆتە ڕۆژەڤی میدیایی!

**کوردستان**: جیاوازیی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی چ بوو و چمان پێ دەڵێ؟

**ناسر باباخانی**: لە زۆر ڕەهەندەوە جیاوازی سەرەکییان هەیە کە بە باوەڕی من لەگەڵ هەموو تێبینی و مولاحزەیەکی کە لە سەر ئیسرائیل دەبێ هەبێ، دەکرێ بڵێین ئەخلاقی شەڕ و ئەوەی پێی دەگوتری ئەخلاق و پابەند بوون بە هێندێک پرنسیپ، زیاتر لە لای ئیسرائیل ڕەچاو کراوە، چون ئەوەی ئیسرائیل کردی بە شێوەیەکی مەبەستدار ڕێک دامەزراوە ئەتۆمییەکان، کارگەکانی دروستکردنی مووشەکی بالستیکی، سیستمی بەرگری هەوایی، سەرکردە سەربازییەکان، زانایانی ئەتۆمی و لە قۆناغی دواتردا هەر وەک لە پرسیاری پێشوودا باسم کرد لەنێوبردنی ئەو هێمایانەی کە سەلمێنەری حکوومەتێکی جێگیر و موستەقەرن لە ئێران وەک وەزارەتە جۆربەجۆرەکان، ئەوانە هەمووی بە شێوەیەکی مەبەستدار ئەنجام دراون و لەو نێوەدا سروشتیشە کە بەداخەوە خەڵکی سیڤیل کە لە نیزیک ئەو شوێنانەن ببنە قوربانی.

بەڵام ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی کردوویەتی "شەلم کوێرم ناپارێزم"ە یانی هەتا ئێستا تاقە یەک هەواڵ بڵاو نەکراوەتەوە کە بڵێین سەرکردەیەکی باڵای سەربازی، کەسایەتییەکی سیاسی، شوێنێکی سەربازی گرینگ یان وەزارەتخانەیەک بوویێتە ئامانج. دە لە سەدی ئەو مووشەکانەی کە هەڵدراون بۆ لای ئیسرائیل لە گومەزی ئاسنین و قەڵغانی داود تێپەڕیون و شوێنە مەدەنییەکانیان کردۆتە ئامانج، ئەوانی تر لە ئاسمان بەریان پێ گیراوە و لەنێو چوون. بۆیە ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەیکا بەدوورە لە پرنسیپەکانی ئەخلاقی شەڕ. من لەم دوو سێ ڕۆژەدا چەند وتوێژێکم هەبوو لەگەڵ میدیا جۆربەجۆرەکان کە لە هەندێکیاندا دەیانگوت ئەدی بۆ هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە شتێکی لەم چەشنە نیە یانی شتێکی بێمەبەست و کوێر نییە؟

**وڵامم بۆ ئەو تاقمە ئەوە بوو:**

**یەکەم**: هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشگەلێکی کوێر و بێمەبەست بوون، بەڵام هێرشەکانی ئیسرائیل، ئامانجە تایبەتەکان دەپێکن!
**دووهەم**: باسەکەی ئێمە شەڕی نێوان ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامییە!
**سێهەم**: حەماس لە غەزە خۆی لە نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و مزگەوتەکان حەشار دەدا و توونێلی ساز دەکرد و لە ڕاستیدا قەڵغانێکی ئینسانی ساز کردبوو، بۆیە شتەکە جیاوازە.

ڕەنگە لە ساڵانی داهاتوودا ئەم زنجیرە دژکردەوانەی کە ئیسرائیل هەر لە دوای ٧ی ئۆکتۆبرەوە ئەنجامی دا لە شەڕی پەیجێرەکان و لەنێوبردنی فەرماندە باڵاکانی حەماس و حیزبوڵڵا لە غەزە و لوبنان، تەنانەت لە سووریە دەبێ بەوردی باسی لێبکرێ و تەنانەت ئەو زنجیرە دژکردەوانەی کە لە خاکی ئێراندا کران و لە چەند ساعەتێکدا بڕبڕەی پشتی سەربازی و چەکداری کۆماری ئیسلامی شکاند، دەبێ لە زانکۆ سەربازییەکان وەرد درێتەوە!

**کوردستان**: دەوری ئەمریکا بەوردی چ بوو؟ دەستی هەبوو لە هێرشەکاندا؟

**ناسر باباخانی**: دەوری ئەمریکا لەم هێرشەدا هەر وەک ئاکسیووس و واڵستریتژورناڵ باسیان کرد دۆناڵد ترامپ سیاسەتی بەلاڕێدا بردن و فریوی کۆماری ئیسلامیی ڕەچاو کردبوو، واتە ڕێک لە کاتی دانوستانەکادا، ئیسرائیل لە نێو خاکی ئێران خەریکی ئامادەکاری پلانێکی بێوێنە بوو بۆ لەنێوبردنی لانچێرەکان!

نەتەنیاهوو باسی لەوە کرد کە لە هەشت مانگ لەمەوبەرەوە ئەم گەڵاڵەیە دارێژرابوو، بەڵام وێدەچێ کە دەمێک ساڵ بێ کە ئەوان خەریکی ئەوە بووبن. چون خۆت دەزانی لە ٢٠١٨ەوە کە زیاتر لە دە تۆن بەڵگەی ئەتۆمیی ئێران لەنێو خاکی ئێراندا بە ئۆپراسیۆنێکی کۆماندۆیی دەدزرێ و زانیارییەکان لە ڕێگەی سیستمێکی سیخوڕییەوە دێتە دەرێ و بەردەوام ئەم سیستمە سیخوڕییە خەریکی بەتاڵکردنی زانیارییەکان و دانی دیسینفۆرمێیشن بە ئێران بوو. بەڵام ئەمریکا دەورێکی وای گێڕا کە ئێران بەتەواوی سەرقاڵ بێ و هەرگیز بڕوای بەوە نەدەکرد کە ئیسرائیل لێی بدا و ئەویش لە جەنگەی دانوستانەکاندا. هەر وەک عێراقچی باس دەکا و دەڵێ ئەوانە ئەو کارە ناکەن، حاجیزادە دەڵێ ئەوان ناوێرن ئەو کارە بکەن، خامنەیی دەڵێ ئەوانە بوێری ئەوەیان نیە هێرش بکەنە سەر ئێمە! کەچی بە پێچەوانەوە تووشی "خافڵگیری" بوون،

**خافڵگیری لە باشترین كاتی خۆیدا!**

تەنانەت خودی ترامپ دەڵێ ئەوەی ئیسرائیل كردی كارێكی "مەزن" بوو و دەڵێ ئەوان بەبێ گومان بە چەكە پێشكەوتووەكانی ئەمریكا توانیان ئەم ئۆپەڕاسیۆنە بە ئەنجام بگەیەنن. ئەمە ڕاستە، تۆ ئەگەر چاو لە هێزی ئاسمانی ئەم وڵاتە بكەی بە تەواوی مۆركی ئەمریكی پێوە دیارە و بێگومان ئەمریكا بە شێوەی لۆجیستیكی لەگەڵی بووە. تەنانەت لە دوای ئەو هێرشانە بەردەوام ترامپ بە زمانێكی ستایشئامێز باسی لەو هێرشانە كردوە و گوتوویەتی ئەگەر پێویست بێ ئەوانیش واریدی ئەو شەڕە دەبن و یارمەتیی ئیسرائیل دەدەن.

**كوردستان**: ئەمەش ئیجماعی هەردوو حیزبی كۆماریخوازان و دێموكراتەكانی لەسەر بوو؟

**ناسر باباخانی**: هەروەک لە سەرەتای وڵامی پرسیاری یەكەمیشدا ئاماژەم پێكرد بۆچوونی دووحیزبی (bipartisan) كە پێكەوە پێداگرن لەسەر ئەوەی كە دەبێ لە بەرامبەر كۆماری ئیسلامی داكۆكی لە مافی ئیسرائیل بكرێ، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە كە ئەمریكا ئەگەرچی ڕاستەوخۆ – تا ئێستا - لەم شەڕەدا نەبووە، بەڵام گەورەترین پشتیوانیی لە ئیسرائیل كردوە!

تەنانەت ئیسرائیل بەتێڕادیوی داوای لە ئەمریكا كردوە كە بەشداری ئەو شەڕە بێ و بۆمبە تایبەتە مەتەرێزشكێنەكانی بداتێ كە بتوانێ دامەزراوەی ئەتۆمی فۆردۆ لەنێو بەرێ. ئەم پەیوەندییە ئەوەندە قووڵە كە بە وتەی ڕۆیتەرز گۆیا هەر لە سەرەتاوە نەتەنیاهۆ ئامانجی ئەوە بووە كە خامەنەیی بكوژێ، بەڵام ترامپ ئەم بڕیارەی ویتۆ كردووە و گوتوویەتی ئێمە ئیزن بەوە نادەین جارێ، ڕەنگە مولاحەزاتێكی سیاسی هەبووبێ. ئەوەش كە دەڵێ ئێمە دەزانین خامنەیی لە كوێ خۆی حەشار داوە و جاری بەنیازی كوشتنی نین، دەبێ لەم گۆشەنیگایەوە سەیر بكرێ!

**كوردستان**: كۆماری ئیسلامی ئێران ڕێک لە ئێستادا چی بەسەر هاتوە؟ چ خوێندنەوەیەک دەكرێ بۆ ئەو دۆخەی تێیدا قەتیس ماوە؟

**ناسر باباخانی**: بێگومان كۆماری ئیسلامی لە دوای ئەم هێرشانە ئیتر كۆماری ئیسلامی پێشوو نیە. هەرچەند من پێم خۆشە بگەڕێمەوە بۆ دواتر، واتە هەر لە دوای ٧ی ئۆكتۆبر كە حەماس هێرشی كردە سەر ئیسرائیل و ئیسرائیل دەسبەجێ بە دژكردەوە، پلەبەپلە دەستی پێ كرد بە ئۆپەراسیۆنەكانی بە دژی چەكدارانی حەماس لەم ناوچەیە و دواتر لەنێوبردنی



سەرچاوە Serchawe

فەرماندە باڵاکانی حەماس و دواتر حیزبوڵڵا و دواتر ڕووخانی سووریە، دەکرێ بڵێین یەکبەیەک ئەو قووڵایی ستراتیژیکیانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی قایل بوو هەمووی لەنێو چوو. یانی ئەوان باسیان لەوە دەکرد کە ئێمە هەنگاو بە هەنگاو دەچینە زگ سەری مارەکە!

ئەگەر لە دوو ڕەهەندی سەربازی و سیاسییەوە بۆی بچین، لە بواری سەربازییەوە نیشان درا کە کۆماری ئیسلامی بەڕاستی ئەوە نەبوو کە نیشانی دەدا، هەرچی هەبوو پڕوپاگەندە بوو بۆ ئەوەی خۆی وەک وڵاتێکی زلهێز لە ناوچەدا بنوێنێ. بۆمان دەرکەوت کە تەواوی نمایشە سەربازییەکانی هەمووی جۆرێک لە شۆوئاف بوو، جۆرێک لە نمایشێکی بێکەڵک و بێهوودە. بۆیە لە باری سەربازییەوە دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی تا ئاستی دارمان لەنێو چووە، دۆخی ئابووریش ئاگامان لێیە کە بە چ ئاقارێکدا دەڕوا، تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە دۆلار دیسان ١٠٠هەزار تمەن تێپەڕێنێ!

بەڵام لایەنێکی گرینگی تر، ڕەهەندە سیاسییەکەیە، کۆماری ئیسلامی کە لەوە پێشتر پێی وابوو لە پێتەختی پێنج وڵاتی عەرەبی ناوچە قووڵایی ستراتیژیکی هەیە و خۆی بە قائیدی گرووپە پراکسییەکانی دەزانی، بۆ ئەوانیش دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ئەو بەبرە کاغەزیەش نیە، واتە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی لەنێو ئەو لایەنە سیاسی و لە نێو وڵاتەکانی ناوچەدا بە تەواوی تێکشکا. نیشان درا کە بەڵێ ئەو تواناییە هەیە کە کۆماری ئیسلامی بەچۆک دابێنن و لە ڕاستیدا ئەوەی کە بە کۆماری ئیسلامی کرا با بە دەواری شڕی نەکرد. من پێموایە لە دوای ئەوە کۆماری ئیسلامی تەنانەت چ بڕووخێ و چ ئەگەر بشمێنێتەوە ئیتر ئەو کۆماری ئیسلامییە نابێ، بەڵام ئەوە ئەگە بمێنێتەوە چۆناوچۆن دەبێ و ئەگەر بڕوا چ دۆخێک بەسەر ئەو ناوچەیەدا حاکم دەبێ من پێموایە بەرەوە ناوچەیەکی دێموکراتیکتر، ناوچەیەکی کە سوڵح تێیدا زیاتر سەقامگیر دەبێ ئەگەری ئەوە دەبێ هەر لە کەمترین دەستکەوتەکانی ئەم لە نێوچوونی کۆماری ئیسلامی لە ئەوەی کە بابڵێین چنگ و ددانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهێنان یەکێک لە هەرە گرینگترین دەستکەوتەکانی ئەوە دەبێ کە عەرەبستان و وڵاتەکانی دیکە پەیمانی تەڤلی ئیبراهیم دەبن و لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندییەکانیان نۆرماڵسازی دەکەن و ئەوە بۆخۆی زۆر گرینگە و لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێین بە شێوەیەک لە شێوەکان ئێمە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستی دێموکراتیکترمان دەبێ بۆیە ئەم شەڕە سیمای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گۆڕیوە، هەر ئەو شتەی کە لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە نەتەنیاهوو باسی لێوە کرد.

**کوردستان**: **تا چەند ئەگەری وەستانی ئەم شەڕە لە گۆڕێدایە؟**

**ناسر باباخانی**: هەر دەسبەجێ لە دوای هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، ئەم وڵاتە لە ڕێگای وڵاتانی

جۆراوجۆرەوە وەک ئازەربایجان، قەتەر، عومان، ئیتالیا، ئاڵمان و ڕووسیاش حەولی داوە نێوبژیوانی بۆ بکەن بۆ ئەوەی داوا لە ئەمریکا بکەن کە ئەم شەڕە بوەستێنن، کە تا ئێستا ئاکامێکی نەبووە. بۆ نموونە هەرچەند پێش ئەوەی تڕامپ بەشداری بکا لە دانیشتنی گرووپی ٧ لە کانادا لەم بارەوە گوتی هیندێک جار ڕەنگە پێویست بێ کە شەڕ تا کۆتایی بڕوا! ئەمە دەکرێ بڵێین بە شێوەیەک لە شێوەکان گڵۆپێکی سەوز هەڵکردنە بۆ ئیسرائیل بۆ ئەوەی درێژە بە هێرشەکانی بدا و ئەمە بە دڵی ئیسرائیلە و نەتەنیاهۆ بە هەلی زێڕینی ئێو برد. پێی وایە کە دەبێ کاری کۆماری ئیسلامی یەکسەرە بکرێ و نەجاتی بێ ئەو بۆخۆی نیشاندەری ئەوەیە کە جارێ ڕەنگە بڕێک زەحمەت بێ کە ئەو سەرکەوتنانەی کە ئیسرائیل بەدەستی هێناوە تڕامپ بۆی ببێتە لەمپەرێک و ئەویش لەو نێوەدا پێی ناخۆش نیە، چونکە بۆخۆی باسی لەوە کرد کە ئەم شەڕە دەبێتە هۆکارێک کە ئێمە زووتر مامەڵەیەکی باشتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەین. تەنانەت لە پاش دووسێ ڕۆژ چاوەڕوانی سەبارەت بە بڕیاری تڕامپ بۆ ئەوەی بەشداری ئەم شەڕە بێ یان نا، تڕامپ کوتی هێشتا دەرفەت بۆ دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران ماوە و لە دوو هەفتەی داهاتوودا بڕیاری خۆم دەدەم! کەچی ڕێک لە دوای ئەم قسانە ئیسرائیل چڕترین هێرشی خۆی دەکاتە سەر ئێران!

بۆیە ئەگەری وەستانی شەڕ لەم ساتەوەختەدا بە حوکمی ئەوەی کە ئیسرائیل سوارە بە سەر شەڕەکەدا زۆر زۆر زەحمەتە و تا ئەو جێگایەی بۆیان بکرێ کۆماری ئیسلامی لاواز دەکەن، تایبەتی لەباری سەربازییەوە ئەوە زۆر بەرچاوە و پێموایە لە دوای ئەو شەڕە ئێران لە باری سەربازییەوە شتێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە، بەڵام شتێکی کە جێگەی مەترسییە و ڕەنگە ئیسرائیلیش بیر لەوە بکاتەوە ئەوەیە کە لەباری زانستییەوە پیتاندنی ئۆرانیۆم شتێک نیە کە تۆ بە کوشتنی زانایەکی ئەتۆمی یان بە لەنێو بردنی بنکەیەکی ئەتۆمی لە نێوی بەری و ئەگەری ئەوە هەیە کە لە دوایساڵێک دوو ساڵ ماوەیەکی دیکە سەرلەنوێ هەڵەسوونێ بێنێتەوە و ببێتە هەڕەشەیەکی جیددی. ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەمریکا و ئیسرائیل بەوە ڕازی دەبن کە دەرفەتێکی ئەوتۆ بە کۆماری ئیسلامی بدرێ و چۆناوچۆنی مامەڵە لەگەڵ بکەن بۆ ئەوەی کە چوارپەلی ببزێوێ، دەبێ داهاتوو نیشانی بدا، ئەمە لە ئەگەری ئەوەدایە کە بڵێین شەڕ بوەستێ و کۆماری ئیسلامی بمێنێتەوە.

بەڵام نابێ لەبیر بکەین ڕووخانی حکوومەتە سەرەڕۆکان بە هۆی هێزی دەرەکی، دەبێ لەسەر بنەمای حزووری فیزیکی سەربازانی ئەم وڵاتە بێ، بۆ نموونە ژاپۆن و ئاڵمان. یان بۆ ڕووخانی سەددام ئۆپۆزیسیۆن و ئاڵترناتیوێکی جددی و گشتگیر هەبوو لە سەرانسەری عێراق. بە هەر حاڵ ئەم جۆرە سیستمە دیکتاتۆرییانە تا کاتێک کە خەڵکەکە بۆخۆیان نەیەنە سەر شەقامەکان و بڕیار نەدەن ڕەنگە ڕووخانی یەکجارەکی زەحمەت بێ.

**کوردستان**: دەوری ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لەم کاتوساتەدا چۆن دەبینن؟

**ناسر باباخانی**: ئێمە زۆر باش دەزانین کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پەرتەوازە، لاواز و بێ‌بەرنامەیە. ئۆپۆزیسیۆنێک کە بەشێکی بەرچاوی هەر لە ئاستی میدیا و سۆشیال‌میدیا و شۆوئاف و خۆنیشاندان‌دایە و بەبێ گومان گرینگترین ئۆپۆزیسیۆن، ئۆپۆزیسیۆنی کوردییە. هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەک لەبەر ئەوەی کە بڵێین بەس ئۆرگانیزێشێن و ڕێکخراویان هەیە، ئەزموون و تەجرەبەی خەباتیان هەیە چ لەباری مەیدانییەوە چ لەباری تیۆریکەوە، نا، بەڵکوو بە حوکمی ئەوەی کە ئەم گوتارە (گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی) لەنێو هەناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگەی تایبەت بە خۆی هەیە و نموونەی هەرە بەرچاو و مەیدانییەکەی لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی‌دا خۆی دەرخست.

من وەک خۆم بەردەوام هەوڵی ئەوەم داوە چ بە نووسین و چ دەرکەوتن لە میدیاکاندا، "گوتاری هاوبەش" وەک بنەمایەک بۆ ڕووووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەویتر زەق کەمەوە. تەنانەت هەر لە ئاوریلی ئەمساڵ بە بەشداری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بگرە تا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و هەروەها پژاک و پاک و خەبات و هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێکخراوی کوردستانی سمینارێک بەرێوە ببەین. ئێمە ئەو ٧ لایەنەمان کۆ کردەوە و سەرجەم ئەو گوتارانەی پێشکەش کرا هەمووی لەسەر ئەوە سوور بوون کە ئێمە دەبێ بەرەو گوتارێکی هاوبەش بڕۆین.

کورد لە ئەگەری ئەو بۆشاییەی کە خەریکە ساز دەبێ ئەگەر نەتوانێ کەڵکی خۆی لێوەرگرێ بە باوەڕی من دیسان کڵاوی دەچێتە سەری، ئێستا ئێمە لە باشترین و لە باڵاترین ئاستی شعووری سیاسی‌داین، واتە ئەمە بوارەکە بە تەواوی لەبار دەکا بۆ ئەوەی کە حزووری ئەو حیزبانە بەیەکەوە بیانپارێزێ لە ڕووداوی نەخوازراوی تاڵ و کێشەمان بۆ نەیەتە پێش. ئەگەر ئێمە بە گوتارێکی هاوبەشەوە ڕوو بکەینەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە نەبوونی کۆماری ئیسلامی و چ بە پێچەوانەکەی، ئەوە دیسانە ئێمە براوە دەبین. تا ئەوکاتەی ئێمە نەتوانین ئەو گوتارە هاوبەشە، ئەو دیسکۆرسە هاوبەشە لەنێو خۆماندا ساز بکەین بە باوەڕی من ئەگەر ئیسرائیل لەوە خراپتریش بەسەر کۆماری ئیسلامی بێنێ ئێمە دەستمان بە هیچ ڕاناگا! دەبێ ئەوەندە ئەو گوتارە بەهێز بکەین یەکگرتوویی ئەوەندە بەهێز نیشان بدەین کە ببینە هێزی سەرەکی لە ئاستی ئێران. ئەمە نەوەک بڵێم خەیاڵە نەوەک بڵێم خەونە ئەم پتانسییەلە و ئەم توانایییە هەیە.

**کوردستان**: بەڕوونی لە ئێستادا چ شتێک لەپێشتری هەیە؟

**ناسر باباخانی**: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە سۆشیال‌میدیادا چ لە سەر ئاستی مەیدانی، ڕێبەرانی سیاسیی ئەو حیزبانە ئەزموونیان هەیە، زانستیان هەیە و لە بەدەنەی ئەو حیزبانەدا هیزی زۆر قابیلمان هەیە کە دەکرێ لە هەموو

**جۆزەردانی ٢٧٢٥**

بوارێکەوە حیسابیان لەسەر بکرێ. بۆیە ئەمە زۆر بە گرینگ دەزانم کە ئەگەر لەم ساتە وەختەدا پەرتەوازەیی لەنێو نەچێ و هەموو لایەک بۆ بەرژەوەندی کوردستان هەوڵ نەدەن مێژوو بە خراپترین شێوازی خۆی قەزاوەتمان لەسەر دەکا. ئێمە ئەو هەلە مێژووییانەمان زۆر جار لە دەست داوە، بەڵام ئەو سەردەمەی ئێستا، سەردەمی سۆشیاڵمیدیادا و سەردەمی میدیاکان هیچ شتێک نیە لەبەر چاوی خەڵک ون بێ، بۆیە هەر کەسێک کە ببێتە لەمپەر بۆ ئەم یەکڕێزییە و بەرد بخاتە سەر ڕێ، مێژوو زۆر بە خراپی باسی لێوە دەکا و تەنانەت ڕەوڕەوەی ئەو چەرخە بە جۆرێکە کە دواجار لەگەڵ خۆی ڕایدەماڵێ. لە هەمان کاتدا ئەمە خواستێکی نەتەوەییە واتە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوازیاری ئەوەن سەرەڕای بوونی هەموو بیروڕا جیاوازەکان، سەرەڕای فرەڕەنگی و فرەدەنگی کە لە گۆڕێدایە، ئێمە دەبێ یەکڕەنگ و یەکدەنگ بەرامبەر بە ئەوی ترێک کە قەرارە بێتە گۆڕێ، بوەستین. ئێمە دەزانین ئەو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە جۆراوجۆرانەی کە هەن کێشەی سەرەکیان لەگەڵ ئێمە هەیە تەنانەت کێشەی بوون و نەبوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە، کێشەی پێناسە و ناسنامەییان لەگەڵ ئێمە هەیە، بۆیە ئەگەر ئەم گوتارە هاوبەشە چی نەبێ، زەرەرمەندی سەرەکی کوردە. کارڵ شمیت ڕێک ئەم ڕستەیەی بۆ ئەمڕۆی ئێمە کوتووە: یەکڕیزی ناوخۆیی بۆ هێزە سیاسییەکان گرینگترین ئەرکە بۆ مانەوە و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان!

**٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ تۆڵەیەکی توند لە خەڵک ئامادە دەکات




هەردی سەلیمی

ئیسرائیل لە هێرشەکانی بۆ سەر پایەگا و دامەزراوە ناوکی و بنکە مووشەکییەکانی ئێران بەردەوامە، کۆماری ئیسلامییش هێرشەکانی ئیسرائیلی لە چەندین شەپۆل لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی "وعدەی صادق ٣"دا وڵام داوەتەوە. لەم نێوانەدا بەدەر لەو ئاستە زەرەرەی کەوا بە یەکتریان گەیاندوە، بابەتێک شیاوی تێڕامانە، ئەویش گیانی زیندانیان و دۆخی گرتن و دەسبەسەرکردنەکان لە ئێراندایە.

ڕاپۆرتەکانی ئەم ماوەیە دەرخەری ئەوەن نەتەنیا هیچ ڕێکارێکی ئەمنی بۆ پاراستنی گیانی زیندانییەکان لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکوو دۆخی ئەمنی و پاراستنیان زۆر خراپتریش بووە و هەتا دێ ژمارەی بەندکراوان زیاتریش دەبێ. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ پاراستنی گیانی زیندانیان لە هەلومەرجی شەڕدا هەیە، چون دەسەڵات لە بەرامبەر گیانیاندا بەرپرسیارە. تەنانەت هەر بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامییش پێویستە زیندانیان لە کات و هەلومەرجی شەڕدا، گیانیان پارێزراو بێت و بگوازرێنەوە بۆ شوێنی ئەمن و دوور لە شەڕ، کە خەساری گیانیان بەر

نەکەوێ، هەروەها هەر بەپێی ئەو یاسایە دەکرێ لە هەندێک حاڵەتدا بۆ ماوەی کاتی ئازاد بکرێن. بەڵام ئەوەی لەم ماوەیەدا لە ئێراندا ڕووی داوە ڕێک پێچەوانەکەی بووە.

کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا هەوڵی داوە قەڵغانی مرۆیی لە خەڵک ساز بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕێژیم ناوەندە نیزامییەکانی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک نزیک کردووەتەوە، لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ کرماشاندا چەندین ڕاپۆرتی لەم شێوەیە هەیە و لەلایەن ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤەوە پشتڕاست کراونەتەوە. لەگەڵ ئەوەش هەر بەهۆی ئەوەی لە زۆر شوێنی ئێراندا زیندان و پادگانەکان لە نزیک یەکترن، ئەم مەترسییانە زیاتر بوون. وەک نموونە لە تەنیشت زیندانی "دیزڵاوا"ی کرماشان چەندین شوێنی سەربازیی لێیە، کە لەلایەن ئیسرائیلەوە کراونەتە ئامانج، هەر بەم بۆنەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەشێک لە زیندانیانی ئەو زیندانە لە ترسی گیانی خۆیان دەستیان کرد بە ناڕەزایەتیدەربڕین و خوازیاری ئەوە بوون بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی ئەمن و پارێزراو، بەڵام هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی وڵامی ئەم ناڕەزایەتییە ڕەوایەیان بە فیشەک دایەوە و چەندین کەس لەو بەندییانەیان لە بێدەنگیی میدیاییدا کوشت و بریندار کرد.

لە زیندانی "ئێڤین"ی تارانیش چەندین کەس لەو بەندییانە بە نامە خەڵکیان لەو دۆخە پڕمەترسییەی کە تێیدان ئاگادار کردەوە و جەختیان لەسەر ئەوەش کردبووەوە کە بەرپرسانی زیندان هیچ خەمێکیان لێ ناخۆن و ئامادە نین لە پێناو پاراستنی گیانیاندا هەوڵێک بدەن. لە زیندانی شاری سەقزیش کە لە پادگانی ئەو شارەوە نزیکە، هەندێک لە زیندانییەکان ناڕەزایەتییان دەربڕیبوو، بەڵام هێزی سەرکوتیان لەنێو زیندان و دەوروبەریدا جێگیر کردبوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەوەندەش ڕازی نەبووە و هەر لەم ماوەیەدا دەیان کەسی لەژێر ناوی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل دەسبەسەر کردوە و دۆخێکی ئەمنیی بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا سەپاندوە. بەپێی زانیارییەکان لە حەوتووی یەکەمی ئەو شەڕەدا لانیکەم ٣٢٢ کەس لە شارە جیاوازەکانی ئێران لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر کراون، بێگومان ئەم ئامارە ناتوانێ دەرخەری هەموو ڕاستییەکان بێ و بەدڵنیاییەوە کەسانێکی زۆرتریش هەر لەم ماوەیەدا گیراون. بە سەرنجدان بەو تۆمەتە بێبنەمایانەی وا دراونەتە پاڵ ئەم کەسانە کەوا بریتین لە: "هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل"، "وێنەگرتن لە شوێنی هەستیار"، "شێواندنی بیروڕای گشتی"، "بڵاوکردنەوەی ترس"، "پاڵپشتیی میدیایی لە ئیسرائیل"، "پێوەندی لەگەڵ مووساد" و "سیخوڕی" زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ قەڵسە بە خەڵک بگێڕێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەلێشاو دەستی کردووە بە خەڵک گرتن، لە هەوڵێکی کەموێنەشدا دەبیرخانەی شۆرای عالیی ئەمنیەتی

جۆزەردانی ٢٧٢٥

میللی ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردووەتەوە کە لەودا داوا لە خەڵک دەکات ئەو کەسانەی وا بە وتەی ئەو "فریوی ڕێژیمی سەهیۆنییان خواردووە" بگەڕێنەوە و خۆیان بناسێنن با بکەونە بەر لێبوردەییی ئیسلامی! ئەمە نیشان لەوەیە کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ قۆناغێکی نوێ لە گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی بەکۆمەڵ ئامادە کردوە و لە ڕاستیدا وەک ڕابردوو دەیهەوێ تۆڵەی شکستە نیزامییەکانی لە خەڵک بکاتەوە؛ پێشتریش عەلی خامنەیی وتبووی خوای ئێستاش هەمان خوای دەیەی شەستە!

هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی چوارشەممەی حەوتووی ڕابردوو، "ئانتۆنیۆ گۆتێرێش"، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیمەنێکی ترسناکی لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا خستە بەرچاو. لەو ڕاپۆرتەدا کە لە شۆرای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری "ژنێڤ" پێشکەش کرا، باس لەوە کرابوو کۆماری ئیسلامی لە بەفرانباری ١٤٠٢ەوە هەتا بەفرانباری ساڵی ١٤٠٣ - کە شەڕێکی ڕاستەوخۆش لەو ماوەیەدا لە ئارادا نەبوو - ٩٧٥ کەسی لە سێدارە داوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا جگە لە ڕێژەی بەرچاوی ئێعدام، بە گرتنی سەرەڕۆیانە، ئەشکەنجە، سەرکوتی ئازادیی ڕادەربڕین و هەروەها سەرکوتی کەمینەکان، کارنامەیەکی ڕەشی لە بواری مافی مرۆڤدا بۆ خۆی تۆمار کردوە. ئێستا کە شەڕێک هاتووەتە ئاراوە ئەگەر بێ و کۆماری ئیسلامی لەم شەڕە دەرباز بێت و نەبێتە هۆی ڕووخانی، چاوەڕوان دەکرێ دۆخێکی ئەمنیتر بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ و تۆڵەی ئەم شکستانەی لە خەڵک بکاتەوە.

٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەری ٢٧٢٥ی کوردی = جوونی ٢٠٢٥ی زایینی

---



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

